# هەستە سەر ڕەشەکان



نووسینی: سەربەست خەسرەو عارف

هەستە سەر ڕەشەکان

کورتە چیرۆک

2004-1986

نووسینی : سەربەست خەسرە و عارف

# پێشەکی :

خوێنەری هێژا، من چیرۆکەکانی خۆمم لەلا زۆر پەسەندە. خۆشم دەوێن و بەر لەوەی تۆماریان بکەم، خۆم هەندێکیان لە خەوندا بۆ خۆم دەگێڕمەوە. هەندێکیشیان لە تەماشا کردنی ئێوە و خەڵکیدا دەبینمەوە. ئەوەی جێگەی متمانەیە لە دەربڕینەکانمدا ئەمەیە کە من لە پێناوی ئەم چیرۆک دارشتنانەدا بنەمایەکی ئەکادیمیی هاوچەرخ یان کلاسیکم نەگرتۆتە ئەستۆ و هەوڵیشم نەداوە دەربارەی هونەری چیرۆک نووسین خۆم بکەم بە دەمڕاستی مێژوی ئەدەبیات. بۆیە دارشتنەکانم بە هۆی قوتانخانەو شێوازەکانەوە سنووردار ناکەم. ئەوەی من هان دەدا بنووسم و لە ناوەرۆکی دەروون و سمبلیکی خەونەکانم بدوێم ئەمەیە کە بێ ویستی خۆم هەندێ بابەت خۆیان بەسەر بیرکردنەوە و هەستیاریمدا سەپاندووە و ناچارم دەکەن بایەخ بە دەربڕینیان بدەم. مێژووی لەم جۆرە دەربڕینانەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1981 - 1984. ئەو ماوەیە و بەسەرهاتەکانی، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لەمندا خوڵقاند کە بێبەش نەبوو لە خۆناچارکردن دەربارەی دەربڕین. چوونکە مەزنترین عیشقم تیادا دۆڕاند، ومەرگ هاتە سەر بەستەرم و دەیویست داگیرم بکات.

منیش جگە لە چەند کۆڵانێکی شارەکەم و دووسێ هاوڕێ، پەنایەکی ترم نەبوو؛ هێندەش تامی ماناکانی ژیانم نەکردبوو.. ساڵەکانی دواتر، دوای تەواوکردنی پلەی خوێندن لە بواری وێنەکێشاندا ( پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی)، هەندەران بوو بە نیشتیمانم ولەو کاتەوە ژیانم لە هەندەران بردووەتە سەر و تا ئێستاش خۆم ئاوارە دەبینم. ئەو بەسەرهاتانەی وەک کەسێکی کورد دووچاری بووم لە ژیاندا گەلێ تایبەت و ئاڵۆز و سەرسوڕهێنن لە بەرکەوتنمدا لەگەڵ کولتوورە نوێیەکان دا، بۆیە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا هەستم کرد ڕۆژەکان و ساتەکان و ساڵەکان و بەسەرهاتەکانی بێ ناوەڕۆک نین و لەمندا خۆیان دەچنن. لەو بابەتانەدا کە بۆنی گێڕانەوە و بەسەرهاتی بێنەوایی و خەمۆکیی یادی دووریيان لێدێت؛ توانیم هەندێکیان هەڵبژێرم و لەم قاڵبەدا بیانخەمە چێوەیەکەوە و بوێرم نیشانی خوێنەری کوردی بدەم، چونکە تا ڕادەیەکی ناوەند باوەڕم بەوە هەیە کە هەندێ کەس لە ئەزموونەکانی ژیانیدا ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە لە دەربڕینەکانی مندا؛ یان بەلای کەمەوە بە هەمان چاو لە ئایدیالیزمی کوردی دەدوێت. ئەم چیرۆکانە مشتێکن لە خەرمانی دەربڕینەکانم. هەڵبەتە لەم بوارەی دەربڕیندا هێندەم پێیە کە نیشانەی زیاتر وتن و دەربڕینن.. چوونکە من لەمێژە دەنووسم . بەڵام ژیانی هەندەران دووچاری نامۆ بوونێکی ئەوتۆی کردبووم؛ کە دوای ساڵانێکی زۆر یادم هاتەوە کە من مرۆڤێکم توانام هەیە هەستەکان و بیرەکانی خۆم داڕێژم! یادم

هاتەوە کە جاران شتم دەنووسی! بۆیە بەچاکم زانی هەندێک لە یادەکانم بخەمە بەرچاو. ئەوەی جێگەی شانازیمە ئەمەیە کە هێشتا دەرم نەبڕیوە و ساڵانێکە لە بیرمدا پرۆژەی کارن، بەو هیوایەی رۆژێ لە رۆژان لەناو گەلی خۆمدا هەست بە حەوانەوە بکەم و بتوانم بەرهەمی پڕ سەمەرەی دی بخەمە بەر دیدی میللەتەکەم و جیهان.

ئەوەی شایانی باسە ئەمەیە، کە ئەدەبی کوردی گەر بێت و ئاوڕ لە کەلەپوری نەتەوەیی خۆی بداتەوە، پێویستی بە خۆ هەڵزناندن نابێت بۆ چاولێکردن و خۆ ئاوێزانکردن بە کەلتوورەکانی تردا؛ کە بە ناوەڕۆک زۆر جیاوازن لەگەڵ هەست و نەستی ئێمەی دێرین و خاوەن شارستانیەتییەک کە سیحر ئامێزە.

بێ زیادەڕۆیی هەوڵ دەدەم وەک مرۆڤێکی کورد کە مەلاشوی بە ئەفسانەکانی عەلی بەردەشانی و کاوەی ئاسنگەر و چل تووتی و ڕۆستەم و زۆراب و شیرین و فەرهاد هەڵدراوەتەوە؛ لەولایشەوە پڕم لە هەستی نالی و مەحوی و قانع و گۆران و دەیان و بگرە سەدان کەڵە شاعیری مەزن. لەخۆم ڕادەبینم خۆم بە خاوەن ئەدەب بزانم... چوونکە هەندێک شاعیری وەک فانی ومفتی و قانع وگۆران و هێمن بە شیعرەکانیان هونەری شیعر دەبەن بەرەو مەملەکەتی داستان و چیرۆک و ڕۆمان. لێرەوە تایبەتمەندێتیی دەربڕینەکانم خۆم دەخەمە ڕوو..

هەروەها خوێنەر ئاگادار دەکەم کە ئەم کتێبەم بە دەستی خۆم و لەسەر ئەرکی خۆم بە چاپ گەیاندو لە سلێمانی بە دیاری دەمدا بە هاوڕێ و ناسیاوان و قوتابییەکان. شایانی باسە کە مستەفا چوارتایی هاوێ و دڵسۆزی کورد زۆر یاریدەی داوم و بە ڕاکشاوی دەوێرم بڵێم هەڵەی زمانەوانیی بۆ ڕاست کردومەتەوەو ئەرکی لەگەڵ ئەم کتێبەدا هێندەی من کێشاوە. نموونەی مرۆڤی وەها هەمیشە زۆر بێت. فەرموون ئێوە و خەرمانێک لە کورتە چیرۆکەکانم.

سەربەست خ.

# بابایەکی نەمر

تەق تەق، تەق تەق .. دوو جوان گوزەریان دەکرد، دەنگی تەقەی پاپوجی پاژنە عانەی پێی یەکێ لەو دوو کیژۆڵەیە و ئیقاعی دەنگەکە- زاڵ بوو بەسەر ڕاڕەو و قاوشەکەدا. پێدەچوو دەستە خوشک بن و بۆ سەردانی کەسێکی نەخۆش یان بۆ لای یەکێ لە باوانیان هاتبن، بە پێچەوانەی یەکەمیانەوە، دووەمیان پاپوجی لە پێدا نەبوو، بەڵکو جووتێ پۆتینی بن نەرمی لەپێدا بوو، هەروەها بە تەمەن لەویش بچوکترو کورتە باڵاتر دیار بوو ، بۆیە دەشیا دەستە خوشک بن، یەکەمیان لەوە دەچوو شانزە ساڵان بێت و دووەمیان سیانزە ساڵان.

دەنگی پاژنە عانەی پێی یەکەمیان زاڵ بوو بەسەر هەر دەنگێکدا کە لە ناو ژوور و قاوشەکانی خەستە خانەکەدا تەنها دەنگ بوو کە بەبێ یاریدە بەر گوێی هەموان دەکەوت. بێگومان چەندان نەخۆشی لەخەو بێدار کردبووەوە بەڵام لەوە دڵنیاتر ئەمە بوو کە دەنگەکە ئاوازێکی زۆر نیانی دەدا بە گوێ، ئاوازی ڕەوتی لەشێکی باریکەلە وسووکەڵە، لەهەمان کاتدا ئاشنا ودێرین.. دانیشتوانی قاوشەکە بە ژن و پیاو و کارمەندانەوە بە بیستنی ئەو دەنگی ڕۆیشتنە دەکەوتنە ناو کۆمەڵێ یادی دێرینی ساڵەکانی شەست و حەفتاکانەوە، بگرە کۆنتریش.. یا بە لای کەمەوە

ڕەوتی نەشمیلانە و پڕ لە نازی ئافرەتێکی لاو و بۆنخۆشیان دەهاتە بەر دیدەی خەیاڵ، ئافرەتێکی کولّم و لێو ئاڵ و نادیار و ڕازاوە. ئەم هەستانە لەو تەقە تەقی ڕۆیشتنەدا یەکسان بوو لای کۆی نەخۆش و دکتۆر و سستەرەکان، ئەوەی ئەو دەنگەی دەبیست هەستی بە بیستنی مۆسیقایەک دەکرد، مۆسیقای ڕەوتی ئافرەت، بە تایبەتی ـ شێل ـ کە ماوەی مانگێ بوو لە حاڵەتی کۆما و بێ هەستی دا لەسەر جێگە؛ نیمچە مردوو ڕاکشا بوو، کە ئەگەر لە ژێر چاودێریدا نەبوایە ئەوا گیانی لە دەستدابوو، بەلام لەو کات و ساتەدا کە ئەو دوو کیژۆڵەیە هاتنە ناو قاوشەکەوە، فریشتەکانی گیانکێشان بە ژوور سەری ـ شێڵ ـ ەوە بوون و دەیانویست بێداری بکەنەوە و فەرمووی لێبکەن، بەڵام دەنگی پاژنە عانەی پێی یەکەمیان سەرنجی فریشتەکانی کێشکرد و بووە شیفایەکی گیانی و بێدارکەرەوە بۆ "شێڵ". دەنگەکە زۆر ئەفسووناوی بوو لای فریشتەکانی مەرگ و شێڵ ، زۆر خۆشنوودانە گوێیان لێ دەگرت چونکە دەنگ و تۆنی مۆسیقا نەک تەنها لەم جیهانەدا بەڵکو لە جیهانی باڵاشدا ـ باڵایە ـ مۆسیقا و دەنگ خاوەنی گیانن.. بۆیە فریشتەکانی ژوور سەری "شێل" کەمێك سەریان سوڕما، هەستیان دەکرد "شێل" دەژێتەوە، ئەمە ڕاست بوو، شێل بۆ یەکەم جار لە ماوەی ئەم مانگەدا پێڵوەکانی چاوی بزواند ، برژانگەکانی خستە جووڵە، بەر لەوەش کۆمەڵێ ماسوولکەی زۆر یاریدەی ڕوخساری ئەویان دا تا بزەیەک لە سەر لێوی بنەخشێنێ چونکە بۆ ماوەی

مانگێ دەبوو بزە نەهاتبووە سەر لێوی، هەڵبەتە ئەم ناوەیان بۆ داتاشیوە چونکە شێل  بابایەکی پیری بێ ناسنامە بوو کە بەر لە مانگێ لە ناو بازاڕە گەرەوەکەی شاردا، لە ناو قەرەباڵغی کڕیارەکاندا بە کەوتوویی یا نیمچە مردوویی لە حاڵەتی کۆمادا کەوتبوو، بە یاریدەی چاودێرانی فرۆشگاکانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کردبوو و فریاکەوتن- یان هێنابوو، لەو ڕۆژەوە کە ئەویان گەیاندە نەخۆشخانە نازناوی "شێل" یان بە سەردا بڕی، دەنا دەشێت ناوی خدر بێت یان حاجی یان سۆفی!

هێشتا کەسایەتی ئەو بابایە نەناس و نادیارە؛ بەڵام هەر ئەو نازناوەی هەیە و کۆی ئەندامانی قاوشەکان بە نەخۆش و سستەر و دکتۆرەکانەوە چیرۆکی نەزانراوی ئەو دەزانن و دەشزانن کە "شێل" بۆ مانگێ دەچێ چاوی هەڵنەهێناوە و لە حاڵەتی بێهۆشیدایە و نیمچە مردووە و ڕۆژانەش بە یاریدەی سۆندەوە خۆراک بە لەشی دەگەیەنن، سست و بێ جووڵە ڕاکشاوە.. هەندێ جار مقۆمقۆی وتە و وردە باس لە زاری سستەرەکانەوە بە نەخۆشەکانی قاوشەکە دەگات و مردنی ئەو ڕادەگەیەنن.. پێی دەچێ لە ماوەی ئەم مانگەدا شێل چەند جارێ مردبێ و زیندوو بووبێتەوە. بەر لە چەند رۆژێ یەکێ لە سستەرەکان ڕایگەیاندبوو کە هەندێ مرۆڤ هەن ناتوانن گیانیان بەدەستەوە بدەن ئەگەر بێت و دوا خۆزگەیان لەم ژیانەدا نەیەتە دی، چونکە هەندێ مرۆڤ بە درێژایی تەمەن بۆ خۆزگەیەکی پیرۆز یا نایاب یا دڵخواز ژیان دەبەنە سەر و ڕۆژەکانی تەمەنیان لە بێ

خەوشی و کەموکوڕیدا بەسەر دەبەن وتاقە خۆزگەیەکیان گۆشکردووە و بۆی ژیاون.. لە بەر ئەم هۆیە، کاتێ مرۆڤ ژیان بە پاکی و بێ گەردی بەسەر دەبا، دوور لە ڕیایی و بەد ماڵەیی؛ لە توناییاندایە سەرپشک بن لە بەدەستەوەدانی گیانیان ، کاتێ فریشتەکانی گیانکێشان دێن بە دوایاندا. کەسانی وەها بێ خەوش و پاک و خواناس ئازادن، دەتوانن گیان بهێڵنەوە کاتێ فریشتەکان بە ڕێزەوە دێنە میوانی و داوەتی ئەو دنیای دەکەن.

لەبەر هەمان هۆیە کە هەندێ گیان هەن لە هەندێ جێگەدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە جێ دەمێنن یان دەمێننەوە و ئەم سرووشتە بەجێ ناهێڵن، لە نادیاریدا هەمیشە لە پەیوەندییەکی ناراستەوخۆدان لەگەڵ دەوروبەر و ژیان و بژێوەکاندا. لە پەنجەرەی نیوەکراوەی ژووری خەستەخانەکەدا، پەردەکە درزێکی واڵایە و پارچەیەک تیشک درێژ بووەتەوە و لەسەر لێوی خەندەواری شێل تیشکەکە هەڵنیشتووە، ڕۆژێکی هەور و هەتاوە، کات ناشتایە و هەورەکان لە ئاسماندا دێز و شین باون بە ڕەنگی خۆڵەمێشی. لە دارستانەکەی ئەوبەرەوەی پەنجەرەی ژووری شێل دا ئەمشەو مانگ کز و پڕ تا بەرەبەیان دیار بوو، تیشکی دەدا بە ژوورەکەی شێل، دارستانەکە ڕووت و ڕەجاڵی وەرزی زستان و سەرمابردەیی پێوە دیارە. ناو قاوشەکە خامۆشە، چونکە تەقەی پێڵاوە پاژنەعانەی پێی کیژۆڵەکە کپ بوبووەوە و بێجگە لە شوێنەوارێکی نادیار و هەستی هیچ شوێنەوارێکی دەنگی پێ لە قاوشەکەدا نەدەبیسترا.. پێدەچوو بە

خواستی ویستێکی پاراسایکۆلۆجی و بێخواست، کۆی نەخۆش و سستەر و دکتۆرەکان لە سووڕی متبووندا بن، ساتێکی نائیرادی، چونکە لە زۆر جێگەدا هەندێ جار زەمەن لە بیری گشتیدا دەوەستێ، بە تایبەتی لەوێدا کە گیان پرۆژەی خۆی ئەنجام دەدا. تەنها شێل بە نیازی بزووتن یان چاکترە بڵێین بەنیازی چاوکردنەوە و بزە نیشاندان لە حاڵەتی بە ئاگاهاتنەوە و ژیانەوەدا دەردەکەوێت چونکە بە رووکەش مردووە و قاوشەکەی بەجێهێشتووە، ئەگەر گیانی ئازاد بێ ئەوا تەنها خوا دەزانێ لە کوێیە و لە کوێ بووە لەم ماوەیەدا!

جێگەی سەرسوڕمانی لە ڕادەبەدەرە کە پێڵووەکانی دەبزوێن وەک ئەوەی لە حاڵەتی خەون بینیندا بێت، خەندەیەکی جوانی لەسەر لێوەکانیشی نەخشاندووە کە زۆری لێ جوانە لەو تەمەنەیدا، لەو حاڵەتەیدا، مرۆڤ بە خەندەوە چەند جوانە؟! نیشاندانی خەندە لەسەر لێو نیشانەی ڕەزامەندی و خۆشنوودییە لەو جێگەیەدا یا لەو کاتەدا کە مرۆڤ تیایدا خەندانە، گومانی تێدا نییە و شایەنی باوەڕە کە تا ئەوکاتەی مرۆڤ خەندە لەسەر لێوییەتی- دەژی و زیندووە.

لەو دۆخەدا بۆ یەکەم جار لە ماوەی ئەم مانگەدا شێل بێخواست بەدوای خەندە نەخشاندنەکەیدا چاوەکانی هەڵبڕی و بێ هیچ یارمەتییەک گیانی هەستایە سەر پێ و بەرەو دەرگاکە چوو.. بێ هێج یارمەتییەک وەک تارمایی لەدەرگاکەوە ئاودیوی سەر

ڕارەوی قاوشەکە بوو، دیمەنێکی زۆر سەیر بوو. تەنیا ڕۆشناییەکی کەم لە قاوشەکەدا هەبوو کە چاوی هەموو کەس نەیدەبینی یا تەنیا چاوی مرۆڤی گیانخواز دەیبینی، بە چاوی عەقڵی ناوەڕۆک، بۆیە دەشیا و دەکرا لە سەر ئاراستەیەکی قاوشەکە ببینرێت. ئاسایی و زیندوو دەهات و دەچوو، کەمێ شپرزەیی پێوە دیار بوو؛ لەوە دەچوو بە دوای ئەو دوو دەستە خوشکەدا بگەڕێ کە دەنگی پاژنە عانەی پێی یەکەمیان ئەوی هێنایەوە یاد، یاد و هۆش یان حاڵەتی ئاگایی. بەرەو ئەو ژووورە ڕۆیی کە دوو کیژۆڵەکەی لێ میوان بوون.. ئەوان لە حاڵەتی دانیشتن و هاوهەستی و متبووندا لە تەک نەنکی خۆیان دانیشتبوون و بێ دەنگییان دڵنەوایی و هاوهەستی بوو بۆ نەنکی پەککەوتەیان.

شێل لە دەرگای داخراوی ژوورەکەوە بێ یاریدە وەژوور کەوت، بەبێ ئەوەی کەسێ کەمترین هەست بە بوونی شێوەی نەبینراوی ئەو بکات، هەڵبەتە ئەو لە ڕاماندا ئەو کارەی ئەنجام دەدا، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا لە سەر جێگاکە ڕاکشابوو، هێشتا فریشتەکان میوانی بوون، هەردوو فریشتەکە لە گفتوگۆی ئەوەدا بوون کە گیانی ئەو بەبێ ویست و سەرپەشتی ئەو نەکێشن و چاوەڕوانی ڕەزامەندی و گەڕانەوەی گیانیین بۆ ناو لەشی. فریشتەکان هاوڕا نەبوون، یەکێ لە فریشتەکان کە فریشتەی خێری شێل بوو، خاوەن ویژدان و کەرامەتی کەماڵی خێر و جوانی بوو، کەمتر هاوڕای فریشتەی شەڕ بوو، چونکە لە

دەفتەری فریشتەی شەڕدا تۆمارێکی چی باس و بەسوود تۆمار نەکرابوو کە ببێتە هۆی راپێچکردنی شێل بەبێ رەزامەندی خۆی یا گیانی ئەو. شێل مرۆڤێ بوو هەر لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە لە ژیانیدا بۆ تەنها ئومێدێ هەوڵی داوە و کاری کردووە و ژیان و رۆژەکانی بەسەر بردووە، کەسێ بووە هەرگیز ئازاری کەسی تری نەداوە؛ سەرزەنشتی کەسی نەکردووە، بێ درۆ و غەل و غەش ژیاوە و هاودەمی خۆزگە و ئومێدەکانی خۆی بووە. ماڵ و حاڵ و کەلوپەلی ژیانی بەوپەڕی خۆشییەوە ئامادە کردبوو بۆ ئەو ئافرەتەی کە لە راستیدا خۆشی دەویست و باوەڕی وابوو رۆژێ لە رۆژان بە رێکەوت چاوی پێی دەکەوێ و لە یەکەم بینینییەوە بەبێ یاریدە دەیناسێتەوە و دەبنە خۆشەویست و هاوسەری گیانی بە گیانی؛ و ژیان پێکەوە برەو پێدەدەن. ئەم چاوەڕوانییەی شێل ساڵانێکی زۆری برد تا پیری بووە میوانی بەڵام ویستەکانی ئەو لەگەڵ بەسەرچوونی تەمەنیدا هەر لاو و بگرە بە لاوی مابوونەوە بۆیە ئەو هەستی بە تێپەڕبوونی کات نەدەکرد، چونکە درێژی و کورتی کات نابێتە هۆی وازهێنان لە خواست وهیوا، بەکاربردنی کاتیش بۆ مەبەستی پیرۆز و ئاکاری، بۆ مەبەستی ئازادی شایەنی بەرگە گرتنە، ئەگەرچی تەمەنی حەفتا ساڵان بوو، ئەو لە خۆزگەو ئومێدەکانیدا زۆر لاو بوو، بە ویستی لاوی، بە خۆزگەی لاوی لە چاوەڕوانییەکی دێرینی سەردەمی لاویدا دەژیا.. هێشتا بوخچەی نەکراوە بوو. ئەو بە درێژایی ئەو تەمەنە کەسێکی

نادیاری خۆش دەویست.. دەیان جۆر دیاری بەنرخ و ملوانکە و بازنگ و ئەڵقەی بە دیاری کڕیبوو و لە دۆڵابێکی قەدیمی ماڵەکەیدا هەڵیگرتبوون بە نیازی رۆژی ئاشنابوون بە ئافرەتی خەونەکانی. لەو ماڵەدا کە هێشتا کە؛ بە هیچ کەسێ نازانێ لە کوێ یەو چۆنە و لە چ ولاتێکی ئەم سەرزەمینەدایە؟! چونکە شێل تەنها لە شێوەی مرۆڤدایە و بێ ناسنامە و بێ ناونیشانە و تەنانەت ژمارەی تەلەفۆنیشی لە گیرفاندا نەبوو، پارەی هیچ وڵاتێکیشی پێنەبوو، وەک ئەوەی بابایەک بێت لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوار و لەو بازاڕەدا نیشتبێتەوە و دووچاری کۆما بووبێت. هەندێ لە سستەرەکان هەست بە سامێکی تایبەت دەکەن لە پەیوەندیاندا بەوەوە لە کاتی خزمەتکردنیدا. هەست دەکەن هەندێ جار لەشی شێل ئەوان کێش دەکات و کۆی کیژۆڵە سستەرەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، وەک ئەوەی گیانی ئەو پێویستی بە پاراستنی نائیرادی بێت یان پێویستی بە هاودەنگییەکی گیانی بێت. فریشتەکانی مەرگ؛ بە تایبەتی فریشتەی چاکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی گیانی شێلییان دەکرد، یەکەمیان بە دووەمی فەرموو: "ئێمە تەنیا دەبێ ملکەچی ویستی ئەم بابایە بین.. پێدەچێ نیازمەند نەبێ و ئەم گەردوونە بەجێ نەهێڵێت.. ئەو بە تاسەی عەشق و ژیانی گیانی ئەم سەرزەمینەوە پەیوەستە، پێویستە بێدڵی نەکەین".

قڕوقەپ هەردوکیان چاوەڕوان بوون. کاتێ شێل ماوەیەک لە ژوورەکەدا؛ واتە ژووری زیارەتی دوو کیژۆڵەکەدا خۆی

بینییەوە کت و مت لە کوڕێکی لاوی حەڤدەساڵان دەچوو.. لەو هەیکەلە خەو شێوەیەیدا. کیژۆڵە پاژنە عانە لەپێکە، تەنها ئەو کیژۆڵەیە هەستی بەوە کرد کە هەوایەک یا شەماڵی بایەک بە لایدا تێدەپەڕێ و دەست بە زوڵف وئەگریجەیدا دەهێنێ. هەستی دەستێکی نەرمی لە هەوادا دەرک پێکرد، نەشئەیەکی گیانی تایبەتی هەست پێکرد. هەستی کرد دەروونی گەرم دەبێتەوە و سۆزەکانی دادەگیرسێ، بەڵام کت و مت تێنەگەیی، نەیزانی بۆ کتوپڕ هەستەکانی گۆڕان! وایزانی بەزەیی بە نەنکی دا دێتەوە! توومەس بێ ئاگا بوو لەوەی کە هەیکەلی خەوشێوەی شێل گیان و ویستی ئەو لەبەر دەمیدا مت بووە و خۆی لەوێداو لە هەستی نائاگای ئەودا دیل دەبینێ.. شێل هەست دەکا ئەم دەنگی پاژنە عانەیەی کە پێی بێدار بووەوە، دەنگی پێی ئافرەتی خەونەکانێتی، کە بەر لە بێداربوونەوە یادی هاتبووەوە کە لە سەردەمی لاوییدا لە بیری خۆیدا، لە نیازەکانی دا هەستی دەکرد ئافرەتی خەونەکانی یا خۆشەویستی یەکەمی جووتێ پێڵاوی پاژنەعانەی لە پێدایە و بە رەوتی گیان دەبزوێنێ و خۆشنوودی لە دەنگی رەوتیدا دەپروێنێ. ئەو دەنگە لە بیری ئەودا نیشانەی هاتنی بوو، نیشانەیەک کە ئەو لە هاتنی ئاگاداردەکاتەوە بەڵکو لە خەون بێداری دەکاتەوە، زۆر لە مێژ بوو چاوەڕوانی بیستنی ئەو تەقەی پێڵاوانە بوو، بۆ چەندان ساڵ چاوەڕوانی ئەو ساتەبوو، ئێستا لە ویستی ئازاد و بەختیاردا شێل وەکو هەرزەکار.. کت ومت وەکو ئەو تەمەنەی کە خۆزگەی تیدا بڕیار دا؛ وەکو

گیانێکی لاوتر لە حەڤدە ساڵ لە گیانی بێ لەشدا.. لە ویستی ئازادیدایە، لە بوویەکی نادیاریدا راوەستاوە و ئامادەیە جارێکی دی بۆ دڵنەوایی گوێ لە ئاوازی رۆیشتنی خۆشەویستی یەکەمی بگرێت و بۆ هەمیشەیی لەودا وچان بگرێ و ئاوێتە بێت. ئەو خۆشەویستی یەی کە بەر لە تاوێ بێداری کردووە و چارەنووس بۆ ئەم مەبەستە بێ خەوشە ئەو ئافرەتەی هێنابووە میوانی نەخۆشێکی راکشاوی خەستەخانەکە.

دوو کیژۆڵەکە بە نیازی جێهێشتنی جێ زیارەت خواحافیزیان لە نەنکیان کرد، پاشان بە هەمان ئیقاعی هاتن، بە ناو قاوشەکەدا تەق تەق ..تەق تەق وەدەرکەوتن، یەکەمیان دەنگدار بە پاژنە عانە، دووەمیان بێ تەپەی پێ.. دەنگی ئاوازی پێی پاژنە عانەکەی پێی هەمانشێوە دووبارە بووەوە، پاشکەمێ رێکردن پاژنەعانە لەپێکە تەکانێکی داو سەرسمێکی کرد و دەنگی تەقەکان کەمێ شێوا و ریتمی رۆیشتنی لەرزۆک کرد، توومەز لەو کاتەدا لەو هەنگاو تێکەڵبوون و تەکانەدا گیانی شێل ئاوێتەی گیانی ئەو کیژۆڵەیە بوو. لەو ساتەدا ئەو کیژۆڵەیە هەستی بە سۆزێکی گەرمتر کرد، هەستی کرد گیانی ویستی لە بەرگێکی نوێدا یا لە بیرێکی نوێدا بەر هەستەکانی ئەو دەکەون. کیژۆڵەکە هەستی کرد شتێکی یاد دێتەوە، یان شتێ فێردەبێت، هەستی کرد دەنگێک لە ناوەوەیدا داوای رشتنی تەنیا یەک فرمێسک لە گیانی خۆی دەکات، نائیرادی فرمێسکێ لە چاوانییەوە کەوتە سەر یەکێ لە کاشییەکانی قاوشەکە، لەو کاتەدا کە سەری دانەواند بە

نیازی دەرهێنانی دەستەسڕ لە گیرفانی، لە هەمان کاتدا بەرەو دەرەوەی خەستەخانەکە دەڕۆییشتن. دەستوبرد هەردوو فریشتەکە لاشەی "شێل"یان بەجێهێشت و هاتنە سەر فرمێسکە باریوەکەی سەر کاشییەکە .. کە لە چاوانی کیژۆڵە پاژنە عانە لەپێکەوە وەری. هەردووکیان پێکەوە سەیری فرمێسک و گەردەکانی یا گڕی ناو فرمێسکەکەیان دەکرد، تێگەییشتن کە شێل شوێنگە و ژینگەی گیانی خۆی دۆزیوەتەوە و ئاوێتەی گیانی ئەو کیژۆڵەیە بووە، بۆیە لە چاو تروکانێکدا شوێن و ناو و ناونیشانی کیژۆڵەکەیان لای خۆیان تۆمار کردوو لە دەنگێکی کەمتر و نزمتر لە دەنگی پێی کیژۆڵەکە هەردوو فریشتەکە بەرەو جیهانی باڵا هەڵکشان، لەو چرکە و ساتەدا، لەو دەنگە کەمەدا، یەکێ لە سستەرەکان لە قاوشەکەدا دەڕۆیی، هەستی کرد دەنگێ دەبیستێ.. یان کەسێ بانگی دەکات، هەستی کرد لە پشتەوە بانگی دەکەن، بە پەلە ئاوڕی دایەوە؛ بەڵام کەسی نەبینی، توومەز دەنگی دیارنەمان و باڵاچوونی دوو فریشتەکە بوو. سستەرەکە بەمەی زانی، هەستی کرد بە هەڵەدا چووە و نیشانەی ماندووبوونێتی، گوێی دەزرنگێنێتەوە!

دوای چەند مانگێ تەرمی شێل لە یەکێ لە بەفردانی خەستەخانەکەدا هەڵگیرا و زۆری نەبرد لاشە و نازناوی لاشە لە خەستەخانەکەدا ونبوو، شوێنەواری لە یادی هیچ کەسێکدا نەما، وەک ئەوەی ویستێکی غەیبی بابەتەکەی لە بیری هەمواندا سڕێبێتەوە.. شێل ئافرەتی خەونەکانی سەردەمی لاوی دۆزییەوە،

له گیانی ئەودا ئۆقرەی گرت، جمەی دێ و نەشئە بەخشە و کامەران و حەواوەیە لەودا، لە یەکەم تەکانخواردنی هەنگاوەکانییەوە لە قاوشی خەستەخانەکەدا گۆڕانێ بەسەر ئەو کیژۆڵەیەدا هات، هەستی دەکرد کە زۆری پێویست بە هاودەنگی و هاوسۆزی و هاوهەستی‌یە، حەزی لە خۆشەویستی‌یە! هەستی دەکرد گەرما بە لەشی دەگات، بیری لەوە دەکردەوە چۆن بچێتە قوتابخانە و فێرببێت و بە ئامانجی خۆی بگات تا بتوانێ رێگە بۆ ژیانی خێزانی خۆش بکات، لە ناو ماڵ و منداڵی خۆیدا سەرگەرمی ژیان بێت. هەستی دەکرد خۆشەویستی سیمیۆتی و خۆشاییەک گەشبینی تاو دەدات و هانی دەدا بۆ ژیانێکی پڕ لە مانا.

سێ ساڵ لە پاش ئەو رۆژە ، پاش ئاشنابوونی بە یەکێ لە هاوڕێکانی سەردەمی منداڵی؛ هەستی کرد نیازی خۆشەویستی دێتە دی و ئاشکرا بوو لای، کە ئەو لاوەی خۆشدەوێ، حەز دەکا ببێتە هاوسەری. پاش پێنج ساڵ شووی بە هەمان هاوڕێی منداڵی کرد، ساڵی دواتر منداڵی یەکەمیان بوو، کوڕ بوو، ناویان لێنا "شێل"!

شێل منداڵێکی زۆر هێمن و بێ قڕە و دەنگ بوو.. لە ژیاندا خۆی نامۆ نەدەبینی، هەستی دەکرد بە شیری عەشق گەورە دەبێ و گڕوگاڵ دەکا. لە جیهانی باڵاشدا فرمێسکی کیژۆڵەکە کە پارچەیەک بوو لە ژیانی شێل و لە چاوانی ئەو کەوتە خوار

نێژرابوو.. فریشتەکان فرمێسکەکەیان بردبوو، لە جیهانی باڵادا ئەو فرمێسکە گۆش دەبوو وەکو درەختی سرووش و ئیلهامی گەورە دەبوو پەلوپۆی دەکرد. گوڵی بازنە شێوەی هەمەڕەنگ دەگرێ و هەردانەی گوڵێکی جۆرە سرووش و بەهرەیەکە لەگەڵ "شێل" دا گۆش دەبێ.

" نامرێت هەرگیز؛ ئەوەی دڵی بەعەشق زیندوو بوو"

ـ حافزـ

## بەسەرهاتی درەختێک

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کەس لەبەندەی خراپ رووڕەشتر نەبوو، کۆسە مرد کفنی نەبوو، هەڵیانگرت جێگەی نەبوو، دایاننا رێگەی نەبوو، خستیانە تاق چاوی چووە زاق، خستیانە بنمیچ دانی چووە ریچ، خستیانە کەڵەك کەڵەک رووخا، وتیان کەڵەک بۆچی رووخایت؟ وتی ئەی بۆچی گیا لە بنما سەوز دەبێ؟ وتیان گیا بۆچی لە بنیا سەوز دەبی؟ وتی: ئەی بۆچی بزن سەرقرتم دەکات؟ وتیان بزن بۆچی سەرقرتی دەکەیت؟ وتی: ئەی بۆچی گورگ چاوم ڵی زەق دەکاتەوە. وتیان گورگ بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی : بۆچی شوان حەلەلەم لێ دەکا؟ وتیان شوان بۆچی حەلەلەی لێ دەکەی؟ وتی : چونکە داپیر نایەڵێ شیر بفرۆشم. وتیان : داپیر بۆچی نایەڵی شیر بفرۆشێ؟ وتی: چونکە مشک سەردۆڵم ئەخوات. وتیان مشک بۆچی سەردۆڵی ئەخۆیت؟ وتی : ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟. وتیان پشیلە بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟

وتی: گووەکەی تەلە بە ریشم   ئەگەر لێرە دانیشم

ئەچم بۆ شاری تاران          جگەرەی قوت قوت ئەکێشم

خەڵک وخوای گوێگر؛ باوکان دایکان، منداڵە گوێڕادێرەکان، هەبوو نەبوو لە وڵاتێکی ئەفسانەیی زۆر خۆشدا؛ لە دێرین زەماندا، لەناو شاخە بەرزەکانی کوردستاندا، باخچەیەکی ئەفسانەیی هەبوو.. لەو باخچەیەدا هەزاران تەرز گوڵی رەنگاوڕەنگ رووابووو. لە ناو ئەو هەموو گوڵانەدا کە بە بۆنیان دەردی دەردەداریان دەپەڕاند و چاوی کوێریان چاک دەکردەوە؛ یەک درەختی گەورەی سپی و مەزن هەبوو، تەنها یەک درەخت لەو باخچە گەورە رەنگینەدا هەبوو، باقییەکەی گوڵ و گوڵزار و لالە و نەسرین و شەوبۆ و ریحانە و لالە و نێرگز و لاولاو و سمڵ بوو. خەڵکی ئەو ناوچە شاخاویيە بەو درەختەیان دەوت: "درەختی زەمان". درەختی زەمان زۆر بە شکۆ و جوان بوو.. ئەگەر چی رەنگی سپی بوو هەروەکو کولووی بەفر، بەڵام گشت گوڵەکانی دەوروبەری لەسەر رووی ئەو هەمیشە بریق و باقیان بوو، بە تایبەتی کە خۆر هەڵدەهات. پیاوێکی پیر کە ناوی مەستۆ بوو خزمەتی ئەو باخچەیەی دەکرد، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش لە بەهاران و هاویناندا دەهاتنە زیارەتی تا نیازەکانیان بەدیبێت، لێی دەپاڕانەوە کە نەخۆشییەکانیان بپەڕێنێ یان مرادیان بێنێتە دی. مەستۆش ئەو پیرە دارە سپی یەی زۆر خۆشدەویست. لەو لای ئەو درەختەوە، بۆ خۆی کەپرێکی درووستکردوو؛ لە ژێر ئەو کەپرەدا دەژیا، هەمیشە مشوورخۆری درەخت و گوڵەکان بوو، هەمیشە ئاوی دەدان و خزمەتی دەکردن. درەختی زەمان خاوەنی سیحر و

ئەفسانەی خۆی بوو، کە شەماڵ بەر لق و چڵەکانی دەکەوت، ئاوازێکی زۆر دڵڕفێن لە سەمای چڵەکانییەوە بەدی دەهات.. گوێی خەڵکی پڕدەکرد لە ئاوازێکی خودژەن. بیرم چوو پێتان بڵێم کە درەختی زەمان گوڵی سپی دەگرت و کاتێ لە دوای وەرزی هاوین دا گوڵەکانی بە خرۆشی مۆسیقاوە هەڵدەوەرین.. پاش سەمایان وەکو پەپولەی سپی کە دەنیشتەوە، خەڵکی کۆیان دەکردەوە و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد تا بۆنی ماڵەکانیان خۆش بکات. هەندێ لە کچانی جوانکیلەو ژنانی قەیرەش دەیانخستە نێو سنگۆڵەیانەوە. سەرەک خێڵ و زانایانی ئەو دەوروبەرە زۆر هۆگری درەختی زەمان بووبوون چونکە ئەفسانەی ئەویان زۆر دەبیست، هەندێ جار درەختی زەمان دەچووە خەونی پیاوە لە خواترسەکان و ئیلهامی پێدەدان. درەختی زەمان هەمیشە لە بەند و بالۆرەی سەردەمی خەڵکیدا شاباس بوو، زۆر خۆشەویست بوو، بۆیە سەرەک خێڵ و هۆزەکان بیریان لەوە کردەوە کە دەبێ بیرێک لە داهاتووی درەختی زەمان بکەنەوە و هەوڵ بدەن داهاتووی لە پیربوون و کلۆربوون و نەمان بپارێزن. مەستۆی پیریش باوەڕی وابوو درەختی زەمان هەمیشەییەوە هەرگیز دووچاری فەوتان نایەت، باوەڕیشی وابوو کە درەختی زەمان دەشێ لە بارودۆخی تایبەتیدا لەناو دارستان دا لە تەک درەختەکانی تردا، توانای هەبێ جۆرێ بەری ترو ئەفسانەیی تر بخولقێنێ یان بەلای کەمەوە دەشێ بتوانێ بدوێت، یان بڕوات یان هەر شتێکی تر. هەڵبەتە درەختی زەمانیش ئەو

خەڵکەی خۆشدەویست، ئەویش بە خۆشی ئەوانەوە هاتبووە ئەو جێگەیە؛ دەڵێن حەزرەتی نوح پاش ئەوەی کەشتییەکی لەسەر لوتکەی جودی گیرسایەوە، ئەو درەختەی بەدیاری بۆ هات لە لایەن "ئادەم"ەوە لە سەر شانی دەیان فریشتە. درەختی زەمان توانای ئاخاوتن و رۆیشتنیشی هەبوو، بەڵام کەس لەم بەهرەیە بە ئاگا نەبوو، تا شەوێ لە شەوان لە خەودا بە مام مەستۆی پیر دەڵێت:" مام مەستۆی بەڕێز لە پێناوی خۆشەویستی و رێزی ئێوەی کەسمدا دەتوانم هەزاران فرسەق ببڕم". بۆیە مام مەستۆ وا لەو رازی خەونە تێگەیشت کە پێدەچێ درەختی زەمان نیازی گەشت وگوزاری هەبێ. خەونەکەی بۆ پیران و سەرک خێڵ و زانایان گێڕایەوە، ئەوانیش پاش مقۆ مقۆی زۆر و تێفکرین گەیینە ئەم ئاکامەی کە مام مەستۆ سەرپشک بێت و بۆ گەشتپێکردنی درەختی زەمان بە دنیای دەوروبەردا و نیشاندانی بە خەڵک و جیهان. خەڵکی ئەو ئاواییانەی دەوروبەر وەدووی مام مەستۆ کەوتن، کاتێ مام مەستۆ خۆی کۆکردەوە و ئامادەبوو بۆ گەشتکردن بە درەختی زەمان. زۆر لە خۆی رادەبینێ کاتێ لەبەرچاوی ئەو عەشاماتەدا بەڕێز و حورمەتی بێپایان تکای لە درەختی زەمان کرد کە بەندە نیازمەندە لەگەڵ درەختی زەماندا گەشتێ بە ناو وڵاتدا بکات، بەڵکو درەختی زەمان بەری ژیانێکی ترمان پێ ببەخشێ تا سرووشمان پێبدات دەربارەی ژیان لە دەوروبەری تردا. خەڵکەکە گشتی شاگەشکە بوون بە دیمەنی رۆیشتن و رێکردنی درەخت، یەکەم جار بوو بە چاوی

خۆیان درەختێ ببینن مرۆڤ ئاسا بێ کۆسپ رەو بکات لەگەڵ مەستۆی پیردا.. چەند رۆژێ رێگەیان بڕی، جۆرەها شاخ و دۆڵ و دەشتاییان تەیکرد، گەلێ دارستانیان بینی، درەختی زەمان ڕەنگی جوان تر دەبوو، زیاتر لە رەنگی ئاوێزە دەچوو، هەمیشە بە نووری لە شەو و رۆژدا سەرنجی خەڵکی رادەکێشا و ئەوەی چاوی پێدەکەوت ئەفسوونی ناچاری دەکرد تا لە توانایدا بێت وەدوویکەوێ و بەدەم داچەقاوی و سەرسوڕمان سەیری باڵا و شکۆی درەختی زەمان بکات. ناوبانگی ئەو گەشتەی مام مەستۆ و درەختی زەمان دەگەییە هەر ئاوایی و چەند ئاوایی پێشیان، بەر لەوەی بگەن خەڵک بە دەیان رۆژ لە بەرزایی یەکانی پشت دێکانیانەوە لەسەر لق و چڵی درەختە بەرزەکانەوە لە دور بەرەو ئاسۆ دەیانڕوانی، چاوەڕێی گەیشتنی ئەوان بوون.

بۆیە کۆمەڵێ چەتەی ناسراو بە کڵاو دوو شاخ لە هەندەرانی دوورەوە خۆیان ئامادە کردبوو بۆ داگیرکردنی درەختی زەمان، بۆ دزینی درەختی زەمان و بردنی بۆ شوێنگەی خۆیان؛ کە وڵاتیکی یا خاکێکی داپۆشراو بوو تەنها بە بەفر- بۆ وڵاتی (کڕێوە). بۆیە لە نیوەی گەشتەکەدا شەوێک لە شەوان مام مەستۆ و درەختی زەمان کەوتنە بۆسەی ئەو بێ ویژدانە داگیرکەرانەوە، هەڵمەتیان بردە سەریان، هەر لە دوورەوە بە تیر دڵی مام مەستۆیان شەق کرد، کۆمەڵێ تیریش بەر سینە و بەرۆکی درەختەکە کەوت. درەختی زەمان زۆر دڵی رەنجا لەو بەدکاری‌یە، بەر لە گەیشتنی چەتەکان دەستوبرد مام مەستۆی

گرت بە بەرۆکی خۆیەوە و لە خوای خۆی پاڕایەوە مام مەستۆ لە سنگی خۆیدا جێ بکاتەوە، یا لەودا بنێژرێ، خواوەند داواکەی دەستوبرد بەجێهێنا، مام مەستوی پیر هێشتا زەردەخەنەی لەسەر لێوبوو کاتێ خۆی لە رۆشنایی دەروونی درەختی زەمان دا بینی، کەمێ دوای ئەوە چەتە کڵاو قۆچدارەکان گەیشتنە سەر درەختی زەمان، بە تەور کەوتنە تاشینی لق و رەگی، پاشان بە مێخی گەلێ گەورە رەگەکانیان بە زەویدا داکوتا، پاشان پەردەیان لە دەوری کێشا و پاسەوانیان بە دیارەوە دانا؛ بە دوایدا بەسەر لق و پۆپیدا هەڵگەڕان. هەر کەسە و بە جۆرێ لق و چڵی دەشکاند و دەیقۆستەوە بەو نیازەی لە زەمینی وڵاتی خۆیدا پیت و فەڕی لێ دەسکەوێ چونکە ئەوان درەختی زەمانیان وا دەناسی کە گەلێ بەتوانایە لە داهێنان و خۆزگە بەدیهێناندا.

بە داخەوە، ئەو سەرشێتە نەفامانە بیئاگا بوون لەوەی کە درەختی زەمان تەنها و تەنها لە پاداشتی ( خۆشەویستی ورێزدا) دەژی و دەدرەوشێتەوە. تەنها زمانی هەست و سۆزی پاکی و مرۆڤانە و عەشق و خۆشەویستی یە کە تین و ژیان بەو دەبەخشێ. هەمان شەو بۆ بەیانی کاتێ کە چەتەکان بێداربوونەوە و نیازیان بوو بە چەندین بار سوود لە درەختی زەمان ببینن، چوون بۆ سەیرکردنی. بەڵام ئەوەی کە بینیان درەختی زەمان نەبوو، درەختێکی قەترانی رەش و دڕکن و بۆندار، کە تەنها بۆنی ئەوانی ناچار کرد ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵن و بێ ئاوڕدانەوە هەڵێن. درەختی زەمان لە دەردی دوری و بێ نەوایی و لە تاو

بەدکاری مامەڵەی خەڵکی رەش داگیرسا، تا دەهات بچووکتر و بچووکتریش دەبووەوە و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو و مام مەستۆ کە لە دەروونیدا نێژرا بوو بەرەو نەمان هەڵچوون تا ئەو کاتەی هیچ شوێنەوارێکیان نەما!

ساڵەکان هاتن وچوون.. وەرزەکان دەیان جار و سەدان جار دووپات بوونەوە. زەوی کۆمەڵێ لافاوی یەک بە دوای یەکی بەسەردا هات. مرۆڤایەتی کەم بووەوە و پاشان گەشەی کردەوە و شار و شارۆچکە و دێ و ولات بەدیهات.. درەختی زەمان ناوی لە سەر زار و بیر و یادی مرۆڤایەتیدا سڕایەوە، لەو کاتەوە مناڵینە، لەو ساتەوە ، لەو سەردەمەوە، درەختی زەمان مەلوول و دڵتەنگ لە بەدکاری مرۆڤ؛ خۆی لە چاوانی مرۆڤ حەشارداوە و کەس نایبینێ. لەو کاتەوە درەختی زەمان داوای لە کردگار کرد هەر مرۆڤێ هەر منداڵێ کە بە ناهەق لەبار دەبرێ، یا دەکوژرێ یا ئەتک دەکرێ، هەر بێ دەسەلاتێ کە بێگوناه لەناو دەبری گیانی لای ئەوو مام مەستۆ تۆمار بکرێ، بۆیە بە دوور لە بینینی مرۆڤ، درەختی زەمان گەڕۆکە و بەم جیهانەدا ئازاد دەگەڕێ و گیانی بە ناهەق لە ناوبراوان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و هەر گیانێ کە لەودا تۆمار دەبێ گەلایەک ، لقێک، گوڵێک، رەنگێک، لەو زیاد دەکات. درەختی زەمان شەوێکیان چوو بە میوانی هونەرمەندێک و ئەم باسەی خۆی بۆ ئەو کرد. هونەرمەندەکەش بەوپەڕی باوەرەوە گوێی بۆ ئەو شلکرد و لە بەرە بەیانییەکی هەمان شەودا توانی پۆرترێتی درەختی زەمان

بکێشێ و چیرۆکی ئەویش بۆ مرۆڤایەتی و منداڵانی گێتی بگێڕێتەوە. درەختی زەمان بە هونەرمەندەکەی وت: "من نەنگییەکنتان دەبینم .. جوانیتان دەبینم.. بەڵام ئامۆژگاریم بۆ مرۆڤایەتی ئەمەیە کە هیچ شەڕێ ناتوانێ خێرێ لەناو بەرێ، شەڕی مرۆڤایەتی تەنها یەک مژدەی پێیە، ئەمیش ئەمەیە کە مرۆڤ بەرەو خۆقڕکردن دەبات. لە سەردەمی ئاگرو ئاسن بترسن، بەڵام با گیانە پاکەکان دڵنیاو بێوەیبن چونکە ئەوان بێبەرین لە جەوری شەڕ". هونەرمەندەکە لە نەستی خۆیدا وتی؛ درەختی زەمان درەختێکە بە چاوی هەست دەبینرێ، بنی لە زەوییە و پەلی لە ئاسمان، گیانە پاک و بێ گەردەکانیش لەوێوە گەشتیان بەرەو دووپاتبوونەوە و گەیشتن بە گیانی هەمیشە زیندوو دەکەن.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز

مەرگی ئێوە نەبینم هەرگیز

## دۆزەخ لە بەهەشت دا

دەنگی گریان ئۆردوگاکەی پڕ کردبوو، هەر مندالە و جۆرە نەوایەکی دەژەن لەتاو ئازاری سکی برسی و زام و تلۆقی ماندوویی ڕێگا، هەناسەی ئاوارەکان ببوە تەمێکی سپی و ئەو ناوچەیەی تەنیبوو، زۆربەی خەڵکی هێشتا ترسیان نەنیشتبووەوە و لەوپەڕی ماندوویی و بێ ئومێدیدا ، بی وچان دەڕۆیشتن. هەندێکیش تەواو شەکەت ببوون و خۆیان دابووە دەست چارەنووس. کۆی خەڵکی بە ئاگا بوون تەنها لە یەک بابەتی دووڕەگ، ئەویش مردن و ژیان بوو ، کەس نەیدەزانی لە مەرزی چ وڵاتێکدان، بەڵام بەرد و دار و دەوەن و شاخەکان گەواهی ئەوە بوون کە شوێن کوردستانە ؛ یان مەرزێکی سەر سنووری کوردوستان! چوونکە کەس نازانێ سنووری کوردوستان تا کوێ دەکشێت!.. دەمەو ئێوارەبوو، خێزانی فەرەیدون لەوپەڕی شەکەتیدا بوون، چوارەم ڕۆژ بوو بە برسییەتی و لەبەر لێزمەی باراندا گەیشتبوونە ئەو لاپاڵە، ئەوان و سەدان خێزانی تریش لە تاو شەکەتی؛ لە پاڵ دەوەن و بەردەڵان دا خۆیان کڕکردبوو.. ئەگەرچی ترس هێشتا ئێخەی

کەسی بەرنەدابوو، نازداری خێزانی فەرەیدون لە پاڵ تاشە بەردێکدا تریفەی هەشت ساڵان و تریفەش ساوا نۆ مانگانەکەی لە باوەش کردبوو، کە وادیاربوو بەر لەچەند کاتژمێرێک لە دوای نیوەڕۆ گیانیان سپاردبێ لە تاو برسییەتی و سەرما!

نازدار تەنها باوەشی هەبوو، تەنها خۆشەویستی و باوەش تا منداڵەکانی پێ گەرم بکاتەوە. فەرەیدونی مێردیشی ، ئاکۆ و لاوان ـ ی لە باوەشدابوو، بەهۆی هەڵگرتنی مناڵەکانەوە هەروکیان تەواو شەکەت ببوون، ئاکۆ و لاوان چوار و سێ ساڵان بوون، تریفە سەش ساڵان و ساوایەکی شیرەخۆرەیان هەبوو. فەرەیدون خۆی مت کردبوو، هەستی دەکرد پشووی منداڵەکان و خەولێکەوتنیان ئازاری کەم دەکردەوە، گشتیان پێکەوە لە پاڵ گابەردێکا کە عەبایەکیان کردبووە چەتری سەریان؛ خۆیان گرمۆڵە کردبوو و نەیاندەزانی چارەکە سەعاتێکی تر چارەنووس بڕیاری چییان بۆ دەدات. نازدار بۆ چەندەمین جار تکای لە فەرەیدون کرد تا تاو بداتە خۆیی و بچیت مشوری پارچەیەک نان بخوات، بۆ مناڵەکان، بەلام ئەو بی ورتە و بزووتن بوو، نازدار نەیدەوێرا زیاتر پێداگرێ چونکە هەستی بە مەرگ کردبوو کە لە دەوری ئەوان خۆی مەڵاس داوە، تریفەی سەش ساڵان خەیاڵاتی نازداری پچراند و بە دەنگی لەرزۆک و دانە لەرزێ؛ بەدەم هەنسکدانەوە لە دایکی پرسی: ـ دایە گیان کەی خواردنمان پێدەگات؟

ـ نازانم کچم، خوا دەزانێ!

ـ باشە خوا نازانی ئێمە و ئەو خەڵکەش زۆرمان برسیە؟

ـ با کچم، خوا زۆر بە ڕەحمە و چاوی لێمانە و بەزەیی پیاماندا دێتەوە.. ئێستا نا تاویکی تر بە سەبەتە خەڵکی ئاواییەکانی ئەم دەوروبەرە نانمان بۆ دەهێنن، ئەوجا تێر تێر شتی خۆش دەخۆین.

ـ خوا داریشمان بۆ دەنێرێ تا بیسوتێنین و خۆمان گەرم بکەینەوە؟

ـ بەڵی کچم، خوا دەتوانێ بەبێ ئاگریش گەرممان بکاتەوە. تریفە بێ دەنگ و مت لە خەیاڵی خۆشی چاوەڕوانی دا سەری خۆی کزکرد، سەرنجی خوشکە ساواکەی دەدا کە لە باوەشیدا پارێزراو بوو بە دڵێکی کەمێ خۆشەوە لە سەیرکردنی ئەودا چاوی چووە خەو.

پاش چارەک سەعاتێ نوورێکی ڕۆشن لە ئاسمانەوە بەرەو ئەو ئۆردوگایە دابەزی، نوورەکە بۆ سەدان بەش دابەش بوو، دیاربوو لە پەنا هەر بەردێکدا، ئەندامانی وردیلەی هەریەکە لە خێزانەکانی دەوروبەر لە برسێتی و سەرمادا گیانیان لە دەست دابوو. یەکێ لەو پارچە نوورانە لەبەردەمی تریفەدا نیشتەوە.. ئەوی ڕەنگ پەڕیو زەرد هەڵاتوو، لە بزەیەکی زۆر جواندا، هێشتا خوشکە ساواکەی بێدار نەبووبووەوە.. چاوی چووبووە

خەو، خەوی بەهەشت زامنکەر، بەبێ یەک و دوو کردن تریفە چاوی هەڵهێنا و سەری بەرزکردەوە، راستەوخۆ تێگەیی کە ئەوە نووری خوایە.. پڕبوو لە شادی و قریوە؛ بەڵام نەیتوانی لە جێگەی خۆی ببزوێ، چونکە هەردوو پێی هەڵئاوسابوون بە تلۆقی پڕئێش، زیاتر و توندتریش خوشکە ساواکەی بە باوەشیەوە نووساند! رۆشناییەکە لە پێش چاوی ئەودا یاریی دەکرد و دەگۆڕا بە شێوەی ئادەمی، زۆری نەبرد دوو فریشتەی جوانی هاوتەمەنی وەک خۆی بینی.. سپی پۆش و باڵدار؛ پاک وتەمیز، پاکژتر لەو، بەڵام لەوو لە خوشکە ساواکەی جوانتر نەبوون.. بە زمانێکی شیرین لەگەڵ ئەودا کەوتنە گفتار: ـ کچی جوان تۆی تریفەی کچی فەرەیدون؟

ـ ئەویش بە دەنگی بەزەیی و پڕ لە چاوەڕوانی یەوە وتی: بەڵێ.

هەردوو فریشتەکە بە یەک دەنگ وتیان: ئێمە نوێنەری "خوا" ین و هاتووین تۆی جوانکیلە بەرین بۆ بەهەشت، لەوێ هەموو شتێکی لێ یە، چیت بوێت دەیخۆیت و دەیکەیت، چۆنت بوێ وەها دەژیت.. حەز دەکەی بێیت لەگەڵمان؟

تریفە لە وەڵامدا رایگەیاند کە ناتوانی بڕوات؛ چوونکە گەر بێت و ببزوێت؛ ئەوا خوشکە ساواکەشی خەبەری دەبێتەوە. فریشتەکان داوایان کرد کە خوشکەکەی بدات بەوان چونکە ئەویش حەز دەکات بچێتە حزووری یەزدان و بۆخۆیان پێکەوە تێر تێر بخۆن و بنۆشن.

تریفە حەزی نەکرد دەسبەرداری خوشکەکەی بێت، بەوانی وت: ئەگەر ئێوە من هەڵگرن، ئەوا ئەو لە باوەشی مندا دەبێ و خەبەری نابێتەوە. فریشتەکان بە خەندەیەکی شیرینەوە ئەویان کردە باوەش دوو فریشتەی تریش لەولاوە خەریکی فەرەیدون بوون و مقۆمقۆیان بوو لەگەڵیدا:

تریفە بە ئانیشکی کوتایە دایکی و وتی: دایە گیان ئەوا من دەچم بۆ لای خواوەند، دەچم نان و خواردنتان بۆ دەهێنم، هەر ئێستا دێمەوە، هێشتا ئاخاوتنەکەی دەربارەی خواوەند و بەرەکەتی لەیاد مابوو کە لەگەڵ دایکیدا دەربارەی دوان بەر لە چەند دەقیقەیەک!.. وەک ئەوەی سواری جۆلانە بووبێ، بە جۆلانەیەکی نادیاردا بە هێواشی بەرەو ئاسمان لە باوەشی دوو فریشتەوە هەڵچوون.. ئەویش توند خوشکە ساواکەکەی لەباوەش بوو. زۆری نەبرد تا گەییە ئاسمان، گەییە بەردەمی خواوەند! لە ماوەی چاوتروکانێکدا تریفە خۆی لەبەردەم خواوەندی مەزندا بینی! لە نوورێکی هێمنی و دڵنیایی بەخشدا، لە نوورێکی گەرمی بەخشدا، کە تەنها هەستی بە خۆشەویستی دەکرد، جلەکانی بەری وشک ببوونەوە، پرچیشی هەمان شێوە، دانە قرچەشی نەبوو، خوشکەکەشی بێداربووەوە و بۆ ئەو دەگەشایەوەو قریوەی دەکرد . تریفە نیازمەند بوو زیاتر بەرەو کۆشی گەرمی خواوەند بچێت، تەنها یەک داخوازی لە دڵدا بوو، بەڵام ئەو لەو ڕۆشناییەدا کە پڕ بوو لە ڕۆشنایی خواوەند، تەنها

گوێی لە دەنگێکی خۆش و پڕ بەزەیی بوو؛ کە لە دەنگی باوکی یەوە نزیک بوو، بانگی کرد: ـ کچی شیرینم حەزت لە چی یە؟

ـ حەزم لە هەموو شتێکە؛ حەزم لە نانە، نانی گەرم، بۆخۆم و دایکم و بۆ باوکم و براکانم.. بۆ ئەوەی دایکم شیر بدات بە خوشکەکەم.

دەنگەکە لەگەڵ دەربڕینی وتەی فەرموودا یەک نانی زۆر گەورەی بازاڕیان خستە بەردەمی تریفە کە زۆر جوان برژابوو، یەک نانی گەورە، زۆر گەورە، نانەکە بوو بە دوو بوو بە سێ.. لەگەڵ نیازی ئەودا کە لە دڵی دەگرت ژمارەی نانەکان زیاتر دەبوون؛ هێندەی ژمارەی خێزانەکەیان.. نانی بەهەشت! تریفە زۆر خۆشحاڵ بو بەو دیمەنە.. خوشکەکەی بە دەستی خستە کەلەکەی راستی خۆی، بەجۆرێك تا توانای هەبێ بە دەستەکەی تر نانەکە هەڵبگرێت، پاشان ئەو کارەی کرد و سوپاسی بێ پایانی خوای گەورەی کرد، ئنجا ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە. هەردوو فریشتەکەی بینی لە حاڵەتی کڕنووشدا چاوەڕوانی فرمان بوون.. بەبێ هەنگاو هەڵهێنان، ئەگەر چی هەردوو پێشی چاک ببوونەوە؛ گەیشتە بەردەمی فریشتەکان، ئەمجارەیان تکای لێکردن کە هەڵییگرن و بیبەنەوە بۆ لای دایک و باوک و براکانی.. رایگەیاند کە ئەو نیازیەتی نانەکان لەگەڵ ئەواندا بخوات، چونکە ئەوان زۆریان برسی یە.. لەخۆی زیاتر. هەردوو فریشتەکە بە دەنگی گومانەوە وەڵامی خێرای

ئەویان دایەوە و وتیان کە تۆی جوانکیلە لە بارەگای خودادایت و ناتوانی جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ لای دایک و باوک و براکانت، تۆ هەتا هەتایە میوانی خوایت! تریفە ئەم وەڵامەم و شەرحەی زۆر پێ ناخۆش بوو، رایگەیاند کە ئەو ناتوانێ بەبێ ئەوان نان بخوات، تکای کرد کە یاریدەی بدەن تا نانەکە بەرێت بۆ خێزانەکەی کە نەشیدەزانی لەکوێن، هەستی دەکرد ون بووە! فریشتەکان بەویان وت: ئێمە ملکەچی فەرمانی خوای گەورەین، ئەو چی بڵێت ئێمە وادەکەین. تریفە ئاوڕێکی بۆ پێشەوە دایەوە، رووی کردە نووره رۆشنەکە، پاشان بە دەنگی لەرزۆک و پاڕانەوە کەوتە تکا و رجا ؛ و لە خوای مەزن داوای کرد کە دڵی فریشتەکان نەرم بکا و یاریدەی بدەن تا بگەڕێتەوە بۆ لای باوک و براکانی. رۆشناییەکە هەمان وەڵامی دایەوە.. ئەویش زیاتر پێی دادەگرت و زیاتر دەپاڕایەوە.. چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.. نانەکانی لەخۆی دوورخستەوە و توند باوەشی کرد بە خوشکە ساواکەیدا، لە مانگرتنی منداڵانەیدا لچکردوو مایەوە و هەر دەپاڕایەوە. بەدەم گریانەوە دووپات و چوار پات هەر دەیگوت: دایکم دەوێ، بمبەنەوە بۆ لای باوکم. هیچ وەڵام نەبوو، کەس گوێی لەو داخوازی یە منداڵانەیە و گرانە نەگرت. پاش کەمێ رۆشنایی پیرۆز، نووری خواکرد لە شێوەی دوو دەستی گەورەدا ئەویان کردە ئامێز.. ئەو و خوشکەکەی، بەڵام تریفە بەبێ مەیلی خۆی لەو دەستە میهرەبانە دەکێشایەوە و بە دوپاتی بەدەم گریانەوە داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ لای دایکی. پاشان

دەنگەکە بە نەرمی و میهرەبانی بەوی وت:- کچی شیرینم تۆ چیتر دایکی خۆت نابینیتەوە، باوک و براکانت نابینیتەوە، چونکە تۆ و خوشکەکەت مردوون.. ئێوە لە بەهەشتی خوادان!

تریفە کە نەیدەزانی مردن چییە، بەدەم هەنسکدانەوە پرسی: مردن چی یە؟ دەنگە میهرەبانەکە لەسەرخۆ رایگەیاند کە مردن ئەوەیە تۆو و خوشکەکەت نووستبوون و لەسەر زەمینەوە بەرەو ئاسمان دێن و لە بەهەشتدا دەژین.

- ئاخر دایکم حەز ناکات ئێمە لە بەهەشتدا بژین!.. تریفە وتی:- دایکم حەز ناکا لە هیچ ماڵ و شوێنێکی تر بین، هەروەها دایکم حەز ناکا کەس بمرێت.

پاش ئەم باسە مناڵانەیە تریفە لە خواوەندی پرسی؛ تۆ حەز دەکەیت بمریت؟

دەنگەکە وەڵامی دایەوە:- نا.. من هەرگیز نامرم.. من نەمرم! چوونکە من خواوەندم.

بۆیە تریفە زیاتر پێی داگرت و کەوتەوە گریان و پێی خۆی رادەپسکان و بۆ گەڕانەوە هات و هاواری بوو.. بەدەم گریانەوە ووتی:- ( منیش حەز ناکەم بمرم، منیش دەمەوێ وەک تۆ نەمر بم، دەبمبەوە، بۆ لای دایکم!) تریفە مانی گرتبوو. ئەوتا دەهات زیاتر دەنگی گریانی بەرزدەکردەوە، کۆی فریشتەکان دووچاری وەڕزی بوون و گوێچکەی خۆیان توند گرتبوو.. خوایە گیان

یەک جاری تر بمبەرەوە بۆ لای دایکم.. تریفە بەردەوام دەگریا و ئەو هاوارەی دووپاتانە دەوتەوە.

بۆ نەگبەتی ئەو ئێوارەیە منیش تازە مردبووم! هەرچەندە یەکەم جارم نەبوو.. چونکە من بە عەمری خوا لەگەڵ مردن و گیاندانی هەر کوردێکدا دەمرم، رۆژی سەد جار هەزار جار دەمرم، بەڵام ئەو ئێوارەیە لە خەوما بەڕاستی مردبووم.. لە خەوما لە بەهەشت بووم. ڕەجەب ئاسا، بێکارو پیشە، قاچم نابووە سەر قاچ... شەراب و هەنگوین و گوێزو قەیماغ و میوەکانی بەهەشتم دەچەشت! ئاگام لە مەحمووی بێزەوا نەبوو. بەڵام ئاگاداری هەموو ئەو هات و هاوارە بووم، پەردەیەک لەنێوان من و ئەو بەسەرهاتانەدا هەبوو کە بەسەر تریفەدا هات، من لە بەهەشتدا بووم، لەژێر درەختێکدا لەسەر جێگەی بە ئاوریشم رازاوە راکشابووم، ئاوی بەخوڕی رووبارەکان بە ژێر درەختەکاندا دەڕۆیی، بەردەمم پڕبوو لە نوقڵ و نەبات، ئاوی کەوسەر و شەرابی لەعلیم دەنۆشی. حەوت دانە فریشتەی چاوگەش و رازاوە بە هەزاران تەرزی جوانی، حەوت فریشتەی نازداری باڵدار سەمایان بۆ دەکردم، دوانیش لەملاولاوە، راست و چەپ یەک دوویەکیش لەپشتەوە دەیانشێلام و سەرگەرمی رەزامەندی من بوون، منیش رەجەب ئاسا لەژێر درەختێکدا دەمم داپچڕیبوو، گیانم پڕبوو لە خۆشی.. گوێم لە ئاوازێکی بەهەشتی بوو، سەمای ئەوان ئاوازی دەخوڵقاند. خۆم پێ نەگیرا، چونکە لەودیو پەردەوە گوێم لە دەنگی منداڵێ بوو

دەپاڕایەوە، دەگریا، خەریک بوو دیقم دەکرد، پاڵێکم بەدوو فریشتەی ئەملاولامەوە نا کە دەیانویست چاوبەستم بکەن و لەو بەسەرهاتە بێ ئاگام بکەن، پەردەکەم لادا.. ڕاستەوخۆ ئەو دوومنداڵە جوانە بێنازەم بینی.... هەنسکی زۆری تریفە وساواکەی خوشکی و کڕووزانەوە و گریانی؛ دڵی دەبرژاندم.. لەتاواندا؛ بێ ویست باڵم لێڕوا! ناچار وەکو باوکێکی میهرەبان بە باڵەکانم بەرەولای هەڵفڕیم، لە تاوی گریانی ئەو چاوم تاریک بوو، تووڕەیی دەستی بەسەردا گرتم.. بە ئەسپایی چوومە لایەوە و دەستم هێنا بەسەریدا و بە چپە پێموت: مەگری کچی جوان؛ مەگری بەقوربان.. من دەتبەمەوە بۆ لای دایە و بابە. هەستامە سەر پێ و نەعرەتەم لێ دا، خۆمم بەبەزەیی و زاڵ و بە توانا دەبینی، هەستم کرد هەستی هاودەردیم سەدان باڵی هەیە و دەتوانێ لەهەر عەرشێکەوە بۆ هەر نیاز و مەبەستێ.. چی بوێت بیکات. هاوسۆزیم لە توانایدا بوولە چاوتروکانێکدا لە موعجیزەی خوا بەهرە بدزێ و لە پێناوی رەزامەندی وردیلە و جگەر گۆشەدا بەکاری بەرێ، هەستم کرد خواوەند خۆی بەهرەم پی دەدا چیم بوێت بیکەم، هەستم دەکرد مرۆڤی بەهەشتی دەتوانن خولقێنەری پەیام و بیر و هەڵوێست و کردار بن.. بۆیە بێ یەک و دووتریفەم خستە سەر پشتم و لە نێوان باڵەکانمدا جێگەم کردەوە.. ئەو و خوشکەکەی لەگەڵ نانێکی زۆر بە ویستی تریفە.. دام لە شەقەی باڵ، ئاسمانم تەیکرد، هەستم کرد کردگاری میهرەبان توانای بەخشینی دەسەڵات و سۆزی بە

پەرستارانی خۆی رەوا دیوە.. بەر لەوەی عەرشی ئاسمان جێبهێڵم، لە نێوانی ئاسمان و ئاسۆدا.. لەنگەرم بەباڵەکانم گرت، لەگەڵ تریفە و خوشکەکەی نوچمان دا و سەری کڕنووشمان دانەواند، پاشان بە نیازی گەڕانەوە بۆ دۆزەخ، ئەوانم خستە سەر باڵم.. لە چاوتروکانێکدا گەیشتینەوە ناو ئۆردوگاکە .. ناو خەڵکەکە.. نائیرادی خۆمم لەبەردەمی نازدار و فەرەیدون دا بینی یەوە کە خۆیان لە یەکتری توند کردبوو بۆ گەرمکردنەوەی یەکتری و دوو کوڕەکەی باوەشیان.. وەک ئەوەی لە خەودابن، تریفە لەسەر باڵەکانم دابەزی وەک ئەوەی دوو فریشتەی نەبینراو باوەشی نازدار بکەنەوە، تریفە مناڵانە کە هێشتا خوشکە ساواکەی لە باوەش بوو، چووە باوەشی دایکیەوە و لە هەمان حاڵەتی خەوبینین دا چاوی هەڵهێنا.. منیش ئەو دیمەنە بەختیارییەکی زۆر مەزنی پێ بەخشیم.. هەستم کرد پێکەوە بوون جوانترین بەهرەیە بۆ خێزان.. بەدەم گریانەوە، ئەوێم بەجێهێشت، ئەوێ کە لە تاوانی نامرۆڤایەتی دا واتە سەرزەمین پڕ بوو لە لەعنەتی جەهەننەم، من حەزم نەکرد زیاتر بمێنمەوە.. خێزانی فەرەیدون؛ واتە نازدار و هەر چوار منداڵەکە پێکەوە بێدار بوونەوە، گشتیان حەواوە و ئارام بوون، گشتیان پڕبوون لە هیواو دڵنیایی ، تێر و ئاسوودە بوون، نازدار هەستی کرد مەمکەکانی پڕن لە شیر.. منداڵەکەی لە باوەشی تریفە دەرهێنا و خستییە بەر مەمکی. تریفە یادی هاتەوە کە کۆمەڵێ نانی پێبوو لە گەڕانەوەی خەونەکەیدا، وەک ئەوەی دەنگێ بانگی بکات،

چەند هەنگاوێ لە ماڵەوە دوور کەوتەوە، چاوی کەوت بە چارۆکەیەک کە لەسەر تاشە بەردێ بوو، دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو چارەکەیە پڕە لە نان.. بەیانی بوو، دنیا رۆشن.. باران کەمی کردبوو.. لە دوراییەوە ئاگری کز دەبینرا کە خەڵکی خۆیان لەبەر گەرم دەکردەوە. تریفە بە خۆشییەکی زۆر گەورەوە چارۆکەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ لای باوانی. وەک ئەوەی گەورەترین گەنجیان دۆزیبێتەوە، گشتیان شاگەشکە بوون، دەسرازەکە نانی بەشی ئەوان تیا بوو.. لەگەڵ چەند پارچەیەک گەزۆ، وەک ئەوەی گشتیان یەک خەویان بینیبێ، روخساریان لە نوورێکی پاکی یەزدانی گەشاوە دیار بوو.. پاروویان بە دەمی یەکترەوە دەکرد. بەر لەوەی ئەوێ بەجێبێڵم، تێر تێر سەیری ئەو خۆشەویستییەم کرد، تێر تێر بە دیاریانەوە گریام؛ بێ ئەوەی ئەوان من ببینن. رۆژ هەڵات ، من هێشتا بە باڵەکانم بەسەر ئەو ئۆردوگایەدا دەسوڕامەوە، گریانم دەهات، تووڕەش بووم، چونکە دەستە دەستە فریشتەی دەستەبەر بەدەستم دەبینی، منداڵ و پیر و لاویان بەرەو ئاسمان دەبرد، شیوەن و شەپۆڕی ئافرەتان و پیاوان لە گشت لایەکی ئۆردوگاکەوە ئاسمانیان پڕ دەکرد، هەستم بە ناجۆری کرد، هەستم بە غەدر کرد، هەستم ئازاری دەدام، تەنها توانیم زۆر بەکوڵ بگریم بۆ میللەتی وەها ئاوارە. زۆر سەرم سوڕما کاتێ بینیم مەرگ لە دەعبایەکی تۆقێنەر دەچێ، تەنها یەک هەیئەتی نەبوو، بەڵکو هەزاران چەشن مەرگم بە چاوی خۆم دەبینی لە سەرنجەکانمدا.. فریشتەکانیش

دوای مەرگ دەکەوتن و ئەوەی بۆیان دەرباز دەکرا رزگاریان دەکرد و بە هەڵپە و پەلە بەرەو ئاسمان گیانە پاکەکانیان دەگواستەوە.. نەمدەتوانی ئەوێ بەجێبێڵم، هەستم دەکرد بووم بە هەزار پارچەوە، هەر پارچەیەکم سەرنجێک بوو بۆ خۆی، فریشتەیەک رایچەنەندم کاتێ لە پشتەوە دەستی خستە سەرشانم، پاشان بە گوێچکەمدا چرپاندی :" ئێمە بەدکار و تاوانبار لە دەستی مەرگ رزگار ناکەین.. بەدکار زیندوو نابێتەوە و وەکو تۆ لە ژیاندا گوزەران ناکات". حەزم لە گریانێکی بە کوڵ بوو.. هەستم بەبەزەیی کرد، هەستم بە گەورەیی تواناو بەرگەگری ئەو مرۆڤانە دەکرد کە منداڵە مردووەکانیان لە باوەشدابوو، هێمن هێمن ئاوی چاویان دەرژاند و نزایان رەوانەی ئاسمان دەکرد، پیاوێکم بینی پەشۆکا و و بی ئۆقره و تاساو، هاوسەرەکەیی و پێنج منداڵی لەگەڵ بوو، بە دیار لاشەکانیانەوە بێ ئۆقره دەهات و دەچوو، شەشەمین منداڵ ساوا بوو، بەسەر شانیدا چەمابووەوە و گیانی لەدەست دابوو، ئەویش ؛واتە باوکی منداڵەکان؛ بێخواست بە دەوری لاشەکاندا دەسوڕایەوە و جار نا جاریش منداڵەکەی لەسەر شانی وەردەگێرا و چەند جارێک بۆنی دەکردوو دەینایەوە سەر شانی، ئەم دیمەنە منی لەو ئۆردوگایەدا چاند، منی داگیرساندبوو.. تەنها گوێم لە نووزەی خۆم بوو..هیچی تر. ئاگر دەباری لە بیر و دڵ و دەروونمدا... هەستم دەکرد ناخم دەچوزێتەوە.

## دیارییەک لە غەیبەوە

کات درەنگە.. شەوە.. نیوەی شەوە، لەگەڵ هاوڕێ یەکی خۆشەویستدا سەگەرمی ریازەت و کەشفی دەروونیم، سەرمان ناوە بە سەری یەکتریەوە و لە دەروونمدا ، لە دڵمدا هەست بە هەڵکردنی شنەبایەکی فێنک دەکەم. سەمای هاوڕێکەم هاوڕێ گیانییەکەم، واتە گڕی مۆمەکەی بەردەمم نەوازشم دەکا و لە هەستێکی کامڵدا دەمبات بەرەو لوتکەی چیایەکی هەستکرد لە سەر لووتکەی دەروون، لەوێدا بێجگە لە شکۆی رەنگی سەوز، سەوزێ نزیک بە سپی، یان سپییەکی سەوزباو و پڕ لە نوور- هیچی تر هەستم نابزوێنێ. لە ئارامییەکی تەواودا کۆی رووداوەکانی سەردەمی منداڵیم، راستر بڵێم کۆی رابدووم، لە کەلایەکی خڕی تیشکداردا؛ لەبەر چاومدا وەکو خەو دەبینم.. خۆم لە سووڕی گەڕانەوەدا بۆ منداڵی دەبینم. لە تۆپێکی خڕۆڵەی تیشکندا.. لە راستییەکی دەروونی دا هەست بە نەشئە دەکەم. لەم ئاوەدانییە رۆشنەدا، لە دڵی شەوێکی مانگ پڕدا، لە گوندێکی ئەم سەرزەمینەدا کە ژمارەی دانیشتوانی زۆر؛ زۆر زۆرن هێندەی ژمارەی ئەوانەی کە بێسەر وشوێنکراون، کە زیندە بە چاڵکراون، کە کیمیاباران کراون، لە گوندی خۆمدا ئارام دانیشتووم و گیانم لە هێمنییەکی تەواودا نوێژ بۆ گیانەکانی

گوندی بیر و لەشم دەکات. بیرم سافە و ئاگاداری هیچ نیم، کۆی ئەندێشە و بیرەکانم ناوەتە لاوە، رابردووم لە دەرەوەی مندا لەو گۆیە تیشکنەدا بۆ خۆی و بێ یاریدەی من خۆی دەڕێسێ. پێدەچی گیانەکانم ئەم دێ یەی من سەیری ئەو رووداوانە بکەن کە ئازاد لەمن و لە دەرەوەی مندا لەو گۆیەدا دەبینرێ! هەستێ لە ناخمدا دەبزوی، دەنگێ بەر گویی ناوەوەم دەکەوێ، هێڵێکی راستی لە تیشک درووست بوو، یەک هێڵی راست لە ناخمدا وەکو دارتێل داگیرساوە و هەستی پێدەکەم. زەینم لەسەر رەنگی تیشکە، چاوم بیرم لای رۆشناییەکی سەوزباوی تەنراوە بە سپی، لە هارمۆنییەکی رەزابەخشدا ئارام خۆم دەژینم، پێویستم بە زیاتر نییە. هیچ جۆرە بابەتێکی مادی، بێجگە لە تیشکی مۆمەکە هەست پێناکەم. تەنانەت هەست بە دۆشەکی ژێرم و بەرگی بەرم ناکەم، خۆم دابەشبوو دەبینم. لە دەرەوەی خۆمدا پەردەیەکی خەیاڵی هەست پێدەکەم. وەک ئەوەی دەرگایەکی هێمایی بێت. هەست دەکەم گیانێکی نیان و هەرزەکار، گیانێکی بۆنخۆش و نیان، گیانێکی هەتا بڵێی جوان و شەرمن و ژیر وبەشکۆ؛ راوەستاوە و نیازمەندە کە منی لەودیوی پەردە دانیشتوو لەبری ئەو لە دەرگابدەم . مانگی پڕ گەواهی ئاخاوتنمە. منیش لە درزی پەردەوە سەیری راز و نیازی دەکەم، سەیری گیانی دەکەم، ئەو گیانە شیرینە بە شکۆیە، لەو ساوا جوانە دەچێ کە لە یادی رۆژەکانما دەبێتە کیژۆڵەکەم و دەبمە باوکی کاتێ کە چاو بە جوانیدا دەگێڕم لەناو خەڵکا! حەز دەکەم زیاتر چاوەڕوان بێ و

به دەنگییەوە نەچم، تا زیاتر میوانم بێت. هێشتا پەردەکەم لانەداوە و فەرموم لێ نەکردووە، ئەویش خۆی نزیک دەخات و ویقاری جوانترین مۆدێل بەخۆی دەدا و لەپی دەستی خۆی کردووە بە ئاوێنە و شنەی باش وەکو کۆمەڵێ فریشتەی وردیلە پرچی رێک دەخەن، یاری بە پرچی دەکەن. شکۆیەکی غەیبیم لە بوونیدا، لە گیانی دا هەست پێکرد، چونکە دەیویست لەوپەڕی کەماڵدا خۆی بنوێنێ. منی غەریزە مردووش، منی دابڕاو لەلەش، دابڕاو لە خۆزگە و نیاز، گوێم بۆ رازی رۆشناییەکەی بەردەمم شلکردووە و بە چپە لە شنەیدا دەڵی: ( دڵت سپی سپی بکە، پڕی بکە لە هەستی جوان، پڕی بکە لە کامەرانی،لە دڵنیایی، سپی سپی چاوت پڕبکە لە نووری هەموو ئاسمانەکان ئنجا دەرگای لێ بکەوە یا پەردەکە هەڵدەرەوە.). وەهام کرد هەروەکو ئاگر پێی وتم، بە ئەسپایی پەردەکەم جێهێشت لەبری خۆم یان بەر لەخۆم گیانم نارد بۆ کردنەوەی دەرگاکە، کاتێ کە پەردەکەم لادا، کە نیگام رووبەڕووی نیگای بووەوە، لەو رووبەڕووبوونەوەیەدا یەک زرمەی زۆر گەورە روویدا، وەک ئەوەی هەورە تریشقە روویدابێت. بزەی سەرلێوی دەوروبەری ئەوی رەنگین و رۆشن کرد، من لە سەیرکردنیدا هەستم بە بۆن دەکرد، هەستم بە بیستنی ئاوازێک دەکرد کە دڵنیایی و ئارامی دەدامێ. لەنجەیەکی فریشتانەی کرد، لە دەروونمدا هەستم کرد شتێ روودەدات. باڵندەیەکی بچکۆلەی کەساسی پڕ خرۆشم بینی، لە پەڕەکانی خۆیدا، لە گڕی خۆیدا دەیجوکاند، وەک

ئەوەی چیرۆکێکم بۆ باس بکات. نەمتوانی تەلیسمی نێوانمان بشکێنم و ئاسایی بدوێم. وابزانم دڵنیابووم لەوەی کە دەمم لە جێگەی خۆیدا نەمابوو. ئەویش بە پەنجەی شایەتمان واتە بە پەنجەی ئیشارەت، پەنجەی بۆ من راکێشا بەبێ ئەوەی مەبەستی هەڕەشەکردن بێت. لە نووکی پەنجەیەوە پارچە تیشک؛ لە شیوەی گوڵی رۆشن دا پەخش دەبوو، ئازاد و هێمن وەک گوڵی پێدار و ژیاندار ئارام خۆیان دەگەیاندە بەر پەردەکەی نێوانمان، گوڵەکان بژێو دیار بوون، ئەگەرچی تەنها تیشک بوون وەژوور دەکەوتن، هەستم دەکرد لەناو ژوورەکەمدا زیندوون و دەست و پێ و لەشیان هەیە!. پاشان ئەو زاتە فریشتە شێوە ئەفسانەییە، بە هێواشی لە جێگەی خۆی بەرز بووەوە و وەک ئەوەی کۆمەڵی فریشتەی تر هەڵیبگرن، وەک ئەوەی بیخەنە ناو کەژاوەیەکی نادیارەوە، ئەوی رەنگین بە رەنگکانی کەوان لە نیگای پڕ لە خۆشەویستیدا، لە حاڵەتی لەسەرشان دانیشتندا، لە پر! کت وپڕ لە چاوان ون بوو، گوڵەکان، تەنها لە دەوری من عەڵقەیان بەستبوو و گەواهی رووداوەکە بوون، گومانی منیان نەبزواند. پاشان لە ئارامییەکی تەواودا، گوڵەکان باڵیان گرت و لە دەوری مۆمەکەی بەردەممدا سەمایەکی زۆر جوانیان کرد، سەمایەکی زۆر پیرۆز، دڵم، هەستم، بیرم، دەروونم، ویستم پڕبوو لە خۆشنوودی، پاشان هەر لەو سەمایەدا وردە وردە وەکو سەهۆڵ دەتوانەوە و شوێنەواریان نەدەما، پرشنگی وردیان دەیخستمە یادی مناڵییەوە. خۆمم بچکۆلە و هێمن و ژیر دەبینی و لەو

دیمەنانەمدا، ئەوان وردە وردە هەڵدەپروان، منیش وردە وردە هەستەکانم گەورە دەبوون، لە چاوتروکانێکی ئەو هەستەدا لە منداڵییەوە تا ئێستا خۆمم هاتەوە بەرچاو و ناو دڵ و دەروونم پڕ بوو لە بۆن، بۆنێکی خۆش، هەستم کرد بە رۆشناییەک لە سەر نیگام، دەروونم هاتەوە دۆخی راستی، مەراق و غەم و دوودڵی و گومان، نامۆ بوون بەمن. هەستم کرد واز لە زۆر شت دەهێنم کە رۆژەکانم پڕ دەکەن لە پەژارە، هەستم کرد من لە منداڵییەوە تا ئێستا لە نائارامیدا ژیاوم. گیانەکانی دەرونم ، گیانە بی گوناهەکان، ئەوانەی هانایان بۆ هێناوم، داوایان لە غەیب کردووە، شفایەکی ئارامبەخشم بۆ نازڵ بێت. تیشکی مۆمەکەش دەستی دەهێنا بە رووومەتما، هەستم کرد کت ومت لە بەزەیی دەچم!

# کەیفی شەوێکی ئافرەتێک

(هەندێ جار نەریت کۆمەڵی داخوازی لە دەروونمدا دەمرێنێ، ئەگەر بێت و ویست و داخوازی و هیوا و ئاواتەکان لە مرۆڤدا سەرکوت نەکرێن و نەخرێنە ژێر زەبری بەد بەکاربردنیانەوە. پێموایە مرۆڤ تۆوی نەمری دەدۆزێتەوە..) بەدەم خۆگۆڕینەوە یا بە نیازی چوونەدەرەوەی ئەو بیرەی بە بیردا هات. بیست وحەوت ساڵ تەمەنێتی، پیاوێکی خەیاڵ چڕ وکارامەیە، بێ کارە و رۆژەکانی گشتی بەکار دەبات بۆ گەڕان بە دوای کاردا. یەکێ لە شەوەکانی هەفتەی رابردوو، شەوی شەممە، تەنهایی وەڕزی کردبوو، بۆیە نائیرادی بە پەلە خۆی گۆڕی چونکە بە ویستی خواوەند ئەو لەو شارەدا نەبینراوە و کەس نایبینێ، مرۆڤێکی هێمن و بێ قڕەیە، کۆی پەیوەندییەکانی بە دەوروبەرەوە بریتیی‌یە لە سەرنجدان و فێربوون لەوانی ترەوە. سەرنجەکانی خۆی وەک جۆرێ لە راوکردن دەنرخێنێ، راوکردنی وێنە و نیگا و خووی ئەوانی تر کە ئەو بە رەفتاری پەنهان ناویان دەبات.. هەروەها بە مەرجی فێربوون و ناسین، ناسینی هەستەکان و کردەوەکانی مرۆڤ. زۆری نەبرد تا گەیشتە کەنار دەریا، چونکە ماڵی ئەو لەوێوە نزیکە، پاش ئەوەی چەند پیاسەیەکی بە سەر هەمان رێگەدا کرد ( کە لای چەپی جێگە کەنار دەریایە و بەلەمی زۆر لەنگەریان لێ گرتووە، لای راستیشی باڕ وچێشتخانە و دیسکۆیە). بەر لە گەیشتن بۆ کەنار، دیمەنێ

سەرنجی راکێشا و لە پیاسەکەیدا سەرگەرمی تاووتوێکردنی ئەو دیمەنە بوو، دیمەنی ئافرەتێک بە سواری پاسکیلێکەوە، ئافرەتێکی خرپنی کورتە باڵا و گۆشتن، قژ بژ و لوول. درێژ تا سەر پشتی، مەمکەکانی هەر یەکەیان لە دوو چنگی ئەو بە کراوەیی گەورەتر بوون، هەر یەکەیان هێندەی کفتەیەکی سابونکەران گەورە بوون، پێدەچوو فووی کردبێتە خۆی، ئەوی خستبووە یادی خواوەندی دایکەوە، دیمەنەکەی لەلا سۆریالی بوو، ئافرەتەکە بە سواری پاسکیلەوە، تەنوورەیەکی زۆر کورتی زەیتوونی رەنگ و هێلەکێکی کورت لە هەمان رەنگ؛ کە لە پشتەوە هەردوو مەمکی بە والایی گرد کردبووەوە و لە پشتەوە بە قەیتان زیکزاک بەسترابوو، کاتێ لە پاسکیلەکەی دابەزی سمتی والابوو، ئەو لەو سەرنجدانە کورتەدا نەیتوانی شوێنەواری دەرپێی قەیتانی و باریکی ژێرەوە ببینێ ( ئەگەر لە پێیدا بووبێت ) وا بە پەلە و سەرپێی سەیری کرد ئافرەتەکە هەستی پێ نەکا، هەستی بەوەش کرد کە ئافرەتەکە بە جوانی و لاوی خۆی دەنازێ، بەڵام خۆگۆڕین و ماکیاج پێچەوانەی ئەوەی نیشان دەدا، پێدەچوو پێی وترابێت:"ئەگەر بەو جۆرە خۆت بگۆڕێ بە مەمەبەستی راوکردن بۆ تەفرەدانی پیاوێک ؛ و گیرۆدەکردنی لە داوی تەنها لەش و جوانیدا-ئەوا دەگەیت بە مراز!"

ئەوەی کە سەیر بوو لای ئەو؛ ئافرەتەکە توانای بینینی ئەوی هەبوو! لە حاڵەتێکدا کە لەو قەرەباڵغییەدا کەس ئەوی

نەدەبینی!.. ئافرەتەکە ئەوی لە لیستی خۆیدا تۆمار کرد لەو چاوتروکانەدا. ئەو تێپەڕی و زیاتر لە دەیان جار بە هەمان ڕێگەدا لەسەر ئاوەکە لە چەپەوە بۆ راست پیاسەی کرد.. تا شەو درەنگانێ، دەنگی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی بارەکان و دەنگی عەشامەتی دانیشتوو و پیاسەکەران قەڵەباڵغییەکەی وەکو بازاڕی دۆلارەکە لێکردبوو. زوربەی خەڵکەکە هاوسەنگییان لە دەست دابوو، دەنگەکان خاو دەبوونەوە و درەنگ و بە دووپات دەگەییە گوێچکەی ئەوانەی پێکەوە مشتومڕیان بوو، خۆتەفرەدان و خۆ سەرخۆشکردن لەوپەڕیدا بوو، بۆنی خواردنەوە و بۆنی عەتر و بۆنی دەریا و جگەرە و بۆنی گومان و ترسی هەندێ کەسیش هەستێکی سەیریان بەو دەبەخشی، گشت ئەمانە لەسەر نیگا و بیری ئەو کەڵەکە بوون، ئاسایی ئەو زیاتر لە دوو سەعات ناتوانێ لەو ناوە بمێنێتەوە، بەڵام ئەو شەوە کەمێ زیاتر مایەوە چونکە کات نیوەی هاوین بوو ، کە لەو وڵاتەدا رۆژ زۆر درێژە و شەو تەمەنی تەنها سەعاتێکە بگرە کەمتریش. یەکێ لە شەقامەکان کە دەکەوێتە دەستە چەپ، باریکە رێگەی زۆری تیایە کە هەر یەکەیان بۆ جێگەیەک لە چەقی شارت دەبات، ئەو رێگەی خۆی گۆڕی و بەرەو چایخانەیەک رۆیشت کە هەندێ مرۆڤی خەڵوەتکەر لەوێدا بۆ خۆیان سەرگەرم بوون بە دیار پێکێکەوە یا قاوەیەکەوە، بەرەو ئەوێ چوو، ئەوێ چۆڵ و هۆڵ بوو، بۆیە حەزی کرد لەو چۆڵەوانییەدا بیرەیەک نۆش بکا و کەمێ لە بیرەکانی خۆیدا رمبازێن بکات. کاتێ درەنگان ئەوێی

بەجێهێشت دەمەو بەیان بوو.. مرۆڤەکان خاو بووبوونەوە، خوار ببوونەوە و چەمابوونەوە وەک ئەوەی بە کیمیایی لێدرابن، توانای هەنگاوهەڵهێنانیان سست بوو، هەندێکیان بە خاو و خلیچکی قاقایان لێ دەدا، لە چەپ و راستی هەندێ جێگەدا، ئافرەت بەسەر پیاودا، یان پیاو بەسەر ئافرەتدا؛ شل و پل شۆڕببوونەوە، تاک و تەرا مرۆڤی ساغ و سادە دەبینران کە گومانیان لە خۆیان بوو؛ کە حەزیان دەکرد ئەوانیش سەخۆش و خوار وخێچ بڕۆن، خۆیان بە کەم دەزانی ئەویش بە نیازی دواهەمین پیاسە بە رێگەی پێشوودا بەڕێکەوت تا لەوێوە بەرە و ماڵ باوان بێتەوە. لە نیوەی رێگادا، لە تەنگەبەرێکدا کە دەکەوێتە دەستە چەپەوە، بە نیازی گەڕانەوە لایدا، لەوێدا کە پشتی بارەکانە و جێگەی نیمچە تاریک و جێگەی فرێدانی پیسایی و میزکردن و هتد. بەلای دەستی چەپدا ئاوڕێکی دایەوە.. بە رێکەوت لەو لا کۆڵانەدا هەمان ئافرەتی بینییەوە، ئافرەتە کورتە باڵاکە، قژ بژ و تەسک پۆش و خرپنەکە، بەڵام تەنها بە قەبارە و شکڵ وەکو ئەو ئافرەتە بوو، چونکە گۆت ببوو وەک ئەوەی لە ژێر بارێکی زۆر گراندا بێت. هێندە سەرخۆش بوو کە لەسەر ئەژنۆ ،دەست بە زەویدا شۆڕ ببوەوە و نیازی بوو، هەوڵی هەستانە سەرپێی دەدا.. زۆر قورس دیار بوو، وەک ئەوەی دەستێکی نەبینراو لە زەوییەوە توند قورتمی ئەوی گرتبێ، ئەویش هەر هەوڵی خۆ دەربازکردنی دەدا و دەیویست لە چوار رزگاری بێ و لەسەر دوو پێ راوەستێ. نەیدەزانی ،

دیمەنەکە لای ئەو سەیر بوو، ئەو هەستی کرد ئافرەتەکە بۆ جانتاکەی یا شتێکی لێ ونبوو دەگەڕێ، بەڵام وا نەبوو. بۆیە لە چەپەرێکی دورا و دوورەوە راوەستاو بە فزوولی مێملێکردن سەیری رەفتاری ئافرەتەکەی کرد ئافرەتەکە تەواو سەرخۆش بوو، خاو و خلیچک جنێوی دەدا و دەیویسست هەستێ، بەڵام دەستی ترازا، بە دەستی راستی دەیویست دەستی چەپی لە شەلەل بپارێزێ و نەیدەتوانی، ناجار چوار پەل لەو لاپاڵەدا بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، لەپڕ سەری لێ کەوت.. سەری شل ببووەوە، کەوتە سەر زەوی، هەوڵی دا بیخاتەوە جێگەی خۆی، بەڵام خوار سەری دانا و حاڵەتی راگرتنی سەری جیاواز بوو لەگەڵ لەشی، لەوەدا بوو سەری خۆی راست بکاتەوە، هەردوو چاوی وەکو میزەڵڵانی پڕ لەئاو کراوی لێوەهات و بەربووەوە، ئنجا لووتی کەوتە سەرزەوی، ئەو ئافرەتە قەلەندەرە ئەمەی بەسەر دەهات، هەوڵی زۆری دەدا تا پارچەیەکی لەشی کە لیی دەکەوت بخاتەوە جێگەی خۆی، بەڵام هەرچییەکی دەکرد، هەوڵی زیاتری بۆ ئەوە بوو پارچەکانی لەشی یەک بگرنەوە و توانای هەبێ خۆی لەو چنگە رزگار بکات کە بەخەیاڵی سەرخۆشی هەستی پێ دەکرد، چنگێ لە زەویەوە ئێخەی گرتبوو، ناچار هاواری دەکرد، بەرم دە شەیتان..فی..فا.. پاش ئەوەی هەردوو مەمک و لووت و سەر و بارۆکی سەری و خودی سەری خۆی توند لە جێگەی خۆی دانایەوە، قاچی ترازا، وەک چۆن بووکە شووشەی منداڵان، کە منداڵ بەدەم یاریکردنەوە قاچێکی لێ

دەکەوی، ئەو ترازانە هێندەی تر ئەوی شەکەت کرد. وەها لاڵ و پاڵ بە زەویدا نووسابوو.. ئەگەر بابایەکی موسڵمان لەوێوە تێپەڕیایە وای بۆ دەچوو کە لەو جێگەیەدا مرۆڤێ سەرگەرمی نوێژکردن و خواناسی یە.. داماوە بە هیچ جۆرێ توانای هەستانە سەرپێی نەبوو، ئەویش بە واقوڕماوی، بە دڵی پڕ لە گریانەوە.. وەک ئەوەی دەستێ نادیار قوڕگی ئەوی گرتبێ و دەستی لە بینی نابێ، گریانی دەهات بۆ ئەو رووداوە.. زۆری نەبرد کابرایەکی سەرخۆش لارەولار بەرەو لای ئافرەتەکە چووە، وەک ئەوەی ئەو بەسەرهاتەی ببینیبێ، بە نیازی یاریدەدانی ئافرەتەکە لارەولار چوو، هەوڵی دەدا، توانی پاش چەند تەقەلایەک ئافرەتەکە لەسەر چۆک رابگرێت، پاشان لە پشتەوە دەستی خستە بن باخەڵی ئافرەتەکە و لەوەدا بوو ئەو بخاتە سەر هەردوو پێی.. بەڵام ئەژنۆکانی خۆیشی شل بوون و لەسەر ئەژنۆ لە پشتەوەی ئافرەتەکە بە هەناسە بڕکێ ماوەیەک مایەوە، زۆری نەبرد ئەویش لە هەوڵی یاریدەدان دا پارچە پارچە لە لەشی، شل وپل دەکەوتە سەر زەوی. هەمان بەسەرهاتی ئافرەتەکە بەسەر ئەویشدا هات، دیمەنەکە تێکەڵ دەبوو، گریان و فرمێسک چاوی ئەویان هێندە شیواند کە توانای سەیرکردنی نەما، دیمەنەکەش ترسناک بوو لای ئەو، نەیدەوێرا بچێتە هانایان و یاریدەیان بدات. ناچارانە دووركەوتەوە، ئەوانیش کاتێکی زۆریان بردە سەر بۆ بەستنەوە و لیکدانەوەی پارچەکانی لەشیان، پێدەچوو بەیەکدا نووسابن، تێکەلاو دەبوون، باڵندەکان بێدار بوون و

لەسەر ئاوەڕۆی دیوارەکانی سەرەوە و بەرانبەر ئاگاداری ئەو حاڵەتە بوون، یان ئەو رووداوە، سەیریان دەکرد و دەیانقیژاند.. ئەگەرچی ئەو حاڵەتە لای باڵندەکان بێگانە نەبوو، چوونکە زۆر جار چەندین دیمەنی وەهایان دیبوو، بەڵام باڵندەکانیش لە زیادەڕۆیی بابەتە نا مەفهومەکان دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتبوون، هەمیشە و نائیرادی خەریکی قاو وقیژ بوون، لە پەروازدا، لە نیشتنەوەدا و بەدەم خەویشەوە هەر دەقیژێنن!. بە دڵی پرەوە خۆی گەیاندە ماڵەوە، ئەو بەیانی یە و دەیان بەیانی تر و دەیان شەویش هەوڵی داشوێنەواری ئەو بەسەرهاتە لە یادی خۆیدا بسڕێتەوە، وەکو پانتۆمیم ، لە گۆشەیەکی شاردا بینی، کات هات و چوو، مانگ و ساڵ تێپەڕی. ئەو چەندین بابەتی تری لە رۆژەکاندا دیبوو، هەروا بیکار و بی مەبەست رۆژەکانی بەسەر دەبرد، رۆژێک لە رۆژان ئەو لەناوجەرگەی شاردا پیاسەی دەکرد، لە رۆژێکی شەممە دا بە رێکەوت هەمان ئافرەتی بینییەوە، پێدەچوو لەگەڵ هەمان پیاودا بێت؛ کە هەمان ئەو شەوە سامناکە.. کە نیازی یاریدەدانی ئەوی هەبوو! کاتێک ئەوانی پێکەوە بینی خۆشحاڵ و بە کەیف و زیتەڵە و پڕ تەندروستی و ساکار وەکو زۆربەی کەسانی ناو شار پیاسەیان دەکرد و عەرەبانەیەکی منداڵیشیان پێبوو؛ کە بیگومان منداڵێکی تیابووو.. ئەی !.... شتێکی سەیرە؛ لە دڵی خۆیدا ئەو دیمەنە شایەنی باوەڕ نەبوو، بەدەم خۆیەوە وتی: خۆزگە وەها بوایە ژیان، تەنها رووکەشێکی جوان و هیچی تر. خۆی پێ نەگیرا

فزوول گرتی، بەرەو لای ئەوان هەنگاوی نا.. دڵنیا بوو لەوەی کە ئەوان ئەو ناناسن، بەڵام لە پێناوی بینینی منداڵەکەدا تەکانی دایە بەر خۆی و سەیرێکی مناڵەکەی کرد؛ وی بسمیللا، لە حاڵەتی پەشیمانی و پاشەکشێدا خۆی پاشگەز کردەوە، چونکە منداڵێکی دەم خوار و سەر خوار و دەم داچەقاوی بینی، هەردوو چاوی سپی سپی بوون پڕ لە دەماری شین. دەستەکانی بە شانییەوە نووسابوون، تەنها یەک گوێی هەبوو، پێ یەکانی گۆج و خوار دیار بوون، لەڕ و وەڕز و بێ ژیان و بێزار روو لە ئاسمان لەناو عەرەبانەکەدا دەمی داچەقابوو، پێدەچوو منداڵەکە بە زەبری دەرزی و دەرمان مت و بێ هاوار کرابێ، دەنا ئەو گوێی لە هاوار و ناڵەی منداڵەکە بوو لە عەرشی ئاسمان دا ناڵە و گرمەی دەهات. ئەو هەستە بوو بە ژاکانی دەروونی کتوپڕ بۆ ئەو، دڵی پڕ بوو، گریان قورگ و چاوی ئەویان پڕکرد. هێندەی لەدەست هات تەنها بگری، بەبیریدا هات کە چاوتروکانێ هەندێ جار لە تەمەنێ درێژترە، ناچار خۆی گەیاندە جایخانەیەک، لە تەوالێتی ئەوێدا زۆر گریا پاشان روخساری خۆی شۆری و لە چایخانەکە وەدەرکەوت. بێ خواست و نیاز و ویستی لە گۆرەپانی شار دوور بکەوێتەوە و بەرەو کونجەکەی خۆی، بۆ تەنهایی خۆی بگەڕێتەوە ماڵ.. کاتێ وەدەرکەوت، گۆڕەپانی شار لە جێگەی خۆی نەمابوو! ئەگەر چی قەرەباڵغ بوو، بەڵام هەستی بە چۆڵەوانی دەکرد، هەستی بە تەنیاییەکی ئازاربەخش و کوشندە دەکرد، دووکەڵ لە لووتی یەوە دەهاتە دەر، ماندوو و

شەکەت، خۆی لە قاڵبی مرۆڤدا ون کردبوو، خۆی وەکو گایەکی تیربارانکراو بینی لەناو گۆڕەپانی زۆرانبازی گای ئیسپانیدا، خەڵکەکەشی لێ بوو بە سەیرکەران، گێژ گێژ بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و نەیدەویست بکەوێ و تەسلیم بێ، سەرنجەکان دەبوونە تیر و لە پشت و ملی ئەو دەچەقین، لە سەرنجی ڕێبوارەکانی ئەم لاولایی و تەماشاکەراندا ئازاری دەچێشت، شتەکان وەک پەردەیەکی سووری تووڕەکەر بەر تارمایی چاوی دەکەوت، هەستی کرد خوین بەرچاوی گرتووە، نیگاکانی خەڵکەکە زیاتر و زیاتر تیریان لە قەپرغەی ئەو گیر دەکرد، مل و پشتی ئەویان دەسمی و زامیان قووڵ دەکردەوە و خوین فیچقەی دەکرد. بەو زامانەوە بۆ دەرچەی یاریگا دەگەڕا لەو گۆڕەپانەدا تا خۆی دەرباز بکات. خەڵکیش بێ ئاگا بوون لەو تاوانە بچوک و گەورانەی کە مرۆڤەکان بەرانبەر بە خۆیان دەیکەن بە ناوی خودپەرستی و ئازادی و کەیف خۆشییەوە، بە ناوی خودپەرستییەوە هەندێ ئابڕوی ئازادی دەبەن و مرۆڤە هەستیارەکانیس دەکەنە قوربانی، بگرە دەبنە جێگەی توانج و گاڵتە و بە سووک سەیرکردن، بە لاواز سەیرکردنیان.

تێبینی: ئەم چیرۆکە پێشکەشە بەو منداڵانەی کە لەبار دەبرێن، بەو گیانانەی کە بە سەقەتی دەخولڵقێنرێن، دەبنە پێخۆری

خۆپەرستی و هەوەس پەرستی و گیان پەرستی و ئاتاجی جۆرێکە لە ئازادی کە مرۆڤ تەنها بەد بەکاری دەهێنێت.

## دواهەمین خەونی شێتێک

دواهەمین دەنک حەپی قووت دا، بێ ئەوەی بیجوێت، پەرداخێ ئاویشی بەسەردا کرد، هەستی کرد حەپەکە لەناو گەدەیدایە، بێ رەحمانە، دکتۆرەکەی لە ماوەی شەش مانگدا 1600 دانە حەپی بۆ نووسیبوو، گوایە حەبی ئارامکەرەوەی خرۆشانی دەروونی یە! جا ئەو حەپانە گەر بدرێن بە دایناسۆریش، لەو ماوەیەدا تەنها هێندەی جوجەڵەیەکی دەمێنێتەوە! ئەویش تەنها بەو هیوایەی وەکو هەموو هاوڕێیەکی ( کە لە راستی دا نییەتی) یاوەکو خەڵکی تر بە تەندروستی یەوە بژی و هۆکاری ناجۆر لە کۆمەکڵگەدا نەخاتەوە، ببوە کۆیلەی حەپەکان و لغاوی تەندروستی دابووە دەست ژیریی دکتۆرە دەروون ناسەکەی!

کاتژمێر پینجی بەیانی بوو، رۆژی هەینی، مانگی 10ی 1981 تەنها بۆ قووتدانی ئەو حەپە بەدەم خەوەوە هەستاو راستەوخۆ دوای ئەنجامدانی کارەکە نووستەوە. لە خەویا هێڵێکی سپی بینی، هێڵەکە لەبەر چاوی ئەودا یاری دەکرد، خۆی کەرت دەکرد، خۆی ورد دەکردەوە بۆ گەردیلە، پاشان شێوەی خۆی تاریک و رۆشن دەگۆڕی، ئنجا فۆرمە ئەندازەییەکانی نیشانی چاوانی ئەو دەدا، ئەویش بیباکانە تەنها سەرنجی دەدا، تا ئەو کاتەی کە دڵنیا بوو بێدارە و نەنووستووە، دەیتوانی بە چاوی

کراوەش ببینێ وەکو تۆپ، وەکو سێگۆشە، لوولەک و مارپێچ، تەریب و لاتەریب شکڵی هەمەڕەنگی لەخۆی دەگرت. کاتێ بەنیازی تۆمارکردنی ئەو خەونە یا ئەو زیندە خەونە هەستاو چووە سەر دەفتەری یاداشتەکەی، دەست و پەنجەی توانای باسی یان تۆماری ئەو بابەتەیان نەبوو؛ بۆیە ناچار نووسی: " ئەها تێگەیشتم، ئێستا هەست دەکەم کە خواوەند فۆتۆکۆپییە.. لەبەر من دا کۆپیکراوە.. منیش گیانێکی داهێنەرم کە لە کێشەمدا لە مەیدانی ژیان دا بێجگە لە مەرگ ئاشنایەکی تر شک نابەم." لەو کاتەدا کە ئەو لەگەڵ نەستی خۆیدا مقۆ مقۆی بوو، بە بێئەوەی پێ بزانێ مەرگ لەژوور سەری یەوە بوو، دەیویست حیزفرسەتانە زەفەری پێ بەرێت و لە پر هەڵیلووشێت. پشتاوپشت کشایەوە، ئەوەش بووە مایەی نەگبەتی ئەو و کۆچی دوایی کرد، چونکە مەرگ بەزەیی پیایدا هاتەوە، هەستی کرد، کە مرۆڤ لەو بابەتە یا لەو جۆرە تەنها وبیکەس، سەری پەیوەندی لەگەڵ ئەو(مەرگ)دا بەهێزە، چونکە مەرگ بە گیانی بژێو و ژیاندار ناویرێ، مەرگ بەبێ گیان فێرە واتە بە مرۆڤ وگیانداری ترسۆ! بۆیە ئەو بەیانی یە بۆ هەتا هەتایی پشتی کردە ئەو و لاشەی بێگیانی ئەوی قووت دا. ئەویش بە یاریدەی ئەو خەونە .. ئەو زیندە خەونە ، توانی بوونی ئەو هێڵە رۆشنە بە سوودی خۆی بەکاربێنیت. لەو هێڵە رۆشنەدا لەو پارچە تیشکە دەرگایەکی دروستکرد، هەڵبەتە لە خەیاڵی خۆیدا( واتە لە راستیدا) پاشان دەرگاکەی کردەوە و وەژوور کەوت. پاش

چوونە ژوورەوە.. بۆ یەکەم جار هەستی بە دڵنیایی کرد، هەستی کرد چاوی دەبینێ و کوێر نییە، دەڕوا و پێی نییە، دەخشێ و مار نییە، دەفڕێ و باڵداریش نییە، تیژڕەوە و ئەسپیش نییە، هەر وەکو ئەو هێڵە ڕۆشنە هەستی دەکرد توانای خۆگۆڕین و خۆزۆرکردن و خۆ نواندنی هەیە. هەستی کرد شت ومادەکانی ژیانی رابردووی خۆی وەک خەو دەبینێ، تەنانەت خۆیی و دکتۆرەکەی و ماڵ و دەوروبەر لە یادی ئەودا بێگیان و بی ژیان بوون، توانای هەبوو خۆی زۆر و خۆی کەم بکاتەوە. ئێستا ساڵانێکە ئەو سەرگەرمی هەمان یاری یە، تێر نابێ ، ماندوو نابێ، بێزار و برسی و تینووش نابێ. ئێستا ئا لەم کاتەدا کە ئەم دێرانە لەبەر چاوی تۆدا بەسەر دەکرێتەوە ئەو لە دەرەوەی ماڵی هونەرمەندێکا لەسەر چڵی درەختێک هەڵنیشتووە و قاغە قاغ دەکات. بەر لە سەعاتێ وەکو کەر دەزەڕی، تۆزێکی تر دێت بە میوانی تۆ، ئامۆژگاریت دەکات کە هەرگیز لە ماوەی سەش مانگدا 1600 دەنک حەپ نەخۆیت، نەوەکو خواوەندت لی ببێت بە فۆتۆکۆپی یەکی خۆت، تا لە هێڵەکانی ژیاندا کە زادەی گیانی بوونن .. ون نەبی!

# شەوێک لە جەهەننەم

زۆر هەستیارە. زۆر بیر دەکاتەوە. هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات خۆی هارمۆنی نیشان بدات، چونکە ئەو حەزی لە هیچ بابەتێکی نا هارمۆنی نییە. تەمەنی سی وحەوتساڵە، تاک و تەنها دەژی.. هاوڕێ ی زۆر کەمە و بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.. بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک وادەزانن شاعیرە.. یا کەمانچە ژەن، زۆر کەس ئەو دەناسن، بەڵام ئەو دەناسن و ناوی نازانن، بۆیە هەندێ لەو کەسانەی کە ئەو دەناسن ئەو بە نازناوێکی دروستکراو بانگ دەکەن کاتێ کە خۆی لە کایەدا نییە ..پێێ دەڵێن: خوا. چونکە کەس نازانێ لەکێ بووە و خەڵکی کوێ یە و چ کارەیە و تابڵێی کەمدووە، هەمیشە بزەیەک لەسەر روخساریەتی. ئەو خۆی تەنها نابینێ، لەبەر ئەوەی زوربەی کاتەکانی تەنهایی بە سەیری TVەوە بەسەر دەبات، لەگەڵ هەواڵ و گفتوگۆ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشا لەگەڵ خۆیدا سەرگەرمە و زیاتر حەزی لە نووسینەوەی بیرەکانێتی.

خوا، له ژێر زەمینێکدا دەژی، ئێوارەیەکی پایزە، پەنجەرەیەکی بچکۆلە لەو ژێر زەمینەدا هەیە کە 70X30 درێژی و پانییەتی، بە هۆیەوە توانای هەواگۆڕینی هەیە. دەتوانێ تا سەر ئەژنۆی ئەو رێبوارانەش ببینێ کە بەبەردەمی ماڵەکەدا جار ناجار تێ دەپەڕن. گەڵای دارەکان بەدەم شنە باوە ؛خڕە خڕ ئاوازێکی ناخۆش و کەمێ غەمگین دەژەنن.. خوا، کاتێ کە تەواو لە خڕە و قڕە قڕی گەڵاکان گوێی هەڵخست؛ تێگەیشت کە ئەوان هەواڵێکیان بۆ هێناوە؛ کورتەی هەواڵەکەش ئەمە بوو؛ " جەهەننەم دێت بە میوانت"، وشەی میوان لای ئەو جوان و پیرۆزە، گومانی لە هەواڵی گەڵاکان کرد، چونکە وشەیەکە دەخرێتە پاڵ هاودەنگی و ئاشنایەتی و هارمۆنی.. لە دەفتەری خەیاڵاتی خۆیدا، بەسەر وشەی میوان هاتندا چوەوە، تێگەیشت میوان ئەگەر مرۆڤ بێت یا باڵندە یا ئاژەڵ یا مێروو؛ هاتنیان بە میوانی بۆ لای هەر کەسێ مایەی خۆشنوودی و هاودەنگی یە.. بەخێر بێت؛ لەبەر خۆیەوە ئەوانەی بەوورتە بەخۆی وت. نائیرادی بستێ لە پەنجەرەکەشی واڵا کرد و هەوا یا بای شەماڵ لە هەردوو روومەتی ئەویان دا؛ بێ فەرموو لێکردن! شەماڵ و با تەوژمیان برد بەرەو هەر گۆشەیەکی ژێر زەمینەکە. لەسەر جێگە یەک نەفەرییەکەی دانیشتەوە؛ و بەدەم کێشانی جگەرەکەوە سەرگەرمی بیرکردنەوە بوو.. بیری لە خواوەند دەکردەوە، نائیرادی عەینەکە تاریکە رەشەکەی هەڵگرت و نایە سەر چاوانی، لە دڵی خۆیدا پرسی:" باشە بۆچی خوا بەو هەموو

دەسەڵاتەوە دوای ژیان مەرگی درووست کرد؟ تۆ بڵێی نهێنی ژیان لە بیرۆکەی خواوەند لە مەرگدا پەنهان بێ! نازانم بۆچی کە بیر لە خواوەند دەکەمەوە راستەوخۆ مردن و مەرگ خۆیان لە هەموو ژیان و بیری هەڵدەسوون، دیارە مەرگ دیاری یەکی شایستەیە کە خواوەند دەیدا بەهەر شتێ؛ بە هەر گیاندار و ژیانداریێ ، گەر وانەبێ،خواوەندی میهرەبان خوڵقی نەدەکرد، کەواتە مەرگ دیاری یەکە بۆ ژیان، مردن شتێکە زۆر باوەڕی بە ژیان هەیە، مردن شتێکی زیندووە.. گەڵاکانیش دەمرن".

کاتێ بەرێکەوت با گەڵایەکی لە پەنجەرەکەوە وە ژوور نا؛ بیری چووە سەر گەڵاکان و پایز.. بیری لەو گوڵە وەریوانە دەکردەوە کە لە دوای وەرزی پایزەوە دەکەونە ژێر هەڵمەتی بەفری زۆر و بگرە شاڵاوی بەفری گوێسەبانەکانیش لەسەر لەشی مردووی لقی گوڵەکان.. واتە شووڵە دڕکاوییەکان سەربار دەبێت، کەچی لە سەرەتای وەرزی هاوینەوە، هەمان گوڵی فەوتاو و بێ ژیان، جارێکی تر چرۆ دەکاتەوە وەک ئەوەی نە بای دیبێ نە باران و بەفر.. ژیانەوەش بوونی هەیە، دوای مردن هەڵبەتە، بەمە بزەیەک کەوتە سە لێوی، لەبەر خۆیەوە وتی: دەشێ هەموو بووەکان لە مەرگ لە دایک بووبن! دەشێت مەرگ پۆستی ژیانێکی تری پێ بێت! دەشێت ژیان خوودی مەرگ بێت!

تاریکی هات! بە ڕێکەوت گڵۆپەکەی ژوور سەری سکووتی کرد؛ تاریکی حەزی لە ڕۆشنایی و بینینی ئەو نەبوو، خواش بەرگی قەترانی لەبەردابوو؛ رۆشنایی بەردەمی تەنها تیشکی جگەرەکەی دەستی بوو، چونکە دەرەوەی پەنجەرەکەش تاریک بوو. بە پێویستی نەزانی بە دوای مۆمدا بگەڕێت ـ هەستی کرد رۆشنایی جگەرەکەی دەستی لە حاڵەتی مژ لێدان دا بارودۆخی وێنە هەڵواسراوەکانی ناو ژورەکەی بە جۆرێکی نوێ دەگۆڕێ و دیدێکی تری پێ دەدات. کۆمەڵێ گەڵای تر بە شپرزەیی خۆیان تاودا و لە پەنجەرەکەوە وەژوور کەوتن.. تا بزانن تاریکی بەچی مەبەستێک هاتووە!

نائیرادی هەستی بە ترسێکی نائاسایی کرد، گوێی لە دەنگی تەپەی پێی ئادەم بوو لە دەرەوەی پەنجەرەکەدا.. گەڵاکان لە ژێر پێیدا خرمەیان دەهات.. هاوکات لەگەڵ ئەو ترسانەدا هەستی کرد ئارەق دەکاتەوە و سەرما بە پشتیدا تەزووی دەکرد. هەستی بەبێ ئۆقرەیی کرد، نائیرادی دەیویست لە پەنجەرەکە دوورکەوێتەوە.. وای هەستکرد کە مشک لە پەنجەرەکەوە هاتبێتە ژوورەوە.. مشک؛ بۆیە لەترسا نەیدەزانی ئاخۆ دانیشتووە یان بە پێوەیە! .. تۆ بڵێی مشک لە پەنجەرەکەوە وەژوورکەوتبێت! .. چونکە ئەو زۆر لە مشک دەترسێ، ئەگەر هێندەی لە مشک دەترسێ، هێندە لە خوا بترسایە ، ئەوا ئەو نوێژ و رۆژووەی نەدەچوو، بگرە چوار حەجیشی دەکرد و خوای لە خۆی دەکرد بە پارێزگار، بۆیە بێ ئۆقرە لە ژوورە تاریکەدا

دەهات و دەچوو.. عەینەکەکەشی لەچاو داگرت، سەرنجی بست بە بستی ژوورەکەی دا بەدەم شقارتە لێدانەوە، ئنجا پەلە پەل دەگەڕا بۆ دۆزینەوەی سەرە مۆمێک؛ هیچی نەدۆزیەوە. خۆی هێور کردەوە.. بەدەم خەیاڵەوە بە نیازی لەبیربردنەوەی مشک خۆی سەرگەرم کرد، خەیاڵی چووە لای  پشیلەکانی ماڵە دراوسێکانی، بەڵام قەبارەی مشک زیاتر بوون لە خەیاڵیدا و گەورە دەبوون. بیری لەوە دەکردەوە کە لە تاریکیدا مرۆڤ دەتوانێ بە یاریدەی بیر پەنهانترین بیر بە رۆشنی ببینێ. لەبەر خۆیەوە وتی : " دەشێ رۆشنایی زادەی تاریکی بێت چونکە ناوەرۆکی هەر شتێ بێبەری نییە لە تاریکی، منداڵ لە تاریکی سکی دایکی دا لەوپەڕی دڵنیایی دایە".. هەستی کرد لە گەڕان بەدوای مۆمدا  چاکتر بیر دەکاتەوە، "تاریکی شایەتی بوونی شتە نادیارەکانە".

بە گومانەوە بیری لەو شتانە دەکردەوە کە بە خەیاڵیدا هاتوچۆیان دەکرد، هەستی کرد دەتوانێ بە فەلسەفە خۆی تەفرە بدات و نکوولی نیشاندان بخاتە لاوە، دەرهەق بە حەزنەکردن لە ژیان لەو ژێرزەمینەدا.. لەو ژێر زەمینە تاریکەدا چونکە هەندێ جار کە پەستی دایدەگرت وای بە بیردا دەهات کە ژیان لە ژێرزەمیندا مرۆڤ ماندوو دەکا و مرۆڤ دەخاتە خانەیەکی قووڵتری دەروونەوە و ناچاری دەکا ناهەمو ارییەکانی خۆی ببینێ، وەک ئەوەی مرۆڤ لە پلیکانەیەکی خەیاڵدا بەرەو ناخی خۆی بەرێت.

پاش کەمێکی تر؛هەستی بە ئارامی کرد، دەنگی گڤەی با و خشەی گەڵاکان نەمان، تەنها بێدەنگییەکی تەواو بووە میوانی ژوورەکەی، فەرمووی لەخۆی کرد و لە جێگەی خۆی دانیشتەوە و وەک بەر لە تاوێ جگەرەیەکی تری پێکرد و دەستەکانی خستە ژوور سەرییەوە، عەینەکەکەشی لەچاو کردەوە، تاریکی، بێدەنگی، متبوون تێکەڵ بە دەنگی سەعاتەکە.. تک تک ، ئەوی لە خەیاڵات کرد.

جاڵجاڵۆکەیەکی رەش لە قوژبنی سەقفەکەدا، لەسەر یەکێ لە تەنافەکانی خۆی، بەدەم کرماندنی مێشی وشکهەڵاتوو بەو تەنافەوە سەرنجی ئەوی دەداو تەنها ئەوی دەبینی، سەرنجی لە ئارامی ئەو دەدا وئیترەی بەو دەبرد. ئەو جاڵجاڵۆکەیە ئەوی زۆر خۆشدەوێت، چونکە لە میهرەبانی خوا بە ئاگایە.. چوونکە دەیزانی کە خوا هەمیشە لە کاتی پاککردنەوەی ژێر زەمینەکەیدا تەنافەکانی ئەویان نەدەپساند. هەروەها هەرگیز تەنگی بەو هەڵ نەچنیوە و بە ویستی خۆی لەکوێدا ویستبێتی تەنافی چنیوە و گەرای داناوە و پشتاوپشتی جاڵجاڵۆکەکە لە خوا رازین. لە ئارامییەکی ئەفسانەکردا هەستی بە حەوانەوەیەکی دەروونی زۆر کرد، ئەو لەشداگیرانەی نەما، بیرەکانی ساف بوون، وەک ئەوەی حاجی یەک بێت کە لە دوای نوێژەکانی بە لەش گیانێکی تەواو پڕلە ئارامی و دڵنیاییدا؛ دڵنیا بێت لە ڕەزامەندێتیی خواوەند.. هەستی کرد شوێنەواری لە ژوورەکەدا نەماوە و تەنها گیانێکی ئازادە. چەند جارێ بۆ دڵنیابوون دەستی لە سەر و

لەشی خۆی کوتا، تا دڵنیابێت لەوەی کە بوونەوەرێکی ماددی لە جێگەدایە؛ وەک ئەوەی هەموو هەستەکانی بەنج کرابێ، ماوەیەکی کورت سەرگەرمی گەڕان بوو بەدوای خۆیدا، خۆی نەدۆزییەوە، وەک ئەوەی خۆی، لە خۆی شاردبێتەوە، یان گیانی لەشەقەی باڵی دابێت وگیانی لە شار و شاخ و ئاوەدانیی‌یەکانی کوردستاندا باڵەفڕ بێت، یان پێدەچوو گیانی چووبێتە میوانی دایک و خوشک و براکانی، چونکە ئەوتەنها بە لەش لە هەندەران دەژی و بە گیان لە کوردستان.. ئەو قاوغە مادییەکی لەشی خۆی بۆ نەدۆزرایەوە لەو تاریکی‌یەدا، لەو کاتەدا لەو تاریکییەدا، جاڵجاڵۆکەکە و مێشە بیگیانەکە گەواهی ڕووداوەکانن، دەستێکی سێبەر شێوەی تاریک و ئەستوور لە شێوەی تارمایی‌یەکی بینراودا، لە پەنجەرەکەی ژووور سەری‌یەوە خشکەیی و هێواش بەرەو لای ئەو بە ئەسپایی وەژوور کەوت! تەنها دەستێک و هیچی تر! دەستێکی مەنحوس!

دەستەکە لە دەمی تیمساح دەچوو، پەنجەکانی دانیان هەبوو.. دەبینرا چونکە تاریکتر بوو لە تاریکی ژوورەکە، تاریکتر لە بەرگی بەری ئەو، لەگەڵ دابەزینی دەستە قەپ شێوەکە، هاوکات بە هەڵمەت بردنەسەر ئەوی بێ گیان و لەشێکی بەجێماو لە ژوورەکەدا؛ زرمەی بۆمبایەک لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوە ! ئەو دەستە ددانداره تارمایی شێوەیە بەو زرمەیە ئەوی هەڵلووشی.. ئەوی بەرەو پەنجەرە بچکۆلەکە کێشکرد و توند

دەستی ڕاپسکاند، پەنجەرەکەی لەبێخەوە هەڵتەکاند و ئەوی کێشکرد، ئەوی قەپاند... ئەویش بی دەربەست بوو، تەنها ئارەقەیەکی سارد گەواهی ترسی بوون.. کۆمەڵێ گەڵاش بەدوای ئەو ڕووداوەدا هەڵەداوان دوای لەشی بێ گیانی خوا کەوتن، چونکە فزوول گرتبوونی تا بزانن چی بەسەر ئەو مرۆڤەدا دێ کە گیانی جێیهێشتووە.. ئەو لە ناو دەستە ددانداره تارمایی شێوەکەدا، تەنها گوێی لە شلقە شڵقی دوو مەشکە بوو، وەک ئەوەی یەکێ مەشکە بژەنێ، گوێی لە شڵقە بوو، جاڵجاڵۆکەکە بە واقوڕماوی هێشتا لەتێکی مێشەکەی تەواو نەخواردبوو، بە زەقی ئەو ڕووداوەی بینی! دڵی زۆر بۆی سووتا.. بێ ئەوەی دەربەستی ئەنجامی ڕووداوەکە بیت.. دەست و پێ و دەم بەستراو بە تەنافی تاریکی، هەستی کرد لەسەر تاشە بەردی دادەنرێ و کەمکەم تارمایی خۆی لەسەر لادەبات.. تارماییەکە بە گرمۆڵەیی لە هەمان شێوەی قەپێکی ددانداری لە سەر ئەو لاچوو، هەستی کرد چاوەکانی توانای بینینی هەیە لە ژێر تیشکی مانگدا.. شوێن سەرقەبرانێک بوو، لەسەر قەبری یا مەزاری کابرایەک خۆی بینییەوە، لە ژێر سێبەری درەختێکدا. پاشان ئەو کەبێ باک بوو لە هەرشتێ، تارماییەکە بە جادووی خۆی بە نیازی خۆگۆڕین و هەیبەت نیشاندان قاڵبی لە لەشی خۆی دەگرت.. ئەم کارە زۆری نەبرد.. لە ماوەی چەند چرکەیەکدا جادووکارێکی گرگنی دزێوو قەبە و پیر و پەڕپوت لە شێوەی ( ئافرەتێکی) قەحبە ڕەفتاردا، بە جۆرەها مەکر و

بوغزی مەقزوز دەمی لەو داپچڕی و لێکی جەراعەت شێوە بە لمۆزیدا دەتکا، تەنها دوو جووت مەمکی شۆڕ و مەشکە شێوە و تیسکن و رووتی لاشەکە- گەواە بوون لەوەی کە تارماییەکە ئافرەتە..دەنا خێو بوو، یا جنۆکە، یا دەجاڵ!.. ئافرەتەکە یا دەڵە دێوەکە بە پەنجەی ئیشارەت گۆڕێکی هەڵدایەوە.. پاشان قژی ئەوی گرت و پشتاوپشت ئەوی کێشکرد، بە سێ نهۆمدا ئەوی بە پلیکانەدا بردە خوارێ بۆ جێگەیەک کە پڕبوو لە دڵی رەش، لە چاوی رەش، لە بۆنی پەست، لە گیانی زەلیل، جێگەیەکی دوو نەفەری نووستن یا "مردن" لەو شوێنەدا بوو، کە گشت چێوەکانی بە ئێسک و پرووسکی ئادەمی درووستکرابوو کە ناو جێگەکە بالیف و دۆشەک و سەرینی؛ جەرگ و دڵ و ریخۆڵەی بۆگەن و سی ی فووتێکراو بوو.. ئەوی هەڵدایە سەر جێگەکە.. پاشان بە جادوو مەکرێکی زۆر ئەفسوون ئامێز دەستی بە لەشی خۆیدا دەهێنا.. خۆی دەگۆڕی بۆ حاڵەتێکی مێینەی ناسک ئەندام و شیوە جوان! بە پەنجەی ئیشارەتی پەنجەی بۆ هەر جێگەیەکی لەشی خۆی دەبرد، خۆی پێ دەڕازاندەوە.. ئەو! ئەو؛ واتە خواوەندی میهرەبان و گیان لێجێماو؛ دەیان دەستی تارمایی شێوەی دەبینی کە لە چاوتروکاندا دەڵە دێویان دەڕازاندەوە و جوانیان دەکرد، پێدەچوو مەکر توانای هەڵخەڵەتاندنی چاو و بیری ئەویان هەبێت. بێ بزووتن بە دەستەکانی ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوو، گرمۆڵە لە گۆشەیەکدا کڕ چیچکەی کردبوو.. هەرهێندەی بستێکی مابووەوە.. خۆی زۆر بچکۆلە و بی

دەسەڵات دەهاتە بەرچاو، یادی هاتەوە کە هەندێ دەڵێن؛ بە ئەزموونکردنی هەر شتێ مرۆڤ زیاتر دەوڵەمەند دەکا. لەوێدا بەس باوەڕی بەو وتەیە نەبوو، تیایدا نەخۆش و زەلیل و ماندوو خۆی دەبینی، چرکەکان بە سکپڕی دەبزوان.. هەر چرکەیەک یا تەپەی لێدانی دڵی دەبوو بە دوو، بە بیست، بە سەد، چرکەکان ببوونە دێوو درنجیساڵ سیفەت، جادووگرەکە، دەڵە دێوە نیاز پیسەکە هێشتا دەم و دەست و پێی ئەوی نەکردبووەوە.. ئەوی لەسەر جێگەکە هەر بە بەستراوەیی راخست.. وەکو کەلوپەل . نەک لەش! ئەگەرچی دەڵە دێوەکە خۆی گۆڕیبوو بۆ کەسێکی یا خانمێکی نیان و جوان بەڵام لەبەر چاوی ئەودا گرگن و قەبە و مەمک مەشکەیی و تیسکن و تاریک بەدەردەکەوت.. قەپی زۆر گەورە بوو.. کەلەی سەری ؛دەستی.. لە سەری تیمساح دەچوو.. ئافرەتەکە خۆی تاودا و بە نرکە نرک و خرۆش دەنگی گڕ و پیر و پڕ لە مۆرەی ورچ ئاسا، خۆی هەڵدایە سەر ئەو و سەری بەرەو ناو گەڵی ئەوو دەعباکەی برد.. قەپۆزی داپچڕی بەدەم هەناسە بڕکێوە کەوتە لێسانەوە و گازگرتن.. کێم و جەراعەت بە ناوگەڵ و لمۆزیدا دادەچۆڕا. پرچەکانی وەکو کرم دەبزوان و تاڵە قژەکانی لە کرمی رەشی درێژکۆلە دەچوون، مڵچە مڵچی بوو، پاش کۆمەڵێ هەوڵی زۆر توانی هەوەسی ئەو دامرکێنێتەوە، چونکە نیازی واڵابوو.. خوا تێگەیی کە بۆچی راپێچ کراوە، هەستی کرد کە غەریزەی هەوەس ئەویان بۆ جەهەننەم کێشکردووە، دەشێ دوای دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی ئەو

دێوە؛ ئازادبوون مسۆگەر بکات. دەڵە دێوەکە هاتە سەرکۆشی ئەو، ناوگەڵی لە ناوگەڵی ئەو جووت کرد، بە ویستی خۆی قەپاڵی لە خوا دەگرت و ئەوی زەجر دەدا، تەکانی دەدا و مەمکە مەشکە شێوەکانی هەر شڵقەیان لێوە دەهات، مۆسیقایەکی ناخۆش بوو بۆ ئەو حاڵەتە.. بەر لە کۆتایی بەر لە رژانی کێمی پڕ لە بۆگەنی حەز، قەپی کرد بە لووتی ئەودا.. کەوتە نرکە نرک و لەخۆدان و خرۆشی رەحەتبوون، وەک ئەوەی کۆی جادووەکانی ئەو شەوەی بۆ ئەو خۆ خاڵیکردنەوەیە خستبێتە گەڕ.. لە خۆشییەکی زۆردا ئەو هێمن دەبووەوە ( واتە جادووەکانی ئافرەت شێوە تارمابییەکە).. کەمێ لەشی ئەوی بەجێهێشت، پاش کەمێ پشوو، دووبارە، پاش کەمێ پشووی تر سێ بارە هەمان کاری ئەنجام دایەوە. ئەویش تەسلیم ببوو بەو چارەنووسە بێ مانایە، چونکە ئەو دەزانێ کە لە ژیاندا مرۆڤ دووچاری زۆر رەفتاری ناماقووڵ و بێ مانا دەبێ، بەبێ ویستی خۆی!..

پاش ئەوەی جادوکاری بۆگەن، ژەهری خۆی رژاند، کشایەوە دۆخی جارانی، بە قورسایی چەند فەردەیەک گەنم لەسەر ئەو راکشا و بۆ یەکەم جار بە دەنگێکی نێرەمووکانەوە وتی: " کە من کچێکی لاو بووم، پیاوێک ئاوەهای لەمن کرد، بۆیە منیش ئاوا لە پیاو دەکەم". ئەوەی بەدەم گریانەوە دەربڕی!

خوا زمانی گۆی نەکرد، نەیدەتوانی تا بپرسێ بۆچی ئەوی هەڵبژاردووە، بەڵام جادووکەرەکە نیازی دڵی خوێندەوە و لە وەڵامدا وتی: ئافرەتی زۆرلێکراو بە پیاوی بێگیان دەوێری، تۆش گیانت هەمیشە لە کۆچ دایە، بۆیە بە ئاسانی تارماییە خێو شێوەکانی وەکو من دەتوانن زەفەر بە لەشی بێ گیانت بەرن و تۆڵەی لێ بکەنەوە، تۆڵە پیشەی مرۆڤە.. مرۆڤ لە زۆرداری خۆش نابێ، پێویستە مرۆڤەکان فێری جۆرە رەفتارێکی گەلی بن؛ کە بە هۆیەوە نەبنە مایەی شەرمەزاری هاورەگەزی خۆیان.. نەبنە مایەی ژان بۆ رەگەزی دووەمیش، من لەم گۆڕستانەدا شەوانە سەرگەرمی تۆڵەم، هەر لەشێکم دەستبکەوێ بەم جۆرە ئەتکی دەکەم.. بەڵی.. ئەگەر جارێکی تریش چارەنووس بەڕاستی ژیانم پێ ببەخشێ؛ نیازمە ببمەوە بە پیاو! ئەوسا هەمان جۆرو بە هەمان شێوە شاڵاو دەبەم بۆ قوربانی یەکەم.

ئەویش بۆ یەکەم جار لە ژیاندا.. لە ناخی دڵەوە، بەوپەڕی رێزەوە زەردەخەنەیەکی زۆر منداڵانەی لە منداڵی خۆیدا هێنایەوە بیر و نیشانی ئەوی دا. ئنجا چاوەکانی وەک مۆم و تکتک فرمێسکیان لێ دەتکا، هەستی کرد چیتر دەست بەست و پێ بەست نییە، بۆ یەکەم جار دەستی نایە سەر دەستی ئەو.. دەستەکانی دەڵە دێوی ماچ کرد و بە ویستێکی زۆر پڕ لە بەخشندەیی ئەوی لە ئامێز گرت. پێکەوە گریان، بەدەم گریانەوە ئافرەتەکە پەشیمانی پێوە دیار بوو، بەژنی بچوکتر و بچوکتر

دەبووەوە، تا بووە منداڵێکی کیژۆڵەی جوانکیلە و بێ گوناه، پاشان لە شێوەی فریشتەیەکدا لە پلیکانەکانەوە خواحافیزی کرد، لە چاتروکاندنێکدا دیار نەما و وون بوو.. ئەو هێشتا لە ژوورەکەیدا بۆ لەشی خۆی دگەڕا.. هەمان شێوە کە تاریکی داهات! ڕۆشناییش داهات و کارەبا هاتەوە و ژووری خواش ڕووناک بووەوە... گڵۆپەکان داگیرسان؛ و بەوە شاگەشکە... هەروەها خۆشحاڵ بوو بەوەی لە تاریکیدا خەمی مرۆڤێکی جەوردیدەی ڕەواندەوە... خۆشحاڵ بوو بە دۆزینەوەی لەشی خۆی، هەستی کرد لەشی ماندووە، گیانی ماندووە، پێویستی بە حەوانەوە هەیە. یەک، دوو ، سێ گەڵا، یەک دوو سێ جاڵجاڵۆکە، سێ مێشی مردووش بە تەنافەکەی ژوور سەری یەوە پێکەوە گەواهی ئەو دیمەنە بوون، گەڵاکان و جاڵجاڵۆکەکان دەستیان لەژێر چەنەیان دانابوو، هێمن هێمن لە حاڵەتی بەزەیی دا بۆ ئەو دەگریان، خوا نەیدەزانی چی بەسەر لەشیدا هاتووە. ئەویش لە خۆیەوە نائیرادی دەروونی پڕبوو لە گریان. بەر لەوەی چاوی بچێتە خەو، زۆر گریا، چونکە لە گەشتی گیانیی دا ناهەمواری زیاتری دیبوو ئەو ساتانەی کە تیایدا لەشی بۆ نەهامەتی بەجێهێشتبوو لەو چاوتروکانەدا. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز..مەرگتان نەبینم هەرگیز.

# گەشتێکی سۆریالی

بەنیازی گەشتێ بۆ ناو دارستانەکە، تەنها بۆ بەبادانی بیرەکانی خۆی، جلی گەڕانی لەبەر کرد وملی رێگەی گرتەبەر. بە نیازی ئاژۆشتن بۆ ئەو دارستانە کە زۆر نزیک نییە لە ماڵی ئەوەوە، لەبەر ئەم هۆیە پێویستی دەکرد چەند کیلۆمەترێ بە قەمەرە لەشار دوور بکەوێتەوە، هەروەها لە سکەی ئاسنینی شەمەندەفەریش بپەڕیتەوە. دلێر ئەمەی ئەنجامدا، لە لێخوڕین دا دوای کورتە ماوەیەک گەییە سەر سکەیەکی هێڵی ئاسنین، راستەوخۆ دوای ئەوێ پاش کیلۆمەترێک پیادەڕۆیی دەگاتە جێگەی مەبەست. بەڵام کاتێ گەییشتە نزیک هێڵە ئاسنینەکە؛ رێگەی هێڵی ئاسن بۆ مەبەستی هاتووچۆی شەمەندەفەر داخراو لەگەڵ هێور کردنەوەی لێخوریندا؛ قەمەرەکەشی کوژایەوە. دلێر بۆ چەند خوولەکێک چاوەڕوانی کردن جگەرەیەکی داگیرساند. کات ئێوارەیەکی خۆرەتاوی وەرزی بەهاربوو. باش بوو خۆشبەختانە بەر لە تێپەڕینی شەمەندەفەر سەیارەکەی کوژایەوە. دەنا ئێستا شەمەندەفەر لێی دەدا گەر فریای دەرباز کردنی گیانی خۆی نەکەوتبا. لەو کاتەدا کە جگەرەکەی دادەگیرساند؛ وەک ئەوەی پەڵە هەورێکی تاریک دەوری ئەو بدات، هەستی کرد دەوروبەری تاریک دادێت! بە جۆرێ کە هیچی نەدەبینی، وەک

ئەوەی کەوتبێتە قەفەزێکی لە هەور درووستکراوەوە، تەنها گوێی لە تێپەڕینی شەمەندەفەرەکە بوو. بە چاوەکانی هیچی نەدەبینی، وەک ئەوەی دوو دەستی هەورین چاوی ئەویان گرتبێ! رێگەی هاتووچۆی قەمەرە بەدوای تێپەڕینی شەمەندەفەرەکەدا کرایەوە، هەموو شتێ ئاسایی بووەوە، چاو تاریک و لێڵ، وەک ئەوەی بە شەوارە کەوتبێ. پیاویک ئەوی راچەناند، کە لە دەرەوەی پەنجەرەی قەمەرەکەیدا بە نیازی ئاخاوتن لەگەڵ ئەودا چەند جارێ لە پەنجەرەی سەیارەکەی دا.. پیاوەکە لە پۆلیسی سەردەمی کۆن دەچوو، بگرە کۆن دیار بوو، بەرگی کاری لەبەردا بوو، شەپقە و دەمانچەی بەرکەمەری بە قایشی ئەستوور بەستراو..سمێڵێکی فش و رووخسارێکی پڕ لە زمان. دلێر راستەوخۆ پاش ئەوەی پەنجەرەکەی کردەوە.. پۆلیسەکە فرمانی پێدا کە بەرەو چەپەری رێگەکە لێبخوڕێت. ئەویش فرمانەکەی دەستوبرد بەجێهێنا، لە یادی چوو ( لە ترسا) کە چاوی تاریک و لێڵ دەیبینێ، بەڵام بە پۆلیسەکەی راگەیاند کە سەیارەکەی لەکار کەوتووە و توانای هاژووتنی نییە. پۆلیسە نامۆکە کە پێدەچوو بە ڕاستی پۆلیس بێت، بۆ ئەنجامدانی فرمانەکەی خۆی بە پاڵ پێوەنان بۆ دواوە تاوی دایە خۆی و بە ئاسانی سەیارەکەی بەرەو چەپەری رێگەکە بەرەو لای چەپ پاڵنا، پاشان فەرمانی دووەمی ئەوە بوو کە پێویستە دابەزێ و بێ چەند و چوون دوای ئەو بکەوێت، بێ چەندوچوون گوێی بۆ فەرمانی کابرای پۆلیس شل کرد. لە سەیارەکەی دابەزی،

شوێنی دابەزین جیاواز بوو لەو چەند مەترەی بەر لە تاوێ لێی بوو لەبەردەم هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەردا، شوێن دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، بەڵام ئەو پێش تاوێک لە ناو شاردابوو، لەناو شەقام و رێگەی قیرتاوکراودا! تێنەگەیی چۆن و کتوپڕ دیمەنی شار گۆڕدرا بە دەشتایی و جێگەیەک کە ئەو هەرگیز لە ژیاندا نەیبینیوە! لە ئاسۆش دا کۆمەڵە شاخێکی سەرکەشی لە دوورەوە دەبینی. کاتێ بۆ پشتەوە سووڕێکی بە دەوری خۆیدا دا بۆ پشت و پاش ناسینەوەی رێگاکە!.. هەرچۆنێک دەیڕوانی دەوروبەری زیاتر رەنگیندەبوو، وەک ئەوەی سەرنجەکانی ئەو رەنگ برژێنێتە سەر زەوی و زار. پۆلیسەکە فەرمانێکی تری گریمانکرد، کە دەبێ بە دوای ئەودا بە رێکەوێت بۆ بارەگا و بە ڕیزەوە بێ چاوەڕوانیکردنی وەڵام فەرمووی لەو کرد. ئەویش رایگەیاند کە ئەو خۆی بە تاوانبار نازانێ و هیچی نەکردووە؛ بۆیە بە پێویستی نازانێ ملکەچی فەرمانی ئەو بێت؛ دەنا دەبێ پۆلیسەکە هۆی فرماندانی روون بکاتەوە تا ئەو مەجبووری گوێڕایەڵی کردن بێت. پۆلیسەکە رایگەیاند کە ئەو فەرمانی پێدراوە چاودێری ئەو بکات و بەرپرسە بەرانبەر بە پاراستنی ئەوو گەیاندنی ئەو بۆ جێگەی داخواز و داواکراو. ئەگەرچی وەڵامی پۆلیسەکە رازیکەرانە بوو، ئەو لە چاوتروکانێکدا هەستی بە کەمێ خۆشی کرد، یەکەم جاری بوو کە هەست بەوە بکات گرنگی هەیە لای کەسانێک، بە جۆرێکی وەها کە پۆلیسێک تەرخانکراوە بۆ پاراستنی. روخساری پۆلیسەکەی لا

نامۆ نەبوو، هەستی دەکرد بەر لەو کاتە لە جێگەیەکی تردا ئەو پۆلیسەی دیوە و تا رادەیەکی گومان لابەر یەکتری دەناسن.. بەڵام هیچیان هەوڵی یادهێنانەوەی یەکتریان بە ئاخاوتن بە یەکتری رانەگەیاند، هەردووکیان خۆیان بە کەمتەرخەم دەبینی بۆ خۆناساندن و یادهێنانەوەی یەکتری، لە روخساری هەردوکیاندا وا دەردەکەوت کە یەکەمیان نیازی هەبوو خۆی بە دووەم بناسێنێ؛ بەڵام هیچیان دەستپێشکەریی نەکرد بۆ خۆناساندن بەوی تر. بە توولە رێگایەکی پێچاوپێچدا، کە زۆر رۆیشتن بوو، کەوتنە ڕێ.. رێگا پڕبوو لە لۆچ و توولەڕێی زۆری لێدەبووەوە، بەردی زۆر لە کەناری توولە رێگەکاندا هەبوو، بەردەکان لە یەکتری دەچوون وەک شێوەی بەردی سەر گۆڕی هەڵنەبستراو سێگۆشە و کەمێک ناڕێک! پێدەچوو ئەو ڕێگایانە بەر لە مێژویەک گۆڕستان بووبن! بێ گفتوگۆ رۆیشتن تا گەیشتنە سەربازگەیەکی زۆر قەڵەباڵغ. لەوێ؛ لەهەر گۆشە و کەنارێکی سەبازگەکەدا، جۆرەها چەکی هاوچەرخ و تۆپ و تانک و مووشەکی دەبینی، لەگەڵ ئەمانەدا روخساری مرۆڤی هەمەڕەگەزی زۆری بینی لە بەرگی سەربازیدا. پاشان لە گۆشەی دیوارێکی تەسکەوە کە لە پێشیانەوە دەرکەوت، پۆلیسەکە فەرمانی بەو کرد، تا بە دوایدا بچێتە ژوورەوە، کەلێنێکی زۆر باریک و تاریک بوو، بە ئاستەم مرۆڤ دەیتوانی لەسەر لاو بە خۆکێشکردن بچێتە ژوور، دەتگووت کوونی دەرگای کولانەی سەگە. شوێنەکە لە ژێرزەمین دەچوو چونکە بە

ڕاڕەوی زۆر تەسکدا بەرەو جێگەیەکی تر چووونەخوار، لە هەندێ کونەوە وەک ئەوەی ڕاڕەو لە پلاستیک درووستکرابێ و بە خلیسکانێ توانای چوونە ژوورەوە و خۆگواستنەوەیان هەبوو، ئەو لە بیریدا بوو ئەو ڕاڕەوانە بە جێگەیەک یا بە هۆڵێک کۆتایی دێت.. جار ناجار ڕۆشنایی بە تیشکی سپی بەرچاوی ئەویان ڕووناک دەکردەوە و لە لای چەپ و ڕاستەوە ژووری چوارگۆشەی تەسکی بە تیلەی چاو دەبینی. هەستی دەکرد کە پێشتر ئەو جێگەیەی بینیوە! چوونکە وەک ئەوەی یادی بێتەوە وەها هەستی بە دەورووبەر دەکرد. پۆلیسەکە بۆ دڵنیاکردنی ئەو بەدەم ڕۆیشتنەوە بەو ڕێگە تەسکانەدا باسی جێگاکانی دەکرد کە پیایدا تێپەڕدەبن. لە نهۆمێکدا ڕایگەیاند کە ئەوە جێگەی یا شوێنی تەلەفزیۆنی NRK یە و بەرنامەکان لێرەوە پەخش دەکرێن. ئەوەی لای چەپ شوێنی بەڕیوەبردنی دارایییەو ئەوی تریان وەزارەتی دەرەوە و ئەوی بەرانبەر سەفارەتخانەیە ..هتد. ئەو هەستی بە ماندوویی دەکرد، چونکە ڕێگاکانی هێندە لوولەکی و تەسک بوون لە هەندێ جێگەدا وەکو پشیلە خۆی لە کون دا بە چنگەکڕی دەچووە ژوورەوە، لە دواییدا پاش ئارەق ڕشتنی زۆر خۆی لە هۆڵێکی زۆر فراواندا بینییەوە، هێشتا پۆلیسەکەی لەگەڵدا بوو، کۆمەڵێ ئەفسەر و کۆماندۆ و سەرلەشکر لەو جێگەیە دانیشتبوون، گشتیان شاشەیان لەبەر دەمدا بوو و سەرگەرمی بیستن و تەماشای هەواڵەکانی جیهان بوون، یەکێ لە شاشەکان وێنەی تەقینەوەی

راکێتێکی مەزنی نیشان دەدا؛ دلێر هەستی کرد لەو جێگەیە ئەو خەڵکە سەرگەرمی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی سەری ساڵن! دەیزانی ئەو دیمەنەی کە لەسەر ڕووی شاشەکەدا دیاربوو، لەچێ دەدوێت؟ ئەو بە دوودڵییەوە رایگەیاند کە پێدەچێ ئاهەنگ گێڕان و بەڕێوەبردنی ئاهەنگی سەری ساڵ بێت. پۆلیسەکە دوودڵ و بە غەمگینی و نادڵنیا وتی: " بە داخەوە، ئەوە باسی مردنی ئەم جیهانە دەکات؛ بەشێکی بچکۆلەیە لەم سەرزەمینە ، کە کەوتۆتە ژێر هەڵمەتی رەگەزی نامرۆڤی و خەڵکی گەردوونێکی ترەوە، هەڵمەتی هێزێکی ئاسمانی کە نیازیانە زەمین تەفروتوونا بکەن. ئێمەش لێرەوە بەردەوام پەیوەندی بێتەل و کۆمپیوتەریمان هەیە لە گەڵیاندا و پێمان رادەگەیەنن کە چارەنووسمان لە دەستی ئەواندا دەبێت و بە چەکێکی گەلێ تایبەت و دەگمەن هێرش دەهێننە سەر زەوەی و بەدکاری و ناهەقی لەسەر ئەم زەمینە دەسڕنەوە. ئەم هەواڵە ناخۆشە لە زاری پۆلیسەوە، ئەوی شاگەشکە کرد. چونکە ئەو لەوەتەی هەیە خەونی بەو رۆژەوە دەبینی؛ کە هێزێکی خێرخواز لە ئاسمانەوە دابەزێ و بەدکاری مرۆڤ سەرکوت بکا و ناهەقی و ناهەمواری شوێنەواری نەمێنێ.. بە خۆشی یەوە کە روخساری گەش گەش رووناک دەبووەوە، بە پۆلیسەکەی گوت: مەبەستت روون بکەرەوە، پاشان من پەیوەندیم بەم هەڵمەتەوە چییە؟ خۆ من سەرباز و پارێزەر نیم! هەرچەندە مایەی خۆشیمە، بۆچی

منت هێناوە بۆ سەیری ئەم فیلمە؟ من پەیوەندیم بەم شتانەوە چییە؟

پۆلیسەکە لە وەڵامدا وتی: " لەشکرێکی بەهێزی ئاسمانی، بەرەو زەوی دین و نیازمەندن داگیرمان بکەن، دەست بەسەر ناهەمواری کردەوەی مرۆڤـدا بگرن و خێرخوازی لەناوماندا بڵاوبکەنەوە. پاشان هەڕەشەمان لێکراوە کە هەرچی بەدکار و شەڕخواز و دیکتاتۆر هەیە بە چەکێ لەناودەبرێن، جۆرە چەکێکی بەدخووناس، وەکو مووشەک دادەبەزێ و لە تەقینەوەیدا وەک پارچە کڵۆی بەفری سپی پەرش دەکا، ئەو پارچانەش توانای لکانیان هیە؛ توانای ناسینەوەی مرۆڤی نەدخوویان هەیە و بە تەنها بە مرۆڤی بەدکاردا دەنوسێن، مرۆڤەکە دەخەنە ژێر هەڵمەتەوە و شێوەیان ڕەق هەڵدێت وردوخاش دەبن. یان وەکو ئاو دەیانتوێننیتەوە! هەروەها ئەو جۆرە مووشەکە بەو جۆرە پارچە کڵۆیانەی کە پەرش دەبن دوای تەقینەوەیان هەستیان هەیە و توانای جیاکردنەوەی مرۆڤی چاک و مرۆڤی بەدکاریان هەیە، بەسەر زەویدا بڵاودەبنەوە و مرۆڤە ناجۆرەکان قڕ دەکەن و هیچ کاریان بە مرۆڤی خێرخوازەوە نییە".

دلێر لە وەڵامدا وتی: باشە.. تێگەیشتم، بەڵام تێناگەم پەیوەندی ئەم بابەتە بە منەوە چییە؟ ئایا من زیندانیم؛ یا پسپۆرم؟ بۆ چ مەبەستێ منت راپێچی ئەم جێگەیە کردووە؟ پاشان ئەمانە

زانستی سەربازین و نهێنی وڵاتە؟ گەر وەهایە بۆچی لای من ئاشکرایان دەکەیت؟ پۆلیسەکە دەستوبرد وەکو مامۆستایەکی زانا کەوتەوە باس: -" ئێرە جێگەیەکی گرنگ و تایبەتە، وەکو پێشتر پێم وتیت من ئەرکی چاودێریکردنی تۆم لە ئەستۆیە.. هێندە دەزانم کە مانەوەی تۆ یا چاودێری و دەسبەسەرکردنی تۆ لەم جێگەیەدا گرنگییەکی زۆری گشتی هەیە". ئەو کەمێ خۆی بە بایی و گەورە نیشان دەدا، دڵنیاتر لە پێشتر لە دەروونی خۆیدا هەستی کرد خەوێکی خۆش دەبینێ. بە روویەکی شاد و ڕەزابەخشەوە بە پۆلیسەکەی وت: " من لەوەتەی هەم خەو بەم ڕۆژەوە دەبینم کە هێزێکی غەیبی بەهێزتر لە مرۆڤ دابەزێ وکۆتایی بە شەر و بەدکاری بهێنن.. ئەمە هیوای گەلێ لە خەڵکی تریشە، جا تکات لێ دەکەم ڕێگەم بدە بڕۆم بە ڕێگەی خۆمەوە، چونکە پێویستم بە پارێزگارینییە و ئەو جۆرە چەکە من و وەچەی منیان پێ لەناو ناچێت، چونکە وەکو ڕاتگەیاند کاریان بە مرۆڤی خێرخواز نییە و منیش هەرگیز خۆرەی هێزی شەڕخواز نەبووم". پۆلیسەکە لە ئەنجامدا ناچار بوو دان بە ڕاستیدا بنێت، وتی : " من بۆیە تۆم هێناوەتە ئەم لەشکرگایە چونکە بوونی خێرخوازی تۆ دەناسم و دەزانم ئەو چەکە ئاراستەی ئەم ناوچەیە ناکرێت کە تۆی لێبیت، تۆ تەنها خێرخوازیت، بەڵکو کۆمەڵی هێزی خێرت تیا دەژی..لە هەر جێگەیەکدا بیت ئەو جێگەیە لە هەڵمەت پارێزراوە. ئایا تێ دەگەی؟ لەبەر خاتری خودی خۆت تۆم نەهێناوە بۆ ئێرە".

دلێر یەکلایی وەڵامی پێگەیشت و لە هەموو شتێ حاڵی بوو، لە دڵی خۆیدا کەوتە رادەربڕین، لەبەر خۆیەوە وتی: "من بێگومانم ئەگەر هێزی شەڕ لێرەدا هەبێ من ناتوانم بەرگری لێبکەم، چونکە بوونی من پارێزگاری لە هیچ بوونەوەرێکی تر ناکات، چونکە خێر هەرگیز لەگەڵ شەڕدا لە سەر یەک تەرازوو هاوسەنگ نین و دوو هۆکار دوو هێزی زۆر دژوار بەیەکن، خێر دووره زۆر دووره لە شەڕەوە، لەبەر ئەوە خێر لە هەڵمەتی شەڕ دوورترە.. بەڵام جێگەی داخە کە مرۆڤ لە قۆناغێکدا دەژی کە شەڕ لە خێردا دەنێژرێ و لە ناو جەرگەی خێردا هیوا و خۆزگە و ژیانی لە خۆی سەندووەتەوە، بۆیە دڵنیام لەوەی کە خۆسەپاندنی هێزێکی باڵا بە پێویست دەزانم، چونکە بەختیاری و ئاسوودەیی و ئازادی کاتێ بە مرۆڤ دەگا کە ئەندامەکانی کۆمەڵگەکان لە ژیاندا دڵنیا بێن و بچن و هیچ گومانیان لە خێری یەکتری نەبێ، لەوێدا کە خێر فەرمانرەوایە جوانی و یەکسانی و ئازادی و بەختیاری بوویەکی تری بە مرۆڤ بەخشیوە، مرۆڤ باڵا دەکات، مرۆڤ مەزن دەکات، دەیگەیەنێتە خاوەن بەهرەو ئاستی فریشتە..". بۆیە لەخۆیەوە رووی کردە پۆلیسەکە کە دوودڵ و کەمێ ترسا و دیار بوو.. پاشان رایگەیاند:" من دڵنیام گەر جیهان و بگرە گەردوونیش پڕ بێت لە شەر، من و تۆ بە تایبەتی هیچمان لێنایەت، بۆیە چاکتر وایە ئازادانە رێگەم بدەی بگەڕێمەوە لای قەمەرەکەم تا گەشتی ئەمڕۆم لە کیس نەچێت".
بەر لەوەی بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.. بەر لەوەی پۆلیسەکە

بواری چوونەدەرەوەی بدات، هەستی کرد لە جێگەیەکی تردایە، لە ماڵەوە لە ژێر لێفە و دۆشەکدا چاوی کردۆتەوە و لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری ئاسمان دەکات. بەفر دەبارێ و هەتاو نییە، بەیانییەکی زووی زستانە و بەهار نییە.. خەونە و راستەقینە نییە، پڕبەدڵ لە ئاسمان پاڕایەوە ئەو هێزە بە راستی رووەو زەمین بنێرێ، بەو هیوایەی زۆرداری و گومان و پیس بوون قات و قڕی تێبکەوێت و لەسەر ئەم گۆی زەمینەدا. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ ...هەستیشم کرد کوڕێکی باشم ئەگەر لە ڕاستیدا وەکو دلێر بابان بوومایە.

## بەسەرهاتی خۆزگەیەک

لە گەڕاندا بۆ گڵۆپی "نیۆن" بۆ ژووره تاریکەکەم، ژووری وێنە کێشانم، ئەمڕۆ خۆم گەیاندە بازاڕی دەستی دووەم، کە لەو بازاڕەدا دەگمەن مرۆڤ ئەوەی چنگ دەکەوێ کە بۆی دەگەڕێت، بەڵام بە ڕێکەوت هەندێ جار نیازی بەدی دێت و ئەو شتەی کە کەسێ بۆی دەگەڕێ زۆر بە هەرزان دەستیدەکەوێ. لە تەک ئەو بازاڕەدا کە سەرپێیەو جێگەی بۆ هەفتەیەک پێدرابوو، ستۆدیۆی هونەرمەندێکی ناسیاوم لەوێ هەیە، واتە ستۆدیۆی هونەرمەندێکی نەرویژی کە ساڵانێکە دەیناسم و جارجار پێکەوە کەمێ دەدوێین و کارە نوێ یەکانی بەسەر دەکەمەوە. نزیکەی ساڵیک دەبێت ئەوم نەدیوە، بۆیە ئەوم لە بیردا بوو کە بەسەری بکەمەوە لەو کاتەدا نیازم هەبوو لەو بازاڕی دەستی دووەدا بۆ گڵۆپ بگەڕێم. کاتێک گەیشتمە جێگەی مەبەست و بازاڕ، پاش گەڕانی زۆر گڵۆپم دەست نەکەوت. بەڵام پێش ئەوەی ئەوێ بەجێبێڵم بۆ بینینی ـ راگناڵ ئاڵمێن ـ ئەو لە پشتەوە وریای کردمەوە و خۆی نیشاندام، پاش چاک وچۆنیکردن و هەواڵ پرسین بە خووی هەموو جارەکانی

فەرمووی لێکردم کە بچم لە ئاتێلەکەیدا کەمێ پێکەوە دانیشین. وەژوور کەوتین، سەرنجێکی وردو درشتی ستۆدیۆکەییم دا، تابلۆ و کاری گرافیک و ئاوییەکانیم بەسەر کردەوە، پەنجەم بۆ ئەو بابەتانە راکێشا کە لام پەسند بوون، ئەویش لەو کاتەدا بە خووی هەموو جارەکانی سەرگەرمی داگیرساندنی قەوانەکە بوو، بۆ گوێگرتن لەو ئاوازەی کە ئەو هەست دەکات خۆشی و مانا بەمن دەدات. ئەوەی کردوو بیرەیەکی بۆ هەڵپچڕیم و فەرمووی ئازاد گەڕانی لێکردم بە ئاتێلەکەیدا، پێکەوە کەمێ باسی ژیان و مردن و نەمری و خۆشەویستی و ماناکانمان کرد، چونکە ئەو زۆر شەکەت بوو لەو حاڵەتە دەروونی یەیدا کە پار ساڵ دووچاری ببوو، بەهۆی لە دەستدانی کوڕە گەورەکەیەوە کە بە رووداوی ئۆتۆمۆبیل گیانی لەدەستدابوو، ئەو دیمەنەیان کتوپڕ لە خەستەخانە نیشان دابوو، کارەساتەکە زۆر جەرگبڕانە کاریگەریی لەسەر ئەو بەجێهێشتبوو، پاش گفتووگۆکردنێکی زۆر، چاوم بە ناو ئەملاولای جێگەی دانیشتنی هەردوکماندا گێڕا، کە پڕو قەرەباڵغ بوو بە شتی لە سەریەک کەڵەکەکراو بە تایبەتی کتێب و فڵچە و قوتووی بۆیە و هتد.. ئەو دەستی دایە یەکێ لە کتێبەکان، لە ناویدا چەند لاپەڕەیەکی دەرهێنا. داوای لێکردم کە شیعری "قەلە رەشەکە" ی ئەدگار ئالان پۆ-ی بۆ بخوێنمەوە کە باسی بیرەوەری و یادی ئافرەتێ دەکا لە دەروونی یەکبووی ئەدگار خۆیدا، لە هەمان جێگەدا کە ئەو دانیشتبوو چاوم بە کتێبێک کەوت، کە وێنەیەکی کافکای لەسەر بوو.

ئەگەرچی زیاتر حەزم لە بابەتی تیۆلۆژی و فەلسەفی دەکرد و لەم دواییەدا بەدوای ئەدەبدا نەدەگەڕام، بەڵام دەمتوانی لە قەرەی بدەم و بە نیازی خۆ هەڵسەنگاندن لە بواری زماندا کەمێ دەربارەی کافکا بە زمانی نەرویژی بخوێنمەوە. راگناڵ، تکای لێکردم کە کتێبەکە ون نەکەم، چونکە هی خۆی نەبوو.. پاشان لەبیرم نەچێ و بیگەڕێنمەوە بۆی. دوای سەعاتێ دانیشتن، کتێبەکەم خستە بن باخەڵم و بە نیازی گەڕانەوە خواحافیزیم کرد. کە گەیشتمە ماڵەوە، هەستم بە برسێتی کرد، دەستوبرد نانم خوارد، پاشان بە پێی خووی زۆرخۆری هەستم کرد خاو دەبمەوە و پێویستە کەمێک بنووم، بە هیاوی خەوێکی خۆش یا وڕێنە و تۆقان؛ لێی ڕاکشام و چاوم لێک نا.. تەنانەت تاقوتی داکەندنی پێڵاوەکانیشم نەبوو.. بەڵام زۆر لە جێگەدا مامەوە، خەوم لێنەکەوت، هەستم کرد ویستی کافکا لە ژوورەکەمدا بژێوە و زۆرم لێ دەکا نەنووم. هەستم کرد کافکا مۆڕەم لێ دەکا و دەستەکانی ناوەتە گیرفانی و بە چاوە تیژەکانی داوام لێ دوای ئەو بکەوم، ئەوم لە بەردەمی خۆمدا بینی. ئەوم لە دارستانەکەشدا دەبینی، نیازی ئەو لە دەروونمدا ناچاری کردم هەستم و واز لە تەمبەڵی بهێنم.. گەشتێ بکەم بەبێ مەبەست بە ناو دارستانەکەی لای چەپی ماڵەوەمدا.. هەڵبەتە خواست و داخوازیی کافکام بەدڵ نەبوو، بەڵام دڵیم نەڕەنجاند.. بە چاکیشم زانی ئەو هەموو خواردنە هەرس بکەم کە بێ مەبەست لە ورگم نابوو. تەمەڵ و تەوەزەل بەرەو دارستانەکە چووم، پاش نیو

سەعاتێ رۆیشتن، هەستم کرد گوڕی گەڕانم خۆش دەبێ و هەست بە قورسایی ناکەم، گەیشتبووومە ناوەندی دارستانەکە، لەسەر ئەو توولە رێگەیە بووم کە ئەمبەر و ئەوبەری دار ودرەختی چڕ بوو و ئاسۆ لە پێشەوەمدا لە خاڵی ونبووندا تەنها کۆمەڵێ رەنگی زەردی رۆشن و کاڵ بوو، لەگەڵ ئاسمان و کۆمەڵێ هەوری کاڵ تردا بەرچاوم دەکەوت؛ بە هارمۆنییەکی زۆر ناسک. لەو دووریەوە کە هەموو شتەکان تەلاشی دەبن.. پەڵەیەکی سپی رۆشنم بینی وەکو پەپوولەیەکی گەورە لەو ئاسۆیەدا دەبزوا کە بەرەوڕووی دەچووم، تەنها شتێ لە رونگەی مندا کە دەبزووت ئەو پەڵە ڕۆشنە پەپولە شێوەیە بوو، یا ئەو پارچە رووناکییە بوو، چونکە هەندێ جار خۆر پارچە لە لەشی دەکەوێت، یان پارچە تیشک لە جێگەیەکدا ون دەبێ و وەک ئەو منداڵەی لە قەڵەباڵغی بازاڕدا لە دایکی ون دەبێت و تەنها بەجێ دەمێنێت. بۆیە دڵنیابووم ئەگەر پەپوولەیەکی مەزن نەبێت ئەوا پەڵەیەکی تیشکە و ون بووە!.. ئەو پەڵە ڕووناکییە لەگەڵ هەنگاوەکانمدا بەرەو پێشەوە بەرەو لای من دەبزوا، منیش رووەو ئەو، تەنها بوونەوەری بزوێن ئەو بوو لە دیدی مندا، پێچەوانەش راستە؛ دەشیا تەنها بەهۆکاری ڕۆیینی من و نزیک بوونەوە لەو ئاستەی کە خاڵی تەلاشی بوو؛ بووبێتە هۆکاری هەستێکی تایبەت بۆ من. چونکە هاوتا بەو هەستە؛ هەستم دەکرد کەسێکیش لەدوامەوە دەڕوات. گەرچی نەکەسێکم بینی و نە کەسم لەگەڵدا بوو! هەروەها هەردوو فرێشتەکانی سەر شانی

راست وچەپم لە ماڵەوە بەجێهێشتبوو ، چونکە ئەوان پێکەوە خەریکی شەڕ و زۆرانبازی بوون. بەڵام هەر هەستم بە ئامادەیی کەسێک دەکرد؛ هەر چاوەڕوان بووم کەسێک ببینم.. لەشیشم هێندە سووک بوو، هەستم پێ نەدەکرد، کەسیشم لە دوای ئەو ڕووناکییەوە نەدەبینی! زۆری نەبرد چاوەکانم شتەکانی روونتر دەبینی، ئەوەی لەبەرچاومدا دەجوولا، بوو بە ئافرەت، ئافرەتێکی سپی پۆشە ؛ نەک پەپولە کە گومانم لێ دەکرد. بەڵام هێشتا چارەکە کیلۆمەترێکی مابوو بگاتە من.. هەستم کرد نیازێکی دەروونی ناچارم دەکا چەند رستەیەک بچنم و بە هۆیەوە ئاخاوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا چنگ بخەم؛ کە لەو دوراییەوە ڕازەری دەدا بە هەستیاریم.. یا مەیلم بوو خۆم ئامادە بکەم تا سڵاوێکی جوانی لێ بکەم.

ڕووناکییە سپییەکە زۆری نەمابوو بگاتە من، لەژێرەوە، دزە نیگا سەیرم کرد، بۆنی خۆشی ئەو گەیشتبوو بەمن.. زیاتریش دڵنیا دەبووم کە ئافرەتێکی سپی پۆش بەرەو ڕووم دێت نەک پەڵە ڕووناکی یاخوود پەپوولە!.. کاتێک کە لە یەکتری نزیک کەوتینەوە؛ شەماڵ دەستی نایە ژێر چەناگەم و ناچاری کردم بێ شەرم و بێ نیاز سەیری بکەم. خوای گەورە ئەو سیحرە چییە؟ وەی لەو جوانی و نەزاکەتە! هێشتا کەمێ لە منەوە دوور بوو، بەڵام جوانی ئەو لەبەر دەمما بوو.. زۆر جوان بوو؛ هێندە جوان بوو، نەبێتەوە!.. لە هەمووئەو کیژۆڵانە جوانتر کە پێشتر بینیبومن و بە جوانم دەزانیین، لە هەموو ئەوانەش جوانتر کە

خۆشم دەوێن، کێ دەڵی ئەو نییە!.. کت ومت لەو دەچێ، دڵم کەوتە زرمە زرم و تەکە تەک.. هەزاران پەپولەی پرتەقاڵی و سپی دەورەیان تەنیم، رەنگم زەرد، پاشان سپی هەڵگەڕا، لە جێگەی خۆم وشک بووم، لە هەناسەمەوە بڵقی هەوای ماچ شێوە و دڵ شێوە دەردەپەڕی و لە هەوادا ترپەی دەکرد و لە چاو ون دەبوون، زیاتر و زیاتر لەگەڵ هاتنی ئەودا دڵنیا دەبووم کە "ئەنالیزایە" هەستم دەکرد بووم بە گڵۆپێکی دە هەزار ڤۆڵت و داگیرساوم، هەستم کرد گەر وەها لەو حاڵەتەدا بە داگیرساوی بمێنمەوە ئەوا ئەو و دارستان و خۆشم گڕیان تێبەردەبێ.. بەر لەوەی کۆمەڵێ فریشتە بە سەتڵە ئاوەوە دابەزن و بە نیازی یارمەتی و کوژاندنەوە وە بێن و سیخوڕی بە سەر بەسەرهاتەکانمەوە بکەن؛ هاتمەوە دۆخی هەستکردنی سروشتی، ئەگەر چی سروشت تا ئەو کاتە ئەو هەلەی بۆمن نەرەخساندبوو کە- ئەنالیزا- لە هیچ جێگەیەک ببینم.. سەیرم کرد کە ئەو مرۆڤە ئەنالیزایە و منیش خۆمم.. هێشتا دەیان هەنگاوی مابوو بگاتە من، هەست و بیر و سۆز و ویستم هاوڕابوون، بگرە دڵنیابوون لەوەی کە ئەنالیزا یە لەو دارستانەدا و بە مەبەستی بینینی من ؛ یان بۆ گەڕان هاتووە! هیچ شتێ مەحاڵ نییە.. لە بیرمدا خەریکی هەڵسەنگاندنی ماوە و دووری نێوان ژینگەی خۆم و ئەو بووم.. تێگەیشتم کە ئەو لە ژینگەی منەوە تەنها بیست تا سی کیلۆمەتر دوورە، دەشێ بە چارەکە سەعاتێ بگاتە ئەم دارستانە، بە تایبەتی گەر نیازی بینینی من بێت، بەڵام

شتێک جێی گومانە ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەبێ سەگ هاتووچۆ ناکات! ئەو بەبێ سەگ ناتوانێت تەنها هەنگاوێک لەسەرزەمینی بەهەشتیش پیاسە بکات! بەڕاستمە، ئەو خۆی بەمنی فەرمووە کە دەترسێت بەبێ سەگ هاتووچۆ بکات!

بە هەرحاڵ دڵم پڕبوو لە خۆشی، دڵنەوایی خۆم دەکرد، ئەگەر ئەویش نەبێ ئەوا بەوی دادەنێم و جوانیان لە سەرنجێکدا ئەندازە دەگرم، چونکە من لە بینینی هەر ئافرەتێکدا تەنها سەرگەرمی هەڵسەنگاندنی جوانی ئەوم لەگەڵ ئەوانی تردا. خۆ کەس لەو ناچێ.. ئەو جوانترین جوانە لای من، بگرە جوانی شەرمی لێ دەکا و لە رووی نایەت خۆی لە قەرەی جوانیی ئەنالیزا بدات.. لە دووسێ هەنگاودا هەزار خەون و خەیاڵی جوانم بینی، لە هەمان کاتدا خۆم ئامادە کرد بۆ سڵاوکردن و ئاخاوتن.. زۆر کامەران بووم، یەکەم جار بوو لە ژیانمدا هەستم بە خۆشەویستی دەکرد بەو رادەیە، بەر لەو کاتە وام دەزانی بە رووکەش ئەوم خۆشدەوێ، بەڵام لەو کاتەوە تا ئەبەد دووچاری دەردی دڵنیایی بووم، دڵم، دەروونم پڕبوو لە جریوەی ماچ.. لەو هەستانەمدا زۆر کامەران بووم.. هەنگاوم دەنا و شپرزەو ئامادە بووم بۆ سڵاوکردن لەو.

لەو کاتەدا بوو لە پڕتاو ئاسمان شەقی برد، هەورەگرمەیەکم بەر گوێ کەوت، ئەمەو هیچی تر .. بەرچاوم تاریک داهات.. ئاسمان کەوتە بزووتن، ئاسمان رووخا.. بینیم ئاسمان دەمی

داپچڕی وەکو قەپێکی گەورە ڕاستەوخۆ دابەزییە سەر ئەو و ئەنالیزای بە کەفلەکونێک هەڵلووشی.. هێشتا هەشت نۆ هەنگاوێکم مابوو بگەمە لایی و سڵاوی لێ بکەم! لەوەدا بووم دەمم هەڵبێنمەوەو سڵاوی ئاڕاستە بکەم.. نەگبەتی ڕوویدا! ئاسمان ئەوی قووتدا و هەڵیلووشی یا بردی! دەزانم نیشانەی سەرسوڕمان و ئاخاوتن و بابەت هۆنینەوە دادم نادات تا ئەو ڕاستییە بسەلمێنم.. بەڵام خەڵکینە، ئەوم بینی بەر لەوەی ئاسمان هەڵیلووشێت، هەردوو پێم گۆت بوو، رەق وەستام لە جێگەی خۆمدا، ئەگەر خەون بوایە بێدار دەبوومەوە، بەڵام ڕاستییەکی ڕاستر بوو لە ڕاستەقینە، خودی ئاسمان وەکو قەپێکی گەورە لەبەر رۆشنایی چاومدا لە رۆژی ڕووناک دا ئەوی قووت دا؛ و کشایەوە جێگەی خۆی. من واقوڕماو مابوومەوە، نەمزانی چەند دەقیقە، بەڵام هەستم دەکرد چەقیوم، یا زەوی بە هەردوو دەست قاچەکانی منیان گرتبوو، زۆری نەبرد تێگەیشتم کە چاوبەستم لێکراوە، زەوی دوو دەستی لێ ڕووابوو، لەو کاتەدا ئاسمان دەمی داپچڕیبوو، توند قاچەکانی من گیرابوون، من ڕوێنرابووم، بەر لە چوونی من بۆ دارستانەکە ئەو پیلانە دارێژرابوو، مۆریش کرابوو بێ ئەوەی من بزانم. بڕیار وابوو کە ئاسمان نیازی قەپاندنی ئەنالیزای هەیە و سروشتیش هاوبەشی ئەنجامدانی ئەم پیلانە نائاساییەیە؛ بۆ؟ نازانم !

بەڵام هێندە دەزانم لەم سەر زەوییە گەیشتنی دو دوانە یا دوو خۆشەویستی گیانی بە یەکتری مەحاڵە، دوو مرۆڤ ناگەن بە

یەک! چوونکە بەمە ڕێسی بوونەوەر تێک دەچێت! ئاسمان دادەتەپێت.. دەشێت خواوەند و فریشتەکان فێیان لێ بێت! بەڵکوو ئاسمان و گەردوون و ژیان سەریان لێتێکدەچێت! ئەگەر نا؛ ئەوا بە هۆکارێکی سیحرین، یەکێ لەو دووە لە خۆیەوە پشت لەوی تر دەکاو پرۆژەی هاوگونجاندنی نێوانیان؛ پرۆسەی ویستی بەیەکبوون لەعیشقدا، تێک دەچێت. من هەستم بە ناحەقی کرد، لەوێدا زۆر تاوم دایە خۆم و خۆمم ڕاپسکاند، تا زەوی ناچار بوو هەردوو قاچی بەردام، چونکە دووچاری ئەو خەمە بووم دەترسام ئەویش من قووت بدات، باش بوو زوو لەو هەستە دەرباز بووم، کاتێ ئازاد خۆمم بینی، هەستم کرد توانای جووڵاندنی پێیەکانم هەیە، بە هەڵەداوان و نائیرادی بەرەو ئەو جێگەیە چووم کە ئەنالیزای تیا قووت درا.. زۆری نەبرد تێگەیشتم ئەمەی چاو و بیرم بڕوای پێ ناکا ڕاستی بووە، ڕووداو بوو، ئاسمان ئەوی قووت دابوو! ئا؛ بەڵێ، بەڕاستیمە.. ئا لەوێدا تەنها شوێنەوارێ لە ئاسماندا کەوتە بەرچاوم، تابلۆیەک بوو لە وشە بە پیتی هەورین، بە گەورەیی نووسرابوو:" خۆشەویستی کاڵای هونەرە". ئەم دێڕەم لە سەر سنگی ئاسمان خوێندەوە بەر لەوەی بگەمە ئەو جێگەیەی ئەوی تیادا قووت درا، لەو جێگەیەدا شوێنەواری ئەو نەمابوو.. بەڵام تەنها سێبەرەکەی ئەوم بینی، سێبەری ئەنالیزا لەوێدا ڕاکشابوو، پێدەچوو قەپی ئاسمان سێبەرەکەی ئەوی بۆ ڕاپێچ نەکرابێ، یا

لێی بەجێمابێ! یا تەنها ئەو سێبەرەی بەمن رەوادیبێ! چونکە بێگانە هیچی پێ رەوا نابینرێ لەم وڵاتانەدا!

بە دیار سێبەرەکەوە وەکو تازێبار دانیشتم، موچڕکە بە گیانمدا دەهات، حەزم نەدەکرد باوەڕ بەو راستییە بکەم بەڵام بوون و بەجێمانی سێبەرەکەی ئەو لە دوودڵی کەم دەکردمەوە، گەواهی رووداوەکە بوو. نەمزانی چی بکەم، ناچار تەنها دانیشتم، هەستم بە تەنهاییەکی زۆر کوشندە دەکرد، لە دڵەوە ئاواتە خوازبووم ئەو رووداوە بەسەر منیشدابێت.. بیری ئەوم دەکرد.. هەستم دەکرد خۆزگە و هیوام لێ دزراوە.. هەستم دەکرد خۆشەویستیم لێ دزراوە، .. هەستم دەکرد نەک هەر ئەو بگرە زۆر بیری جوان و زۆر پەیامی بەنرخ لەمن دزراوە، هەستم کرد رووناکی و رۆژ و ئومێدم لێ دزراوە، هەستم دەکرد کە سبەی توانای چوونە سەرکارم نامێنێ، چونکە تەنها هەستی هاوکاری بوو کە منی هان دەدا بۆ چوونە سەرکار.. بینینی ئەو بۆ من هاندەرێکی گیانی پیرۆز بوو، رۆژەکانمی پڕدەکرد لە هیوای گەورە گەورە، کاتێ شەوان پێکەوە کارمان دەکرد چونکە من و ئەو لە راستیدا پێکەوە کارمان دەکرد.. پێکەوە پاسەوانی شەو بوین، کارمان بریتی بوو لەوەی کە نەیەڵن تاریکی و شەو کۆی خۆزگە و هیواکانی ڕۆژ بدزێ.. من و ئەو پێکەوە خەریکی دروستکردنی یا چنینی گەنجینەیەک بووین؛ گەنجینەی خۆزگە، بۆ مرۆڤە بچکۆلانەکانی کۆمەڵگە.. تا لەوێدا مرۆڤ بە دڵنیاییەوە کۆی هەستەکانیان بۆ داهاتوو هەڵگرن.. تا بەلای

کەمەوە لەداهاتوودا لەیادیان نەچێت کە ڕابڕدوویان پڕ بوو لە خۆزگەی عاشقانە!

زیاتر لە سەعاتێ بە دیار سێبەرەکەیەوە دانیشتم و ڕامام، کە ڕاستەوخۆ زۆر لە سێبەری ئەو دەچوو! بۆنی ئەوی لێ دەهات، هەستم بۆی نەگۆڕ بوو. زۆر بەزەییم بە سێبەرەکەیدا دەهاتەوە، هەردوو چنگی لە گیای سەرزەمین توند کردبوو؛ وەک ئەوەی سێبەرەکە خودێکی تر بێت لە بوونی ئەو! یا پێدەچوو سێبەرەکە ترسابێت! یا لەبەر هەر هۆکارێکی نا لۆژیکی؛ سێبەرەکەی ئەنالیزا توووند خۆی لکاندبوو بە زەمینی سەرزاییدا!.. دەمویست بیر و هەستم بخەمەکار و بە شتێ یاریدەی سێبەرەکەی بدەم، دەمزانی کە ئەو قووت دراوە و لە توانامدا نەبوو بە ئاسماندا هەڵگەڕێم و ورگی ئاسمان دادڕم و ئەنالیزا بگەڕێنمەوە، خۆمم بچووک دەبینی لە بێ دەسەڵاتیدا، چونکە یەکەم جار نەبوو ئەم تاوانە بەرانبەرم بکرێت، قەدەر زۆر دەترسێ لە یەکبوونی من لەگەڵ ئافرەتدا، بە هەموو چەکێ هەمیشە لە من دراوە، بۆ بەدینەهاتنی ئەم مەبەستەم. بیر و هەستم ئامۆژگارییان دەکردم کە شتێ بۆ سێبەرەکەی ئەنالیزا بکەم.. بیرم هانی دەدام سێبەرەکە بەجێ نەهێڵم، چونکە دەشێ لەگەڵ شەوا لە تارمایی دا تێکەڵ بە ڕەنگی شەو بێت و شوێنەواری بەیەکجاری نەمێنێ.. دەترسام لەوەی شەو نیاز پاک نەبێ دەرهەق بە سێبەرەکەی ئەنا و قووتی بدات، دەستم برد بۆ سێبەرەکە، هەستم کرد وەکو توێژێکی تەنک، وەکو قاقەزێکی تاریک بە ڕەنگی سەوزی

تێر، وەکو توێژاڵێ بە گیا و زەویدا نووساوە یا لەسەر زەوی ڕاکشاوە، بە جۆرێ کە تونام هەبوو هەڵییگرم، دەستی لێبدەم، بەڵام هێندە توند چنگی لە زەوی گیرکردبوو، ماندوو بووم تا چنگی گیربوویم لە زەوی بەردا، پاشان سێبەرەکەم لەباوەش کرد، یا کردمە بەری خۆم؛ و برەوم بە پیاسەکەم دا لە ڕوویەکی پێچەوانەدا.. واتە پاشەوپاش و بێ مەیل بەرەو دواوە؛ بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە.. هەستم کرد ئەو هێشتا لە بیر و ویستی من دا کێشی هەیە، هەستم دەکرد ئەو سێبەرەی ئەو لە من دا چاوەڕێی یارمەتییە، هەستم کرد سێبەرەکەی ئەو هەست دەکا و هەستی هەیە!.. دەمەو ئێوارە گەیشتمەوە ماڵ.. ئاسمان سوراوی لێوو ڕوومەتی دەکرد بە ڕەنگی پرتەقاڵی، و کراس و ئاوەڵکراس و هێلەک و ئاودامانی خۆی سوورو پرتەقاڵی و زەرد گەشاندەوە بەر لە ئاوابوونی خۆر، ئاسمان بەرەو تاریکی دەچوو، سێبەری ئەنالیزم گەیاندە ناو ژوورەکەم؛ بەر لەوەی تاریکی دابێت... سێبەرەکەم داکەندو لەسەر سێپایەک.. سێپای کاری هونەری.. کۆمەڵێ پراجکتۆرم لە ژوورەکانی ترەوە هێناو لە دەوری ئەو دامگیرساندن، ترسام لەوەی نەبا تاریکی فرسەت لەو بهێنی و بتوانێ بیقۆزێتەوە، چونکە کۆی هێزەکانی تاریکی بە دژی خۆم و خۆشەویستی نێوانمان دەزانم! کات بووبە شەو.. شوێنەواری نووستنم لە بیری خۆم وەلا ناوە .. تەنها پاسەوانی سێبەری ئەنالیزا بووم، دڵتەنگ وکەم هیوا، خۆشحاڵییەکی کەمم هەست پێ دەکرد بەوەی کە سێبەری ئەوم رزگار کردووە. کێ دەیزانی

ئاخۆ ئەم کارەم لای ئەو راستە و لە هەڵوێستەکانم رازییە؟ چوونکە لە ڕاستیدا خودی ئەویش دژایەتی دەکردم! بگرە تەنها ئەو، خۆی دژی یەکبوونی هەستیاریمان بوو! ئەو، تەنها ئەو، لەبەر هۆکاری جیاوازیی تەمەن، زمان، کەلتوور، نەژاد، ئایین؛ ڕێگەی بەخۆی نەدا! پێی نا بە هەموو هەستە پیرۆزەکانی خۆیدا و ویژدانی خۆی پێشێل کرد.. دانی بەو هەموو هەست و سۆزو عیشقەدا نەنا کە من هەمبوو بۆ ئەو.. کە ئەو هەیبوو بۆ من! سەیرە!.. کە هەندێک کەس هەن وا دەزانن ئەو فاکتۆرە ژیانەکییانە لە عیشق پێویست ترو پڕبەهاترن! دەشێت.. بەڵام نە زمان، نە ئایین، نە نەژاد.. بگرە هیچ فاکتۆرێکی ژیانەکی بەبێ مرۆڤێکی هەستیار و خاوەن هەستی عیشق، ناتوانێت ژیان بکات بە کاڵایەکی گیانی و یەکبوونی مرۆڤ زامن بکات. کە ئامانجی ژیان و بوون و بوونەوەرە. بە کورتی: ئەو منی نەدەویست. منیش قێزم لە هەوەس و مەیلەکان و داخوازییەکانی ئەو دەبووەوە! هەستم دەکرد ئەگەر بێت و ئەو سەر بۆ جیهانی من بلەقێنێت؛ ئەوا دەبێت نیواو نیو واز لە زۆربەی هەوەس و داخوازی و خۆزگەکانی خۆی بهێنێت. چوونکە ئەو پڕ بوو لە تڕ و تەشقەڵە و داخوازیی سەیرو سەمەرەی سەردەم!

ئەو ئێوارەو شەوەم تەنها بە بیر کردنەوە لەو بردە سەر.. نیوەشەو هەستم کرد پێویستە ئەو لەسەر رووی یەکێ لە تابلۆ گەورەکانم رابخەم، دەستوبرد ئەو کارەم بێخواست کرد. سێبەرەکەی کەمێ پوش و پەڵاشی پێوە مابوو کە زۆر جوان

دەهاتنە بەرچاوم، لە هەمان کاتدا کە تووڕە بووم لە کردەوەی ئاسمان، بەختیاریش بووم بەوەی کە سێبەری ئەو میوانی ژوورەکەمە و دڵنیا لەسەر رووی تابلۆیەکم راکشاوە، خۆمم وەکو منداڵێ دەبینی لە تەک یارییەکی خەیاڵی دا! دەنگێ لە دەروونمەوە بە چپە دەیگوت: " دەتوانم ژیان و لەش بەو سێبەرە بدەم" چونکە دڵنیابووم هیچ شتێ بێ سێبەر نییە و بە پێچەوانەشەوە!.. بە بیرمدا هات کە لەو سێبەرەدا لە جێگەی دەمییەوە، فوو بکەمە ناو دەمی ئەو و قەبارەیەکی هەوایی پێ بدەم، چونکە هەستم بە دوو لۆیی سێبەرەکە دەکرد، بەو هۆیەوە شیاوی فۆرمێکی لێکچووی ئەوم چنگ دەخست، پاشان لە بیری ئەوەدا بووم کە دوای ئەنجامدانی ئەو کارە بە یارمەتی رەنگەکان روخسار و لەشی بڕەنگێنم و پەنجەکانی یا نینۆکەکانی رەنگ بکەم، هەمان شێوە چاو و لێوی ئنجا سینە و پرچی، هەمان شێوە کە خۆی دەیکرد، کە خۆی حەزی دەکرد رەنگین بێ. دوای ئەوەش دەبێ جوانترین رەنگی بۆ بکڕم و ملوانکەی لەمل بکەم. ئەو ملوانکەیەی کە دوو ساڵ پترە بۆ ئەوم بە دیاری کڕیوە و ناتوانم پێشکەش بکەم، چونکە ئەو بە ئاگا نییە لەوەی کە من خۆشم دەوێ و لە جیهانی من دا ئەو تەنیایە لە خۆشەویستی دا.

وەهام کرد.. بەگوێی هەستەکانی دەروونی خۆمم کرد.. کاتێ فووم کرد بە دەمیدا هەستم بە پڕبوونی سێبەرەکە کرد، هەروەکو چووپ پڕ بوو لە هەوا، بەردەوام بووم لەو کارەم تا ئەو کاتەی

قاڵبی لەشی ئەوم بە هەناسە پڕکردەوە، پاشان تاوەکو رۆژی دوایی بەبێ ئاگا لە کات و سات سەرگەرمی نەخشاندنی سێبەرەکە بووم، ئەرکی زۆرم نەکێشا بۆ وێنە کێشانی چونکە شێوە و روخساری ئەوم لەبەر بوو. هەڵبەتە ئەو روخساری خۆی نەیدەبینی، ئەو لە هەراسی کولتوور و باوەڕی مۆدێرن دا دووچاری دابەشبوون و هەراسانی بوو، ناچار بوو ژیانێ بژی دوورەپەرێز لە مرۆڤی وەک من هەستیار، ئەگەرچی من هەمیشە تەقەلای ئەوەم بوو کە یادی بهێنمەوە هەست و سۆز بۆ مرۆڤ دەرمانێکە ئازادی بەبیر دەبەخشێ و هەڵوێستی مرۆڤ ژیاندارتر دەکات، بەڵام کەم لەم وشانەی منی بەبیردا دەچوو، ئەو خۆی وا راهێنابوو لەو قاڵبەدا بژی، قاڵبی خۆگێلکردن و بیر نەکردنەوە و خۆ تەفرەدان، خزمەتکردنی سەگ و باڵندە و مێرووی کردبوو بە کاری رۆژانە. ئەو زۆر پابەندی نەریت و کولتووری خۆی بوو، بەڵام من مرۆڤ بە داهێنەری کولتور دەزانم.. ئەوەی سەیر بوو لای من لە کاتەکانی کاردا کە ئێمە پێکەوە کارمان دەکرد تەنها لە بێدەنگی‌دا لە یەک دەچووین، هاوڕا و هاوهەست و هاوبیریش بووین، وشەو ئاخاوتن لەمپەری دەخستە نێوانمانەوە، دووچاری دوودڵی دەکردین، دەشێ لەبەر هەمان هۆکاریش بێت کە ئاسمان ئەوی قووت دا! ئەو شەوە وەک دەیان و سەدان شەوی تر؛ یادەکانم پڕ بوون لەو.. دواکاری ئەو بەیانییەم سەرگەرمی بوو  بە پەنجەکانی پێیەوە .. بە سەرنجەوە یەکیەکەی پەنجەکانیم بۆیە کرد، پاشان بە

نیازی پشوو و سەرنجدان لە ئاتاجی کارم لەسەر کورسی‌یەک دانیشتم، لە قووڵایی دڵمەوە رۆچوومە پاڕانەوە و دادانی کەژی گیانیەوە، روو لە ئاسمان لە حاڵەتی پاڕانەوەدا خۆم بینی، پاڕانەوە لە "ئەفرۆدیت" ی خواوەندی جوانی.. خۆمم لێ ببوو بە "بیجیمالیۆن" ی پەیکەرتاش، هەستم بە داهێنان و ئافەریدە کردن دەکرد بە دیار ئەو پەیکەرە سێبەرییە لەهەوا پڕەوە.. هەستم بە دابەزینی گیانی خواوەندی عیشق دەکرد..هەستم دەکرد خۆزگە و نیاز و ویستم؛ دەنگی پاڕانەوە و نزام- ئومێدی ئەوەی هەبوو بگات بە گوێی خواوەندی جوانی، بەو هیوایەی لاشەی ئەنالیزا جارێکی تر بگێڕێتەوە ناو ئەو سێبەرە یان سێبەرەکە گیاندار بێت، چاوم لێک نا، هەموو هیواو خۆزگەکانم لە چاوەڕوانی‌دا چەقیان بەست. پاڕانەوەم زۆر لە دڵەوە بوو، زۆر پاڕامەوە، بەدەر لە کات وشوێن و هەست کردن، تا ئەو کاتەی خواوەندی جوانی لە ژوورەکەمدا بە گوێمدا چپاندی :"چاوت بکەرەوە".. منیش بە ئومێدێکی زۆر گەورە و پڕ لە سوپاس و ستایش چاوم بە جوانیدا هەڵهێنا، چاوم بە گیان و لەش دا هەڵهێنا، چاوم بە ئەنالیزای ژیاودا هەڵهێنا! بینیم- زیندوو و ژیاندار بە واقی وڕماوەوە سەیرم دەکا، خەواڵو و میهرەبان و جوان، پڕبوو لە دیمەنی هەمەڕەنگ، پڕبوو لە هەموو جوانییەک؛ هێندە جوان بوو، نەبێتەوە! لەودا لە چاوەکانیدا هەموو ژیان و دەوروبەرم جوان دەبینی. من هێشتا لە شوکرخوایی نەبوومەوە، ئەو شێتگیرانە هەستا و شالاوی بۆم

هێنا، بە هاوارەوە نەڕاندی بە سەرما:" کێ منی هێناوەتە ئێرە..من چی دەکەم لێرە؟ چۆن زاتت کرد؟".. پاشان بە قینەوە پاڵێکی پێوەنام.. ریسی کردمەوە بە خوری، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئاخاوتن و وەڵام بێت، رێگەی دەرەوەی گرتەبەر شوێنەواری لە ماڵەکەمدا نەما! ڕۆی.. نەگەڕایەوە. زۆر چاوەڕوان بووم بگەڕێتەوە، سات و سەعاتەکانی ئەو رۆژەم و بیرەکانم، گشتی بیری ئەوم دەکرد، رۆژی دوای ئەوەش، مانگ دوای ئەوەش.. ئێستا ساڵ دوای ئەو بەسەرهاتەیە، هێشتا بیری ئەو دەکەم، بیری تەنها جارێکی تر بینینەوەی، چونکە ئەمجارەیان بە هەڵەدا چوون قووتی دا. نازانم سێبەرەکەی کە خواوەندی جوانی گیانی پیادا و بەهرەمەندی کرد بۆ کوێ چوو و چی لێهات، ئەگەر چی پێویستم بە هاودەنگی و سوپاسگوزاری ئەو نییە، بەڵام زۆرم حەز دەکرد بزانم لە کوێ یەو چۆن دەژی و چی دەکا.. رۆژەکان وەکو سێبەر بەسەر مندا تێدەپەڕن، نازانم بۆ ئەو هەست بەوکردنە؛ بە من موتوربەیە؟! وەک ئەوەی نادیاری ئەو لەبەر چاوانمدا سڕابێتەوە!.. نازانم بۆ هێندە بیری ئەو سێبەرە دەکەم ، خەوم لێناکەوێ بەشەو، ئەو لەهەموو دیمەن و دیارێک دا دەبینم، رۆژانە سەد جار خەو دەبینم ئاسمان دەم دەکاتەوە و دەڕشێتەوە و بوونی ئەو هەڵدەهێنێتەوە، لە هەموو جێگەیەکدا چاو بۆ سێبەرەکەشی دەگێڕم.. نایبینم.. نایدۆزمەوە.. ئەو لە من تۆراوە.. لە من رفێنراوە، لە مندا بوونی وون بووە، ئاسمانی گومانەکانی

سەردەم ئەوی قووت داوە. هەست دەکەم بوویەکی وەها بۆی نییە ببێتە مایەی چەوسانەوەی من، دەمەوێ ئەو بیرە بەسەر خۆمدا فەرزبکەم کە هەستکردن بە کەسێکی تر و هاوهەستی لەگەڵیدا زیادەی بیری پەتی و نەریتی بەرزە، خۆشەویستی تەنها خۆشویستن گۆش دەکا، چاوەڕوانیم بۆ گەڕانەوەی ئەو تەنها خۆشەویستیم گۆش دەکا، هیچی تر، چاوەڕوانی ئەو چاوەڕوانییەش نیم. حەز ناکەم دان بەوەدا بنێم کە کۆی مەبەستەکانی گەردوون دژایەتی یەکبوونی دووگیان دەکەن وەک ئەوەی بوون و تەنانەت یەزدانیش لەیەکبوونی دوو گیان بترسن! وەک ئەوەی هێزێکی گەلێ مەزن لە یەکبوونی دوو گیان دا خۆی پەنهان دابێ.. من بە نەنگی نازانم گەر کۆی تەمەن و بیر و ویستەکانم بۆ گەڕان تەرخان بکەم بە دوای یەکخستنی ئەو نیازەدا.. چونکە زۆر لەمێژە دەزانم لەو یەکبوونەدا گەورەترین و پیرۆزترین ئامانج خۆی حەشارداوە.

## *هاوڕێی بێ وەفا*

**شەماڵ وەرە.. ئەم نامەیە بۆ یار بەرە( سرۆشی نووسینی ئەم کورتە چیرۆکەیە)**

چاوەڕوانیم داهات. پڕبووم لە نەسرەوتی و نائارامی، هەفتەیەکە چاوەڕێم، هەفتەیەک و دوو رۆژ و چەند سەعاتێکی شەویشە، هەفتە زیاترە هەموو شتێ کش و ماتە، شەماڵ لە هیچ لایەکەوە ناشنێتەوە و دەنگی نایەت، بەر لەم هەفتەیە جار ناجار شەماڵ بە لای پەنجەرەکەمدا دەهات و دەچوو؛ پەردەکەی هەڵدەدایەوە و دەستێکی بەسەرما دەهێنا؛ یا دەستی دەکردە ملم، هەواڵی دەپرسیم و بە دەورو خولمدا دەهات و دەچوو چونکە ئێمە دوو هاوڕێی زۆر دێرینین.. من شەماڵ و باو باران و رەشەبا لە منداڵیمەوە دەناسم، شەماڵم لە گشتیان زیاتر خۆشدەوێت.. بە منداڵی شەماڵم خۆش نەدەویست، هەستم دەکرد ئازارم دەدا و نەیدەهێشت ئەو پەپولانە بگرم کە باوەشی دڕکەکانیان بەجێ دەهێشت، چونکە پەپولە بێ گیانەکانم، گیاندار گیاندار هەست پێ دەکرد، هەستم دەکرد شەماڵ بەرەو لای من دەیانهێنێ.. بەڵام کە ئەوانی لێ دوور دەخستمەوە، زویر دەبووم.. لەبیرم دێ سەرەتای قۆناغی پێگرتنم بوو، منداڵێکی کارگەر بووم، پەشمەکم دەفرۆشت، پاقلەم دەفرۆشت، وەک هەرزەکارێک کارمەند بووم. رۆژێکیان هێندەم زانی با هەڵیکرد و هەموو

پەشمەکەکەی لێ فڕاندم کە لە سەر سنی یەک تۆپەڵ تۆپەڵ دامنابوون و کۆڵان بە کۆڵان دەمگێڕا تا بیفرۆشم.. هێندەم نەزانی با هەڵی کرد و هەموو پارچە پەشمەکەکەی لێ فڕاندم.. بۆیە هێشتا فێرنەبووم چارەی "با"م بوێت، کاتێکی زۆریشی برد تا جیاوازی نێوان باو شەماڵ تێبگەم، ئەگەرچی هەر ئەو کاتە لە با خۆش بووم چونکە لە منداڵی یەوە هەمیشە و لەخۆوە خووم گرتووە بە لێبوردنەوە، بەڵام هەر لەو سەردەمەوە شەمال دۆست و هاوڕێی نزیکمە و سەری پەیوەندیمان بەهێزە، هەرچەند دێ بە میوانم رستەیەکی جوان لەسەر زارێتی، یا باسێکی نایابی پێ یە، یا درۆی کەسێکم بەچپە لەلا باس دەکات. هەمیشە بەمن دەڵێت :" من زۆر هێمنم و زۆر دەگمەن تووڕە دەبم، بەڵام ئەگەربێت و تووڕەییم سەرکا، ئەتوانم ببم بە با ، بە رەشەبا، بە گەردەلوول، بە چەپۆکم زەریاکان بە ئاسماندا بەرم، درەختەکان لە رەگەوە هەڵکێشم، بە شەق کۆشکە مەزنەکان هەڵتەکێنم". شەماڵ بەجۆرێک گوزارش لە خۆی دەکات باییبوونی پێوە دیارە، هەست دەکەم گەر دووچاری نەخۆشیی شیزۆفرێنی بێت؛ ئەوا ئەو کارانەی لە دەست دێ و راست دەکا، چونکە گەر کەسێ زۆری لێ بهێنرێ، بە یاریدەی هێزێکی تری هاوشێوەی خۆی کاری سەمەرەی لێ دەوەشێتەوە، بۆیە لەم دواییەدا کەمێ لێی بەگومانم؛ چونکە بەسەرهاتەکانی هەفتەکانی مانگی رابردووی هەموویان دووبارەبونەوە!

نازانم سەعات چەندی شەوە، بەڵام هەر چاوەڕێی هاتنەوەی شەماڵ دەکەم بەڵکو هەواڵێکم بۆ بهێنێ.. چونکە ئەمە هەفتەیەک و دوو رۆژ و چەند سەعاتێکە خۆشەویستەکەمم نەدیوە. زۆرم لەخۆم کرد و بۆ تەنیا جارێ داوام لە شەماڵ کرد سۆراغێکی ئەوم بۆ بکات و ماچێکیشم پیادا نارد بەڵکو بەو بۆنەیەوە کەمێ هەواڵی خۆشەویستەکەم بزانم تا باسی نیگاو جوانی و لەنجەو لاری لە دەمی شەماڵەوە ببیستم، چونکە شەماڵ زۆر خۆش باسی شتەکانم بۆ دەگێڕێتەوە، زۆر تامەزرۆ بووم باسی ئەو ساتانەم بۆ بکات کە خۆشەویستەکەم لە ماڵی خۆیدا بە دیار ئاوێنەوە دانیشتووە و ماکیاج دەکات، بۆیە ناچار بووم شەماڵ راسپێرم ؛ چونکە هەر ئەو دەناسم کە جێگەی متمانەم بێت.

ئەوا چاوەڕوانیم سەری کرد، شەقم برد، بەڵام دڵم ختوورەی کرد و هەست دەکەم ئێستا نا تاوێکی تر شەماڵ دێت، هێندەی نەبرد گوێم لە دەنگی لوورە لوور بوو، تاق تاق پەنجەرەی ژوورەکەمی دابەیەکدا و یەک دوو ئینجانە بەربووەوە و گوێم لە زرمەی چەند شتێکی تریش بوو.. لەوە دەچێ تابلۆکان بێت کە بەدیوارەوە بە ئاستەم هەڵواسراون، هەستم کرد شەماڵە و فێی لێ هاتووە چونکە( با ) هەقی ماڵی منی نییە و زۆر کەم بە لای ماڵەکەمدا تێپەڕدەبێت. شەماڵ زۆربەی جار کە دێت بۆ لام خۆی لە پشت پەردەکەوە مت دەکاو سەرەتاتکێم لەگەڵ دەکات، منیش کە بە نیازی یاریکردن لێی نزیک دەبمەوە ، ئەویش خۆی بە پەلە لە پەردەوە دەردەهێنێ و دەڵێت : ـ گڤ. دەنگی لوورە

لوور و تەقە تەقی - با- بۆ کورتە ساتێیک هات و شوێنەواری نەما، ناوماڵی دام بە سەریەکدا، بۆیە بە چاکم زانی بچم لە پشت پەردەکەوە بۆ شەماڵ بگەڕێم، بەر لەوەی پەردەکە هەڵدەمەوە، کتوپڕ شەماڵ دەرپەڕی و وتی : بووو!

منیش شێتانە ئێخەییم گرت و کەمێ رامپسکاند  و کەوتمە لۆمەو سەرزەنشتی: " تۆ لەکوێی؟ هاوڕێ یەتی وانابێ، من چاوەڕێی هەواڵی تۆم..هتد" گوێم لە شتێ بوو و لە پشتی پەردەکەوە حەشاری دابوو، کە دەنگی شکانی شووشە بوو کاتێ سەیری زەمینم کرد، بۆن و بەرامیشی بڵاوببووەوە، هەستم کرد شووشەی ویسکی‌یە و بۆنی ویسکی دەهات کە هێندەی تیا نەمابوو؛ دەک پێ نەگەیت ئەمە فێری خواردنەوەش بوویت! ئەم بتڵە ویسکی‌یە چی‌یە؟ ئەمت لەچی؟.. بە سەرسوڕمانەوە پرسیارم لێکرد، شەماڵیش ملی شۆڕببووەوە، خواروخێچ بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و دەیویست لاسایی با و ڕەشەبا بکاتەوە، هەر گڤە گڤی بوو، خۆی با دەدا و تەکانی دەدا و بە پشتا و بەدەما دەکەوت و هەڵدەسایەوە، وەک  منداڵێ کە تازە فێری گاگۆلکێ ببێت. بە راستی ئەم دیمەنەی شەماڵ حەپەساندمی، کەمێ تیامام و هەستم کرد پێویستم بە بیرکردنەوەیە، چونکە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا شەماڵ بەسەرخۆشی ببینم. دەمی تەتەڵەی دەکرد و وڕێنەی دەکرد و دەتریقایەوە، وەک ئەوەی باسی شتێکی زۆر تایبەت بکات، زۆر دەگمەن، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبووم.. لەوە ئەچوو تەمسیل

بکات! هەرچیندە هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابوو لەشی شێدار و بیری پەتەڕی بوو، دەگریا و پێشدەکەنی، لەپڕ جڕتی لێدەدا، ئنجا گڤە گڤی دەکرد، ناچاربووم بیر بکەمەوە! یادم هاتەوە کە جارێک لە جاران ئاوا سەرخۆش بووم، هاوڕێیەکی ئافرەت یارمەتی دام، هەڵیگرتم و سەرمی خستە بەر ئاوی سارد، ئنجا تەواو رووتی کردمەوە، پاشان لەناو حەوزی حەمامدا رایخستم تا هۆشم هاتەوە بەرخۆم، ئنجا چەند جارێ زلەی توندی لە روومەتی چەپ و راستم سرەواند، زۆری نەبرد تا هاتمەوە هۆشخۆم. بە چاکمزانی منیش هەمان هەڵوێست بنوێنم بەرانبەر بە شەماڵ.. چونکە چیتر نەمدەزانی ئەمە شەماڵە یا با یان گێژەڵووکە یا رەشەبا، بەڵام هێندە قورس بوو ئەوم بۆ بڵند نەدەکرا، خۆ باڵایشی زۆر بەرزە، نەمدەزانی دەست بەمە کوێی! ناچار دەرگای حەمامم کردەوە و بە پاڵنان بردمە ژوور، لەسەرسمێکدا بە سوودی من بابەتەکان کەوتنە ژووری حەمامەوە، لە زمانێش کەوتبوو، زۆر هەوڵی دەدا بە دەم خواری دەیویست بڵێت: ـ گ..ڤ..ڤ.

"قوزەڵقورت، مالۆس؛ تۆ کەی وەها بووی هەی داوەشێی .. پەرپوت" بەدەم ئەم سەرزەنشتانەوە تەنها دەستم بە گوێی راگەیشت و هەردوو گوێیم گرتن و خستمە ناو حەوزەکەوە، ئاوی ساردیشم بەردایەوە سەری.. گوێم لە بڵقە بڵقێ بوو، پاشان سەریم کێشکرد و یەک دوو زلەی خۆمانەم تێسرەواند، بە هەرحاڵ زۆری نەبرد تا هێنامەوە هۆش خۆی. پاش ئەوەی کە

هێمن بووەوە.. خۆم پێویستم بە پشوو بوو، ئنجا هەر لە ژووری ساردی حەمامەکەدا دانیشتم و کەوتمە پرسیار: ئاگات لەخۆتە؟ لەوەڵامدا بە شنەی خۆی ووتی : بەڵێ.

دەی هەواڵم بەرێ؛ چیت کردووە؟ ماچ و نامەکەمت گەیاندە ئەو یانا؟ ئەوت چۆن بینی؟ وەزعی چۆن بوو؟ خۆ نەخۆش نەبوو؟ بە تەنها بوو؟ لەماڵ بوو؟ چی دەکرد؟ خەریکی چی بوو؟ ..هتد.

شەماڵ سەری داخست، مەیلی ئاخاوتنی نەبوو، شەرم گرتبووی، توانای سەرهەڵبڕین و رووبەڕووبوونەوەی نەبوو، دەیویست هێچ نەڵێت، دوودڵ و لاواز دیار بوو، ئارام و کەمێ شێتۆکەش، بە ناچاری ئەوم جێهێشت و چوومەوە ژوورەکەی خۆم، پەنجەرەکەم داخست و لە تەنیایی دا جگەرەیەکم داگیرساند و غەمگین دانیشتم.. لە غەمی لەدەستدانی شەماڵ، هەستم دەکرد تێکچووە، یا لەو گەشتەیدا زەبرێکی پێ کەوتووە، یا دەستیان لێوەشاندبێ، یا دووچاری تەلیسمی جوانی بووبێت، عەیب نەبێ پێدەچوو شەماڵ ئەوی بە رووتی بینیبێت! یان ئەوی دیبێ لە حاڵەتی راکشان و سەرخەوشکاندندا یان لە حاڵەتی خۆچەورکردن و کرێم لە لەشداندا، یا لە حاڵەتی برژانگ رەشکردن و چاوماسکەراکردن دا! یا دەشێ زیاتری لەمانە دیبێ، دەنا شەماڵ هێندە لاواز نییە بەم جۆرە پەریشانی و سەرخۆشییە و وڕوکاس بگەڕێتەوە بۆ لای من! هەروەها هیچ وەڵامێکی پێ نەبێ بۆ من!... چونکە تەنها بۆنی خواردنەوەی

لێ نەدەهات بەڵکو بۆنی عەتر و بۆنی کرێم و بۆنی لەشی ئەویشی لێ دەهات، لەشی ئەو! دیاربوو نیگای بە تەماشای ئەو هێشتا گێژو حۆلبوو، پێدەچوو- خواپێم نەگرێ- دەستی بەر پرچ و لەش و سمت و رانی ئەو کەوتبێت!.. خەریک بوو سوێم دەبووەوە، بۆ زانینی هەواڵێکی ئەو کیژۆڵەیە دیقم کردبوو، هەفتەیەک و دوو رۆژ و شەوێکی رەبەقە چاوەڕێی کاک "شەماڵ" م، چاوەڕێی ئەو بێ وەفایەم هەواڵم بۆ بێنێ، دەڵێی لە پرسەدا دانیشتووم، بەزەییم بە شەماڵیشدا دێتەوە، ئەو وڕو کاسییەی ئەو بە گوناهی خۆم دەزانم، حۆل بووە و ئەڵێی دەستیان لێ وەشاندووە.. هەبێ ونەبێ ئەوی دیوە! ئەوی بە رووتی دیوە، ئەوی لەوپەڕی جوانیدا دیوە.. وام دەزانی شەماڵ ورەی بەرزە و وەکو هەر جارێکی تر لە تەماشای جوانەکانی تر دێتەوە لام و چیرۆکەکانیانم بۆ دەگێڕێتەوە. چونکە شەماڵ زۆر مێبازیی کردبوو، تەنوورەی هەزاران ئافرەتی هەڵدابووەوە، سنگ و مەمک پووزی هەزارانی دیبوو، دەستی بۆ مەمک و پرچی زۆر ئافرەت بردووە.. بەڵام هێشتا باوەڕ ناکەم، شەماڵ مرۆڤی لا سادەبوو، جوانیی ئافرەتانی لا سادە بوو، جوانی هەرگیز کاری لەو نەکردووە، چوونکە ئەو لە شکۆی جوانی تێدەگەیی.

بەدەم ئەم بیرانەوە چاوم چووە خەو، چوونکە دەمێک بوو نەنووستبووم.. درەنگانێ بێدار بوومەوە.. کاتێک کە بێدار بوومەوە سەیرم کرد تابلۆیەکی گەورە بەرانبەرم دانراوە و بە

ڕەنگی خوێن لێی نووسرابوو: " من لەوەتەی هەم لە ژیانمدا بە هێمنی بۆ ئەو ساتە دەژیام کە ئەو جوانییە ببینم، کە ئەو عەشقە بژێنم، کە ئەو زاتە ببینم، ". بە حەپەسانەوی ئەو وشانەم خوێندەوە.. تێگەیشتم کە پەریشانی ئەو دووچاربوون و گیرۆدەبونێتی بە عەشق، توومەس عەشق ئەوی سمی بوو! گلەیی چی بکەم؟ ناهەقی نیە، چونکە ئەو زاتە لە شانشینی جوانی دا نەک تاکە بەڵکو دەگمەنە، بگرە ئاسمان و زەوی گیرۆدەی بوون، عەشقیش عەشقی ئەو بووە، بێ وەفایی منیش لەوەدایە کە وەک شەماڵ بێدەنگ و سەرلێشێواو نیم و هەستەکانم لای ئێوە دەدرکێنم، یا لای ئەم لاپەڕانە، بە دووری مەگرە لاپەڕەکانیش دووچاری هەمان دەردبێن! چوونکە عەشقی ئەو هەموو شتێ ڕاپێچ دەکات، هەموو شتێ دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.. بگرە کار لە بەردیش دەکا. لەو ڕۆژەوە شەماڵ لە هەر جێیەک دەبینم حۆل و گێژ و بێ مروەتە، لەو ڕۆژەوە چاوم پێی نەکەوتووە، تەنها یەک دوو جار نەبێت،؛ ئەویش دوراودوور.. نە دەمدوێنێ، نە میوانم دەکا، نە وەڵامم دەداتەوە- کاتێک کە بانگی دەکەم.. وەک ئەوەی هەرگیز منی نەبینیبێ، منیش تەنها خۆم بە بی وەفایەک دەرهەق بەو ژانانەی ئەو دەزانم، بەڵام شتێ کە زۆر گرنگە ئەو بیزانێ ئەمەیە کە عەشق مرۆڤ دووچاری سەرگەردانی و پەریشانی ناکات، مرۆڤ بەهێز دەکا و هانی دەدا بۆ چنگ خستنی مەزنی! شەماڵ هێشتا باڕە و لاوەکی دووچاری عەشق بووە، عەشق ئەگەر یەکێ بسمێ هانی

دەدات بوێربێت، بنووسێت، بگەڕێت، داهێنێت، بەلای کەمەوە بەهێز دەبێت نەک لاواز.

## میوانی شەو

خەو ناچێتە چاوەکانی، گۆڕستانێک هاتووە بە میوانی و چووەتە ناو کەلەی سەریەوە، نازانێ چۆن ئەو قەبارەیە لە کەلەیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە، بەر لەوەی ڕاکشێت؛ گوێی لە زریکەی کۆمەڵێ منداڵ بوو.. گشتیان بە یەک نەوا و دەنگ هاواریان لێ بەرز دەبووەوە، بە یەک شێوەی بەسۆز دەگریان.. دەتگووت بەهەشت ڕوخاوە بەسەریاندا؛ گریانیان هێندە بە سۆز و دڵسمێن بوو، ناو جێگەی لێ ببوو بە گۆڕستان، ناو ژوورەکەش تاریک، شەویش درەنگ، وەک ئەوەی بەناخی زەویدا رۆچووبێت، وەک ئەوەی ئەو ژوورەی ئەوی لێ

راکشاوە لە سەردەمێکی کۆندا گۆڕستان بووبێت، یان بارودۆخ و هەستیاریی ئەو شەوەو یادە دێرینەکان، تەنها گۆڕستانیان هێناوەتە میوانی ئەو. گۆڕستانەکە زۆر گەورە بوو لە خەیاڵی ئەودا، هێندەی بەڵایەکی گەورە، پێدەچوو خێوێکی گەورەی شەڕ بێت یا گیاندارێکی تاریک، چاوی هەبوو، لەشی هەبوو، دەستی هەبوو، گەورە گەورە. وەک مەیت راکشابوو، وەک جەستەیەک لەبەر دەستی مەرگدا خۆی بەدەستەوە دابێت، منداڵی دەبینی لە پێش چاوانیدا پارچە پارچە دەکران، دەست و پێ و چاو و سنگ و سەری منداڵی دەبینی لە چنگی تاریکەوە بەرەو گۆڕستان هەڵدەلووشران، گوێی لە دەنگی مڵچەو قەپی قەپاڵ و هەڵپە و شاڵاوی گۆڕستانەکە بوو، نائیرادی ئەمانە ئەوی تاساندبوو، هەستی دەکرد گۆڕستانەکە گیانێکی زیندووە، ئەوەی سەیر بوو بە لایەوە؛ هەر بیر و هەر هەست و خۆزگە و هیوایەکی ئەو لە یەکێ لەو منداڵانە دەچوو کە گۆڕستان دەیقۆستنەوە و ترسێکی شێتکەرانە ناچاری کرد زۆر لە خۆی بکا و بە پەلە پروسکێ گڵۆپی ژوورەکەی داگیرسێنێ. یەکەم جار بوو بابەتێکی بیرکردنەوە هێندە بە زەقی و زیندوویی ئەو هەراسان بکات، لەگەڵ هەڵکردنی گڵۆپەکەدا جگەرەیەکیشی داگیرساند.. بەرەو ژووری نووسین چوو، بۆ هێمنکردنەوەی خۆی.. هەستی کرد دەنگێ، خشە خشێک بە دوایدا بە هەناسەبڕکێ و لە حاڵەتی خۆکێشکردن و بزووتندا بەدوایەوەیەتی. کاتێ بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە گۆڕێکی بینی.. بە گاگۆلکێ دوای ئەو کەوتبوو! بەڵێ،

گۆڕێکی بچووک، گڵکۆی منداڵێک.. بە پلیکانەکاندا خۆی دەخشاند بە دوای ئەودا.. ئەو لە دیمەنی لەو جۆرە ناترسێت.. چوونکە ئەو لە کەین و بەینی پیلانە گیانییەکان بە ئاگایە... ئەو تەنها لە هەڵمەتی شەر و زیندووبوونەوەی شەر دەترسێت.. بۆیە زۆر ترسا، چوونکە دیمەنی لەو جۆرەی بەدیبوو بەر لەو کاتە! نەیدەزانی داخۆ شەڕ هاتووە بۆ هەڵمەت بردن، یان خێر هاتووە بە میوانیی!

گۆڕەکە دادەبەزی؛ گۆڕێکی بچکۆلە و ساوا لە پلیکانەکانەوە دابەزی. ترس ئارەقی ساردی لە پشتییەوە دەردەدا، چونکە تەکانی بە شانی ئەو داو هەستی کرد زریکەیەک لە قوڕگیدا چەقیوە، دڵی کەوتووەتە ناو دەمییەوە، گشت گیانی رەق بوو، گوێی لە قرچەی دانەکانی خۆی بوو، قەبارەی دوو هێندە بچووک بووبووەوە.. ناچار بێ ئەوەی بزانێت چۆن دابەزیوە لە پلیکانەکان، لە قوژبنێکدا گۆت وهەڵکوڕماو خۆی بینیەوە، خۆی قەد کرد و ئەژنۆکانی کردە باوەشی و قەوارەی هێندەی منداڵێکی بچکۆلەی لێهات.. هێندەی چنگێکی مایەوە! خۆی زۆر لاواز و تۆقیو و بچکۆلە دەبینی، پاشان زۆر بی دەسەڵات. بەڵام ترس زیاتر خۆی لەو هەڵدەسوو.. بۆیە ناچارانە بۆ دڵنەوایی کردن و دڵدانەوەی خۆی؛ دەبوو هەستێت و بەپەلە گڵۆپەکەی ژوور سەری پێبکات.. دەنا شێت دەبوو لەو شەوەدا!..شێتانە بەدووپاتی گڵۆپێکی تریشی پێکرد؛ وەک ئەوەی هێشتا دەوروبەری تاریک بێت، چوون هەستی بە تاریکی دەکرد!

گیانی گەیشتبووە سەر لووتی. گۆڕەکە هەڵنەبەسترابوو، تەنها دوو جەردی سێگۆشەیی و سپی رەنگ لەگەڵ تۆپەڵی خۆڵ، تەپ و تۆزی لێ هەڵدەستا و لە خشانیدا بۆلای ئەو! وەک ساوایەکی دەست لێ وەشێنراو لە خەودا، ئەو ساوایەی کە شەوە یاری لەگەڵدا دەکا- تۆقیبوو، بگرە تاسابوو، گۆڕەکە وڕێنەی دەکرد؛ غەڵبە غەڵبی دەکرد! بۆیە ئەو خۆی ناچار بینی گوێ راگرێت، سەرەڕای ترس و دڵە تەپێ و هەراسانی.. یان ناچار بە پێی خواستێکی پاراسایکۆلۆجی هەستی بیستنی حاڵەتی پشووی لەخۆی گرت و گوێی رادەگرت، هەستی کرد گۆڕەکە لەو بەهێزتر نییە، بگرە لەو گەورەتریش نییە، چونکە گۆڕی جگەرگۆشەیەکی شیرمژی منداڵ بوو!.. لەهەستیدا شتێک دەربارەی گۆڕەکە بۆ ئەو دەدواو ئارامی و تەسکینیان بەو دەبەخشی.. هەستی کرد دەبێ روو بەڕوو بێتەوە و چاوەڕێی داخوازییەکانی گۆڕەکە بێت و هۆی بە دواداهاتنی بزانێت. گۆڕەکە دەست و پێ و سەری هەبوو.. دوو چاوی زۆر جوان و بێ خەوش و گەورە و هێمنی هەبوو؛ کە لە یەکەم بینیندا ئاسوودەییەکی سەروسروشتیی بە دەروونی ئەو بەخشی.. بێ ئەوەی ئەو خۆی هەست بەوە بکات ،گۆڕەکە ئەو کارەی کرد، وەک خۆبەدەستەوەدەر خۆی دەهاتە بەرچاو، دەنگێ لە گۆڕەکەوە هات و وتی: ـ من گۆڕ نیم، من بوخچەیەکم لە گۆڕ دەچم، لە گۆڕستانی ژیاندا خۆم زیندوو دەبینم، هاتووم راسپاردە و دیاریم پێ یە بۆ تۆ. ئەم وشانە وەک نەوایەک، وەک ئاوازێکی

گیانیی خۆش بە بیستن، بەر گوێی ئەو کەوتن.. بە بیستنی ئەو وشانە زیاتر هەستی بە پشوو کرد، هەستی کرد هەڕەشەی لەسەر نەماوە و گۆڕ و مردن قووتی نادات، بەڵام لەرزەی لە ژێی دەنگی خۆیدا هەست پێدەکرد، بەر لەوەی زاری هەڵبێنێ.. بۆیە پێویستی بە خۆ ئامادەکردن و لێو تەڕکردن بوو، چونکە زمان و لێوی ببوون بە پەلاس. پاشان دوودڵ و سەوسوڕماو وتی: ـ راسپاردە و دیاری‌یەکەت چی‌یە؟ بە دەنگی پڕ لە رێز و منداڵانە گۆڕ وەڵامی دایەوە:" لە کفنی هەموو ئەو مرۆڤە بێ تاوانانەی ئەم سەرزەمینە.. لە گیانی پاکی مرۆڤە لەناوبراوەکان کە لە دڵی ئەم زەمینەدا نێژراون، بەناوی شەهیدانی ئەنفالەوە دەستێ بەرگی خامی سپیت پێشکەش کراوە کە نیشانەی ئاشتی و ئاسایش و بێ گەردی و پاکی یە، ئەم دەستە جلە پێشکەشە بە تۆ". لەگەڵ ئاخاوتندا سەرگرمی نیشاندانی دەستە جلەکە و دەرهێنانی بوو لە قووڵایی سنگی خۆڵەکەدا، دەستێ جلی نایابی کراوە، سپی، زۆر جوان لە ناو خاک و خۆڵەوە سیحر ئامێز لە بوخچەیەکی سپی دا بە کراوەیی کەوتە بەرچاوی، وەک ئەوەی دەستێکی هاوکاری منداڵەکە، دەستی گیانێکی نەبینراو بوخچەکە بکاتەوە و بەرگەکە نیشان بدات. ئەویش جلەکانی لەو وەرگرت، زۆری لەخۆی کرد تا دەستەکانی لە ئەژنۆی خۆی بترازێنێ، چونکە هەستی دەکرد دەستی لە حاڵەتی قەتبوونیەوە بە ئەژنۆیەوە وشک هەڵاتبوو، لە هەمان کاتدا کە دەستی بەر برگەکە کەوت خۆشی دەروونی تەنی و شوێنەواری ترس

یەکجارەکی لە دەروونی دا نەما، هەستی بە بوژانەوە و ژیان کرد، چونکە راستەوخۆ گۆڕ لە چاوتروکاندا پاش دەربڕینی مەرامی، شوێنەواری نەما. ئەویش تەنها هەستی بە رۆشناییەکی پاک و ئارامی بەخش دەکرد، لە نە شئەی نوورێکی پاکدا ئۆقرەی گرتبوو. بێ چپە و دڵنیا لە جێگەی خۆی هەستا، خۆی گەیاندە ژوورەکەی ، وەک ئەوەی خۆی لە چاوی نادیاریش بپارێزێ، حەزی نەکرد کەس بە نهێنی ئەو بەسەرهاتە بزانێت. یەکێ لە جانتاکانی خۆی کردەوە کە وێنەی دەستکردی تیابوو، دەستە جلەکەی خستە ژێر هەموو وێنەکانەوە، بەو نیازەی لە داهاتوودا لە گەڕانەوەیدا بۆ نیشتمان، دوای دەربازبوون لە گۆڕستانی ئاوارەیی و تاریک لەبەری بکات، چونکە لە نەستی دا دەنگێ؛ هەستێ دەیترسان و هەرەشەی ئەوەی لێ دەکرد کە بەرگەکە لە ئاوارەیی دا لەبەر نەکات.. چونکە گەر شکی هەبوونی بەرگێکی وای لێ بکەن، ئەوا لێی دەسەنن یا لێی دەدزن!. پاش شاردنەوەی بوخچەکە جگەرەیەکی داگیرساند، کۆمەڵێ مژی توندی لە جگەرەکە دا تا ئەو کاتەی هەستی کرد لێوی دەسووتێ، کەوتبووە ژێر سەرسوڕمانەوە، هەستی دەکرد هێستا سەرما لە لەشی دەرنەچووە، هەستی بە تەنیایی دەکرد، نەیزانی لەخەودا خۆی دەبینێ یا لە راستی دا، لە راستی دا دەشێ خەون و خەیاڵەکانیش ڕاستییەکی تر بن! هەستی بە هێڵنج و دڵ تێکهەڵاتن دەکرد، دەیویست بڕشێتەوە، قوڕگی پڕبوو لە هێڵنج، بە پەلەپرووسکێ خۆی گەیاندە ئاودەستەکە بەڵام بەر

لەوەی بگاتە ئەوێ هێلنج لە قوڕگی یەوە تاویدا و بەسەر یەکێ لەو ئینجانانەدا رشایەوە کە پڕبوون لە پەین.. کە ماوەیەک لەوەوبەر  ئامادەی کردبوون بۆ ناشتنی گوڵ، بۆ گوڵ تیادا رواندن، هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابوو، قوڵپی رشانەوەی بەردەوام بوو بە سەر ئینجانەکەدا، لەو بەدبەختی و پەریشانی یەدا هەستی کرد کە تۆوی گوڵ دەنێژرێ.. کەچی ژیان و گوڵ لەم خاکەوە سەرهەڵدەدات، زۆر رشایەوە و ئینجانەکەی پڕکرد.

پاشان هەموو شتێ ئاسایی بووەوە وەک ئەوەی لە زیندەخەوێ بێداربووبێتەوە، هەستی بە لەشسسوکی و ئارامی کرد، وەک ئەوەی هیچ روویندابێ. روخسار و دەم و ددانی خۆی شۆری، گەڕایەوە ژووری نووستن، بێ ترس گڵۆپەکەی کوژاندەوە و لەناو جێگەی پێشوودا راکشایەوە. زۆری نەخایاند چاوی چووە خەو، نووست! بەیانی زوو بێدار بووەوە، راستەوخۆ بە پلیکانەکاندا دابەزی و بە نیازی شوێنەوار سڕینەوەی رشانەوە خۆی گەیاندە خوارەوە تا دڵنیابێت لەوەی کە بەسەرهاتەکە راستی بوو یان خەونی دیوە.  ئای لەو دیمەنە سەیرە!... چی دەبینێ!. یەک درەختی باڵا سێ بستی لە ئنجانەکەدا رووابوو، درەختێکی سپی ڕەنگی بریسکەدار.. گەڵاکانی لە پەڕی کۆتری سپی دەچوون، سپی و نەرم و پەشمین، هەندێ لە پەڕەکان وێنەی چاوی زۆر جوانی تیابوو، چاوی نەخشین، چاوی شیلان، چاوی قەتران، هەندێ لە پەڕەکانی تر وێنەی نیگا و خەندە و بزەی تیا نەخشێنرابوو، هەندێکی تر دەلەرینەوە و دەنگی

قریوەی منداڵیان لێوەدەهات. ئەو پەڕە نەشمیلانەی کە لە پەڕی کۆتری نەشمیل دەچوون زۆر جوان بوون، یا گەڵا پەڕشبووەکان ، گەڵا سپی یەکان زۆر جوان بوون لە گیانی منداڵ دەچوون!. ئەو درەختە باڵا گیاندارە ئەفسانەییە نەشمیلە پەڕگرتووە لەناو ئینجانەکەدا رووابوو، بە پەلە پەل و قاو و قریشک مێردەکەی بانگ کرد، تا ئەو موعجیزەیەی نیشان بدات، بەڵام ئەو پیاوێکی ناخۆش مەشرەب بوو، گاڵتەی بە هەموو شتێکی ئەو دەهات، هێشتا فێر نەبووبوو رێز لە راستی یەکان بگرێت، چۆن دەتوانێ باوەڕ بە موعجیزەکان بکات؟!.. چوارساڵ بوو لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەژیا.. هێشتا بۆ تاقە جارێ هەستی نەکردبوو کە مێردی هەیە و هاوبیر و هاوهەست و هاوسۆزییەتی، تەنانەت ژووری نووستنیشیان جیابوو!.. مێردەکەی وتەکانی "ژین" ی بە شۆخی وەرگرت، یان وایزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکات، چونکە "ژین" زۆر جار داوا و تکای لێ دەکات بۆ رادەبڕین دەربارەی ئەو گوڵە جوانانەی کە دەیکڕین و ماڵەکەی پێ بۆندار دەکرد. ژین نەیوێرا چ بە کورتی و چ بە درێژی خەونە زیندووەکەی ئەو شەوە بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە، چونکە مێردەکەی بێجگە لە ئینجانەیەکی پڕ لە پەین شوێنەواری ئەو بەسەرهاتەی نەدەبینی، هیچی تری نەدەبینی، کوێر بوو، بێ ئاگا بوو لەوەی کە گیان دەتوانێ ژیان بدات بە هەر شتێ، لەیەک جێگەدا لەبەر چاوی ئەویاندا دیار و لەبەر چاوی کەسی دووەمدا نادیار!. بمانەوێت یان نا ڕاستەقینە چەند ڕوویەکی

هەیە و کەس ناتوانێت نکوڵیی لێ بکات. بۆیە هەندێک لە ئێمە کوێرین و نابینین.. هەن لەناوماندا دەبینن. هەن دەبینن بەڵام دان نانێن بەوەدا کە دەیبینن.. بۆیە ژین لەو رۆژەوە هیچ لەو ئینجانەدا ناڕوێنێ، جگە لە خۆشی کەسی تر بە ئاگا نییە ونازانێ کە درەختێکی پەڕدار لەو ئینجانەیەدا رووا‌وە! درەختێک کە پێ دەچوو جاڵجاڵۆکەیەک لە گەردونەوە دابەزیبێت و بە داوی تیشک نەخشین ئەو درەختە تاک بینە سپییە گیانییەی بۆ ژین چنیبێت.. لەو رۆژەوە ژین- باوەڕی وایە کە ژوورێکی تر، ژیانێکی تر، کاڵایەکی تر کە زیاتر هێمایی و باوەڕییە؛ لە ژیانی ئەودا بوونی هەیە. دیارییەکی راستیشی لە گۆڕێکەوە پێیگەیشتووە ، حەز ناکات نیشانی کەسی بدات. ئەو بە ئاگا بوو لەوەی کە جیهانی زیندە خەونەکانی، زیندووتر و بە سوودتر و خۆشەویستترن لەم جیهانە راستییەی کە دەیژیێنێ، جیهانێ کە مرۆڤ خۆی کردووەتە گاڵتەجاڕی ناهەمواری و کێشەی دژوار و شەڕی نابەجێ، هەزارانی وەکو ئەوی دوورەوڵات کردووە و کردوونی بە هاوڕێی نەبوون، بە میوانی ناکەس، بە مرۆڤێکی پڕ لە دەردی دووری. ژین هەموو شەوێ جانتاکەی دەکردەوە، ئەو دەستە بەرگە سپی یە کراوەیەی دەردەهێنا و تاقیدەکردەوە بە بەری خۆی، لەو بەرگەدا دادەنیشت، لەو بەرگەشدا نوێژی بۆ مرۆڤە چەوساوەکانی ئەم سەر زەوی یە دەکرد، لەو بەرگەدا پاک و بێ گەرد و بلیمەت لە یادی کەس و هاوڕێیانیدا بوو، بە هیوای گەڕانەوە رۆژ و مانگ و ساڵان و تەمەنی دەبردە سەر،

لەگەڵ ئینجانەیەکی خەیاڵی؛ کە درەختێکی سپیی پەڕدار و ڕەنگدار بە نیگا و بزە و سەرنج، هەروەها دەستێ جلی نایاب.. شەوەکانی بە ڕیازەتی دەروونییەوە لەیادی گەل و نیشتیماندا بەسەر دەبرد... لەو درەختەوە، لەو کاڵا سپییەی کە گیانی منداڵانی جیهان بوو، هەست و بیری گۆش دەبوو، فێری عیرفان دەبوو لە خودناسیدا، گیانی خۆی ئاوێتە دەبینی لەگەڵ گیانی ئەوانی تردا.

## فیلمی سەگە پۆڵاییەکە و مریشکە نەزۆکەکە

ئەها!.. یادم هاتەوە، تێگەیشتم، دەبێ بە زووترین کات دایکم ناچار بکەم تا وەسییەتنامە نهێنی وتایبەتیەکەی باوکم بداتێ تا بیخوێنمەوە. هەرچەندە بڕیار بوو لە کاتێکدا ئەو وەسیەتنامەیە بەمن بدریت؛ کە دووچاری گێچەڵ و کۆسپ دێم؛ کە ژیانم دەکەوێتە تەنگەبەری مەترسی و دارمانەوە. چوونکە باوکم زۆر بەتەنگ منەوە دەهات. منی لە سەگەکەی زیاتر خۆش دەویست!.. بێگومان دایکم ئاگاداری هەراسانی و ترسی دەرونی من نییە. پیاو پێی عەیبە لە ترس و ناتوانایی خۆی بدوێت. ڕێگە نەما نەیگرمەبەر بۆ دەربازبوون لەم سەگەی کە لە باوانمەوە بۆم بەجێماوە. سەگی چی، کەی سەگ وەها بووە، تەنها بە ناو و شێوە سەگە دەنا لە ڕاستیدا بەڵای خوایە و تەنها بۆ من و گوندەکەم نازڵ بووە. ئەم سەگە پێدەچیت نەمر بێت. من تەنها بە هیوای کۆتاییهاتنی ژیانی و تۆپینی ئەم هەموو زەجرە دەروونیە دژییێم، بەڵام باوک و باپیرمی لە گۆڕ ناو ئەو هێشتا وەکو خۆیەتی. ئەم سەگە جێی متمانەی باوکم بوو. باوکم هەمیشە لە ناو خەڵک و خزمدا، لە ناو چایخانە و مزگەوت و لە شەوچرەی میوانداریدا تەنها باسی داستانی قارەمانی ئەم سەگەی لەسەر زار بوو، وەک ئەوەی ئەو لەو سەگە لەدایک بووبێت.

بمبوورن زیادەڕۆیی و بێ رێزیی دەکەم ، چونکە ئاگام لە زمانم نەماوە؛ هاکا دەست بە وەڕین بکەم، بۆیە تا ئەو کاتەی ناوەڕم هیچ دەربڕینێ مایەی شەرمەزاریم نییە و حاشا لە هیچ وتەیەکی زبر ناکەم. باوکی نەگبەتم زۆر باوەڕی بە نەمری ئەم سەگە هەبوو، ناوی نابوو سەگی زاڵ یا سەگی سەردەمی ئاسن، هەڵبەتە هەمووتان چاک دەزانن کام سەگەیە، باوەڕ ناکەم چیرۆکی سەگەکەی باوکمتان نەبیستبێ، ئەوەی نەیبیستووە وا لە منەوە دەیبیستێ. دڵنیام کە هەمووتان دەزانن باسی کام سەگە دەکەم. سەگەکەی باوکم، باوکم زۆر دڵنیابوو لەوەی ئەو سەگە شا سەگ بوو، چونکە لە زۆرانبازیدا هیچ سەگێکی ئاوایی و تەنانەت سەگی وڵات و جیهانیش نەیانتوانیوە خۆیان لەبەر نەعرەتەی مڕە و وەڕینیدا ڕابگرن. هەموو سەگەکان بە بینینی ئەم سەگەی باوکم ( خوا لێی خۆش بێت) لە سەگێتی دەکەوتن و میزەچۆڕکێ و گەڵاوگەڵ بە قرووسکە قرووسک خۆیا لە خاوەنەکانیان وێڵ و ون دەکرد- لە حەشمەتی ترس و لەدەستدانی کەسێتیدا. بۆیە ئەو شەوە کێچ کەوتە کەوڵم و خەو نەچووە چاوم تا دەمەو بەیانیانی زوو، ناچار چوومە سەر جێگەی خەوی دایکم و بەر لە بێدارکردنەوەی؛ راچەنینی دایکم مەترێ بە ئاسماندا بەرزیکردمەوە، چونکە دایکم زریکەی لێ هەستا ( یا شێخی مەولانا، بیسمللا، حەزرەتی غەوس) .. توومەس دایکی هەژ بەسەرم وایزانی دەبێتە قۆچی قوربانی سەگەکە یا سەگەکەی باوکم!.. باش بوو زوو فریای کەوتم بەر لەوەی

تووشی پەرکەم بێت، بە پەلە روخساریم ئاوڕشێن کرد تا زووتر بێداربێتەوە، چونکە هەرچەند بێداریش ببووەوە، باوەڕی نەدەکرد من سەگ نیم لە ژوور سەری!، "وەرە کوڕی خۆت لێ ببێ بە سەگ!".. بەڵام کاتێ منداڵانە کەوتمە پاڕانەوە و لاڵانەوە؛ یادی هاتەوە کە هێشتا سۆزی مرۆڤانەم تیا ماوە و کەلەی زلم نیشانەی بوون بە سەگ نییە. ناهەقی نەبوو دایکی خورف بووم، چونکە ئەو - ئەو پەندەی دەزانی کە ( ئەگەر کەرێک و گایەک لە لەوەڕێکدا پێکەوە بلەوەڕن؛ ئەگەر رەنگی یەکیش نەگرن ئەوا خووی یەک دەگرن)، من باوەڕم بەم پەندە نییە، چونکە من لەو کتێبانەدا کە سەگەکەی باوکم لە ژوورەکەی خۆیدا دایناون، کەمێ بیرۆکەی مۆدێرنم خوێندووەتەوە و کتێبەکانی سەگەکەی باوکم لە بواری فەلسەفە و دەروونزانیدا دەڵێن: مرۆڤ بە پێی هۆکاری جینێتیکی دارێژراوە، بەپێی ویستێکی نادیار یا سرووشتی بەرنامەکراو بە ژیری؛ دێتە بوونەوە.. هەل و مەرجی ژیان و کۆمەڵایەتی و ژینگە و ئابوری و رامیاری کاری تێدەکەن، بەڵام جەوهەر داڕێژراو دەمێنێتەوە..چونکە ئەرک و وەزیفەی هەر بوویەک بە پێێ خواستی دارێژراو لە پێناویدا مەیسەر دەبێت، بە هەر حاڵ.. دایکم بە قولوەڵڵا و بیسمیللا لەبیری بردمەوە بۆ لەخەو هەڵمساندووە. زۆری پێچوو تا بیرم کەوتەوە؛ چونکە بیخەوی ئەم دواییشەم هێندەی تر بیرکەچی کردووم و زوو شتم لەبیر دەچێتەوە؛ جاری واهەیە چارەکە سەعاتێ بە دوای شقارتەدا

دەگەڕێم کەچی کە دەیدۆزمەوە؛ لە دەستی خۆمدایە و منیش بۆی دەگەڕێم!.. ئەم سەگە حیزە ژیانی لێ هەراسان کردووم. یەک بە یەکی مەڕەکانی خۆم و ئاوایی بێ شەرمانە قات و قر کرد. ئەوەی سەیرە هیچیش ناخوات، تەنها مەیلی کوشتن و لەناوبردنی هەیە، نیوەی خەڵکی ئاواییشی بێ دەست وپێ کردووە، خۆ ئاوایی کەسی تیا نەماوە. بەرە بەرە چۆڵی دەکەن و ئەوەی کە ماوەتەوە زرێ و ماسکی لە خۆ بەستووە، نازانم ئەم شتانەیان لە کوێ دەستکەوتووە، دەشێت هی خاچی سوور بێت! بۆیە تا رادەی گومان لەخۆکردن خۆم وەسواس و گومڕا و نەخۆش دەبینم.. دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتووم، زۆر جار لەبری ئاخاوتن لەگەڵ دایکمدا یا دایکم لەگەڵ مندا دەوەڕین!.. هەموو شەوێ چەند جارێ سەگەکە خۆی بێدارم دەکاتەوە و بە تووڕەییەوە پێم دەڵێ : "قوربان کەمتر بووەڕە ، چوونکە خەو ناچێتە چاوم!".

نەگبەتی لەوەدایە کە ئەم سەگە خێرمەندیشە، هەرچەند بێ هەستە و زەڕڕەیەک سۆزی تیا نییە و لە پێناوی تەنها تێرکردنی غەریزەی شەڕ و وێرانکاری خۆیدا ئامادەیە جیهان شیتەڵ شیتەڵ بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا گەر بیەوێ دەتوانێ هەندێ شتی لەباریش ئەنجام بدات، بەڵام لەم دواییەدا تێگەییشتم کە کۆی نیازە پاکەکانیشی لە سەرچاوەیەکی وێران و شەڕخوازییەوە سەرهەڵدەدەن، چونکە ژیانی پڕکردووم لە حەوانەوە، حەوانەوەش تەمبەڵ و سستی کردووم، جووتم بۆ

دەکا، خەڵەم بۆ دەکا، لەبری کەر سواری پشتی دەبم و هەر جێگەیەکم بوێ لە چاوترووکانێکدا دەمگەیەنێ، کێم بوێت لەناوی دەبات بۆم ( هەرچەند شتی وام نەکردووە، بەڵام هەندێ جار کە تاوان دەکات دەستی خۆی بە مندا دەسوی و دەڵی لەبەر تۆ ئەو کارەم کرد،چونکە ویستی بێت سەر وماڵت بدزێت). هەرچییەکم بوێت کە لە قتووی عەتاردا دەستنەکەوێت ئەو پەیدای دەکات. ( ئەم سەگە زمانزانە و بە هەموو زمانێ دەتوانێ قسە بکا، دەتوانێ بفڕێ، دەتوانێت نەنوێ، دەتوانێ ماڵات و خەڵکی ژەهراوی بکات یا بە نواندنی دەستکرد کاری نابەجێیان پێبکات، دەتوانێ تۆ ناچار بکات خۆت خۆت بکوژیت!)، دەتوانێ لە زۆرانبازی و شەڕدا بێوێنە بێت، چونکە بە تایبەتی خوا بۆ ئەمەی درووستکردووە. باوکم جارێکیان بۆی باسکردم کە کۆمەڵێ سەگێ ئاوایی قارس بوون بە هاتنی ئەم سەگە و دەستەمۆ بوون بە ئێمە، بۆیە گەلەکۆمەکەیان لێکرد و سەدان سەگی ئاواییەکانی تریشیان لە گەڵ خۆیاندا کردبووە پاڵپشت، تەنانەت گورگ و ورچیشیان هاوپەیمان بوو، باوانێکتە هێندەی یەک و دوو ئەم زرتە سەگ و گورگ و ورچانەی کەوڵ کرد، گشتی تێکەڵ و قاتی کردن، بە بێ ئەوەی مسقاڵە زەڕڕەیەک خوێن لە لووتی بێت!.. ئەزانم باوەڕ ناکەیت، فشەکانم دووپێن، بەڵام باوەڕ بکە سەگی وا هەیە، سوێندت لە سەرم نییە، بەڵام من قسەی باوکمت بۆ دەگێڕمەوە، پیاو نابێ باوکی خۆی بە درۆزن دانێ، چونکە باوکم گوتەنی زمان لە وەسفی رەفتار و

دڕندەیی ئەم سەگە لاڵە. بۆ ئەوەی بتوانی باوەڕ بە قسەکانم بکەیت، چاکتر وایە خۆت سەگێ لە خەیاڵتا داڕێژیت کە توانای هەموو شتێکی هەبێت، سەگێکی ئەفسانەیی یا موعجیزەیی.. گرنگ ئەمەیە کە دەشێ باوەڕ بکەین کە شیاوی بوونێکی وەها سەرسوڕمێن هەیە، چونکە لە یەکێ لە کتێبەکانی کتێبخانەی سەگەکەمدا لە بەشی فەلسەفەدا کە بەزمانی خۆی بۆی خوێندمەوە، جارێکیان نووسرابوو:" مەحاڵی شیاو چاترە لە مەحاڵی نەشیاو!".. تۆش وایدانێ ئەمە مەحاڵی شیاوە لە واقیعدا نەک لە مەحاڵدا.. تەنها مەحاڵ هەڵگرە و واقیع بخە جێگەی ئیتر گرفتمان نابێت بۆ باوەڕکردن. ئەگەریش هەر باوەڕ ناکەی، قیر بە قەرەج، کورد گوتەنی بە گونمەوە!.. چونکە ئەگەر پیاو نەتوانێ لەم سەردەمەدا باوەڕ بە هەموو شتێ بکات ئەوا چاک بزانێ کە مرۆڤێکی لاتەرییە یا ناهاوسەنگ چونکە بەلای کەمەوە مرۆڤ دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ و فەنتازی بۆ بەڕاستیکردنی بوونی سەگێکی لەم جۆرە.. ئەگەریش فەنتازی کورتی هێنا ئەوا دەبێ ناچارانە و بێویست سەری باوەڕکردن بلەقێنی و بڵێ ئەشهەدوو بۆ هەر شتێ کە بەلای گوێ و چاو و پشتەوەیە تێدەپەڕێت.. ئێستا دەزانم باوەڕ دەکەیت و خۆشباوەڕ و کوری چاکی.

ئنجا گوێ رادێرە با بەندە پرت بکات لە باسی سەگ.. سەگەکەی باوکم، سەگەکەی میراتیم.. با بۆت باس بکەم کە ئەم سەگە جارێکیان چیکرد؛ ئەمەیانم بە چاوی خۆم دیوە، جارێک لە

جاران، له شارێک له شارەکانی ئەم جیهانەدا دای بەسەر پاسگایەکی پارێزراودا ؛کە له ژێر چاودێریی بەهێزی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوون.. واتە لەناو ئۆردوگایەکی پاسکراودا.. لەوێ سێ سەد کەسی تیرباران کرد، لە دەمییەوە فیشەک دەتەقی و یەک ئۆردوگای لە چاوترووکانێکدا مەحف کردەوە و کەسیش باسی نەکرد کە ئەو بووە. لەوەش گرنگتر جارێکیان ژەهری کرد بەسەر شارێکدا و نزیکەی حەوت هەزاری ژەهراوی کرد!.. بێ ئەوەی خۆی تاوانبار بکات، بابایەکی دیکتاتۆری تاوانبار کرد، چونکە ئەو بابایە بێ ویست هاربووو بەوەی خەڵکی دەیانگوت بە نهێنی پەیوەندی هەیە بەو سەگەوە، سەگەکە هانی دەدات چی بکا و چۆن بیکات. ئەم سەگە لە سەردەمی باوکمدا بەهێزتربوو، دەیتوانی وڵات وێران بکات، سەدان و هەزاران کەس لە چاوترووکانێدا لەناوبەرێت، باوەڕ دەکەی ئەم سەگە توانای خۆزۆرکردن و موتوربەکردنیشی هەیە؟.. ئەمە لە گشتی بەدتر، بەشێتم مەزانن؛ خۆ زۆر داستانی لەمجۆرەتان بیستووە، گشتتان دەزانن کە قڕکردنی مرۆڤ و هەندێک نەژادی بێخاوەنی وەک کورد و سیرلانکی و تیبتی و سۆماڵی و سۆدانی بووە بە کەلتوور!

بەهەر حاڵ ئەو بەیانی‌یە زۆر لە دایکم پاڕامەوە تا وەسییەتنامەکەی باوکم بداتە دەست وبیخوینمەوە.. چونکە دڵنیابووم کە باوکم تەنها لە باسی زاڵبوون بەسەر سەگەکەدا هیچی تری بۆمن نەنووسیوە، چونکە ئەم سەگە لای ئەو

کەسانەی کە هاوەڵی دەکەن لە پێشدا خێرخواز و پڕ داب و نەزاکەتە، لە پێناوی سەلماندنی خودێتی و خێرمەندی خۆیدا دەتوانێ ماوەیەک شەڕ لە خۆیدا بچەێنێ!.. بۆیە باوکم لەم دواییەدا هێندە باوەڕی بەو نەمابوو!

خوام نەما، شێت و کەلەیی بووم، تەنانەت ناوێرم وشەیەک بە گلەیی دەربڕم؛ یەکسەر قەپاڵێکم پیا دەکا و زریکەم پێ دەگەیەنێ. ئەم سەگە تەنها بەناو سەگی منە، باوکم خوالێی خۆشبێت دەیگوت ( ئەم سەگە خاوەن نەناسە، ساحیرە و دەتوانێ مرۆڤ بەخۆی ماڵی بکات؛ واتە سەگەکە خاوەنی باوکم بوو!) بەهەڵەدا مەچۆ ئەو واتە سەگەکە خاوەنی خاوەنەکەیەتی، واتە خۆی بڕیار دەدا کێ دەبێ بە خاوەنی ملکەچی، راستە ئێستاکە من هەرگیز بە درێژایی مێژوو، نەمهێشتووە کەس خاوەنم بێت، ئێستا خاوەنی ئەم سەگەم و لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، واتە سەگەکە خاوەنی منە ! ئەگەر لەماتماتیک تێدەگەی ( بە لەجیاتی دانان)، ئەمە هەمووی بە ئەمری خوا روودەدات. هەندێک باوەڕیان وایە ئەم سەگە لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووە، یا سەگە جنۆکەیە، یا خێوە سەگە، چونکە دەسەڵات و توانای عەقڵ و ماسوولکەیی سەدان جار بارتەقای توانای مرۆڤە. دایکم لەو باوەڕەدایە کە لە کەلەی ئەم سەگەدا جنۆکەیەکی سووری تیشکن وەکو پۆڵای تواوە دەژی و فەرمانی بەسەردا دەکات. هەندیکی تر ( خۆم ناوێرم باوەڕی خۆم بدرکێنم، چونکە من لە ژێر ئەفسوونیدا هێشتا باوێشک دەدەم). دەڵێن ئەم سەگە پۆڵاییە.

راپۆرتی ئەم دواییەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێ: ئەمە سەگێکی شارستانی بووە و شارستانییەت خوو و شێوە و ناوەرۆک لە چاوتروکاندا دەباتە کەشکەلانی توانا. داروین لە تیۆری سەرچاوەی جۆرەکاندا لە ئەنجامی ئینقلابی سرووشتی‌یەوە وای رەچاو دەکات کە بوونەوەرەکان بە پێی یاسای سرووشت خۆیان لەگەڵ سرووشت و دەوروبەردا دەگونجێنن و وەک چۆن مەیمون گەشە داکا بۆ مرۆڤ، بە هەمان پرۆسێس ئاسن دەبێت بە لۆکە، سەگیش دەبێت بە سوپەر سەگ یا میتاڵیک سەگ، یان سیحرە سەگ= ماجیک دۆگ!، هەر یەکەو شتێک دەڵێ.. وەک وتم پیاو دەبێ تا رادەیەک باوەڕی بە هەر شتێک هەبێ، دەنا دەبێ زانست و فەلسەفە و زانیاری بخەینە لاوە. باوکم بەسەرسوڕماوی باسی ئەوەی دەکرد کە سەگەکە قسەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام من لەبەر ئەوەی ساڵانێکە ژوورەکەم لە تەنیشت ژوورەکەوەیەتی، ئاگام لە هەموو شتێکە، قسە دەکات، راپۆرت دەنووسێ، کۆمپیوتەری هەیە، چەکی قورسی هەیە، ئەم شتانەم لە سەیرکردنیدا دەبینی. من هەستم دەکرد لە جێگە و بنکەی تردا چەکی ئەتۆم و ژەهراویکردن و چەکی لێزەریشی هەیە، چونکە لە زۆر هەڵمەتا کە من تەنها بۆ مێملی بەدوایدا دەچووم، دەمبینی بە شتێکی سەوز یا سپی بەرانبەرەکانی هەڵدەپڕوکێنێ!. ئەو بەیانییە بوو بە نیوەڕۆ، لە ئەنجامدا دایکم رازی کرد وەسیەتنامەکەی باوکمی لە کونێکی دیوەرەکە بۆ دەرهێنام! سەرەتا وام دەزانی بۆ دانی

کەوتوو دەگەڕێ! یان بۆ تووکی تراشکراو؛ کە هەندێک لە کوونی دیوارەکانی دەنێن.. بەڵام دایکم وەسیەتنامەکەی باوکمی لە کوونی دیواردا حەشار دابوو!.. کاتێک کە وەسیەتنامەکەی بۆ هێنام..بە پەلە پروسکێ لێم وەرگرت و هەر بە پەلە پروسکێ و ترساو کەوتمە خوێندنەوەی.. خێری بنووسێ باوکی نەگبەتم تەنها فریای ئەوە کەوتبوو بنووسێت: ( ئەم سەگە لەناوبردنی مەحاڵە چونکە سەگێکی موعجیزەیە و بەڵای خوایە و بۆ ئێمە هاتۆتە خوارەوە. نوێژەکانی خۆت بکەو هەقی هیچی ترت نەبێ، ئەوی ویستی لەناوی بەرێ دەبێ بچێتە ناو جەرگ و دڵی یەوە "ئەگەر هەیبێ" ، دەبێ ببێ بەخۆراکی ـ ببێت بە خۆرەی ئەو، چونکە نهێنی دەسەڵاتی ئەم سەگە لە ناوەوەی ئەندامەکانیدایە، واتە لە ناوەوەی خۆیدا ). وەسییەتنامەکەم بەپەلە پروسکێ داکرۆشت و لەناو دەممدا هێنام و بردم.. سوراحییەک ئاوم بەسەردا کرد. هەستم کرد وەسییتنامەکە بە ویستی سەگەکە نووسراوە، یا دەشێ خودی سەگەکە نوسیبێتی، خواپێم نەگرێ شکم لە نامەکەی باوکم کردا زۆریش!.. چوونکە توشی نەخۆشیی شک بووبووم.. هەستم دەکرد سەگەکە چۆتە ناو ناخی گیانمەوە.

پاش کەمێ جگەرەیەکم داگیرسان و بەر لەوەی سەگەکە نیوەڕۆ باشم لێبکات ( هەڵبەتە سەگێکی زۆر بە مەعریفەت و بە ئەدەبیشە، ئەگەر بیەوێت بێ وێنەیە!) پاشان سەیرێکی کردم و بە گومانەوە، بە ئەدەبەوە لێی پرسیم: بیر لەچی دەکەیتەوە؟

نرکەم لەخۆم بڕیبوو، لە ترسا لە دوکەڵی جگەرەکە گومانم کرد، وامزانی دوکەڵەکە لە هەوادا کە پەخش دەبێ دەنووسێ و دەبێتە وەڵامی پرسیارەکەی، بەڵام خۆڕاگر بووم و هیچ وەڵامم نەدایەوە. جارێکی تر بە دەنگی نێرترو بەڕێزتر و گڕتر لێی پرسیمەوە: "بیر لەچی دەکەیتەوە؟" ئنجا دەنگی هەڵبڕی و لە تاوا هەردوو گوێچکەی خۆم گرت، بەڵام هەربێ وەڵام بووم، پاشان زیاتر لێم نزیک بووەوە، بە نەزاکەتەوە دانیشت و جگەرەیەکی سیگاری گرت بە قەپۆزییەوە "لای چەپی قەپۆزی" عەینەکە ڕەشەکەشی کردە چاوی!.. ئینجا بە هێمنییەوە بە جگەرەکەی من سیگارەکەی داگیرسان و قومێکی قووڵی هەڵمژی و منی داپۆشی بە دوکەڵ.. لە بێدەنگییەکی کورتدا کە بۆ من ساڵێ درێژ بوو لە تووڕەییدا چاوەڕوانی وەڵام بوو. " لە جادووی خۆ بێدەنگکردن و خۆمەڵاسداندا، بۆ ئەوەی جادووەکەی کار لەمن بکا و ترسی ناچارم بکا دان بە نیازەکانمدا بنێم".

لەو نێوانەدا بێ ویستی خۆم، تێگەیشتم کە لە نەوتن و بێدەنگی و بێ فەرمانی دەترسێت، ئەمەش نیشانەی یەکەمی لاوازی ئەو و سەرکەوتنی من بوو لە یەک کاتا کە کەس باوەڕ ناکا. بیرم تەنها لەسەر ئەوە چەقی، کە هیچ وەڵام نەدەمەوە، چونکە مەرگ لە ژوور سەرمەوە لایلایەی بۆ دەکردم، ئەم نیشانەیەش دیار بوو لە بیرۆکەی باوکمدا دەرکی پێ نەکرابوو پێشتر بیرم لای وەسییەتنامەکە بوو کە چۆن ببمە خۆرەی ئەو.. تا بتوانم

بەسەریدا زاڵبم؛ نەک لەناوی بەرم.. چونکە من حەز ناکەم کەس لەناوبەرم، رێگەش بە کەس نادەم لەناومبەرێت. ئەگەریش پلانی لەناوبردنم لە خەیاڵدا بووبێت، تەنها مەبستم ئەوە بووە کە لە خۆمی دوور بخەمەوە. ئێستا کە لەبەردەمی دوو پیلاندا ئازار دەچێژم.. بیرم لەمە دەکردەوە. یەکەمیان ئەوە بوو؛ کە سەگەکە بمخوات و نەجاتم بێت. نازانم چۆن نەمانی من دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو!؟ چونکە من دەمەوێ سەرەڕای ئەوەش کە دەبمە قوربانی.. بە ئاگا بم لە چارەنووسی مان و نەمانی خۆم و ئەویش. پلانی دووەم؛ ترسی ئەو بوو، کە بۆ یەکەم جار هەستی بە بوونێتی منی بەسەردا سەپاند، هەستم دەکرد سەنگم هەیە لە بەرانبەر ئەو سەگە پۆلایین ئەفسانەییە گەورەیەدا. خۆ تەنها بەناو سەگ بوو، دەنا ئەوەی لە دوورەوە چاوی پێدەکەوت وایدەزانی کەمتیارە یا دەینەسوورە، هێندە زل بوو. لەرز گرتبوومی لە ترسا، ددانەکانم چەقەی دەهات، چۆڕ چۆڕ میزەچۆڕکێم بوو.. چونکە کەڵبەکانی لێ تیژکردبوومەوە و مۆڕە مۆڕی بوو، چنگیشی وەکو داس لەسەر پشتم گیر کردبوو، تێی خوڕیم و بە ئاگای هێنامەوە و شانی زامارکردم. هەستم کرد نایەوێ یا ناوێرێ بمخوات، وابزانم باوک و باپیری خواردبووم!.. من دەڵێم خواردوونی چونکە کەس گەواهی ئەوە نەبوو کە شتێ بە قوڕگی ئەم سەگەدا چوبێتە خوارەوە.. یان دەمی بەر هیچ زادێک کەوتبێ، هێندەی من بزانم! بۆیە هەستم کرد زەبری چەکی بێدەنگی لە زەبری ئەتۆم زیاترە، لەوێدا ،

بێدەنگی وەک دەڵێن ئاڵتوونە. ئەو بێبەزەیی و خوانەناسە لە قینا وەک پشکۆ سووور داگیرسا. دایکی داماوم بە بینینی ئەو حاڵەت و مۆڕانە لەوەدەچوو گیانی لەدەستدابێ، بەڵام مەرگی دایکم نامترسێنێ بەڵکو چەوسانەوە زیاتر هانم دەدا دوای ئەنجامی بکەوم و هیچ نەڵێم.. چونکە سڕی بوون و مانەوەم؛ لە وەڵام و ئاخاوتندا پەنهانە. زۆری نەبرد، بۆ یەکەم جار تاڵێکی درێژی وایەرئاسام بینی لە تەپڵی سەرییەوە درێژ بووەوە، یەکەم جاریش بوو بە زمانێکی نامۆ کەوتە ئاخاوتن کە پێدەچوو پەیوەندی بە دەرەوە یا جیهانێکی باڵاترەوە هەبێت!.. پێدەچوو داوای یاریدە بکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی من نەکا تێبگەم؛ پشتی تێکردم.

کەمێ هۆشم بەبەردا هاتەوە.. بەدوای چارەی دەستوبرد و رزگارکەردا دەگەڕام، هیچم بە بیردا نەدەهات، توومەز ترس رێگەی نەدەدام، هەندێ جار مرۆڤ لە ژێر زەبری ترسا هێڵکەی زێڕین دەکات بەڵام لەو سەرقاڵییەی ئەودا ترس هاوەڵم بوو، هەستم کرد بە گوێمدا، بە ناخمدا دەچپێنێ و ناچارم دەکات خۆم ببورێنمەوە یا خۆم بکەم بە مردوو، بە جۆرێ گەر گڕیشم تێبەردا بێدار نەبمەوە. بۆیە بەبێ ئەوەی هەست بە زیرەکی پلانەکەم بکەم، خۆم کرد بە مردوو یا لە هۆشخۆم چووم، لە هەمان کاتدا هەردوو چاووم نوقاندبوو، خۆم لە زەویدا تەخت کردبوو، هەستم کرد دەنگێ یا هەستێ بەناخم دەگات و ئافەرینم دەکات. لەپێشدا وامزانی دەنگی باوکمە.. بەڵام لە پاشدا تێگەییم کە دەنگی یەکێکە لە مەڕە شەهیدەکان، مەڕێکی بێ سەر کە

هێشتا گیانی زەویی بەجێ نەهێشتبوو لەولای ئێمەوە لە هەیکەلی شەبەحیدا خەریکی نۆشینی گیای هەوایی یا خەیاڵی بوو. فێری زمانیش ببوو. لە راستیدا لە جیهانی گیاندا هەموو گیانداری توانای ئاخاوتنی هەیە.. بۆیە مرۆڤانە ئافەرینی منی دەکرد چونکە ستەمدیدە بوو.. ستەمدیدەش واز لە مافی خۆی ناهێنێ، مەرگ تەنها لەشیان ڕاپێچی فەوتان دەکات.. بەڵام حەق گیانیان زیندوو دەهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی بە مان دەگەن! ئەمە سرووشتی بوونە لە تەرازووی گیاندا.. مەڕە مردووەکانی هەموو ئاواییم هێنایە بەرچاوی خۆم تا دەربازبم لە بیرکردنەوە لە سەگەکەم؛ خۆم گێلکردبوو وەکو کەڕەی شەربەت، بەر لە هەر شتێ کونە گوێچکەی خۆمم بە خەیاڵ بە قیر و زفت خنیبوو، چاویشم داخستبوو دەتگوت بزمارڕێژکراوە. لەم کەین و بەینەدا، هەستم کرد سەگەکە بە ژوور سەرمەوەیە.. هەستم کرد بە دەنگی باوکم بانگم دەکات، پاشان بە دەنگی دایکم، پاشان بە دەنگی مرۆڤێکی لەوان خێرمەندتر، پاشان بە دەنگی جەللاد ـ ئنجا بەدەنگی ئەفسەرێکی دەم هەراش، هیچی سوودی نەبوو، بێدەنگی من نەجات بوو، چەک بوو، بە بیرمدا هات ئەگەر بکەومە ناو قەپۆزیەوە چی روو ئەدات و کۆتایی بەسەرهات بە کوێ دەگات.

سەگەکە بێ ئۆقرە لە دەورم دەهات و دەچوو. هەستم کرد ئەگەر بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی خۆی وەڵامی بدەمەوە دەشێ بتوانم بیترسێنم، چونکە بوونەوەر لەم سەرزەمینەدا بێ ترس

نییە، تەنها ترسیشە ئێمەی گەیاندووە بەم قۆناغە لە ژیانماندا، ترسیش ناچارمان دەکا بەرگری هێندە نەخۆشانە لە دەوری خۆمان کەڵەکە بکەین تا نغرۆ دەبین و لە ئەنجامدا لە بەرگریدا دەمرین.. یا لە ترسا!.. دەشیا لە دەنگم بترسیّ، بەڵام ترسانی ئەو مانای زاڵبوونی من نییە، چونکە دەتوانیّ زەفەرم پێبەرێت، هەستم کرد هەڵوێستم لە هەڵوێستی حوشترە مەل یا کەو دەچیّ، تەنها نەبینینی راوچی گەواهی نەبوونێتی. وا خۆمم دەهاتە بەرچاو. چیبکەم باشە؟.. ئەها !.... تێگەیشتم .. تا ئەو کاتە مت و بیّ ورتە بم؛ نامخوات.. ناخورێم!.. نامخوات، تەنانەت ئازاریشم نادات چونکە بوونی ئەو لە 100% نەکەوتووەتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە.. بۆیە هەستم کرد تا ئەو کاتەی ئەو لە گومان و بیّ چارەسەریدا بێت من دەمێنم و ژیانم نیوەناچڵ وەک دەڵێن پەنجا بە پەنجا پارێزراوە.. تا ئەو کاتەی ئەو چاوەڕیّ بێت منیش کاتم هەیە بژیم یا چاوەڕیی مردن بم!.. هێشتا بیّ چارە خۆم دەبینی، لە بیری ئەوەدا بووم ببم بەخۆرەی یا نەبم؟!.. خۆم بتەقێنمەوە بە سەریدا، دوای وەڵام یان نا؟! وەڵام بدەمەوە یان نا؟!. ببم بە پاروو چاوەڕوانی هەڵلوشینی خۆم بم یان نا ؟ باشە چۆن؟ خۆ ئەوەتا وەکو مەیت راکشاوم و نامخوات، عەیبی ئەم سەگە ئەوەیە هیچ ناخوات، تەنها فێری لەناوبردن و تەفروتووناکردنە، وەک ئەوەی ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی بێت کە ئاڵای سادیزم بکا بە رابەری بوونی.. وەک ئەوەی نهێنی مانەوەی ئەو لە لەناوبردن و قڕکردندا بێت. دەشیّ چونکە گومان و ترسی لە

بووندا هەیە، وەک ئەوەی بەپێی داخوازییەکی سەروو سرووشتی ئاشووبگێڕی بکات.. باوەڕیش ناکەم گفتووگۆ یاریدە و چارەسەر بێت بۆ دوور خستنەوەی لە خۆم یا عێلەکەم.. چونکە ئەو وەڵامی بۆ رەفتارەکانی خۆی نییە.. ئەو خۆی بە زاڵ و کەڵەگا دەبینێ و لە خۆی رادەبینێ فەرمان تەنها هی ئەوە، ئەگەر هەموو داواکارییەکانیشی بەجێ بێت، ئەوا هێشتا وەک هەڕەشەیەک وایت بەرانبەری و بەرەو رووت دەبێتەوە.. ئەگەر فێری بکەیت و تێی بگەیەنیت کە ئەم سیفەتانە لەودا ئیستبدادیەیە و دیکتاتۆری و دەسەڵات فرۆشی‌یە ئەوا هەر تێناگات، چونکە سەگ مرۆڤانە لە خۆی و رەفتاری خۆی ناڕوانێ. دەشێ بیرکردنەوەی ئەو لە سەروو بیرکردنەوەی لۆژیکی و مرۆڤانەوە بێت!.. "چی بکەم باشە خوای گەورە؟.. دە وەرە هانام، بەندە زەلیلە و ئەم بەڵایەم لێ دوورخەرەوە".. لە قووڵایی دڵمەوە بۆ یەکەم جار چەند جارێ ئایەتولکورسیم خوێند و لەو کاتانەدا کە ئەو رای لاسلکیی دەگۆڕییەوە، فووم بە دەوری خۆمدا دەکرد، گیانێکم بەو دوعایانە بوو دەنا هەڵدەوەشام و دەتلیسامەوە لە ترسا، خۆمم بێ چارە و داماو و گێل و نەزان دەبینی، پێموابوو ئەگەر ئەو کۆڵ نەدا من بۆ ماوەی چەند دەقیقە یا چەند سەعات یا چەند رۆژ دەتوانم تەمسیلی مردن بکەم؟!.. خۆ ئەو سەگە؛ هەڵبەتە کەر نی‌یە و دەزانێ من هەناسە دەدەم و نەمردووم، دەشێ وابزانێ مردووم؟! هەستم کرد یارییەکی منداڵانە دەکەم و یارییەکەشم زۆر ناخۆشە بگرە کوشندە و

تۆقینەرە، هەستم دەکرد وەکو سەردەمی منداڵیم بچوکم و بەبێ چارەیی لە چنگی هەراس و دەعبای دڕندەدا گیرم خواردووە، هاوار و زریکەش کەسم ناهێنێتە فریاد، ئاواییش قڕ بووە لە مرۆڤ، دایکیشم پێدەچێت مردبێ، یا زراوی تەقیبێت یا سەرگەرمی هەمان یاری من بێت!.. هەستم دەکرد مناڵم و خەو دەبینم، ئەم دۆخەی کە تیایدام بە منداڵی بە خەون بینیومە، هەستم دەکرد ئەم بابەتەم بە چیرۆک خوێندۆتەوە و پێشتر بەسەرم هاتووە!..

بۆ نەگبەتی مریشکێکی سەرشێت و نەخۆش و گارەگارکەریش لە ژوور سەرمەوە هەراسانی کردبووم، وەک ئەوەی بیەوێ هێلکە دابنێ و پێدەچوو من لە جێگەی شوێن نیازی ئەودا یا لە کولانەکەی ئەودا خۆمم تەخت کردبێت، هەستم کرد مریشکەکە واز لە مافی خۆی ناهێنێ و جێگەم پێ لەق دەکا و لە کولانەکەی خۆی وەدەرم دەنێ!.. سووریش بووم کە جێگەکە کولانە نییە، بەڵام مریشکەکەش دوچاری نەخۆشی دڕیی هاتبوو، پێدەچوو کاری تێکرابێت. زۆری نەبرد مریشکەکە هاتە سەر سکم، باش بوو نەچووە سەر خوارتر دەنا کەشف دەبووم!.. بە دەنووک و چینەکردن دەیویست جێگە بۆ دانانی هێلکەکەی خۆش بکات، بۆ؟.. نازانم.. بەڵام ترس کردبوومی بە پاڵەوانی تۆقیو، کتومت لە تۆقیو دەچووم بە جۆرێ کە بەرگەی هەر شتێکم دەگرت، کاری راست بێت مریشکەکە زۆری نەخایاند هێلکەکەی کرد و لە ئازاری دەنووک و چنگەکڕێ نەجاتم بوو.. هەستم کرد ئەمە

هێمایەکە یا نهێنییەکە لە جیهانی گیاندارانەوە وەک پەیام بە من دەگات. واتە لە جیهانی گیانیی گیاندارانەوە بۆ من ئاراستە کراوە. هەستم کرد کە گیاندار دەتوانێ ببێتە هۆکاری سرووش بەخش بۆ رووبەڕووبوونەوەی دژواری بە تایبەتی بۆ کەسانێ کە باوەڕیان پێی هەیە.. دەنا خۆ ئەم مریشکە لە ژیانیدا هێلکەی نەکردووە، بگرە درۆ و بوختانم بۆ نەکردبێ جاران "نێرەمووک" بوو. بۆ خۆی لە من کرد بە مریشکێکی رەسەن و هێلکەکەر؟!.. سەگەکە لەوپەڕی تووڕەیی و بۆڵەبۆڵدا بوو، فرسەتێکی کتوپڕم چنگ کەوت و چاوێکم بە ئاستەم هەڵبڕی، هەستم کرد قەپۆزی سەگەکە بە ژوور سەرمەوەیە و دەمی داپچڕیوە تا بە کەڵبەکانی سەرم بقرتێنێ، قەپۆزی هێندە گەورە بوو نەک هەر ناو دەمی بگرە ناوی ناوەوەییم بینی. سەیرم کرد ناو دەم و قوڕگی پۆڵاییە، رەنگی لە ئاسنی سوتاو دەچوو، دەتگوت لە بەر چاومدا شکڵی خۆی گۆڕیوە یا پێدەچوو بەر لەو کاتەش من بێ ئاگا بووبم لەوەی کە بە درێژایی ئەو ساڵانە سەگەکە خاوەنی باوکم بووبێت، یا پاش کۆچکردنی، سەگەکەی بۆ منیش مایەوە و بووە خاوەنی منیش؛ هەرگیز نەموێراوە سەیری بکەم کە ئەمە رەنگ و بۆی سەگێکی پۆڵاییە و دەستکردە، واتە خۆماڵی و بێگانەش نییە، بگرە تەنها پۆڵاییە، ناچار زیاتر چاوم داپچڕی، وایەری زیاتر و تەلی ئەستوور و باریکی زۆرم بینی لەناو قوڕگیدا کە لە تاریکایی ناو دەمیدا دیاربوون بە جۆرها رەنگی سوور و قاوەیی و شین وزەرد..

لەوەدا بوو قووت بدرێم و ببمە خۆراکی.. لە خۆوە مریشکەکەم هاتەوە یاد، بەدوایدا هێلکەکە، نەمزانی کامیان زیاتر شایەنی بیرلێکردنەوەیە، هێلکەکە یا مریشکەکە؟!!. نائیرادی پڕم دایە هێلکەکەی سەر سکم و هەڵمدایە ناو دەمی سەگەکەوە، بە دوایدا تێگەیشتم کە ئەو هێلکەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستە دانراوە لە سەر سنگم، ئەگەر چی هێلکەکەش هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەسا و مڵ وبڵ بوو، واتە دەڵەمە بوو، دوای ئەوە راستەوخۆ لە چاوتروکانێکدا سەگەکە بە پەلەقاژێ لەمن دوورکەوتەوە و بە نیازی هەڵهێنانەوەی یا توڕدانەوەی یا رشانەوەی هێلکەکە کەوتە کرخە کرخ و کۆکە کۆک، بەڵام هێلکەکە لەبەر نەرمی توێکڵەکەی زوو دڕابوو و سپێنە و زەردێنەی بەناو گەرو و گەدەیدا پەرش ببوو، توانای هەڵهێنانەوەی نەبوو. سەگەکە سەری لێشێوا و تاسا، زەلیل و بە دەوری خۆیدا دەسووڕا، هەستم کرد دەیەوێت کلکی خۆی بگرێت، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون، لە چاوتروکانێکدا گوێم لە دەنگی قرچە قرچ و لێکدانی وایەر و شتی لەو بابەتە بوو بۆکڕووزی لێوە دەهات و دوکەڵ لە دەم و کونە لووت و گوێ یەوە تاوی دەدا و پارچە گڕ لە دەمی دەردەپەڕی، کەمێ ترسم رەویەوە، چونکە هەستم بە کەمترین زاڵبوون کرد. وەک پاڵەوانێکی عابس سەیری فیلمێکی کارتۆن بکات وەها خۆمم دەبینی، فیلمێ کە لە بەرچاومدا بەڕاستی دەمبینی و هەستم دەکرد پێشتریش بینیومە!.... چی لە تۆ نهێنی بێ، زۆری نەبرد سەگەکە

وەدەرکەوت و من و مریشکەکەش هەڵەداوان بە دوایدا، پاش کەمێ هەڵتیزان بە دەوری حەوشەی ماڵەکەدا پارچە گڕ لە گشت کونێکی لەشییەوە جمەی دەکرد وەک فیشەکە شێتە پرتەی دەکرد، پاشان بە هەموو لایەکدا تەقییەوە و پارچە پارچە بوو.. منیش واق وڕماو، دوور لە مەیتی دایکمەوە سەیرم دەکرد و باوەڕم نەدەکرد، چونکە چاوەڕێ بووم هێشتا ئەوەی باوکم بۆی نووسیبووم بێتە دی و ببمە خۆراکی ئەو.. کەمێ لە ئازایەتی و بەجەرگی خۆشم دڵنیابووم، چونکە دەمزانی گەر پیاو خاوەنی مریشکێکی وەها نەزۆک بێت؛ ئەوا هەزاران سەگی پۆڵایی و بگرە لەویش گەورەتر دەتەقێنێتەوە. نەمدەزانی ئەوە هێلکە بوو یان قوونبەلە! نەدەچووە عەقڵمەوە باوکم بە هەڵەدا چووبێ و وەسییەتنامەی هەڵەی بۆ من نووسیبێ؟! یان پێدەچوو لە لایەن سەگەکەوە دەستکاری کرابێت، لە هەمان کاتدا هەستم کرد مریشکەکە لە باوکم چاو نەترستر و ژیرتر و دڵسۆزترە، بگرە مریشکەکە قارەمانە. لە وانەیە تۆ هەر لەخۆتەوە دژ بەمە بوەستیت و بڵێیت نەخێر هێلکەکە قارەمانە یا قارەمانتر بوو لە مریشکەکە، بەڵام من دەڵێم مریشکەکە قارەمان بوو، چونکە عاقڵی مریشکەکە و داهێنانی ئەو بووە هۆی چارەسەر، ئەگەرچی هێلکەکە چارەسەری سەرەکی بوو، بەڵام بێ مریشکەکەش نەدەبوو، وەک وتم مریشکەکە لە خۆیدا نەزۆک بوو، نێرەمووک بوو!!.. پێدەچوو مریشکەکە ساحیر بێت، یا مریشکێکی سەردەمی زێڕین بێت و توانای لە رادەبەدەری

هەبێت! یان پێدەچوو هەموو گیانلەبەرەکانی ئەم سەردەمە بەهرەدار بن بە هەر هونەرێکی لەناوبردن، بە غەیری مرۆڤی کورد! دەشێت! بۆ نا!؟ تەنها مرۆڤی کورد لە پێشەوەچووندا چەقیوەو لای ئێمە هێشتا مرۆڤ خەریکی ترخێنەو تەڕەساس و تەڕەماش و بنێشتەتاڵە.. خۆ لەمەزیاتر بەولاوە شتێکی تر داناهێنین؛ مەگەر سابوونی ڕەقی!.. نەخێر نە مریشک نە هێلکە، بەڵکو چارەنووس ئەم کارەی ئەنجام دا چونکە سەگەکە دەستکردی چارەنووس بوو. چارەنووس- کە من و تۆ و باوکم و مەڕ و ماڵات و دێ و وڵات و جیهان و ژیانیشی درووستکردووە،چارەنووس.. بۆ ئەوەی ژیان وەها بەڕێوە بچێت، چارەنووس مەبەستی هەیە لە خولْقاندنی ڕووداوەکان، دەشێت چارەنووس هاوبەشی نان خواردن و پێشئاویشمان بێت، هاوبەشی گیانمان بێت. دەشێت چارەنووس لەگەڵماندا بنوێت و هەناسەش بداو بژی! کێ دەزانێت!؟ من لەیەک شت زۆر دڵنیام ئەویش ئەمەیە کە شتە نەمرەکان، بەها بەرزەکان، ئەو رەگەزانەی مرۆڤایەتی دەلاوێنن، مادە نین، لەوەش زیاتر دڵنیام کە چارەنووس بە شەڕ دەوێرێت، چونکە خۆی درووستی کردووە. شەڕ شتێکی یا هەڵوێستێکی درووستکراوە، ئەگەر پێداگری لە دڵنیاییم بکەم ئەوا دەوێرم بڵێم : کە چارەنووس چاکەی خۆش دەوێت؛ بەڵام لە پاڵەوان بازیدا کەم یاریدەیە، چونکە دڵنیایە کە خێر باوەڕی بە نانەوەی شەڕ وکێشە نییە، بۆیە تا رادەی یەقین چارەنووس دڵنیایە لە مانەوەی چاکە. دڵنیابن

لەوەی کەمن بە مەبەستی ئاشووب و تەقاندنەوە و لەناوبردن هێلکەکەم نەنایە ناو دەمی سەگەکەوە. نەمزانی کە مریشک دەتوانێت هێلکەی بۆمبا و نارنجۆکی بکات! پلانی لەناوبردنی ئەو لە بیرمدا دەژیا، بەڵام دانەڕێژرابوو، ئاکامی ئەو کارەش دەخەمە پاڵ چارەنووس، چونکە من هێندە لێوەشاوە نیم لەگەڵ گیاندارێکی دڕندەی بێ گیاندا کێشمەکێش بکەم، چونکە دەتوانم بە پەیوەندی نەکردن ئەو لە خۆم تەرە بکەم. چوونکە من هەمیشە پشتم کردۆتە شەڕ.. هەمیشە ڕووبەڕوی نەبوومەتەوەو خۆمم لەو لاداوە.. لە مرۆڤ بە دواوە لە هیچ بوونەوەرێکی بێگانە ناترسم.. حەز ناکەم کەس ناچاری ترسان و کوشتنم بکات چونکە ئەو خواستەم بۆ کەس نەویستووە. ئەوەی دڵم دێشێنێ ئەمەیە کۆی ئاواییەکانی تر ئەم سەگەیان دەپەرست، ئێستا خەمی ئەوەمە تاوانبار بکرێم، تۆزێک لەمەو پێش هەستم کرد جیهان لە دەعبایەک رزگاری بووە!.. نەخێر جگە لە من کەسی تر لەو ترسە رزگار نەبووە. من زۆر چاک دەزانم ئێوە هەمووتان، مرۆڤی خەڵکی ئاواییەکەی منیش، بگرە خودی سەگەکانیش یا خەڵکی گێتی بە گشتی، هەر یەکە و سەگێکی وەهایان هەیە، هەر یەکە و بە جۆریک لە دەستی سەگەکەی خۆی دەناڵێنێ. هەیە بە میراتیش بۆی ماوەتەوە خۆی پارەی پێداوە یا بە ویستی خۆی سەگی وەهای هەیە واتە دەشێ لە خەیاڵتا هەبێ!.. بەڵام تەنها من نەفترەتم لەو بوونە کرد چونکە راستەوخۆ دوای زاڵبوون بەسەر ترسا، دووچاری دیدێکی نوێ بووم، ئەگەر بێت

و ترسم بشكێ و بەسەر ئەم دوژمنەدا زاڵ بم چی روودەدا و خەڵک و خوا چۆنم هەڵدەسەنگێنن، دەستوبرد تێگەییشتم کە کەس شانازی بەو کار و کردەوەیەی منەوە ناکات، ئەگەر ئەم کارەی من قارەمانێتی بێت یا بەدکاری، بێگومان چاولێکەر زۆر دەبوو، ئەگەر چی من پێویستم بە شاباش و شانازی خەڵکی نییە. من لەو باوەڕەدا بووم کە سەگەکەم بۆی نییە ببێتە مایەی ترس لە سەر من و ژیانی ئاوایی و دایکم تاڵ بکات، دەشیا بە دوای مندا هەمان کار لەگەڵ دەوروبەری دوورەدەستیشدا بکات. پێویستە مرۆڤ بە تەنگ ریشەکێشکردنی ترسەوە بێت چونکە ترسان زۆر شت فێری مرۆڤ دەکات، بەڵام چەند دەروازەیەکی بە نرخ و پیرۆزی لەسەر دادەخات و ژیانی ناهەموار دەبێت گەر تەسلیمی ترسان بێت! چونکە مرۆڤی ترساو خاوەنی تەندروستی نییە. ویستی من رێگەم نادات سەگ پەیامبەر و دادوەر و بەڕێوەبەرم بێت، بۆیە کاتێ دڵنیابووم لەوەی کە خاوەنی ویستی خۆمم بڕیارم دا بە سەر ترسدا زاڵبم واتە بە سەر سەگەکەما بەڵام مەبەستم نەبوو بیکوژم.. چونکە مرۆڤی خاوەن ویست باوەڕی بە نەمرییە، لە نەمرییدا چارەنووس بە گەورەیی خۆیەوە، بەو دەسەڵاتەوە ئاوێتەی ویست دەبێت و خۆی بەو جووت دەکا. ئەوەی کە هێستا زیاتر تووشی سەرسوڕمانم دەکا ئەم پرسیارە کۆنەیە:" ئایا بۆچی ئەوەی خاوەنی هێزە؛ مەیلی بەدبەکاربردنی دەکات؟" چی دەبوو سەگەکەم کە لەمن بەهێزتر

بوو چاودێر و یاوەر و هاوڕێ و بەلای کەمەوە بێوەی بوایە؟ وەک باوکێ دەربەستی رۆڵەکانی بوایە؟..

کات درەنگە، دوای نیوەڕۆیە، گوێم لە تەپە تەپە لە دوورەوە. هەست بە هاتنی خەڵکی ئاواییە دوورەکان دەکەم، ئەوانەی کە جادووکارن و ئەم جۆرە سەگە پیرۆز دەکەن و دەیپەرستن. ئێستا بە دوای پلانی چارەسەردا دەگەڕێم بۆ کارە خۆ نەویستەکەم، تا ئاشکراتر نەبم، تا لە تۆڵەی ئەو کارەمدا هەلا هەلام نەکەن، دەیانبینم دێن لە ئاسۆیەکی تاریکەوە، لەو پەڕی دێوە، بە سواری کەڵە سەگی گەورەی وەک سەگەکەی میراتیم بەرەو لای من و بەرەو ئاوایی دێن. تۆ بڵێی نەمکەن بە تێشوو!؟.. تۆ بڵێی هەموو شتێ نەزانن؟

نادڵنیا سەیرێکی مریشکە نەزۆکە فڕوج شێوەکەم کرد.. پاشان مریشکەکەم گرتە باوەش و چاوەڕوان بووم، کەمێکیش پێم دەلەرزی، دڵنیابووم و دوودڵیش لەوەی کە کەرامەتی مریشکەکەم هانم دەدا هەڵنەیەم و بەرگە بگرم.. کۆسپێ، تەنها کۆسپێ کە هەستی پێ دکەم ئەمەیە کە لە راستیدا مریشکەکەم نەزۆکە و دەترسم هەل ومەرجی تری بۆ نەڕەخسێ هێلکەی بۆمباشێوەی ترم بۆ بکات لە پێناوی بەرگریکردنمدا، بەڵام دەشێ ترس ناچارم بکات خۆم ببمە هێلکە کەر !!

تەپ و تۆزە.. ڕێگاکان تاریک دەبینم.. گوێم لە قاغەی قەل و حەپەی دەگ و لوورە لوورە... دێن ، بەرەو ئێرە دێن و گوێم لە

حەپە حەپیانە، گوێم لە هاوار و نەعرەتەی شەڕێکی نەویستە، من باوەڕم بە شەڕ نییە، هەست دەکەم پێویستە تیۆرێکی نوێ بەدیبێنم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی ئەوان.. تۆ بڵێی هەموو کەسێ لە زاتی خۆیدا؛ لە دەروونی خۆیدا بتوانێ شەڕێکی ویژدانی لەگەڵ خۆیدا بکات بۆ لەناوبردنی ئەو سەگە هارە دەروونییە؟.... ئاخر ئەو سەگە ژیان لە مرۆڤ و ژینگە هەراسان دەکات!

## ویستی یەزدان

( ئەم سەرمایە کوشندەیە، بۆ کوێ بچم؟ سەرمامە، برسیمە، ماندووم، خەوم دێت، تەنها ژیان و خۆشی ژیان ناچاری کردووم پەنا بێنمە بەر ئەم کەلاوەیە و جەستەی بەستووم لە هێرشی بە تینی سەرما بپارێزم.. سەرما و کڕیوە دارکاری یەکە یەکەی خانەکانی لەشم دەکا.. گولەبارانە، تەقەیە، گڕی گولەی وێڵ خۆی بە هەر دار و دیوارێکدا دەدا، نازانم بۆ گولەیەک بەر

ئەم تەختەو دارانە ناکەوێت لەم کەلاوەیەدا و گڕیان تێبەر بدات!.. تۆ بڵێی ئەمشەو کڕێوە پیلانی بۆ مەرگم دانەنابێ؟!).
ئەم شتانەی بە بیردا دەهات کاتێ کە بەفوو دەستەکانی خۆی گەرم دەکردەوە، لاوێکی هەرزەکار و بێ دایک وباوک، لەماڵی یەکێ لە مامەکانی چاودێری دەکرا.. بەڵام ئەوشەوەیش هەر وەکو زوربەی شەوەکانی پێشووی لەماڵ دەرکراوە چونکە مامی لێی توووڕە بوو. لە تاریکی ئەو شەوەدا بەبێ ویستی خۆی سەرما و بارانی بە خوڕ نەیدەهێشت چاوی بچێتە خەو. وەک ئەوەی سەرما جێگەی مامی لەو گرتبێتەوە.. زۆر مەیلی بوو کتوپڕ فیشەکێ هەناوی بپێکێ.. زیاتر لە دوو سەعات بە شەوگەڕی؛ بەر لە چوونە ئەو کەلاوەیە، لەو فەرتەنەی تەقە زۆرەدا هات و چوو؛ بەڵام هیچی لێ نەهات و گولەی وێڵ بۆ ئەو نازڵ نەبوو. خۆی سست و لاواز دەبینێ لەبەر هەڵمەتی کڕێوەی شەودا. زۆری نەبرد دەنگی تەقە و گڕی فیشەک خامۆش بووەوە، تەنیا بێ دەنگی باڵی بەسەر تاریکی و کۆڵانەکاندا کێشا، بۆ کورتە وچانێ دەنگی بارانیش کڕبووەوە.. دەنگێک ئەوی راچەناند و ترساندی: " کوڕم ئەوە چی دەکەی لەم کڕێوەیەدا؟ لەم کەلاوەیەدا؟" . وەک ئەوەی لە تاریکی بێتە دەرێ، ئەگەرچی مەترێ لە جێگەی خۆی بە حەوادا راچەنی؛ بەڵام وەڵامی بە : نازانم! دایەوە .. پاش کەمێک وەستان، ووتی: هیچ جێگەیەکی تر شک نابەم، کەسم نییە، نازانم چی بکەم. کابرایەکی نورانی ریش سپی بینی، پاش وەڵامدانەوە..

ئەوی بینی کە جلوبەرگی وشک بوو، وەک ئەوەی هەر ئەو کاتە لە وێدا لە دەرگایەکی خەیاڵییەوە هاتبێتە دەر. ئەگەر چی هەموو شتێ لە تاریکی شەودا پایەدار بوو، بێئەوەی لاوەکە هەست بکات، ئەو کەلاوەیە رووناک بووەوە، بابای پیر لە دەنگی دا دڵنیایی و نیازپاکی دەبەخشی، بە کوڕە لاوی فەرموو کە ماڵی ئەو کراوەیە بۆی و مایەی شانازی دەبێت گەر ببێتە میوانی. فەرمووی: وەرە لای باپیری خۆت. دەنگی مامەی پیر و مەیلی نیشاندان بۆ چاودێری کردنی بەڵێن؛بە بێ هەستکردن بە نەنگی و کەمی، ئەویان لاواندەوە.. وەک ئەوەی ویستێکی باڵایی دڵ و دەروونی شتبێتەوە لەبەر ئەو بارانەدا.. هەستی کرد پێویستە وەدووی پیرە بکەوێ و لە ماڵی ئەودا بە لای کەمەوە ئەو شەوە خۆی گەرم بکاتەوە. چوونکە تەلیسمی پیر هێندە خێرخوایانە بوو، کە نەیتوانی گەردێک خەوش لە کەرامەتیدا ببینێت. بۆیە نەک هەر ئەو شەوە، بگرە شەوانێ، رۆژانێ، مانگانێ لەگەڵ ئەو بابا پیرەدا، پیری ریش سپی، مایەوە و پێکەوە ژیانیان دەژاند، پیرە ناوی پیر کاکل بوو، بەڵام ئەو لەیەکەم کاتەوە بە مام خدر ئەوی بانگ کرد، مام خدر لە دەرەوەی شاردا لە کونجێکدا دەژیا بێ پەیوەندی و بێ کەس و کار. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ـ بەڵێن ـ ی لاو لە ماڵی ئەودا ژیا کەسی نەدی بێتە میوانی و تێ نەگەیی رزقی یا قووتی ئەو کابرایە سەرچاوەی لە کوێوەیە و چۆن دەژی، چونکە هەمیشە خۆراکی ئامادەی هەبوو، هەمیشە بەرماڵی راخراو و سەرگەرمی زکر و

تەریقەت و خواناسی بوو، لە ئەولیا دەچوو. بەر لەوەی بەڵێن بە ویستی خۆی یا لە ترسا ئەو ماڵە بجێ بهێڵێت، بێ ئۆقرە و هەراسان بوو، هەمیشە دیمەنێکی کە پێشتر بینیبووی دەهاتەوە بیر و بەر چاوی، لە گەنجینەی ماڵی یەکێ لە خاڵەکانیدا، لە شەوێکی میوانداریدا لە ناو پەنجەرەی ژووری گەنجینەی ماڵی خاڵی دا، بابایەکی بستە باڵای پیر و ریش سپی و چەماوە کە چرایەکی لەدەست بوو، لە پەنجەرەی ئەو ژوورەوە کە ناویان نابوو گەنجینە هاتە دەرەوە و بەرەو جێگەی دەست شتن چوو، دەستنوێژی گرت و پاشان فانۆسەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە ناو پەنجەرەکە کە لە شێوەی تاقدا بوو، بەڵێن ئەو پیرە غەیبی یە نامۆیەی بە چاوی خۆی بینیبوو نەک جارێ، بەڵکو دەیان جار کاتێ کە دەچوو بە میوانی ماڵی خاڵی بەڵکو شەوانە خەو نەدەچووە چاوی تا ئەو دیمەنەی نەدیایە، ماڵی خاڵیشی دانیان بە بە بوونی یا هەبوونی شەخس-دا نابوو لە ماڵەکەیان دا و دەیانزانی ئاخاوتنی بەڵێن دەربارەی پیری خێرخوازی غەیبی لە ماڵەکەیاندا راستە، لەبەر ئەم تاکە هۆیە زۆر حساب و کیتابی بۆ پیر کاکل یان مام خدر دەکرد کە شیاوی ئەوەی لێ دەکرا کەرامەتێکی غەیبی بێت!.. خۆی ناچار دەبینی بەڵێن؛ هەمیشە ترسێکی بە شکۆ لە دەروونی دا بوو و لە شکۆی ئەو پیر خدرە دەترسا.. ترسانێکی بەسام. هەمیشە بیری لە هەڵاتن و دەرباز بوون دەکردەوە.. شەوێکیان بڕیاری دا کە دواشەوی بێت، لەگەڵ زەردەی بەیان دا نیازی بوو ماڵی پر خدر بەجێبێڵێت،

لەبەر خۆیەوە بەر لە نووستن بە دەیان جۆر پیلانی هەمەڕەنگی دادەنا بۆ دەربازبوون لە پیر خدر، چونکە بەڵێن زۆر لە کەرامەتی ئەو دەترسا، ئەو لەلای زاتێکی پیرۆز و سامناک بوو.. بەدەم خەیاڵ پڵاوی لاوی یەوە چاوی چووە خەو ئەو شەوە، لە خەونیدا، خۆی بینی نزیک لە توونی حەمامی ماڵی پیر خدرەوە دانیشتووە، هەڵبەتە دیواری حەمامی ماڵەکە کە پێدەچوو بە پەرەمێز حەمام گەرم بکەن رەش ببوو بە دوکەڵی ئاگر، هەڵبەتە لە راستیدا بەڵێن بە خەو خۆی لەوێدا بینی، لەسەر کورسی یەک دانیشتبوو، دەستێ بەرگی بۆنخۆش و پۆشتەی لەبەردابوو، لە  رۆژێکی خۆرەتاودا، لە ژێر سێبەری دار هەنجیرێکدا خەریکی خوێندنەوەی شیعری نالی بوو!.. پێدەچوو لە خەوەکەیدا سەرگەرمی لەبەرکردنی شیعرەکانی  نالی بێت، یاخۆی ئامادە بکات بۆ تاقیکردنەوە، ئەگەرچی وازیشی لە قوتابخانە هێنابوو لە راستی دا، بەڵام سەرەرای سەرگەرم بوونی ، هەستی کرد لە خەوەکەیدا تەنها بیری لای دیواری توونی حەمامەکەیە، حەمامی ماڵی مام خدر، کە بازنەیەکی رووناکی کەوتبووە سەر لایەکی توونەکە، بەڵێن نەیدەزانی ئەو بازنە رووناکییە پێچەوانەی تیشکی چی شتێکە، وەک ئەوەی بە ئاوێنەیەکی خڕ ئەو تیشکە رووناکەی خۆر پێچەوانە کرابێتە سەر دیواری توونەکە.. هەستی دەکرد ترس دەستی بۆ دەبات، موچڕکە بە پشتیدا دەهات، هەستی دەکرد قەبارەی لەسەر کورسی‌یەکە بچووک دەبێتەوە، چونکە گوێی لە دەنگی

زرمەیەکی زۆر بوو، وەک ئەوەی دیواری نادیار بڕووخێ، گوێی لە دەنگێکی پڕ شکۆ و میهرەبان بوو بانگی ئەوی دەکرد، لەگەڵ دووپاتبوونەوەی ناویدا "بەڵێن"، بەڵێن زیاتر لە جێگەی خۆی بچوکتر دەبووەوە. ( بەڵێن: ئەی لاوی هەرزەکار).. دەنگەکە ئەوی بانگ دەکرد، کە لە دیواری توونی حەمامەکەوە دەنگەکە دەهات و بەر گوێی دەکەوت. ناچار ئاوڕی دایەوە بۆ سەر دیوارە رەشەکە، کۆمەڵێ تیشکی ئەستێرە شێوەی وردی بینی، بریک و باکیان بوو لەسەر دیوارەکە، بە کۆنتراستێکی زۆر بەهێز، هەروەها گۆیەکی خڕی بینی کە کت ومت لە مانگ دەچوو بە شێوەی هیلال، نائیرادی ئاگری جگەر هەڵیگرت و ویستی تێیتەقێنێ و لەو جێگەیە دووربکەوێتەوە، بەڵام پێ یەکانی وزەی تیا نەمابوو، ترس ئەوی داکوتابوو لە وێدا خۆی بۆ دەرباز نەدەکرا، دەنگەکە لەگەڵیدا هاتە گفتار: " تۆ باوەڕت بە خواوەند نییە؟ ئەی نازانی لەو دیوەوەی دیوارە تاریکەکاندا چەند هەزار رۆشنایی جریوەی دێ؟ نازانی ئەو دیوارە تاریکەی لە نێوان ژیان و بوونی کردگاردا هەیە هێندەی باڵای ژیان ئەستوورە و کەس ناتوانێ بەرنووری خواوەند بکەوێ و مانەوەی بەسەبپێنێت. ئەی نازانی کە تۆ لە بێ باوەڕیدابێت؟". لە هەمان کاتدا کە گوێی لەم وتانە بوو، پەڵە هەورێکی تەنکی سەرپۆش شێوەی دەبینی لە دەوری مانگ و ئەستێرەکانی دەبزوا، شێوەی ئەندامی مرۆڤ ئاسایان لە بزووتن د دەنەخشاند، وەک چۆن دوکەڵی جگەرە خۆر لە ژوورێکی کەم هەوادا

سەرپۆشێک لە دوکەڵ دەنەخشێنێ لە پەخشبوونیدا، ئاوا هەورەکە دەبزوا و شکڵی مرۆڤانەی درووست دەکرد. بەڵێن خۆی زەلیل و بێ چارە دەبینی لە دەستی ترسا، بەڵام وەک ئەوەی لە جێگەی خۆیدا داکوترابێ، هەوڵەکانی بێسوود بوون، لەگەڵ زیاتر خۆڕاپسکاندنیدا، زیاتر هەستی بە بێداری دەکرد، بەڵام بەر لەوەی تەواو بێداربێتەوە هەستی کرد دەنگە شکۆدارەکە وتەکانی لە بیر و یادی ئەودا دەڕوێنێ و جارێکی تر کەوتەوە گفتار لەگەڵیدا: " باوەڕهێنان بە گیان زۆر کەس رابەرێتی و کەم کەس ملکەچیتی.. تەنها باوەڕ مرۆڤ دەگەیەنێ بە کەماڵ و حەق، باوەڕهێنان بە هێزی پیرۆز، لە باوەڕهێنان بە خودی حەق پەرستەوە راڤە دەبێت..". دەنگەکە بۆ بەڵێن زۆر سامناک و بزوێنەر بوو، لە تاودا خۆی تەڕ کردبوو، کاتێ لە ترسا چاوی کردەوە خۆی تەڕ تەڕ بینی لەو شەوەی کە تیایدا پیر خدر چووە هانای لە شەوی زستان دا، ناچار لە خەو هەستا، ئارەقی زۆری کردبووەوە، هەمان شێوە وای دەزانی میزی بە خۆیدا کردووە، بەڵام سەراپای لە ئارەق دا تەڕ ببووو، تەنها پیر خدری شک دەبرد لەو ترسەدا پەنای بەرێتە بەر و ئەو خەونە ترسناکەی بۆ بگێڕێتەوە، نەیدەزانی بێدارە یا نووستووە!.. بچکۆلەتر لە جاران خۆی بینی لەبەر دەمی پیر خدر دا کە بە ژوور سەری یەوە ئامادە بوو، بەر لەوەی ئەو مەسەلەکی بۆ بگێڕێتەوە، پیر خدر بە ئاگا بوو، وتی: هەردووکمان یەک خەونمان دیوە، من لەوێ بووم لەگەڵ تۆدا، دەنا بێدار

نەدەبویتەوە،" پیر خدر بە دیار چاوی داپچڕاوی بەڵێن -ەوە لە ئاخاوتن دا بەردەوام بوو؛ فەرمووی: گوێ رادێرە کوڕی خێرخوازم؛ من خۆم لە جێگەی باوکت داناوە، تۆ لە ماڵی مندا نیت، تۆ هێشتا لەو کەلاوەیەدایت کە من هاتم بۆ لات، تۆ هێشتا لە خەودایت، ئەوەی پێویستە لەم ژیانەدا فێری بیت، ئەوەیە کە باوەڕێکی زۆرت بە خۆت هەبێ، ئەمەش ئەرکێکی زۆر گرانە، خواوەند ئێمەی تەنها بۆ ئەم ئەرکە درووست کردووە، خوا زۆر گەورەیە و تاک و تەنیا نییە، بەڵکو لە هەناسە و گەردەکان و لە ژمارەی ئەستێرە و لە هەموو ژمارەکان زۆرترە، بۆیە خواوەند لە هەموو جێگە و کاتێکدا بوونی هەیە، و بوونیشی نییە! هەن وەها بیر دەکەنەوە، وادەزانن خواوەند بوونی نییە، ئەوەش بۆ ئەوان ڕاستە و خواوەند بوونی خۆی بەسەر کەسدا گریمان نەکردووە. هەن باوەڕیان بە بوونی ئەو هەیە، واتە ئەو بوونی هەیە و دووپات دەبێتەوە و هەمیشە زۆر و زۆرتر دەبێت.. مەبەست لە بوونی ئەو تەنها بە تەقواو پاڕانەوە دەرنابڕدرێت، داننان بەودا، باوەڕهێنان بەو بۆچوونەیە کە بوونمان دەیسەلمێنێ، پێویست ناکا تۆی لاو هەست بە گوناهی بێباوەڕی بکەیت، چونکە تۆ لە نووری خوادا دەژیت، ژیان لەودا بێ کۆتایی یە، وەکو چرکە و سات و رۆژەکان هەموو شتێ دووپات دەبێتەوە لە نووری خوادا. خێری ژیان لە شکۆمەندی خواوەنددا مانای هەیە. لە هەستی خواوەنددا، جوانی هەیە، پایەداری هەیە، گیانی پەتی هەیە، ژیان و مردنیش، هەرگیز رێگە نەدەی

کەسێکی تر بوونی کردگارت لا یەکتا و سنووردار بکات، چونکە خواوەند لە هەموو سنوورێ زیاترە. لە هەموو ژمارەکان زۆرترە، تا چاو بڕکات ، تا بیر بڕکات، ئەو بێ ئەندازە گەورەیە، خواوەند لە گەردوون دا دووپات و زۆر دەبێت. ئەوەی ئەرکی مرۆڤە بیزانێت، ئەمەیە کە لەو کەماڵەدا، لەو پاکی یەدا، لەو هەمیشەییەدا، نەترسێ و ئازابێت، ئازایانە رووبەڕووی رۆژگار و ژیان بێتەوە و نیازەکانی پاک بێ، باوەڕی بە خۆی بە هاوڕێیەتی، بە جوانی، بە ئازادی هەبێت.. چونکە ئەم رەگەزانە بەشی بچوکن لە سرووشتی یەزدانی. کوڕم بەڵێن.. بە ئاگا بە لەوەی کە مەرگ ـ بەشێکە لە سرووشتی ژیان، لە مەرگ مەترسە. چونکە مەرگی مرۆڤی خێرمەندو شێت و منداڵ- مەرگی مژدەیە. مەرگی نەجاتە. بەڵام نەکەی ببیتە هاوزمان و هاوئایین و هاو باوەڕی ئەو مرۆڤانەی کە تەنها مەرگ دەناسن، ئەوانە کەسانێکن لە کامەرانی دوورن، لە خواوەند بێ ئاگان، لە ئازادی بێبەرین، ئەو مەرگ پەرستانەی لە ژیانی رۆژانەدا دەیانبینی توندگیر و زۆردار و داوێن پیسن.. ئەوانە زادەی تاریکین، زادەی هێزی شەڕن، چونکە دووپاتبوونەوەی گومانەکان، گیانی هەندێ مرۆڤی پیس کردووە، دووچاری لاوازیی کردوون و دڵیان پڕە لە ئیرەیی و بوغز و کینە. وتەکانیان پڕە لە هەڕەشە و تۆڵە. کردەوەکانیان پڕە لە زەبر و ئازار، گورگ لە دەروونیاندا رواوە!.. کوڕم بەڵێن.. لە نێوان چاکە و خراپەدا یەک دیواری ئەستوور هەیە، پانتایی و

درێژایی بێ سنووره له ئەندازه گیری، لەو کاتەدا کە مرۆڤ دڵنیا دەبێت لەوەی سرووشتی خۆی مەیلدار دەبینێ لە ئاراستەی راستی و خێر و پاکی و ئازادی و حەق- لە وێدا مرۆڤ بەختیاره و هەمیشە زیندووە، کت ومت وەکو تۆ.

بەڵێن هێشتا فووی بە دەستیدا دەکرد و بێدار بوو، لە زیندەخەونی خۆیدا تەنهاو بێکەس هەڵدەلەرزی، لەو کەلاوەیەدا، لەو شەوە پڕ کڕیوەیەدا، سەرما سەری کردبووە سەر ئەو، دوژمنی گەلیش خەریکی خوێنڕشتنی خەڵکی بوون و گورگە چاوسووره دڵ تاریکەکانی بەعس خەریکی کوشتن و راونان و سەرنگومکردنی خەڵکی شارەکە بوون!.. بەڵێن زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد، وەک ئەوەی بە درێژایی شەو لەو کەلاوەیەدا چاوەڕوانی بەزەییەک بووبێت لە ئاسمانەوە دابەزێت، چونکە چاوەڕوانی بەزەیی مام و خزم و کەس نەبوو. بەڵام ئەو شەوە خواوەند ئەوی لە ئامێزی خۆیدا پاراست. چونکە جەندرمەکانی بەعس هەمان شەو ماڵی مامی ئەویان تاڵان کردبوو.. مامیشی بێ سەروشوێن بوو!

بەڵام بەڵێن ئاگای لەوە نەبوو.. نائیرادی لە بیرەکانی خۆیدا، هێشتا لە کەلاوەکەدا هەڵدەلەرزی، رۆژ بەرەو هەڵاتن دەهات، شەو بەسەر دەچوو.. لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی پرتەقاڵی سوورباوی خۆردا، لەگەڵ رۆشنبوونەوەی کەلاوەکەدا بەڵێن هەستی بە گۆڕانکاری دەکرد، هەستی دەکرد وزەیەکی پیرۆزی

حەقخواز دڵی ئەو دەشێلێ، بیری ئەو دەشواتەوە، جێگۆڕکێ بە هەستی ئەو دەکات، هەستی کرد ژیان و رۆژهەڵاتن گەورەترین گەنجینەی ئەون، هەستی دەکرد بلیمەت و دەوڵەمەند و بەتوانیایە، هەستی دەکرد، لەو شەوە بەدواوە دڵی خاڵییە لە ناهەمواری، ئاگای لە ئازادی و خۆشەویستی و خودناسی یە، بە ئاگایە لەوەی کە ژیان لەژێر تیشکی خۆردا ئەوی ئافەریدە کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە مانا دارن بۆ خێر و شکۆی پیرۆز.. هەستی کرد ژیان دەتوانێت هەم باوک و دایک بێت بۆ هەندێک کەس.. یان خاڵ ومام، خوشک و برا و هاوڕێ و هاودەم بێت. بەبیریدا هات دەمەوبەیان بچێت بۆ مەیدانی کارکردن. زۆر کامەران لەناو کەلاوەکەدا خۆی دەبینی، تووتەڵێ سەگێ بەرەولای دەهات، نیازی بوو ببێ بە هاوڕێی، هەستی کرد ئەو تووتەڵە سەگە دیارییەکە لە پیر خدرەوە، هاوڕێیەکە لای ئەوەوە بە نیازی هاوڕێیەتی کردنی ئەم هاتووە.

ئەو شەوە بەڵێن ڕۆژی کردەوە.. بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە ماڵی مامی.. بەڵێن لەگەڵ یادەکانی پیر خدردا دەژی، لە ماڵی ئەودا، لەبیری خۆیدا، لەگەڵ پیرخدردا وانەی راستی و پاکی و جوانی و ئازادی فێر دەبێ. کار دەکات و ژیان بنیات دەنێت، بیری چاک و کردەوەی چاک و وتاری چاک بە جۆرەها تەرز و قەبارە فێردەبێ و لە ژیانیدا بەکاری دەهێنێت. دەزانێ کە شەڕ هەرچەندە بەهێز بێت، رۆژێک لە رۆژان بنەبڕ دەبێت و خۆی قڕ دەکات، چونکە بەڵێن هێندە فێر ببوو کە شەڕ هەرگیز بە خێر

ناوێرێت، بگرە شەڕ جەمسەرێکی ناجۆر و نکولیلێکراوی ژیانە و لە گەشەکردنیدا قەڵاچۆی خۆی دەکات. خێر پایەدار و هەمیشەیی و مەزنە، ئەگەر خێر کەماڵی خواوەند و شکۆی ئەو بێت، ئەوا شەڕیش خوایەکی نەویست و تاریک و لە توانایدا سنووردارە، سنوورەکان لە بەردەمیدا تەسکن، شەڕ تا زۆر بێت دەسەڵات زیاتر دەکات و لەناوچوونی خۆیشی نزیک دەکاتەوە، بۆیە بەڵێن هەرگیز بە شەڕ ئاشنا نابێ.. چونکە شەڕ ژیانی تاریک و تاڵە، بێبەرییە لە ئومێد و خۆشنوودی، دزێوترین جۆری شەڕیش لە دەروونی مرۆڤدایە و هەر مرۆڤیش ئەم نەخۆشییەی پێ چارە دەکرێ. پیر خدر وای بە بەڵێن دەوت کاتێ هەندێ جار خەمگین دەبوو لە هەڵمەتی شەڕخوازەکاندا کە شاڵاویان بۆ گەل و نیشتمانەکەی دەبرد، کە ئەویش ناچار خۆی وەکو پێشمەرگە دەبینی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا. چونکە ئەو دوای چەندساڵێک، دوای تەواوکردنی قوتانبخانە، بوو بە پێشمەرگە.

## پەیامی منداڵ

" گەردون هەرچەندە مەزن بێت، لە دڵی منداڵ بچوکترە. گەردون گەورەتر نییە لەو خۆشەویستییەی منداڵ هەیەتی بۆ باوانی".

نزیکەی سێ ساڵە دلێر ژیانی خێزانی پێکەوەناوە، خاوەنی تاقانەیەکە و ژیانێکی ساکار بەسەردەبەن. ماوەیەکە بێ کارە و تەنها بە دوای کاردا وێڵە، چونکە لەم وڵاتەدا کە ئەوی تیادا دەژی، وڵاتێکی ئەسکەندناڤی-یە و ئەو و خێزانەکەی تیایدا پەنابەرن. پلەی خوێندن و زانستی دلێر و خێزانەکەی لەم وڵاتەدا دانی پیادا نانرێت و کارێ بە ویستی ئەوان هەرگیز مەحاڵە بەدیبێت. بۆیە هەم دلێر و هەم هاوسەرەکەی هەر کارێکیان چنگ بکەوێ رەزامەندانە دەیکەن. تەمەنی دلێر لە چاو شێوەیدا زۆر جیاوازە، ئەو تەمەنی بیست وحەوت ساڵە، بەڵام بەشێوە لە سی و پێنج ساڵان دەچێت، ژیانی بێ وڵاتی و مەراقی دووری کەس و کار، شێوە و ناوەرۆکی ئەویان تێکداوە. هەندێ جار بە رەوای دەبینێ مافی خانەنشینی پێ بدرێت، چونکە بە درێژایی ساڵەکان، ژیانی لە گەردو تۆزی شەڕ و داگیرکردن و زیندان بوون و خۆپاراستندا بەسەر بووە، تەنانەت کە حەقی پەنابەری لەم وڵاتەدا بێدرا؛ تەنها یەک هەفتە ئۆقرەی گرت، بێکار دابنیشێ، چونکە توانای پشوودانی نەبوو،

بیرکردنەوە لە رابردوو، ئەوی دەخستە ژێر هەڕەشەیەکی تونا لەناوبەر؛ ناچار خۆی بۆ فێربوونی کۆرسی زمان ناونووس کرد. وڕوکاس و دڵتەنگ، روخساری پڕ گریان و زەجری لەگەڵ خۆیدا- نائیرادی دەبرد بۆ قوتابخانە و ئومێدی ئەوەی هەبوو سەر لەنوێ لە زمانێکی تردا، لە کولتوورێکی تردا، لە بارودۆخێکی تردا، ژیان دەست پێ بکاتەوە. ئەمانە ئەگەرچی بۆ مرۆڤ مەحاڵن، بگرە ستەمیشە، بەڵام راستی ژیانی مرۆڤی کوردە و کورد بە زۆر ناچار دەکرێ دووربێ لە زمان و کولتوور و رەسەنایەتی و هاوڵاتی خۆی! بۆیە هەندێ جار خانەنشینی بۆ پەنابەرێکی لێقەوماو چاکترە لە کارێک کە هی ئەو نییە و شایستەی ئەو نیە و سرۆش و پەیامی ئەو گۆش ناکەن، چونکە هەر مرۆڤە و کارێکی لێ دەوەشێتەوە، هەندێ جار کاری نەویست دەروونی مرۆڤ دەشێوێنێ و بەرنامەکانی ژیانی قڵپ دەکاتەوە.. بۆیە ئەم وڵاتانەی کە پەنابەری بە مرۆڤی ئاوارە رەوادەبینێ؛ هەمیشە بۆ قەدەغەکردنی گۆشبوونی بیر و باوەڕیان بەکارێ رووبەڕوویان دەکەنەوە کە دووچاری کەوتن و زەلیلبوون بن، ئەگەرچی کار مرۆڤ درووست دەکات، بەڵام ئەو کارەی کە رێگە لە پەروەردەی بیری و هونەری و باوەڕی دەگرێ و مرۆڤ فێری هیچ ناکات، زۆر ترسناک و بەزەبرە. بە تایبەتی ئەگەر مرۆڤ خۆی کاری شایستە بۆ خۆی هەڵنەژمێرێ! کورد دەڵێ: نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب.. بەڵام لەم کولتورە هاوچەرخانەدا؛ کولتووری بەکاڵابوونی

مرۆڤ، دەشێ مرۆڤ ئەندازیار بێت و کاری لەحیمکردنی بەسەردا بسەپێنرێ یا نانەوابێت و بیکەن بە شۆفێر، چونکە وایە!.. مرۆڤە هاوچەرخەکان کەسانی لە خۆیان باڵاتر بڕیار بەسەر پلەی کار و دەسەڵاتی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەدەن. دلێر حەقیشی پێ ڕەوا نەبینراوە، دەبێ خۆیشی بە ویستی خۆی و بە سوپاسەوە بگەڕێ و کارێک بدۆزێتەوە کە شایستەی خۆی نییە و کەسیش یاریدەی پەیداکردنی نادات، تەنانەت بۆ کاری فەڕاشیش، پێویستی بە ناسنامە و شارەزایی هەیە لەو بوارەدا! بۆ دوو سێ مانگ دەچێت بێ کارە، بۆیە زوربەی کات لەگەڵ منداڵە تاقانەکەیدا بەسەردەبات، ماوەیەکە هاوسەرەکەی کاری چنگ کەوتووە، منداڵەکەی تەمەنی دووساڵ و نیوە، منداڵێکی تا بڵێی جوان، ژیر پڕ لە ژیان و ڕووخۆش، وەکو هەر منداڵێ پڕە لە گیانی یاریکردن و مەیلی فێربوون و بیرکردنەوە. بەر لە هەفتەیەک، بەیانییەکی ڕۆژی دوو شەممە کاتێ دلێر سەرگەرمی جل لەبەرکردنی هیوابوو، هیوا بە خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر و پڕ لە سۆزی خۆشەویستی توند باوەشی کرد بە باوکیدا و نیازی بوو ئەو بکاتە باوەش. ئەگەرچی بە توانای فیزیکی ئەم کارەی بۆ ئەنجام نەدرا، بەڵام لە قووڵایی دڵەوە باوکی گرتە باوەش و لاملی ماچ کرد و وتی: " هیوا باوکی خۆی خۆشدەوێت" ئنجا توند باوکی نووساند بە خۆیەوە لە حاڵەتی لەباوەشگرتنیدا. ئەم ڕستەیە کە لە دەروونی بێگەردی هیواوە چاوەڕواننەکراو بەر گوێی دلێر کەوت، تەوژمی

گریانێکی بە تینی پڕ لەخۆشیی بەودا، دلێر لەوپەڕی بەختیاریدا ئاو بە چاویدا دەتکا لەو ڕۆژەوە هەست دەکات بەختیارترین بوونەوەری ئەم زەمینەیە. هەست دەکا یەکەم جارە ڕووبەڕووی پاداشتێ دەبێتەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبووە؛ ئەگەرچی لە ڕووی پەروەردەکردنەوە بۆ ساتێکیش کەمتەرخەمی نەکردووە و ڕۆڵی باوکانەی خۆی بینیوە. تەنانەت زۆر جار جێگەی دایکیشی بۆ ئەو گرتووە، بەڵام وەکو باوکێکی زۆر دڵسۆز هێشتا خۆی بە کەمتەرخەم دەزانی .. چونکە ژیانی دەربەدەری و نەهامەتی ئەو بیرەی لەودا درووست کردبوو کە ناتوانێ دەقاودەق ببێتە مایەی کامەرانی منداڵەکەی. بۆیە ئەو رستەیەی هیوا خەڵاتێکی مەزن و پیرۆز بوو بۆ دلێر.. دلێر هەفتەیەکە لە مەراقی سەردەم و ئاوارەیی دا لەش سووک و پڕ تەندرووست و ئاسوودەیە، هەست دەکا ئاسمان چەپڵەی بۆ لێ دەدا، کۆی فریشتەکانی ئاسمان دابەزیون و سەما بۆ باوکایەتی ئەو دەکەن، هەستی کرد بەنرخترین سامان و گەنجی پێ دیاریکراوە. بەر لە دوو هەفتە لە مشتومڕێکی زۆر ناهەمواردا بوو لەگەڵ دایکی هیوادا کە دووگیان بوو- دەربارەی لەباربردنی منداڵی دووەم، لەبەر لاوازیی باری دارایی و بێکاری دلێر، لەبەر چارەنووسی نادیار و هەڕەشەی ڕێکخراوی یاریدەدەرانی پەنابەران، دایکی هیوا بڕیاری دا کە منداڵەکەی لەباربەرێت، دلێر هیچ هەڵوێستی نەبوو چونکە لە بێکاریدا خۆی بێ چارە دەبینی؛ بەڵام لەو ڕۆژەوە ئەو رستەیەی لە زمانی هیواوە بیست، ئەو ویژدان و

بیر و هەستێکی تری لە خۆیدا دۆزییەوە، هیوا و وتەکەی، بەرنامەی ژیان و داهاتووی خێزانیی گۆڕی. دلێر پاش بەسەرداچوونەوەیەکی ویژدانی و هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا؛ هاوڕابوون کە منداڵی دووەم رێگەی ژیانی لێ نەگیرێ چونکە ئەو ژیانێکە و پەیام و ئامانجی خۆی هەیە لە نیازی لەدایکبوونیدا.. چونکە سکپڕبوونی هاوسەرەکەی کارێکی بڕیاردراو نەبوو بەڵکو رێکەوت ئەوەی بەدیهێنا. لەم شتانە زیاتر دلێر هەفتەیەکە کۆی پەرچەکردارەکانی گۆڕاوە هیچ تووڕەیی و بێزاری پێوە دیار نییە. بڕوای وابوو هیچ شتێک نییە بتوانێ ئەو رازی بکات بەڵام ساوایەک توانی بە رستەیەک شوێنەواری رابردوو لەودا قڵپ بکاتەوە و لە هەڵەشەیی و تووڕەیی و پەریشانی دووری بخاتەوە. بێگومان باوان زۆر بە ئاگا نین لەوەی کە هەندێ جار بەدەس خۆیان نییە دڵ رەق و تووڕە و بەسەر ماڵ ومنداڵ دا بڕیار سەپێنەرن و بگرە دەنگ هەڵدەبڕن و بە دەستی منالْدا دەکێشن و گوێچکەی رادەکێشن، تەنانەت ئەوانەش کە کتێب لەسەر منداڵ دەنووسن، گەر دووجاری پەروەردە بێن و هەمیشە لە تەک منداڵ دا بن، بێبەش نابن لە هەڵەکردن و سزادان، یا وردە لێدان، چونکە هەندێ جار وەک ئەوەی سرووشت سەپاندبێتی، منداڵ بەدەنگی بەرز باشتر تێدەگات! بۆ سووربوونییش لەسەر ئەوەی کە ئەو هەڵوێستە هەڵەیە؛ بە چەپۆک ێیداکێشاندا دەتوانێت منداڵ لە هەڵەکان ئاگادار بکات ،

چونکە هەموو تەمەنی منداڵی بێبەرییە لە تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ و لۆژیکی، زمان هەمیشە ناتوانێ دەربڕی خواستەکان و شاکاری بێت، نەک هەر زمان بەڵکو هێمای تووڕەیی روخساریش رۆڵیان کەمە لە هەندێ حاڵەتدا. رۆژەکانی ئەم هەفتەیە قوتابخانەیەکی نوێ یە بۆ دلێر، تا سەلەنوێ لە ویژدانێکی تردا، لە قوتابخانەی منداڵەکەیدا فێری وانەی نوێ بێت، بەر لەم هەفتەیە هەرگیز بەبیریدا نەدەهات کە منداڵ لە توانایدایە گەورە فێربکات؛ بەهۆی رستەیەکەوە بتوانێ گەورەترین کاریگەری لە دەروونمدا بەجێبێڵێ. دلێر زۆر جاران لای هاوڕێکانی ئەمە دەڵێت: " ئێمەی باوان زۆر پێویستمان بەوەیە لە جگەر گۆشەکانمانەوە فێربین، چونکە خۆشەویستی و رێزی ئەوان زۆر بەرفراوان تر و کامڵترە لە هی ئێمە بۆ ئەوان". دلێر لەو باوەڕەدایە وەکو باوک هەڵەیە، هەمیشە سەرگەرمی فێرکردن بێت لەگەڵ منداڵەکەیدا، بەڵکو بە پێویستی دەزانێ ئازادانە منداڵ رەها بکات بۆ دەربڕین و نەریت دۆزینەوە کە سەر بە خواست ویستەکانی خۆیەتی، چونکە هەر منداڵێ لە خۆیدا پەیام و داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە.. باوان هەن کە زۆر مشورخۆری داهاتووی منداڵەکانن و دەربارەی ئێستای منداڵ و پێداویستییەکانیان بێئاگان. باوان هیچ پێویست ناکا تەماعی ئەوەیان هەبێ کە منداڵەکانیان کت و مت لە خۆیان بچن، دلێر هەرگیز هەوڵی نەداوە منداڵەکەی بە شوێن پێی ئەودا بڕوات، هەمیشە هەوڵی داوە منداڵەکەی لێبوردوو بێت

لە رووگرژی و تووڕەیی و شەکەتی باوکی!. دلێر چیدی حەز ناکا چەپۆک لە دەستی منداڵەکەی بدا و نیشانی بدات کە ئەوە هەڵەیە، یان دەنگی بەسەردا بەرز بکاتەوە، لەهەر شتێ سامناکتر خوویەکە کە مرۆڤی ئەوروپی هەیەتی و هەرگیز رێگە بەخۆی نادا وازی لێبهێنێت و تەرکی بکات، ئەویش گۆشەگیرکردنی منداڵە یان بریندارکردنی هەستییەتی، ئەویش بڕیارێکی ئاساییە، یان نیشان نەدانی هاوسۆزی و ساردهەڵسوکەوت کردن، ئەم سێگۆشەیەی رەفتار لە بیرۆکەی دلێردا هەرگیز جێگەی نابێتەوە. لەو بەیانی یەوە یا لەو رۆژەوە کە بۆ دلێر وەک جەژن وابوو، دلێر جیهانی خستۆتە لاوە. هەست دەکات وەکو باوک لەخۆیدا، لە دەروونی خۆیدا، گەورەترین گەوهەری خۆشەویستی و رێز و پەیامی دۆزیوەتەوە و بە سوودی پەروەردە بەکاری دەبات، چونکە وتەکەی هیوا نیشاندەری پەیامێکی پیرۆزە، ئەوە روون دەکاتەوە کە رێزی ئەو بۆ باوکی زۆر گەورەیە، لێبوردنی هەمان شێوە. دلێر یادی هاتەوە کە هەندێ جار لە پاداشتی تووڕەبووندا منداڵ هەڵەی زیاتر یا هەڵە دووپات دەکاتەوە و گیانی دژایەتی پەیتا پەیتا تیادا گەورەتر دەبێت لە هۆی سزای هەر هەڵەیەکەوە، راستە منداڵ دەزانێ ئەوە مەکە یان بقەیە بەڵام بێبەریی نییە لە گیانی سەرپێچیکردن، بۆیە دلێر لەو گرێ کوێرەیەی پەروەردە تێگەیشت کە لێدان و زۆرلێکردنی بچوک تا گەورە ؛گیانی سەرپێچیکردن وەک پەرچە کرداری وەڵامدانەوەی ویستی یا

ئاكاری غەریزی لە واندا گۆش دەکات. ئەمە دەبێتە هۆی بەدخووبوونی منداڵ، ئەو بەیانی یە ئەم وانەیەش لە هیواوە فێربوو، چونکە جاران دلێر مەیمون ئاسا وەکو هەموو باوکانی تر دەیگوت: " من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم کە پاداشت و سزا رۆڵی سەرەکی نابینن، یا من باوەڕم بە تەمێکردن نییە کەچی لە دژی ساواکەی بیبەری نەبوو لە وردە سزا. دلێر ئەو گرێ یەی بۆ کرایەوە و فێربوو، منداڵەکەی تێیگەیاند کە لێبووردن و رێز و خۆشەویستی دەبێ ببێتە پەیامی پەروەردە. لەو رۆژەوە زۆر شیرین و بە ئەدەب و هاوڕێیانە لەگەڵ هیوادا مامەڵە دەکات، زیاتر لە جاران هۆگری نیشان دەدا و لەگەڵ یارییەکانی دا بەشداری دەکا و زیاتریش گوێی لێ دەگرێ، زوو زووش بۆ دڵنەواییکردنی خۆی ،بۆ رازیبوون لە خۆی، بەدەم یاری یەوە لە هیوا دەپرسێ :" کوڕەکەی بابە کێی زۆر خۆشدەوێ؟" هیوا لەوەڵامدا دەڵێ: باوکی خۆشدەوێ. دلێر لە ناخەوە هەست بە گۆڕان دەکات، زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خۆدوورگرتن لە تووڕەیی و نیشاندانی هەڵوێستی نەرم و زمان شیرینی بەکار دەبات. هەست دەکات یەکەم جارە پەروەردە ئەو خەڵات دەکات بە شتێ کە پێشتر نەیدەزانی، ئەمیش ئەمەیە کە رەزامەندی جیهانی فریشتە لە خودی ئەو داننانە بە میهرەبانی خۆیدا، لە یادی ئەوەشدا کە بۆ کار بگەڕێ هیچ ناڕەزاییەکی نیشان نەدەدا، نووسین و خوێندنەوەشی لا گرنگ نییە، هێندە نەبێ کە مەیلدارە سەرگەرمی پەروەردەی هیوابێت، ئەو منداڵە هۆشمەندە

هەستیارە. چونکە دوو ساڵ و نیو تەمەنێتی و لە قۆناغی خۆچنین و خۆ رستندایە لەو قۆناغەدا هەست دەکاو بیر دەکاتەوە و هەڵدەسەنگێنێ، رادەردەبڕێ و پلان دادەنێ و ئەو شت و بابەتانەی دابەش دەکاتەوە و لە ویستیدا کە شایەنی گرنگی پێدان یان ناشایەنی گرنگین، چونکە بۆ زاتێکی بچکۆلە هەموو شتێ لە دەوروبەریدا - موعجیزەیە - فڕینی باڵندەکان، ماسی لە کەناری ئاودا، بینینی سەگ و تووتەڵەکان، روخسارە نوێ یەکان کە پێشتر نەیدیبوون، باران بارین و بەفربارین، ..هتد. هەموو شتێ لە ناڕاستی یەوە بۆ تێگەیشتن و بە راستیکردنی لای ئەو تۆمار دەکرێ، بۆیە هەڵوێست و نەریتی خێزانیش دانپیادانەر و لە هەمان کاتدا یاریدەدەرن بۆ خۆشبیری منداڵ و پەیدابوونی هەستی هەرسکردنی بابەتەکانی دەرەوەی خۆی چونکە منداڵ هەست بە رێز و خۆشەویستی و دڵنیای دەکا لە تەک باوانیدا و بیری واڵایە بۆ زیاتر بیرکردنەوە و تۆمارکردنی بابەتی نامۆتر.. لێرەدایە کە نابێ چاوی لێ زەق بکرێتەوە و گوێی راکێشرێ، یان دەنگی بەسەردا هەڵبڕێ..هیوا ئەو بۆچوونەش پەسند دەکا، هەندێ جار کە هەڵەیەکی بچکۆلە دەکات، راستەوخۆ بەرەو لای یەکێ لە باوانی دەچی و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە تا یەکێ لەوان بکێشن بە دەستیدا و سزاکەی وەربگرێت، ئەمەش لای ئەو جۆرێکە لە یادکردن، چونکە بەدوایدا دووپات و سێ پات هەمان کار دەکاتەوە. دلێر لەگەڵ تێپەڕینی سەعات و رۆژدا هەست بە گۆڕانکاری دەکا لە زیاتر

مەیلدان بە منداڵەکەی، هەست دەکا ئەو زیاتر ئامادەیە بۆ فێربوون و بە خۆشییەکی ترەوە تەنها گوێ بۆ ئەو شل دەکات، نەک تەنها ئەم شاتانە بەڵکو لە هەمووی گرنگتر ئەمەیە کە بەر لە سێ مانگ، هیوا دووچاری ترس ببوو، لە تەنیایی دەترسا، چونکە منداڵ لەو قۆناغەدا خەونی جۆراوجۆر دەبینێ و شێوەی دیار و نادیار لە بیریدا لە نالۆژیکی یەوە بە شێوەی لۆژیکی ئاوێتە دەبێ و قاڵب وەردەگرێ، بۆیە لە خەونەکانیدا دووچاری ئارەق و راچەنین و هەراسانی دەبێت، دلێر زۆر بەمەرجێ دەزانێ منداڵ لەگەڵ باوان دا بێت تاکو تەمەنی سێ ساڵ و نیو، ئەم ترسە شوێنەواری زۆر نابەجێ بوو لە هەڵسوکەوتی هیوادا، بۆ تەنها پێنج دەقیقە نەیدەتوانی لە جێگەیەکی تردا یاری بکات، هەمیشە بەهەر شتێکەوە کە خۆی سەرگەرم دەکرد، مێملی ئەوەی دەکرد کە دلێر لەوێ ئامادەیە یان نا!! ئەم ترسانە و ئەم هەڵوێستانە رێگە لە فێربوون دەگرن، بەڵام ترس دەرمانی نییە لە پزیشکی ئەوروپادا، بۆیە لەم هەفتەیەدا دلێر زۆر بەختەوەرە، چونکە ترس لای هیوا نەماوە و بە چارەکە سەعات لە ژووری تر خۆی سەرگەرم دەکا و شەوانیش ئارەق ناکاتەوە، زۆریش راناچەنێ لە بینینی خەونەکانی دا وبگرە زۆر دەتریقێتەوە، هەروەها باوکیشی دڵنیا دەکا کە دەچێتە ژوورێکی تر، لە گەڕانەوەیدا هێمای ئازایەتی و بە توانایی نیشان دەدات. مانگرتنیشی بۆ شت وەمەک تەرک کردووە، بزێوی نەماوە و لە حاڵەتی نانخواردندا ئارامە.. مەیلی گوێگرتنی زیاترە و حەزی

له گۆرانی گوتنه، ئەم دیاردانه لەم هەفتەیەدا وەکو موعجیزه بەر بیر و هەستی دلێری باوک دەکەوێت، دلێر درەنگ تێگەیی که ڕاسته وایه" به قسەی خۆش مار له کون دێته دەر". هیوا هەوڵ دەدا هێنده گوێڕایەڵ بێت که میز و گووش نەکا بەخۆیدا، لەکاتی لەبەرکردنی جلوبەرگدا مان ناگرێ و پێ داناگرێ بۆ لەبەرنەکردنی. دلێر هەست دەکا ئەو منداڵه بلیمەته، به زمانی شیرین و ئاخاوتن، نەریتی خۆی باشتر دەگونجێنێ و هەوڵیش دەدات سەرباری توانای خۆی سیفاتی باڵاتر نیشانی باوانی بدات، رێزی بۆ باوانیش بارتەقا بووه، ساکار و بێ گرفت یاری دەکا، دەنوێ، دەخوات و دێ و دەچێ.. دووپات و سێ پاتیش له کاتی یاریکردن و سەرگەرمبووندا، گازی نەرمی خۆشەویستی له باوکی دەگرێ و دەڵێ:" هیوا باوکی خۆی خۆشدەوێ". چەند شیرینه ئەو ئاوازه لەو دێڕەدا!، چەند خۆشی بەر هەست وبیستنی دلێر دەکەوێت!.. وەک ئەوەی سەمفۆنیایەکی نوێی لەلایەن ـ مۆزارت ـ ەوه به دیاری پێگەیشتبێ. چەنده خۆشه بوون به باوک، دلێر بۆ هەفتەیەک دەچێت له ناخی هەستی باوکانەیدا مەسته، هەست دەکا لەودا پیرۆزترین بەهره لەودا گۆش دەبێت. رێزی بۆخۆی زۆر بوو وەک باوک.. تێدەگا بوونی باوک، باوکی رێزنیشاندەر، بناغەی پتەوی کەسێتی منداڵه، نەبوونی باوک یان یەکێ له باوان قرتبوونی یەک کەسێتی گەورەیه له سرووشتی منداڵەکەدا و بێ بوونی یەکێ لەو دوانەی باوان ـ منداڵ ناهاوسەنگ و دوودڵ و بی باوەڕ دەکا،

ئەگەر چی دلێر باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە دایک لە هەموو حاڵەتێکدا لە باوک سوودی بۆ منداڵ زیاترە، چونکە دایک تۆوی هەستکردن بەوەفا و مروونەتی ژیان و خۆشویستنی بێ سوودمەندێتییە، واتە خۆشەویستیدان تەنها لە پیناوی خۆشەویستی دا وەکو ئەرکێکی سرووشتی و داخوازییەکی غەریزی بۆ کۆرپە. ئەگەر کۆرپە بۆ دوو بەش دابەش بکەین، وەک گیان ولەش، ئەگەر باوک بیری منداڵ بێت، ئەوا دایک هەستەکانییەتی، ئەو منداڵەی بێبەرییە لە یەکێ لە باوان، بێبەشە لە دڵنیایی و دوودڵە لە خۆشەویستی، هەرگیز کەموکوورِی خۆشەویستی لە قۆناغی گەورەییدا بیرناکاتەوە، دلێر وای بەبیردا دێت کە ئەو منداڵەی دادەبڕێت لە سۆزی دایکی خۆی سۆزی ئافرەتی تر جێگەی سۆزی دایکی پڕ ناکاتەوە، دەشی کۆی تەمەن لە پەلەپرِوسکێی ئەوەدا بێت، خۆشەویستی راستەقینەی دەسکەوێت، باوکیش لە نەبوونیدا، لە پەروەردەی منداڵدا شوێنەواری ماسوولکەیی لە منداڵەکەدا ناجۆر دەکات.. یادی هاتەوە دلێر جارێکیان لە منداڵی دراوسێکەیانی پرسی : باوکت لە کوێ یە؟ منداڵەکە سست بوو، هەردوو برۆی خۆی هێنایەوە یەک، دەنگی گڕبوو گۆڕا، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبووەوە و خۆی بچووک دەهاتە بەرجاو، بە ناخۆشی و سەختی لەوەڵامدا وتی: من باوکم نییە، لە راستیدا منداڵەکە باوکی هەبوو، دەنا دلێر ئەو پرسیارەی لێ نەدەکرد بەڵام دایکی هێندە نەزان بوو، لەبەر ئەوەی لەباکی جیابوبووەوە، نەیدەویست منداڵەکە فێربکات، و

رازیبێت بەوەی کە باوکی نەماوە! ئەمە گەورەترین دژوارییە کاتێ کە منداڵ هەست بە نەبوونی یا نەمانی یەکێ لە باوان بکات. هەندێ جار کاتێ کە هیوا چاوی دەچێتە خەو بەدەم شیرمژینەوە، لەگەڵ دایکیدا، دلێر فرسەتی بۆ رێدەکەوێت، لە هۆڵی دانیشتن لە تەنهایی دا سەرگەرمی بیرکردنەوە بێت، دەربارەی هەڵوێستی رۆژەکانی، بەر لەچەند شەوێ لەمەوبەر رووت وقووت لەناو پەنجەرەکەدا راوەستاو ئاگردانەکەی پڕ کردبوو لە دار، سەیری ئاسۆی ئەوبەرەوەی ماڵەکەی دەکرد و لە تاریکیدا چێژی لە بیرکردنەوەکانی خۆی دەبینی، پاش چاوگێڕان بە نێو ئاسمان و تاریکی و مانگەشەودا، جگەرەیەکی پێکرد و فەرشێکی خوریی مەڕی تووکنی راخست و ئارام و حەواوە راکشا، بۆ یادهێنانەوەی منداڵی خۆی ، بۆ گەڕانەوە بە نێو ئەفسانە کۆنەکانی بیرەوەری خۆیدا، لە جێگەی خۆیدا لەو هەستکردن بە ئارامی یەدا بچووک و بچووکتر دەبووەوە، وەکو هیوا، هێندەی ئەو لە تەمەن و باڵادا، کۆی تەمەنی منداڵی خۆی دەجوێتەوە کە پڕە لە چەپۆک بەسەردادان و لێدان و ناو وناتۆرە لێنان و تەفرەدان، داغکردن، تەمێکردن، یەخەدادڕینی دایک، نەڕەو شەق و زلەی باوک، شەق و سۆندە لێدانی برای لەخۆی گەورەتر، بوختانی شکاتکارانی دراوسێ و هاوڕێیان، کەوتنە ژێر زەبری گەڕەک و قوتابخانە و ئەم و ئەو، گشت ئەم دیمەنانە هەموویان پێکەوە نەیانتوانی لەو ئارامییەدا خەندەیەک بە دلێر ببەخشن، هەستی دەکرد لەو کاتەدا کە ئەو چەپۆک لە دەستی

هیوای کوڕی دەدا.. ژانی چەپۆکەکە بەر دڵی خۆی دەکەوێ، بەزەیی بە رابردووی خۆیدا دێتەوە، هیواداره ئازارەکانی منداڵی خۆی نەگەیەنێ بە تاقانەکەی، چونکە لە بارودۆخی تایبەتیدا ئەو مرۆڤەی کە لە منداڵی دا ژێرچەپۆک کراوە و لە گەورەییدا چەپۆک وەشێن دەبێت، وانییە! دەشێ مرۆڤ هەوڵبدات، کۆتایی بە وەساندنی چەپۆک بدات، بە خۆگرتن وسنوور بۆ خۆدانان، مرۆڤ توانای خۆچاککردن و خۆڕازیکردنی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا یادەکانی منداڵی وەکو فرمێسک رێچکەیان بەستووە بە چاوانی ئەودا و خوڕ خوڕ دەتکێنە سەر فەرشەکە، دلێر خۆی خۆشنوود و رەزامەند دەبینی؛ چونکە هەستی دەکرد هیوا دەتوانێ یاریدەی بدات لە دابی پەروەردی منداڵی خۆی دەردەپەڕێ و ئازادی چنگ بکەوێت. وەک باوک باوەڕی بە هیوا زۆرە، ئەو وەکو مامۆستایەکی بلیمەت دەبینێ، هەفتەیەکە هەست دەکات ئەو منداڵە شوێنەواری ستەم و جەوری لە یادی باوکیدا سەرقرت کردووە، یان دەرمانی دەکا، بەڕێز و خۆشەویستی نیشان دان، چونکە هیوا باوکی خۆی خۆشدەوێت.. هەفتەیەکە دلێر گەشبین و خۆشبیر و خۆشخۆرە، خۆشتر دەدوێ، چونکە فەرموودەکەی هیوا بۆ ئەو خەڵاتێکی جیهانی مەزن بوو.. زۆر گرنگ بوو بۆ ئەو کە کەسێک هەیە دانی پیادا دەنێت و هەست بە خۆشەویستی دەکات دەربارەی.. ئاسوودە بوو بەوەی کە لە ژیانیدا منداڵێ ئەو باوەڕە مەزنەی نیشانبدات، دانپیادانی منداڵ بە جیهانی گەورەدا زۆر دەگمەنە، چونکە

گەورە لای منداڵ بێبەش نییە لە خەوش و فەرمان و دابی ناجۆر، نرخی مرۆڤ لەوێدا باڵایە کە جێگەی ڕەزامەندی ئەوانی تر بێت، بە تایبەتی منداڵان، کاتێ ساوایەک زۆر دڵنیا دان بە خۆشەویستی خۆیدا دەنێ ـ خود یا باوک لە ئاستێکی باوەڕی باڵاتردا خۆی دەبینێ چونکە هەندێک هەن؛ سەرەڕای کەم خەوشی؛ لە خۆیان رازی نین و هەمیشە هەست بە کەمی دەکەن دەهەق بەوەی کە دەیکەن.. ئەمە بیرێکی هەڵەیە و راستیشە لە هەمان کاتدا بەڵام هەندێ جار هەندێ باوکانی وەکو دلێر دەشێ دووچاری ماندووێتی بێن، ئەگەر زوربەی کات هەست بکەن "کەم" دەربەستی خزمەتی منداڵەکانیانن، لە راستیدا بە پێی پێویست- چاکترە لەکەم و چاکتریشە لە زۆر خزمەتکردن!. کاتێ منداڵ دان بە باوانیدا دەنێت، باوان لە تەوەرێکی ئاکاری باڵادا خۆیان دەدۆزنەوە، رازی دەبن لەوەی کە پەیامیان پیرۆز و پەروەردەیان بێخەوشە یان شوێنەواری جوانیان لای منداڵەکانیان خستۆتەوە، دلێر زۆر دەربەستی پیاداهەڵدانی دەوروبەر نییە، لە پەیوەندیدا لەگەڵ دەوروبەردا چاوەڕێی شاباش ناکات، سەرزەنشتیش پەسەند ناکات، مرۆڤێکی خۆناس و خاوەن تەماحی هزری یە، لە وڵاتێکی هەڵە و کولتوورێکی سەقەتدا دەژی، مرۆڤێکی خۆناس و خاوەن تەماحی هزری یە، لە وڵاتێکی هەڵە و کولتوورێکی نامۆدا.. راکشاوە و ئاسوودە خۆی دەبینێ لە بیرەکانیدا، دواهەمین فرمێسکی بە ژان لە یادی منداڵیی خۆیدا- لەچاوانی تکەی

دەكرد، چزەی لە دەروونییەوە هەستاند، یادی هاتەوە کە جارێکیان دایکی داغی دەکرد، جارێکی تر برا گەورەکەی داغی کرد، بەڵام گرنگ نییە، هەڵەی ئەوانی تر گرنگ نییە، من لەم دڵە گەورەیەمدا توانیومە یەک ژووری گەورە بۆ ناجۆرییەکانی کۆمەڵ و باوان و گەل ـ دروووست بکەم-و لەوێدا لەوان دەبوورم، بەڵام لە یادم ناچن کە بە ئازاربوون، دلێر وەهای بەبیردا دەهات، بێباکانە قومی لە جگەرەکەی دەدا، بێباک بوو لە رابردوو، لە داهاتوو، شەوێکی درەنگە، تەنها دوو سێ سەعات شک دەبا بۆ پشوو و بیرکردنەوە.. لە چێژی هەستکردن بە لە خۆرازیبوون دا راکشاوە و پشوو دەدات، وەکو هیوا، وەکو دایکی هیوا، وەکو کۆرپەلەی یەک مانگانەی ناو سکی دایکی هیوا، وەکو باڵندەکانی ناو لانە، وەکو هەر مرۆڤێ کە لە حاڵەتی پشوودا خۆی دەبینێت، راکشاوە، رووت و قووت، سەیری سەمای دووکەڵی جگەرەکەی دەستی دەکات، کە لە شێوەی ماسییەکی دوکەل شیوەدا لە هەوای ژوورەکەدا ئەبستراکت هێڵەکانی پەرش دەبن، پاشان بەرەو دیارنەمان لە هەوای ژوورەکەدا بڵاودەبنەوە، هیوا مشە مشێتی لە باوەشی دایکیدا، بە سێ زمان بەر لە نووستن هیوا بە دایک و باوکی وت : شەوشاد. خۆزگە هەموو. باوکێ شەوانە بواری دەبوو سەعاتێ لە ئارامی دا بۆ بیرکردنەوە ئازاد بێت، هەروەها هەموو دایکێ بە هەمان شێوە. بەدەم خەیاڵەوە، دلێر بیر لەوە دەکاتەوە کە هەوڵ بدات بە پێێ توانا مناڵ بێت لەگەڵ منداڵەکەیدا و گەورەیی بخاتە لاوە،

هەوڵ بدات پێکەوە وەکو دوو هاوڕێ یاری بکەن و کاتەکانیان سوودمەند بەکاربەرن، هەوڵ بدات منداڵەکە سنووری گوزارشکردنی ئازاد بێت، بۆ زیاتر تێگەیشتن، سنووردانان بۆ منداڵ دەربارەی هەڵە و راست پابەندی تەمەنی دوای شەش ساڵی یە، دەبێ هەمیشە ئەمەم لەیاد بیت وەکو باوک کە خۆشەویستی ئەوان بۆ ئێمەی باوان بارتەقای هی ئێمەیە بۆ ئەوان، با ڕێگە بدەین کەمێ لەگەڵ منداڵی خۆماندا بژین، دەسبەرداریان نەبین، رستە لەدوای رستە لە بیریدا رێچکەی دەبەست، سەمایەک لە دەروونی ئەودا بەرپا دەکات، لەو راکشان و پشووەدا هەست دەکا تارماییەکی خودی خۆی لە ژوورەکەدا سەرگەرمی سەمایە، دەستەکانی خستە ژێر سەری خۆی، دوای کێشانی جگەرەیەک، بیر لەو هەستە دەکاتەوە کە تیایدا سەما دەکا، منداڵێکی دێتەوە یاد زۆر سەمەرە و تایبەت، منداڵێکی ئەفسانەیی، ئەو منداڵییەی کە هەرگیز وازی لێ ناهێنێ، پڕە لە کارەساتی سەیر، پڕە لە دیمەنی نەبینراو، لە هەڵوێستی پیرۆز، چیتر گەورەیی خۆی لە یاد نەماوە و لە منداڵیدا ئۆقرەی گرتووە، دووبارە فرمێسک بە جاوانی دا ریز ریز، دانە دانە ، دەهاتنە خوار، چونکە داستانی منداڵی خۆی هێشتا بۆ کەسی باس نەکردووە، منداڵی خۆی سینەمایەکە تەنها خۆی بە دووپاتی شریتی خۆی بۆ خۆی لێدەداتەوە و تەنها خۆیشی تەماشاکەر و درووستکەر و لێدەرێتی، بە دیار ئاگردانەکەوە خۆی تەنیا دەبینێ، تەنیا تر لە منداڵیی خۆی -

راکێشاوە، لەو تەمەنەدا، لە رابردوودا، بیر دەکاتەوە، بیر لەو منداڵییەی خۆی دەکاتەوە کە ئەفسانەکانی بە کەس نەوتووە هێشتا، نائاگاش خۆشحاڵە، بەیانی هەمان شەو لە خزمەتی هیوادابێ و هەوڵبدا لە قوتابخانەی ماڵەکەیدا زیاتر فێربێ و زیاتر ئاشنا بێت بە منداڵەکەی ، ئەو شەوە بۆ یەکەم جار دڵێر دڵنیا و خۆشنوود چاوی چووە خەو، زۆر خۆش خەوی لێکەوت، راستەوخۆ دوای نووستن، کۆمەڵێ منداڵی سپی رەنگی بچکۆلانە و باڵدار هاتنە ژوورەکەوە، ئەویان بێدار کردەوە، ئەو خۆی وەکو ئەوان بچکۆلە و باڵدار دەبینی، پێکەوە هەڵفڕین، بەرەو جیهانێکی دوورەدەست، ئاسمانیان تەیکرد تا گەیشتنە شارێکی ناسراو بە دڵێر، شاری لەدایکبوونی، لەوێدا بەناو شەقام و بازاڕەکاندا کە زۆر نامۆبوون بەو- دەگەڕاو تەماشای دەکرد، کەس لە کەس نەدەچوو لەو شارەدا، هەرچییەکی دەبینی وای دەزانی یەکتری دەناسنەوە، بەڵام وانەبوو، فریشتەکان ئەویان هاندەدا بچێت بۆ لای ئەو کۆترانەی لە گوێسەبانەی یەکێ لەو ماڵەدا کە ئەو بە منداڵی تیایدا ژیابوو- هەڵکوڕمابوون.. بەڵام ئەو حەزی دەکرد کەسێ ببینێ کە دەیناسێت، شار پڕبوو لە خەڵکی، یادی هاتەوە کە ئەو زاتێکە شوێنەواری فیزیایی لەو وڵات و شارەدا، لەناو ئەو خەڵکەدا نییە. بۆیە زۆری نەبرد، لە چاوتروکانێکدا گەڕایەوە ناو ژووورە راستییەکە، هەروەکو منداڵ ئەوو فریشتەکان پێکەوە يارییان دەکرد، پێکەوە لە دەوری ئاگرێکی گەش سەمایان دەکرد.

وتەیەک: ـ هەندێ جار باوان هێندە گەورە و مەزنن لە کۆرپەکانیان دەڕوانن کە دەبێتە مایەی ئازار، کاتێ ئەوان هەڵە دەکەن، بۆیە بە چەپۆک رووبەڕووی منداڵەکە و هەڵەکاری دەبنەوە، چونکە لە راستیدا ئەوە چەپۆکدانە لە خولْقییەتی خودی باوک و چاوەڕوانی ئەوان لە منداڵ. باوان هێندە کامڵ لە منداڵ دەڕوانن کە چاوەڕوانی هەڵەی لێناکەن!.. ئەمە لە نەست دا دەبێتە هۆکاری ئازاربەخش گەر باوان تێینەگەن.

سەربەست.

## چارەنووسی دەریاوان

---

رۆژێکی خۆرەتاوی هاوین شێوەیە، تاک وتەرا پەڵە هەور لە ئاسماندا بە هێمنی بەدەم باوە لە حاڵەتی یاریکردندا لەکۆچدابوون، با هەر ساتە وبە شکڵێک شێوەی ئەوانی دەگۆڕی لە ئاسماندا.

پەنجەرەیەک لە بنمیچی ژوورەکەی ئێلین-دایە و ئەو لەوێوە دەڕوانێتە رووخساری ئاسمانی پڕ لە ژیان، لەسەر جێگەکەی راکشاوە و کات دەمەو نیوەڕۆیە، هەست بە پشوویەکی دەروونی زۆر دەکات، زۆر خۆشنوودە لەو دۆخەیدا و هەست دەکات ئاسمان لە چێوەی ئەو پەنجەرەیەوە دیمەنی هەورەکان وەک فیلمێکی سینەمایی بۆ ئەو سازکردووە و پەڵە هەورەکان باسی دراماو کۆمیدیای شکڵەکانی بۆ دەکەن. بۆنی بارانێکی خۆش، بۆنی تەڕبوونی زەویی دەکرد لە هەمان کاتدا، کە پێدەچوو کەمێ باران لە دەرەوە لە یەکێ لەو پەڵە هەورانەدا باریبێ، بۆنی گیا و گوڵ و زەمین، هەستی دەکرد – بۆن- دیارییەکی زۆر خۆشەویستە و لە ژوورەکەی ئەودا والایە و هەستەکانی زیاتر حەواوە دەکەن، ئێلین بەدەم راکشانەوە کۆی مەیلەکانی داوای ئەوەیان لێدەکرد کە هەستێ و خۆی ئامادە بکات بۆ گەشتێ بە ناو دارستان و سرووشتدا، بەڵام ویستێکی نادیار، نائیرادی ئەوی لەسەر جێگەکەی دەهێشتەوە، چونکە رۆژی یەکشەممە بوو، خۆی دەیتوانی کاتەکانی خۆی وەها بەکاربەرێت کە دڵی دەخوازێت. لەو کاتەوە کە لە نەخۆشخانە دەرچووە و گەڕاوەتەوە سەرکار خۆی زۆر ئازادتر لە جاران دەبینێ، ئەگەر چی هەست و نەستی خۆی لەگەڵ هاوکار و دۆستەکانیدا ناخاتە ژێرباس، بەڵام گرۆبوونی بە جیهانی ئەبستراکت و هەستییەوە گەورەتر بووە و کەمتر چاودێری یا دیلی کۆسپە ماددی و رۆژییەکانێتی، هەر بۆیەش هەست بە ئازادییەکی چەشەبەخش

دەكات، چونكە قورسایی ژیانی ڕۆژانەی لەسەر لاچووە و بێ ویستی خۆی خواستێكی دەروونی میوانی ئەوە و ڕۆژ و كاتەكانی پردەكەن لە مانا و هیچ شوێنەوارێكی تەنهایی هەست پێناكا كە جاران دێوەزمەی میوان بوون. چاوەكانی نیمچەكراوە، ڕووەو ئاسمان بەردەوام دەیڕوانی، هەستی بە یەک بوون دەكرد لەگەڵ سرووشت و ئاسماندا، ویستێ ئاشنا بە گیان و لەشی ئەو وەكو قاڵبێكی نادیار لە جێگەی خۆی، لەسەر لەشی ئەوەوە بە هێمنی هەستایە سەرپێ، بێ ئەوەی گرنگی بدات بە شكڵ و شێوەی، لەگەڵ بۆنی خۆش و گەڵاوگوڵ و زەمیندا كە زیاتر بۆنی ئەو، واتە بۆنی خودی ئەویان لێ دەهات؛ لە خەیاڵی خۆیدا كەوتە ڕێ.. بە پیاسەیەكی بێ چپە، تەنها لە تەماشا دەچوو ،و هاوهەست بوو لە سەرنجدانی دا و ئاسمان و سرووشت و باڵندەكانی بە چاوی هەست دەبینی. هەروەها شێوەی هەمەجۆری پەڵە هەورەكان، و لە ئاسۆی ئەوبەرەوەشدا ڕەنگی كەوانی پاش بارانی دەبینی، چێژی لە گشت ئەم بابەتە ڕۆژەكییانە دەبینی. بەرلەوەی بگاتە سەر ترۆپكی بینین، سەر ترۆپكی دەروون، ترۆپكی خەیاڵ!.. بایەكی زۆر هێمن یاری بە پرچ و ئەگریجەی دەكرد، تەنیا لە یەک ڕووداو بێ ئاگا بوو، ئەمیش ئەوە بوو كە لە گۆشەیەكی ئەم جیهانەدا هونەرمەندێ مێملی ئەو بوو بە سەرنجەوە لە هاوهەستییەكی قووڵدا وێنەی ئەوی دەكێشا، واتە وێنەی ئێلین.

بایەکی خۆش لەگەڵ پرچ و گیای ترۆپکی دەروونی ئەودا لە گەمەیەکی خۆشدا بوون، لەوێدا هێستا هەورەکان لە یاریکردن نەببوونەوە و خۆیان جێگۆڕکێ دەکرد، کاتێ ئێلین گەیشتە سەر ترۆپکی شاخی دەروون کە لە ڕەنگەکانی ئاوێزە درووست بوبوو، کە هەمان وەک ڕەنگەکانی کەمان ئاوێتەی سیحری خەیاڵ بوون؛ لەوێدا ئێلین هەموو شتێکی بە بیردا هات، چونکە زۆر خۆشبین بوو، بۆنی گوڵ و چیمەن زۆر نزیک بوون لەوەوە و دەستیان بە روومەتیدا دەهێنا و ئارامی گیانیان بەو دەبەخشی، بێدەنگی قڕوقەپی کردبوو؛ وەکو شاعیر لە گۆشەیەکی ئەو بەرزاییەدا ئارام و دڵنیا دانیشت، لە پەرستگای سرووشتدا یا دەروونی دا، پاشان لە هەمان ئارامی دا راکشا، تەنها ئاسمانی لە یاد بوو، ئاسمان بە کۆی پەڵە هەورەکان و ئاوێزە و دەزوولە تیشکەکانی خۆرەوە؛ بابەتی هەستەکانی ئەو بوون. یەکەم جار بوو، هەستی کرد، کە خواوەند لەو وچانەدا، لەو ئارامییەدا، لەو دڵنیاییەدا، لەو کەماڵەدا، لەو بەهرەیەدا چاوی لەوە و خۆشنوودە بە ئاسوودەیی دەروونی ئەو.

یەکێ لە پەڵە هەورەکان لە شێوەی کەشتییەکدا لەبەر چاویدا دەرەویەوە. ئاسمان وەکو دەریایەک بۆ ئەو کەشتییە دەردەکەوت لە ژوور سەری یەوە، لە هەمان کاتدا باڵندەیەکی سپی دەنووک زەرد کە ناوی باڵندەی ـ مۆکە ـ یە و باڵندەیەکی ئاوی یە لە ئاسماندا، بە ژوور سەری ئێلین ەوە باڵەکانی واڵا کردبوو و لە حاڵەتی لەنگەر گرتندا، بە شێوەی بازنەیی دەسوڕا، نزیک لە

ژور سەری "ئێلین"ەوە بە چەند مەترێ سووڕی دەخوارد بێ ئەوەی باڵەکانی لەیەک بدات، لە قیژە قیژ و دەنگیدا پێدەچوو هەواڵێکی بۆ ئێلین هێنابێت، بەردەوام قیژە قیژی بوو مۆکە کە ( نەورەس) بەردەوام سووڕی دەخوار و ئەوێی بەجێ نەدەهێشت، نیازی بوو دڵنیا بێت لەوەی کە هەواڵەکەی بە ئێلین گەیاندووە.. چی هەواڵێک؟ هەواڵی ئەو کەشتییە و بەسەرهاتی دەریاوان- کە باکان بە دەم باوە لە شێوەی هەورەکاندا نیشانی ئێلینیان دەدا!

نائیرادی ئێلین لە ژێر زەبری ئەو دەنگەدا یا قاوەقاوەدا سەرنج و یادی تێکەڵ بوو بە دەریا و کەشتییەک ، نەستی و ئۆتۆماتیکی دەنگی باڵندەکە و شکڵی پەڵە هەورەکۆچەرەکان؛ خەیاڵەکانی ئەویان گۆڕی بە باڵندەیەکی مێینەی سپی و دەنووک زەرد و پێسوور، تیژ تیژ رووە و ئاسۆیەکی تر بە ئاسماندا لە شەقەی باڵی دا، ئێلین لە سنووریکی تردا خۆی بینییەوە لە ئاسۆیەکدا؛ لە ئاستێکدا کە شتەکان، دیمەنەکان لە ژێر ئاستی چاویدا بوون، پێچەوانەی حاڵەتی راکشان و پشوودانی، خۆی لە شێوەی مەلێکی ئەفسانەیی تیژباڵدا بینی، لە دەروونی خۆیەوە تیژ دەرپەڕی بەرەو ئەو ئاسۆیە، بێ ئاگابوون لە کات وشوێن. لەو ئاسۆیەدا، لەو روانگەیەدا دەریایەکی بەسام و پڕ خرۆشی بینی کە هەڵمەتی شەپۆلەکانی شاڵاویان بۆ ئاسمان دەبرد، کەشتییەکیش گیرۆدە و شەق و شڕ بوو لە ناو شەپۆلی باکاندا بە بچووکی لە ئاسماندا- هەم لە زەریای خەیاڵی ئەودا، ناهاوسەنگ لەبەر هەڵمەتی شەپۆلەکاندا لە ناو ئەو دەریایەدا

دەهات و دەچوو، کە تەنها پیاوێکی پیری هەڵگرتبوو کە شتییەکە ؛ لەو چاوتروکانەدا ئێلین ئەو دیمەنەی بینی کە کەشتییەکە بەرەو نغرۆبوون و تێکشکان دەچوو، پیری دەریاوانیش لە نەشئەی قاقای پێکەنین و هاتوهاواری خۆیدا کامەران دیاربوو لەناو کەشتییەکەدا، پێدەچوو یەکەم جاری بێ؛ کە بۆ دواجار لەگەڵ چارەنووسدا لە کێشەی رووبەڕووبوونەوەدا بێت.

نەک هەر ئەو دیمەنە، بەڵکو دەیبینی کە دەنگێک، کە لە دەنگی ڕادیۆی ناو کەشتییەکە دەچوو.. رادیۆیەک لە کەشتییەکەیدا هەواڵی بڵاودەکردەوە، توانای بیستنی ئەوەشی هەبوو.. هەواڵەکان لە رادیۆی ناو کەشتییەکەوە لە هەڵمەتی شەپۆلی دەریای بێ ئاماندا دەیگوت: " تەقەلای دۆزینەوەی دەریاوان و کەشتییەکەی، بێهوودە بوو، پاش گەڕانێکی زۆر بە دەریادا، تیپی گەڕان هێچ شوێنەوارێکی پیری حەفتا ساڵەیان نەدۆزییەوە". ئێلین ئەم بەسەرهاتەی بە چاوی خەیال لە شێوەی مەلێکی ئەفسانەییدا بینی لە چاوتروکانێکدا، دەریاو شەپۆلەکان، دەریاوانی پیر و کەشتییەکەی لەچاو ونبوون. بەڵام هێشتا شوێنەوارێکی کەم لەو کەشتییە هەورییە- لەئاسماندا مابووەوە کە باکان یارییان پێ دەکرد! تەنها ئێلین گەواهی ئەم رووداوە بوو، کە لە شێوەی باڵندەیەکی ئەفسانەیی تیژفڕدا ئەو دیمەنەی دەبینی، دیمەنی بێ شوێنەواربوونی پیری دەریاوان. ئەو دەریاوانەی کە بەر لە چەند رۆژێ، دوای ئەوەی بۆ دواهەمین جار سەردانی مەزاری هاوسەرەکەی کرد؛ دوا چەپکە گوڵی

لەوێ بەجێهێشت و چەپکێک گوڵی تریشی لەگەل خۆیدا بۆ دەریا برد و سواری کەشتییەکەی بوو بە نیازی ونبوون لە هەمیشەیی دا، بە نیازی نەگەڕانەوە دەریای گرتەبەر، شوێنەواری گەشتی دەریاوان تەنها قاقای پڕ لە بەختیاری بوو، پاش ئەم بینینە ئانی و کتوپڕ، باڵندە تیژ ڕەوەکە هاتەوە جێگەی خۆی. ئێلین هەستی کرد هێشتا لە جێگەی خۆیدایە، هێشتا گیانی لەناو لاشەی خۆیدایە ولە ترۆپکی دەروونی خۆیدا راکشاوە، موچڕکەیەک، راچەنینی ئەوی هەژاند، چونکە هێشتا دەنگی قاقای پیری دەریاوان دەگەیشتە بەر گوێی و بیستگەی! باڵندەکەی ژوور سەری- پاش ئەوەی کە دڵنیابوو لە گەیاندنی هەواڵەکانی خۆی بەرەو ئاسۆیەکی تر دوورکەوتەوە ولەچاو ون بوو.

ئێلین لەو هەستە کت وپڕەدا تێگەیشت کە نەمری دەریاوانی قووت دا، نەستێ ئێلینی دڵنیاکرد کە مەبەستی باڵندەکە ئەوە بوو ئەو لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ بینینی دیمەنێ لە دوورگەیەکی تردا، یا لە ڕاستییەکی تردا لە کەس نەزان! واتە ڕاستەقینەی خەیاڵ.. بۆیە خۆی وەکو باڵندەیەکی ئەفسانەیی تیژفڕ بینی. کۆی هەستەکانی ئێلین هێمن بوونەوە، کاتێ کۆی ئەم بەسەرهاتانەی بینی لە خەیاڵی خۆیدا، لەو کاتەدا کە بە راکشاوی سەرنجی لە ئاسمان دەدا لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، هەستی کرد گوێی لە تەپەی پێی کەسێکە، بەرەولای ئەو بە پلیکانەی ماڵەکەیدا سەردەکەوت، بەرەو ژووری نووستنی ئەو دەچوو، بێئەوەی

هیچ پەرچەکرداریّ هەڕەشە لە هەستیاری بکەن، ئێلین هەستی کرد تارماییەک لە ژوورەکەیدا ئازاد بەژوور سەری ئەوەوەیە چونکە کەسی نەبینی بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی تارماییەکدا بۆنی دەریای دەکرد، بۆن ساردی بۆنی قەوزەو لەشی دەریا، موچڕکەیەکی سارد بە لەشیدا تەزووی دەکرد، نیمچە ساردییەک بە لەشیدا بڵاوبووەوە، هەستی کرد پیری دەریاوانی چارەنووس بەخش بە شەپۆلیی دەریا میوانی ئەوە { کە هەورەکان شێوەی غەرق بوونی ئەویان لە شەپۆلی باکاندا-لە ئاسماندا نیشان دا!} ونیازێتی لە سرووش و ئیلهامی ئەودا بەرەو هەمیشەیی بەڕێبکەوێت، ئێلین بێ ڕادەڕبڕین باوەشی بۆ گیانی ئەو والآکرد. هەستی کرد ئەو منداڵە کۆرپەلەیەی لەسکیدایە، گیانی دەریاوانێ دەبێتە نوێنەری لە داهاتوودا، بەر لەوەی جێگە بەجێبهێڵێ لە گەشتەکەی گەڕایەوە و لە قووڵایی دەروونی خۆی وەدەرکەوت، هێشتا چاوی لە گەمەی هەورەکان بوو لە پەنجەرەی بنمیچی ژوورەکەیدا ئازادانە بە ئاسماندا گەشتیار بوون.. کە دیمەنی کەشتییەکە بەدەم باوە بەرەو نەمانێکی هێمن دەچوو.. خۆی تەنها بینی لە خەیاڵەکانیدا، خۆی زۆر بەختیاربینی، هەستی کرد بەختیارترین مرۆڤ کەسێکە کە رۆژانە کاتژمێرێ چێژ لەو ئیلهامانە بسێنێ کە سرووشت بە نیازەکانی دەگەیەنێ.. چونکە گەشبینی لای کەسانێکە کە خۆیان وەکو ئەو دەبینن و بێ یاریدە لەم سرووشتەدا ژیان بە چەندین تەرز دەبینن، ئێلین هەستی کرد بەختیاری ئەوی بەدیهێناوە بۆ

هاوژیانیکردن لەگەڵ نادیاردا، نەک بوونە کۆیلەی خۆزگەی سەرپێی و رۆژەکی و لاوەکی. لەسەر جێگەی خۆی ئارام دڵنیاو شاد خۆی کێشایەوە، پاشان مۆسیقایەکی کلاسیکی ڤیڤاڵدی خستەسەر قەوانەکە و هارمۆنی لەگەڵ هەستیاری و سروشتدا گوێی بۆ ئاوازی وەرزەکان شلکرد و دەستی بە سکی خۆیدا دەهێنا و منداڵەکەی ناوسکی خۆی دەلاواندەوە. خۆشحاڵ بوو بەوەی کە گیانی پیرێکی دەریاوان هاتووە بە میوانی و هەمان میوانی داهاتووی منداڵەکەیەتی و نیازێتی چارەنووسی خۆی لەو منداڵەدا دووپات بکاتەوە! کات چەند دەقیقەیەک پاش بێداربوونەوەی ئێلین ، نیوەڕۆی رۆژێکی یەک شەممەیە، دەفتەری یاداشتەکەی کە لە تەنیشتییەوە بوو هەڵگرت و نائیرادی بەدەم گوێگرتن لە مۆسیقا وە ئەم شیعرەی نووسی: ـ

{دەریاوانەکان خۆشحاڵ بوون

پاش گەڕانی زۆر لەدڵی دەریادا

توانیان قاقای پێکەنینی ئەو پیرە بدۆزنەوە

کە چارەنووس قووتی دابوو

سەریان سوڕمابوو بە دیار لاشەی پێکەنینەوە..

هەورەکان و باکانیش گەواهی دۆزینەوەی تەرمی قاقای پیری دەریاوان بوون.}

باڵندەیەکی نەورەس سێجار بەژوور سەری ئەوەوە لە بازنەیەکی بۆشاییدا سێ جار سووڕی خواردو قیژاندی: ئیلین، ئێلین، ئێلین. کاتێک ئێلین تەماشای دەرەوەی پەنجەرەی بنمیچی ژورەکەی کرد؛ بینیی هەورەکان وەک منداڵ هەڵدێن بە ئاسمانداو بەدەم باوە یاری دەکەن و شکڵ و شێوەی خۆیان بەدەم یارییەوە دەگۆڕن. ئێلین هێشتا گوێی لە سەمای وەرزەکان بوو.

## خود و شوێنەوار

کاتژمێر نۆ و پازدە دەقیقەی ئێوارەیە، زستانە و شوێنەواری بەفری بەجێماو لە هەڵمەتی بارانی ئێوارەکانی پێشوو لە زۆر جێگەدا ماوە. ئاسمان رووناکە و مانگی پڕ پرشنگی خۆی بەهەر جێگەیەکدا پەخش دەکات کە بتوانێ و تیشکی پێی بگات. بەو بیرە نامۆیانەوە کە هەموو ئێوارەیەک لە هەمان کاتدا هاوشانێتی؛ بەدەرکەوت و دەرگای ماڵەوەی داخست بە نیازی چوون بۆ سەر کاری شەوان.

لە دەرگای ماڵەوە تا شوێن پارکی سەیارەکەی سەد هەنگاوێک دەبێت بە پێ بڕوات، یەکەم ، دووەم، بیستەم..هتد هەنگاوی نا بە پێچەوانەی هەر ئێوارەیەکی پێشووەوە ئەم ئێوارەیە هەستی دەکرد بیرێکی خۆش شک نابات تا لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ سەرکار؛ تا بەدەم کاری پاشەڕۆی بەراز شۆرینەوە- بیرەکانی بجوێتەوە و وەک شەوچەرە خۆی پێ سەرگەرم بکات.

بۆ ساڵانێکە سەرگەرمی شۆردنی پاشەڕۆی کارخانەیەکە؛ یا قەسابخانەیەک، کە تیایدا سۆسیس لە گۆشتی بەراز و ئەسپ ومانگا دروست دەکرێت. بەڵام ئەو لە ڕاستیدا مرۆڤێکی هونەرمەندە.. هونەرپیشەیە.. بەڵام لە وڵاتی خۆی ناژی و پەنابەرە؛ لەو وڵاتەشدا کاری هونەری و پرۆژەی هونەری لەو حەرام کراوە. کەس بەچاکی نازانێت کە ئەو وەک هونەرمەند

برەو بە کاری کەلتووری بدات! چوونکە بێگانە هەم خۆی و هەم کەلتوورەکەی بە چاوێکی هەڵە تەماشا دەکرێت! ئەو هێندە لە بارودۆخی ژیان تێگەیشتووە. بە تایبەتی لە وڵاتی نەرویج، گەر مرۆڤ پەنجەی مانا بۆ زاتی خۆی درێژ بکات؛ هەموو پەنجەکانی دەبڕنەوە. بێگانە بۆی نییە بوونی هەبێت، مەگەر ئەو بوونە لە ڕووی بەزەیی گەورەکانەوە بەو بەڕەوا بزانرێت! چوونکە لە ڕاستیدا بێگانە لەوڵاتی نەرویج مەحکومە بە هەموو تاوانەکان. بۆیە ئەو لەمێژە دووچاری نەخۆشیی خەمۆکێ بووە! زۆر لەمێژە خەمۆکێ ئەو دەلاوێنێت و هاودەم و هاوڕێ و کەس و هاودەنگی ئەون! بەس نییە ئەو خەمانەش شک دەبات! خۆ ژیان هیچی بەو ڕەوا نەبینیوە! تەنانەت خێزانەکەشی سەری پەیوەندیی لەگەڵیدا نییە! سەیرە، ژیان لە هەندەران، مرۆڤ هێندە نامۆ دەکات، کە نزیکترین کەس لێیەوە دوورەپەرێز دەردەکەوێت! بەڵام ئەو منداڵەکانی خۆش دەوێت.. دوو منداڵی هەیە. دەتوانم بڵێم، لەوەتەی ئەو منداڵەیان بووە، ئەو هەست بە دەستبەردار بوونی نەخۆشیی خەمۆکێ دەکات. دڵنیا بە لەم ڕستەیە؛ ئەو چیی تر نەخۆش نییە....

ئەو ئێوارەیە؛ بەر لە ئاژۆشتن بۆ سەرکار، بەتاڵ و حەتال خۆی دەهاتە بەرچاو. بەدەم هەنگاونانەوە چاوی بڕییە دارستانەکەی ئەوبەری ماڵەکەیان، واتە لای چەپی ماڵەوەی، کە لەژێر رۆشنایی تیشکی مانگدا جۆرەها روووناکیی لێڵ و تاریکی دەبینی، ناو درەختەکان تاریک و دەوروبەر بە رەنگی

شینی خۆڵەمێشیی تۆخ لە کۆنتراستدا دیار بوون. لەگەڵ ڕەنگی شینی کاڵ و رەنگی پەڵە بەفرە بە جێماوەکان تێکەڵ بوون. بەر لەوەی بگاتە ئەو پەرژینە ئاسنینە تۆڕچنەی کە شەقام و دارستانەکە لە یەک جیا دەکاتەوە، لەنێو درەختە کەم رووناکییەکان دا کە تا رادەیەک رۆشن دیار بوون و وەک شکڵی سەیردەبزوان. کاتێ زیاتر سەرنجی دا؛ بۆ باشتر روانین، هەستی کرد کۆمەڵێک فۆرمی تێکەڵ و پێکەڵ لە حاڵەتی بزووتن دا بەرەو دەرەوە و لای ئەو لە جمەدان. ناچاربوو لەنگەر بگرێت و لە دیمەنەکە بڕوانێت، لە هەمان کاتدا دزە رێ بەرەو لای سەیارەکە چوو.. بەسەر سوڕماوی وناچاری لە جێگەی خۆیدا راوەستا.. وەک ئەوەی هێزێکی نادیار ناچاری بکات، ڕاوەستاو بەسەرسوڕمانەوە زیاتر وردبووەوە.

پاش هەڵوێستەیەک، بینیی کە فۆرمەکان شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیان دەگرن و زیاتر لەو نزیک دەبنەوە بە خێراییەکی سەیرتر لە راستی، هەستی بە شپرزەیی کرد، ویستی خۆی گێل بکات و بە فیکەلێدانی نادڵنیاوە هەنگاوەکانی لەرزۆک هەڵێناو بەرەو شوێنی مەبەست رووە و سەیارەکە چوو، موەکانی لەشی رەق راوەستان و هەستی بە سەرما دەکر. موچڕکە بە پشتیدا تەوژمی دەهێنا، بەڵام بەر لە دووسێ هەنگاو، هێندەی نەمابوو دەرگای سەیارەکەی بکاتەوە، فزوولی ئاوڕدانەوە وای لێکرد بەرەو لای چەپ ئاوڕیک بۆ ناو دارستانەکە بداتەوە، چونکە ناهاوتا بەو شکاڵانەی کە بەرچاوی دەکەوتن، بیستنیشی گوێی لە مقۆقۆ و

هاواركردن بوو.. پێدەچوو کەسانێک بانگی بکەن. کاتێ بینیی لەلای چەپەوە فۆرمەکان بەرەو لای ئەو نزیک دەبنەوە؛ زۆر سەری سوڕما! کۆمەڵێ فۆرم یا ئادەمی شێوە تێکەڵ و پێکەڵی بینی کە زۆر تیژ بەرەو دەرەوەی دارستانەکە و لای ئەو دێن. بۆیە لە ترسێکی نادڵنیادا؛ هەڵەداوان بەرەو قەمەرەکە خۆی تاودا.. فریا نەکەوت دەرگای سەیارەکە بکاتەوە لە پەلەپروسکێ دا. کاتێ شێوەکان لە چاوتروکاندا بە تێکەڵ وپێکەڵی گەیشتنە سەری و دەنگی ئافرەتێ لە نیوان دەنگەکاندا ئەوی ناچار کرد وەکو مێخی چەقیو لە جێگەی خۆیدا رەق راوەستێ و ترس بخاتە لاوە و بە هانای هاواری ئافرەتەکەوە بچێت.. ئافرەتەکە هاواری دەکرد:" تکایە یاریدەمان بدە.. هانامان بۆ تۆ هێناوە". کاتێ تێگەیشت کە ئەو کۆمەڵە فیگۆرە تیژڕەوە رێبوارن، دوودڵ ولەرزۆکێ و دووسێ هەنگاو بەرەودوا گەڕایەوە بە نیازی گوێگرتن لەوان و مەیلی یارمەتی دانی نیشان دان. بەڵام نزیکبوونەوەی پڕتاوی شێوەکان ئەویان زیاتر تۆقاند بە جۆرێکی ئەوتۆ کە هەستی کرد دڵی لە قوڕگیدا چەقیوە و هەناسەی بۆ نادری ؛گەر بیتوانیایە بە دەنگی دەیان ئافرەت پڕ بە دنیا هاواری دەکرد و زریکەی خۆی دەگەیاندە دەرودراوسێ.. موچڕکە یەک لە دوای یەک بە لەشیدا دەهات و دەچوو و شپرزە دەلەرزی، چونکە ئەوانەی لەبەردەمی ئەودا گەلە بوون مرۆڤ شێوە بوون؛ کەچی لە مرۆڤیش نەدەچوون!

کۆمەڵێک مرۆڤی خوار وخێچ و دزێو و ئەندام کەموکوڕ بوون! کۆمەڵێک لاشەی هەمەجۆر! تەنانەت لەش و چوارپەل و قۆچی ئاژەڵ و تا لووتی بەرازیشی دەهاتە نەرچاو! گشت فۆڕمەکان تێکەڵ بوون بەیەکتری.. هەموویان قەرەباڵغ لە یەک لەشدا دەبینران.. سەری ئافرەتەکەی لەناویاندا بینی کە هاوار و قیژەقیژی بوو بۆ یاریدە. بینیی ئافرەتەکە چاوی نەبوو، یەکێکی تریان پێی نەبوو، سێهەم لەشی نەبوو، چوارەم دەستی نەبوو، پێنجەم سەری نەبوو، شەشەم چەند پارچەیەک ئەندامی تاریک بوو بە گشتیان چەند پێ یەکیان هەبوو وەک ئەوەی لەناو تۆڕێکدابن، کۆمەڵی ئەندامی تاریک و ناشیرین وەک ئەوەی مین بەسەریاندا تەقیبێت و پاشماوەیان بە یەکدا نووسابێت، کۆمەڵێ لەشی پارچە پارچە و بە یەکدا نووسا و لەبەردەمی ئەودا ژیاندار هەڵپەیان دەکرد و داوای یاریدەیان لەو دەکرد!

ئەویش هێشتا لە جێگەی خۆیدا واقوڕما و و دەم داچەقاو و ترساو خەوی دەبینی، خەونێکی راستەقینە، ترس دەسبەرداری نەدەبوو وەک ئەوەی چارەنووسی ئەوی داکوتابێ لە جێگەی خۆیدا، نائیرادی دەیڕوانی. هەستی کرد راکردن و فیرار دادی نادات، چونکە هەردوو پێی وشک بووە، پێدەچوو دوو دەستی مەحکەم لە زەوی یەوە وەدەرهاتبێ و هەردوو پێی ئەویان توند گرتبێ.. جار نا جار باڵندە ئاسا پەلی دەبزواند و باڵەفڕێی دەکرد، وەک ئەوەی نیازی بێت بفڕێت تا دەربازبێت. دەنگی ئافرەتەکە تێکەڵ بە دەنگی گڕی ئەوانی تر دەبوو، دەیگوت.. یان پێکەوە

بە یەک دەنگ دەیانگوت:" تکایە یاریدەمان بدە".. ئەویش لە ڕاستیدا دەیبینی و دەیزانی کە خەون نییە، دەنگێ لە ناخەوە ئەوی هێمن دەکردەوە، چونکە هەستی کرد هەرچۆنێک بێت لەناو مرۆڤدایەو پاشان ئەوان داوای یارمەتی لێ دەکەن، کەس پەلاماری نادا و ژیانی لە مەترسیدا نییە، ئەگەر چی زمانی لە گۆ کەوتبوو، بەڵام دوای چەند چرکەیەک هۆشی بەبەردا هاتەوە و هەستی کرد هەناسە دەدات. توانیی بە دوودڵی و بزڕکاوی ڕووبکاتە ئافرەتەکە و بڵێت: چۆن و بەچی دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟ ئافرەتەکە زۆر شپرزە و ترساو دیار بوو، وەک ئەوەی هەموو بوونی لێ زەوت کرابێت، لە ڕوخساریدا، بە پاڕانەوە و بە زمانێکی لەرزۆکەوە گوتی: من پێویستم بەوەیە ببمەوە بە خۆم، دوو چاوم پێویستە! تکات لیدەکەم دوو چاوم پێ بدە!.. دووەمیان بەر لەوەی ئافرەتەکە لە قسەکانی بێتەوە بە دەنگی گڕ و ناجۆر داوای ڕوخساری لێکرد، سێیەم داوای گوێچکەی لێکرد، چوارەم داوای لەش، پێنجەم داوای چوارپەل، شەشەم قاچی ناوەڕاستی دەویست!.. هەر یەکەیان بە جۆرێک دەنگی ناخۆش و تۆقێنەر داواکاری رادەگەیاند.. ئەو لەو غەڵبەغەڵبە بێ شاڵاوەدا تەواو هاتەوە هۆش خۆی، زیاتر هەستی کرد لەناو کۆمەڵێ مرۆڤی پەککەوتە و پێکەوە نووساودایە، خۆی گوێڕادێر بینی و بە تەنگ تەنگوچەڵمەکانیانەوە چوو.. گومانیشی نەبوو و شیاوی هەڵمەتبردنە سەری رەچاودەکرد، چونکە ئەوان زۆر جرپن و سوور بوون بۆ چنگخستنی ئەندامی

کەم وکووڕی لەشیان، رووی کردە ئافرەتەکە و وتی: چۆن دەتوانم دوو چاوت بۆ پەیدا بکەم؟ من نە خواوەندم نە ساحیر؛ ئەمە داوایەکی راست وبەجێ نییە!

بەر لەوەی زیاتر بڵێت؛ گشتیان پێکەوە هەڵمەتیان بردە سەر ئەو لە چاوتروکانێکدا، بێئەوەی ئەو کەمترین بەرگری بۆ بکرێت لە ژێر شاڵاوی ئەواندا بێچارە خۆی دەبینی.. هێندەی یەک و دوو؛ لەشیان پارچە پارچەکرد! نەک تەنها چاو و گوێ و دەست وپێ بگرە گۆشت و ئێسک و دڵ و مۆخ؛ بەڵکو پارچە پارچەی لەشی ئەویان قەپاند.... چەند گوناح بوو ئەو! هیچی بۆ نەکراو کەمترین بەرگریی لەخۆی نەکرد! تەنها فریای ئەوە کەوت یا تەنها ئاگاداری ئەوە بوو کە ئافرەتەکە یەکەم شاڵاوی هێنایە سەر و هەردوو چاوی ئەوی دەرهێنا. ئیتر هیچی تری نەبینی و ئاگای لە خۆ نەما. هەش بەسەر وقەلەندەر، کۆی پارچەکانی لەشیان داماڵی، پاشان لەچاوتروکانێکدا ونبوون و شوێنەواریان پوکایەوە..ئەویش شوێنەواری نەما.. ون بوو! یان خورا! بێدەنگی ئەو ناوەی گرتەوە، بەڵام هێشتا ئەو لە جێگەی خۆیدا مابوو و نەمابوو، هەستی بە بوونی خۆی دەکرد وەک ئەوەی لە زیندە خەوێک بێدار بووبێتەوە، هەستی کرد ماوە و هێشتا لە جێگەی خۆیدا داکوتراوە، بە پێچەوانەی چەند چرکەیەک لەمەوبەر هەستی بە پشوویەکی دەروونی خۆش کرد.. دەیزانی کە لە حاڵەتی هەناسەداندایە؛ زیندووە، هێشتا ماوە، بە گومانەوە یەک دوو هەنگاوی بەرەو سەیارەکەی هەڵهێنا، دەرگاکەی

کردەوە و چووە ناوی، بە هەناسەبڕکێوە دەرگای لەسەر خۆی داخست و بە کڕی دانیشت، هەستی دەکرد هێشتا ماوە ودەژی، دڵنیابوو کە خەونی نەدیوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەشی لە جێگەی خۆیدایە؛ سەیری ئاوێنەی ناو سەیارەکەی کرد، بەڵام شوێنەواری خۆی بەدی نەکرد! بە پەشۆکاوی بەدەستی سێبەرشێوە پەلی لەلەشی سێبەر شێوەی خۆی دەکوتا و هیچ لەشێکی ماددی بۆ لەمس نەدەکرا، بۆنەدەگیرا.. زۆر ترسا. گریان قوڕگی پڕکردبوو، چونکە هەستی بەبوونی خۆی دەکرد، بە پەلەپروسکێ چەند مەترێ بە سەیارەکە گەڕایەوە دواوە، تا دڵنیابێت لەوەی کە هێشتا لە ژیاندایە، ئەو کارەی بۆ چووە سەر، بەڵام تەنها قاوغێکی گیانی، تەنها لەشێکی هەستی هەڵدەستا بەو کارانە و لەشی مادیی شوێنەواری نەمابوو، لەشی دزرابوو، بێئەوەی دەرگای سەیارەکە بکاتەوە، توانی دابەزێت، هەڵەشە و ترساو و پەشۆکاو، پاشەوپاش بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، دەرگای ماڵەوەی کردەوە، بە پەلەقاژێ بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و چووە بەر دەمی خێزان و هەردوو منداڵەکەی، هاوسەرەکەی دانیشتبوو و شیری بە منداڵە ساواکەی دەدا، کورەکەیشی لەولاوە خەریکی یاریکردن بوو، کاتێ گەییە بەردەمی هاوسەرەکەی هەڵە داوان پرسی: ئایا دەمبینی؟ چۆنم دەبینی؟ وەڵام نەبوو، دوودڵ دەستی برد بۆ رووخساری هاوسەرەکەی، بەڵام ئەو هەستی بەو دەستلێدانە نەکرد، وەک ئەوەی هیچ رووینەدابێ،

ناچار هانای بردە بەر دەنگ و هاوار، بەڵام دادی نەدا، کەس هەستی بەو نەدەکرد.

پاش کەمێک ڕامان و واقوڕمان، هەستی کرد هەرچۆنێک بێت نابێت لە کار دوابکەوێت، خۆی بە بەرپرسیا دەبینی و دەبوو بچێ بۆ سەرکار. سەرەڕای گشت ناهەمواربیەک، تەنها بۆ ئەو نیازە چووەوە ناو سەیارەکەی ، بیری لەو راستی یە نوێ یە دەکردەوە و دووپاتی خەیاڵ دووچاری ترساندنی دەکرد.. بیری لەوە دەکردەوە چۆن گیانێکی ئازاد و بێ لەش دەتوانێ سەیارە ببزوێنێ؛ کەچی ناتوانێ خێزان ومنداڵەکەی بدوێنێ.. زۆری نەبرد تێگەیشت کە ئەو سێبەرشیوەیە و دەتوانێ لە نیازیدا قاوغی سێبەرشێوەی سەیارەش درووست بکات و بیهاژوێت، پێدەچوو گشت مادەیەکی زیندوو لە جیهانی ئەودا گۆڕدرابن بە سێبەر و شتەکان هیچیان راستیان بەبەرەوە نەمابێ!

ئەنجام هەمان ئێوارە خۆی گەیاندە سەر کار، وەک هەموو ئێوارەیەک خۆی گۆڕی و چووە ژووری دانیشتن بۆ لای هاوڕێکانی، سڵاوی لەوان کرد؛ بەڵام کەس وەڵامی ئەوی نەدایەوە، کەس ئەوی نەبینی.. ئەمە شتێکی دڵنیاکەرانە نەبوو بۆ ئەو.. چوونکە لە ژیانی ڕاستی و لە ڕۆژەکانی پێشوشدا گەرچی زیندو زیندو بوو، کەس وەڵامی سڵاوەکانی ئەوی نەدەدایەوە.. لەسەر کاریش خۆی دەبینی کاردەکات، کەچی لەهەمان کاتدا کەسێکی تریش لەگەڵ ئەودا لە جێگەی ئەودا کاری دەکرد!!

پەیوەندیکردن بێسوود بوو لەسەر کار.. نەیتوانی سەرنجی ئەو کیژۆڵانەش ڕابکێشێت کە جار ناجار کاری لەگەڵدا دەکردن. ئەو لە خۆیدا تەنها راستییەکی خەیاڵی بوو و هیچی تر. لەم بەسەرهاتەدا دەژیا، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە دۆخی جارانی، نەیدەتوانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە پۆلیس، بە هیچ کەس.

خێزانەکەشی رۆژ لە دوای رۆژ شپرزەتر و بێ هیواتر دەبوو دەرهەق بە مان ونەمانی ئەو، هەمیشە چاوەڕێی تەلەفۆنی دەکرد لە پۆلیس و نەخۆشخانە و بەڕێوەبەرایەتی یاریدەدانی دۆزینەوەی کەسانی بێ شوێنەوار. چونکە ئەو لەو راستییەدا ون و بێ شوێنەوار بوو. ئەو لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا هێمن بووەوە و ترس و پەشۆکاوی نەما، چونکە هەستی دەکرد دابەش بووە، هەستی دەکرد خودی ئەو، نەستی ئەو، هەستی ئەو لە ژیاندایە و ژیان و رۆژەکانی زۆر نەگۆڕاوە، چونکە ئەو لە راستەقینەدا خودێک بوو، بە هەڵەداچوون و ترس و گومانی ئەو میللەتەی دەخوێندەوە کە بە رووپۆشی درۆوە لەپەیوەندیدا بوون لەگەڵیدا!.. خەڵکی ئەو وڵات و شارەی کە تیایدا دەژیا نامۆ بوون بەو و ئەو کەسی لەوان نەدەناسی، تەنانەت لەنێوان ئەوانەشدا کە تاک و تەرا دەبوونە ئاشنای، قێزی لە پەیوەندی و بە هەڵەداچوونی ئەوان و بیری راسیزمی و ناسیۆنالیزمی ئەوان دەکردەوە، ئەوان تەنها هیۆپۆکرات گەل بوون، بە کورتی قێزی لە نامۆیی خۆی دەکردەوە و بێگانە بوو بە ژیان ، بە ناسنامەش هاوڵاتی نەبوو. ئێستا ئازادتر لە جاران دەتوانێ برەو بە

ڕۆژەکانی بدات و بێ خەم و بێ گرژکردنی ناوچەوان خۆی لەتەک خێزانەکەیدا ببینێ، خۆ لە ڕاستیدا کاتێ ئەو لە ماڵەوە بوو؛ هەمیشە بە دوای کاتدا وێڵ بوو، تا سەرخەوێکی تیادا بشکێنێ، چونکە داواکارییەکانی ژیانی کار، شەوی ئەوی کردبوو بە ڕۆژ، ڕۆژیشی بە شەو، دیلی کارێکی بەسەردا سەپاو و نەویست. زیاتر هەستی بە ئارامی دەروونی دەکرد، زیاتر ئازاد، ئەوەی لە دەستی دابوو تەنها لەش بوو.. توومەز مرۆڤە دزەکان، یاریدە خوازەکان، ئەوانەی کە لە جیهانی مردنیشدا داڵدەی لەشیان هەبوو..فێری هۆگری و ڕاهاتن نەبووبوون بە ژیانی گیانی.. ئەوانەی کە لە کۆلاج دەچوون و پێدەچوو پاشماوەی شەڕی دووەمی جیهانی بن! یان لەشی فڕێدراوی خەستەخانەکان... ئەوان نەپەرژانە سەر ئەوەی هەست و گیان و بیری ئەو بدزن، ئەوان تەنها لەش پەرست و خۆپەرست بوون.. توانییان لەشی ئەو پارچە بە پارچەی بدزن.. بۆیە هەست و بیر وگیان و ویژدان و ویست کە نا ماددین لە جێگەی خۆیاندا؛ لەودا مابوون و ئازاد دەژیان. هەستی کرد گەیشتووە بە کەماڵ، گەیشتووە بە ئازادی و لە ترۆپکی خۆشبەختیدا وچانی گرتووە. لەو کاتە بەدواوە هەستی کرد گیانێکی ئازادە، پێویستی بە کاڵاو کار و خواردن و پەیوەندی نەخۆشانە نییە لەم وڵاتە نوێیەدا کە تیایدا پەنابەرە.. تێگەیشت لەو ئاسوودەییەدا کە لەش پەرستان و خۆپەرستان دەربەستی هەست و گیان و بیری ئەو نین.. نابن. ئەوەتا ئازادەو دەگەڕێ،

بەڵام ئەم ژیانە جێناهێڵێ، تواناى هەیە بە نیازلەدڵگرتن، لە چاوتروکاندا، بروسکە ئاسا لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بەبێ باڵ بفڕێت. ئەو خۆزگەیەی کە جاران هەیبوو لە راستیدا هاتە دی، وەکو باڵندەیەکی گیان ئازادانە لە پێناوی تێرکردنی چەشەی جوانیدا لە گەشتدایە، زەریاکان بەسەردەکاتەوە و لەگەڵ با دا دەدوێ و لەسەر پشتی رۆشنایی مانگ و ئەستێرەکان سەرخەو دەشکێنێ، کۆی مۆزەخانەکانی جیهانی دیوە، کۆشک و باخچەکانی بەسەرکردووەتەوە و پەلەوەر نەماوە گوێی لێ نەگرتبێ و پێشبڕکێی لە فڕیندا لەگەڵ نەکردبێ!.. یەکەم جارە سەر بۆ ژیان و ئەفسانەکانی دەلەقێنێ و هەست دەکات گیان لەو بیرەدا، لەو هەستەدا، لەو ئەبستراکتەدا لە کەماڵی خۆشبەختی دا پڕە لە ژیان، تووەمز مانەوە و نەمری لە گیاندایە، لە بیر و هەستدایە، بەردەوامی لە ویست و نیازدایە و ژیان لەوێدا ئارامتر و خۆشتر و پایەدارتر و بێ ترسترە. لەوێدا خود یا ویست دەوڵەمەنە بە بینین و فێربوون، خاوەنی سوودی بێ پایانە و لە زیان و زەبر بێبەرییە، لەوێدا گەشبینی کتومت لەو دەچێ و ئەو تیایدا ئاوێتەیە.. وەک ئەوەی مەرگی لەش خەلاس بێت بۆ گیان.. یان ئازادیی گیان-بریتی بێت لە ڕزگاربوون لە لەش. یان مەرگ گیان دەبات بەرەو ئازادییەکی یەقینتر. ئەم رستانەی دوایی کاتێ بەبیردا هات کە دەیڕوانی یە ئەو خانمەی لە ژیانی راستیدا عەشقی ببوو، بێئەوەی خانم پێی بزانێت. ئەو هەمیشە

دوای نووستنی منداڵەکانی؛ لە ژیانی گیانییدا دەچووە میوانی خانمی خەونەکانی.. خانمێک کە عیشقی بووبوو.

ئەو هێشتا دەژی و ئەم ژینگەیەی بۆ تەرک ناکرێت، چونکە هێشتا عەشقی ئەو پابەندی ئەو خانمەیە وبێ درۆ زۆربەی کات لە دەوری ئەو دەگەڕێت، وەکو هەناسە لە ژوورەکەیدا لەدەوری ئەوە، سەیری جوانی و پەیام و سرۆش و بیری ئەو دەکات. نامۆبوون بە هەستی پەتی، بیری پەتی، ویستی پەتی، نەستی پەتی، لە عەشق و ئازادیدا؛ ئازادە. گیانی مرۆڤی پاک و بێخەوش هەرگیز ژیان بەجێ ناهێڵێت. چوونکە ئەو هەمیشە لە هەمیشەییدا ئازاد وسەرپشکە.

## گیانی ئەستێرەیەک

پارچە بەردێکی داگیرساو، با بڵێین پرشنگی ئەستێرەیەکی وردیلە یا منداڵ کە لە دێر زەمانەوە تریف و تافی بوو و ئازادانە گەشتی بە ئاسماندا دەکرد. شەوێک لە شەوان بەبێ هیچ هۆکارێکی لۆژیکی لەو بەرزاییە قووڵەوە کشا و ڕێچکەی خۆی بەرەو زەمین گرتەبەر، وەکو ئەو منداڵەی کە هەفتەیەکە یان ساڵێکە یەکێ لە باوانی خۆی نەدیوە؛ ئاوەها بەوپەڕی هانابردنەوە کەوتە خوارێ و سنگی دای بە لووتکەی شاخێکی ئەم سەرزەمینەدا و هەپروون بە هەپروون بوو، هەر پارچەیەکی کەوتە جێگەیەکەوە، هەندێ پارچە، دەستی، چاوی، سەری، کەوتنە نێو ئەشکەوتێکەوە، پارچەی تری لەشی کەوتنە دەریاوە، دوا پارچەی زۆر ون و نادیاری، یەک گەردی بچکۆلە بوو، یەک پارچەی تەنها رۆشن و بێ کێش، پارچەیەک گڕبوو کە زۆر بە تیژی و بێ سرەوت خولی دەخوارد و هەوای دەبڕی؛ بە ڕێکەوت بەر لەشی ئافرەتێ کەوت، ئافرەتێ کە لەو

نیوە شەوەدا لە ماڵ دەرکرابوو، رووت و قووت لەسەر بەردێک، لە کەناری دەریایەک دانیشتبوو بە دیار باڵندەیەکی "شەو شێتەوە" کە ئاوازی جوکەی تەنها دڵنەوایی بوو بۆ ئەو، بێئاگا لە مەراقی خۆیدا دەگریا، تاک و تەنها. پێدەچوو ئەو پارچە تیشکە گیانی ئەستێرەکە بێت؛ ویستراو یا نەویستراو لە لەشی ئەو ئافرەتە چەقی، بگرە خۆی گەیاندە ناو منداڵانی و گەرماییەکی زۆر خۆش لەشی ئافرەتەکەی پڕکرد، وەک ئەوەی لەسەر ئەو کەناری دەریایە دانیشتبێ و خۆی گەرم بکاتەوە، بێویستی خۆی وازی لە گریان هێنا و سەرنجەکانی ئاراستەی ئاسمانی تاریک و ئەستێرەکانی کرد. هەستی کرد گەر نیازی روو لەوان بێت؛ ئەوا گەرمایی زیاتر بە لەشی دەگات. گەردە تیشکەکە هێندە خێرا لەشی ئەوی تەی کرد، هێندە بچکۆلە و گەردیلە بوو لە قەوارەیدا، ئافرەتەکە هەستی بە ئێش و ئازار نەدەکرد، بە پێچەوانەوە  هەستی بە نەشئەیەکی خەیاڵی کرد.کۆمەڵێک یادی خۆش بە خەیاڵی دا تێپەڕین.

بێگومان کەس بەئاگا نەبوو لە کەوتنە خوارەوەی ئەو ئەستێرە ساوایە، کەسیش ئاگاداری ئەوە نەبوو کە گیانێ ( واتە گیانی ئەستێرەکە)  لەو شەوەدا پەنای بردووەتە بەر گیانی ئافرەتێکی بێ کەس و تەنیا، ئافرەتێ کە تەنها خاوەنی خۆی بوو، بێ هاوڕێ و هاوسەر و بێکەسی زەجری دەکرد. گەردە تیشکەکە؛ گیانی ئەستێرەکە لە منداڵانی ئەودا گیانی دەدا، دەژیا و گۆش دەبوو.

مانگێ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، ئافرەتەکە هەستی بە هێڵنج و سەرگێژی دەکرد، زیاتر دەنووست و ژەمە خۆراکی ڕۆژانەی گۆڕا و هەستەکانی ناسکتر و هێمنتر دەبوونەوە، بیرەکانی حەواوە و خۆشنوود دەەبوون، مانگێکی تریش تێپەڕی، چەند مانگێکی تریش، پاش ئەوەی لە نێوان ئەو مانگانەدا هەستی دەکرد شتێک لە ناخیدا گەورە دەبێ و دەژی و گیان دەدات، بڕیاری دا بچێت بۆ لای دکتۆرەکەی تاوەکو بەسەرهاتی هەستەکانی خۆی و گۆڕانی ئەندامیی بکات. دکتۆرەکەی پاش پشکنینی چەند ئەندامێک و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی سکپڕی، پیرۆزبایی لە مشتەرییەکەی واتە ئافرەتەکە کرد کە دووگیانە و وا خەریکە سکی دەبێتە دوو مانگ، ئافرەتەکە ئەم هەواڵەی وەکو زەبرێک پێگەیشت، بە سەرسوڕماوی ڕایگەیاند کە بۆ شەش مانگ دەچێت بێ مێرد و هاوسەرە هیچ پەیوەندییەکی ئەندامیی لەگەڵ کەسدا نەبووە هەروەها بێ پەیوەندییە، بەڵام ئەم هەواڵە ڕاست بوو، دکتۆرەکەی ڕاستی پێ وت. ڕۆژەکان هاتن و چوون، ئافرەتەکە سەرسوڕمانی زیاتر و زیادەتر دەبوو، لە ئەنجامدا باوەڕی بە بڕیاری دکتۆرەکە هێنا، چونکە زیاتر و زیاتر ورگی نائاسایی گەورە دەبوو، ئەنجام بەوە کۆتاییهات کە ئافرەتەکە شەوێک لە شەوان بەر لە خۆرهەڵاتن، لەگەڵ شەبەقدا خۆی گەیاندە ماڵی ئافرەتێکی مامان، هەر ئەو بەیانیە منداڵێکی بوو، منداڵەکە کچ بوو، منداڵێکی زۆر ئەفسووناوی، زۆر جوان و نیان، بۆنی زۆر

خۆش، بۆنی منداڵەکە بە ناو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاوبووەوە، خەڵکی دراوسێ و شار بە مەبەستی بوونیان لە خرۆشی ئەو بۆنە گیانییەدا بەرەو ماڵی مامانەکە دەچوون و دەچوونە زیارەتی ئەو ساوا ئەفسانەییە، چونکە ئافرەتەکە دەنگی دابووەوە لە شارەکەدا کە بێ ئەوەی مێردی هەبێ، بێ ئەوەی پەیوەندی هەبێ، سکی پڕبووە، تەنها مامانەکە گەواهی ئەو ساتە بوو.

کە منداڵەکە لەدایک بوو، پاک و تەمیز و بۆن خۆش، بەدەم قریوە و پێکەنینەوە پێی نایە ئەم ژیانەوە و بۆ یەکەم جار دایکیشی لەحەشمەتا پێدەکەنی و لە خۆشی ئەو زاییندا دەگریا. هەرچی ئەو منداڵەی دەبینی، بەجۆرێ لە جۆرەکان دەکەوتە یادی گیانی پیرۆز و بیری لە بوونی خواوەند و دەسەڵاتی ئەو دەکردەوە، چونکە ئەو ساوایە بەهرەی بە مرۆڤ دەبەخشی، بە هەر کەسێ کە چاوی پێیبکەوتایە! چیرۆکی منداڵەکە گەیشتە نێو گۆڤار و رۆژنامەکانی شار، بیر وهەستی خەڵکی ئەو شارە لە گۆڕاندابوو، مرۆڤەکان لە ئومێدێکی زۆر نەشئەبەخشدا یەکتریان خۆشدەویست و لە گەڵ یەکتریدا هەستی دوژمنانەیان لەگەڵ یەکتر نەبوو، وەک ئەوەی بە بۆنی ئەو منداڵە کەوتبن، هەستیاریان جوانتر گۆش دەبوو. منداڵەکە لەگەڵ دایکی خۆیدا ئارام و کامەران ژیانیان بردە سەر، دایکی ئەو بە کارێکی جل و بەرگ دورینەوە یا ماڵ پاککردنەوەی پەککەوتەکانی ئەو شارە رزق و رۆزی رۆژەکانی چنگ دەخست و بێ کۆسپ دەژیان.

منداڵەکە ناوی رۆشن بوو، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵدا، باڵای دەکرد و گەورە دەبوو، لە جوانی دا بێ وێنە و دڵڕفێن بوو، پرچەکانی زەرد، چاوەکانی گەورە گەورە و دوو ئەبرۆی پەیوەستی زۆر رەش لەبان ئەو دوو چاوە شینە سەوزباوە سیحریان لە خەڵکی دەکرد، هیچ هونەرێ نەیدەتوانی خەوشێ لە باڵا و لەنجە و ئاخاوتن و خولقی بگرێت، ئەو لە کەماڵی جوانی دا گۆش دەبوو، خاوەنی نەریتی بەرز و دابی کۆمەڵایەتی بوو، خاوەنی بیری جوان و هەستی بەهرەمەندانە بوو، هەمیشە خۆشەویستی قوتابی و مامۆستا و هاوسێ و خەڵکی بوو. رۆشن لە فریشتە دەچوو، راست و رەوان، بەختیار بە ئاکاری چاکی دەژیا، تا تەمەنی بووە هەژدە ساڵ، کۆی ئەم بەسەرهاتانەی وەکو راستییەکی بەڵگەنەویست هەستپێدەکرد لەو تەنهاییەدا، لە کەناری ئەو دەریا مەنگەدا، لە سەربەردەکە کە لە سەری دانیشتبوو، ئەو دڵۆپە ئەشکانەی لە چاوانییەوە، دەتکانە ناو ئاوەکە تێکەڵ بە تێشکی ئەستێرە و مانگ دەبوو کە لە ئاوەکەدا پێچەوانە بوو و ئافرەتە- دەرکراوەکە- دەیبینی و پێویستی نەبوو رووی خۆی بەرەو ئاسمان بەرزبکاتەوە، بەڵکو لەڕووی نەدەهات، چونکە خۆی شەرمەزار دەبینی، خۆی پەشیمان دەبینی، خۆی نالەبار و بەدخو دەبینی کە ئەو شەوە لە پێناوی خرۆشی لەشیدا لەگەڵ مرۆڤێکی سپڵەی بەدخوودا چووبووە ناوجێ، تەنها لە پێناوی ئەوەدا دەرمان بۆ لەشی زەلیلی چنگ بخات و لە هەڵمەتی دەروونی مانگرتووی بۆ دەرمان خۆی دەرباز بکات، دەرمانەکەی

لەدەست بوو لە ناو پارچەیەک نایلۆندا، بێ ئۆقرە بوو، کاتێ پاش گریانێکی زۆر بەئاگا هاتەوە، بیری لای دەرمانەکە نەمابوو، بیری لای ئەو زیندەخەونە بوو کە بەدەم هەنسکەوە بیری کەوتەوە  چونکە خۆی جوان و لاو دەبینی و نەدەشیا بێهیوابێت لە دوارۆژێکی رۆشن. خۆی بەدخوو نە دەبینی و لە زەبری ئەم ژیانەدا و لە بی کەسیدا دووچاری بێهوودەیی هاتبوو، بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە، بێکەس خۆی دەبینی، بۆیە پەنای بردبووە بەر داودەرمانی گێژکەر و بێهۆشکەر.. بەڵام تەنیایی ئەمشەوی گۆڕانکاری تیادا درووست دەکات، یەکەم جارە کە هەست دەکا هیچ شتێک لەودا مردوو نییە، هەست دەکا گیانێ، گیانی ئەستێرەیەک هانای بۆ ئەو هێناوە و لە لەشیدا داگیرساوە، ئەو گەرم دەکاتەوە و هیوا بە گیان و خۆزگەی دەبەخشێ، هەستی کرد وەک مرۆڤ خۆی بە بەرپرسیار دەبینێ بەرانبەر بە مرۆڤایەتی و داهاتوویەکی پاکتر و پایەدارتر، هەستی کرد ئەو تیشکانەی لەو ئەستێرانە دەپرۆێن پاک و بێگەردن، هەستی کرد ئەو گەرمیەی لە تیشکی خۆرەوە لەشی ئەو گەرم دەکاتەوە؛ میهرەبانییە، هاودەنگییە، هەستی دەکرد سرووشت هاودەم و هاوسۆز و هاوخەمیێتی، رووت و قووت تەنها تیشک وەکو پەردەیەکی ئەرخەوانی ناسک لەشی ئەوی دادەپۆشی، وێنەی پێچەوانەشی لە ژێر بەردەکەدا ئەوی بە رووتی نیشان دەدا ئاو لەشی ئەویان دەشێلا لەو حاڵەتەدا، زۆر لە دڵەوە بیری لەوە دەکردەوە کە داهاتووی رۆشنە، هەستی کرد

پەیامێک ئەوی سمیوە، ئەو ئاڵودە خۆی نەبینی، چی دی؟ خۆی پابەندی دەرمانەکەی دەستی نەبینی کە بەر لە چەند سەعاتێ لەشی داوای دەکرد، بۆیە نائیرادی بە پێی بڕیارێ لە ناخەوە، دەرمانەکەی دەستی کە توند گرتبووی، رژانییە ژێر بەردەکەوە و تێکەڵ بە ئاو بوو، هەستی کرد ئەگەر چی زۆر گریاوە، بەڵام باڵندەیەکی شەوشێت بە ئاواز- هاوسۆزی بوو.. هەستی کرد بە درێژایی ئەو شەوە خۆش خۆش نووستووە و خەونی بە منداڵەکەیەوە دیوە کە ناوی دەنێت رۆشن لە داهاتوودا، هەستی کرد ئەو لەشە جوانە لاوە چی تر دووچاری هەڵمەتی ناجۆر ناکا و بە رێزەوە مامەڵەی دەکا لەوێ بەدواوە.. چونکە ئەو لەشە، ئەو گیانە هەڵگری پەیامی داهاتووەوە و ژیان بە یاریدەی لەشی ئافرەت و دایک ئامادە دەکرێ بۆ بەردەوامی و مانەوە. لە ناخی خۆیەوە بڕیاری دا کە خۆی بە کۆیلەی دەرمان و بابەتی وڕکەر نەزانێ ، خۆی وەکو هاوڕێ بینێت لە تەک سرووشت و ئاسماندا، رووت و قووت لەسەر تاشە بەردێ لە کەنار دەریا، زۆر مەیلی لە هاودەمی بوو، هەستی کرد لەو بەیانییەدا، لەو هاوژیانی یەدا، لەو خەونە شیرینەی ئەو بەیانی یەدا بە هەست و نەست و خۆزگەی داهاتووی خۆی ئاشنابووە، پەیامێ لەودا گۆش دەبێت کە دڵنەوایی ئەو گۆش دەکات و هانی دەدا بۆ گۆڕان، چ گۆڕانێ؟ چونکە ئەو داڕێژرابوو، وەکو منداڵێکی هەرزە ، یا گەنجێکی نەزان، خۆی نابینێ، بەڵام هەستی کرد پێویستی بە خودگۆڕین نییە، چونکە زۆر رازی و پڕ مانا خۆی

دەبینێ لەوێدا، بەڵام هەستی کرد پێویستی بە بڕیاردانە، بڕیاردان بۆ ژیانێکی ڕۆشنتر، بۆ ئومێدێکی تر، بۆ گەشتێکی تر لە ژیاندا کە ببێتە مایەی دڵنیایی و خۆشەویستی وەچەکانی دوای خۆی، یان بەلای کەمەوە ببێتە گیانێکی هاوڕێ بۆ ئەو پارچە تیشکانەی کە ناخی ڕۆشن دەکەنەوە، هەستی کرد لێپرسراوە وەکو مرۆڤ هارمۆنی خۆی ببینێ لە پاڵ داخوازییە سرووشتییەکاندا، چونکە یەکەم جار و یەکەم بەیانی یە هەست دەکات کە مرۆڤ تەنها لەگەڵ ئەوانی تردا هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی ناکا بەڵکو دەتوانێ لەگەڵ سرووشت و تیشکی ڕۆژ و باڵندەکانیش دا هاودەنگی هاوهەستی و هاوڕێیەتی بەدیبێنێ و ئەوانیش سەربەخۆیان دەتوانن هاوڕازی لە مرۆڤدا بڕوێنن، دەستی برد بۆ سەری پاشان بۆ لاشانی ڕاست وچەپی، وێنەی خاچێکی هێمایی درووست کردوو نوێژێکی بێدەنگی ئەنجامدا. بەر لەوەی بێمەبەست هەستێ و بێ مەبەست لەوێ دووربکەوێتەوە؛ لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێ بە رووتی بیبینێ و بە هەڵەدا بچن، دەستی بەر لەشی کەوت، دەستێ ئەوی دادەپۆشی، لەدواوە، دەستێکی میهرەبان، چاکەتێکی کردە شانی ئەو، لە دەوری شانی، تا ئەژنۆکانی ئەوی داپۆشی و گەرمایی بە لەشی ئەو گەیاند. کاتێ ئاوڕی دایەوە، کابرایەکی باڵا بەرزی کەمێ لە خۆی باڵاتر بینی، لە روخساری پڕ لە بەزەیی باوکانەدا سۆزی نیشانی ئەودا، بە دەم ئەنجامدانی ئەو کارە کە لەشی ئەوی دادەپۆشی وتی: ـ ئازارت هەیە هاوڕیکەم؟ ئەویش توند

باوەشی هاودەمی گرتەوە و بە بێدەنگی سەری کردە سەرشانی پیاوەکە و رایگەیاند کە بەرەو باشتر دەچێت، شوێنەواری لێدان بە پشت و رانی‌یەوە دیاربوو، پیاوەکە هونەرمەندێ بوو لەو ناوە دەژیا، لەو دیدارەوە، لەو رۆژەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتە بێ ناوەدا، ئەو هونەرمەندە بێ ناوە بووە هاوڕێی .. ئافرەتەکە خۆی گۆش کرد، لە ماوەی ساڵەکانی داهاتوویدا، شەوێ لە شەوان، لە هەمان جێگەدا.. لە ئاهەنگی سەری ساڵدا چیرۆکی خەونی ئەو شەوەی بۆ هاوڕێ یەکی زۆر خۆشەویستی دەگێڕایەوە، هەر ئەو شەوە هاوڕێکەی داوای لێکرد کە ببێتە هاوسەری هەمیشەیی تا لە داهاتووی نزیکدا، رۆشن، لە دایک بێت، کە گیانی ئەو ئەستێرەیە بوو، ئەستێرەی هیوا کە کەوتۆتە لەشی ئەوەوە.

# کـــــــۆرس

هێرمان لە هۆڵی ماڵەوەدا دانیشتووە و سەیری هەواڵەکان دەکات لە تەلەفزیۆندا، ئێوارەیەکی نیمچەگەرمە لە ماڵەوەدا و دەرەوە وەرزی زستانە، منداڵەکانی سەرگەرمی یاریکردنن و هاوسەرەکەی کە ناوی "ڤێنکا"یە سەرگەرمی قاوە دروستکردنە و خۆشیی ئەو ئێوارەیە بەڕێ دەکەن، هێرمان مرۆڤێکی کارامەیە و زۆر کاری پێ هەڵدەسووڕێت، حەزی لە کارکردنە لە هەر بوارێکدا و توانای فێربوونی زۆرە، بەڵام بەدبەختانە ئەو کارانەی چنگی ئەو دەکەون کەم خایەنن و هەمیشەیی نین، کەم جار رێدەکەوێت کارێکی یەک ساڵی دەستبکەوێت، هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمدوویی کەم گرۆبوونی ئەو ژینگانەی کە کاری تیادا دەکات، ئەو مرۆڤێکی بیرەوەرە و زیاتر حەزی لە گۆشەگیری یە و چێژ لە هەستیاری خۆی دەبینێ و هاوڕیی منداڵەکانی خۆیەتی. بەم جۆرە چێژ لە کاتەکانی دەبات، لە خەونەکانیش بە ئاگایە و زۆر سەرگەرمی ئەو خەونانەیە کە دەیبینێ، خاوەنی فەنتازیایەکی بەرفراوانە، لەبەر ئەم هۆیانە هێرمان کەمتر پابەندی خەڵکی یە و لە بواری کارکردن دا هەمیشە جێی رەزامەندی کارگە و کارگەرە و رێزی ئەوەی لێ دەگیرێ کە بەرپرسیارە بەرانبەر بە کارەکەی،

و مەرجی ئاشنابوونی بە کارمەندانی ترەوە، پابەندە بە چۆنێتی هەستکردن بە لێپرسراوی. چونکە ئەوەی لە کاردا راستگۆیانە ئەرکی سەرشانی بەڕێوەنەبات؛ نابێتە بابەتی پەیوەندی لای هێرمان کار لە بیری ئەودا رەنگدەرەوەی کەسایەتی و هەستکردنی مرۆڤە بەرانبەر بە خود و کۆمەڵگە، هەواڵ لە تەلەفزیۆنەکەدا گەییە سەر بابەتێکی زۆر سەیر، باسی کەسێکی دەکرد کە کۆرسی سەمای رۆژهەڵاتیی داناوە و ئافرەتانی پیر و خانەنشینی فێرە سەما دەکرد، کۆمەڵێ روخساری ئافرەتانیشی نیشان دا کە لە بریک و باکی بەرگی سەمادا خۆیان دەنواد و سمتیان با دەدا و سەگەرم بوون، کارێکی چاکە.

لە لایەکی ترەوە بەر لە چەند رۆژێ هەمان شێوە لە دەنگ و باس دا باسی ئەوە کرا کە بابایەکی تر کۆرسی فێرکردنی پێکەنینی داناوە، کۆمەڵێک ئافرەت و پیاوی بە تەمەن کە پاشماوەی جەنگی دووەمی جیهانی بوون و غەم و پەژارە خەندە و پێکەنینیان لەبیر بردبوونەوە؛ خۆیان ناونووسی کۆرسەکە کردبوو و هەر یەکەیان بە جۆرێ مەشقی پێکەنینی دەکرد و پێدەکەنین!. هێرمان هەواڵەکانی پێ خۆش بوو، سەری قاڵ بوو لە بەڕیوەبردنی ئەو کۆرسانەدا کە لە دەنگ و باسەوە لەم دواییەدا دەیبیست، بەدەم بیرکردنەوەوە خەندەی پچڕ پچڕ لەسەر لێوی درووست دەبوو، ڤێنکا دەیزانی کە هێرمان سەرقاڵی بابەتێکی کۆمیدییەو بیر لە شتێکی سەیر دەکاتەوە، بەڵام نەیتوانی راستەوخۆ پرسیاری لێ بکات ؛ بۆیە بە قاوە-دانە

دەست ئەو، ئەوی ئاگادار کردەوە کە واز لە خەیاڵ پڵاو بهێنێ و پێکەوە سەرگەرمی قاوەنۆشین بن. بەدەم قاوەفڕکردنەوە بیری لە کردنەوەی کۆرسێک دەکردەوە، چونکە لە خۆی رادەبینێ کۆرس دابنێ و خەڵکێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە، چونکە وادەردەکەوێت کە بەڕێوەبردنی کۆرس بۆ سەرگەرمی یە و خەڵکی تەنها پێویستیان بەوەیە کە کاتەکانی خۆیان بەسەر بەرن و بارودۆخی دەروونیان لە هەڵمەتی تەنهایی و زستانی درێژخایەن بپارێزن. هەندێ لە خەڵکیش لە تاو بێکاری و بێ هاودەمی پەنا دەبەنە بەر ئەو کۆرسانەی کە بەڕێوەدەچێت، مەرج نییە بابایەکی بە تەمەن نیازی فێربوونی زۆر شتی هەبێ ئەرکی بەڕێوەبەری کۆرس بریتییە لەوەی بارودۆخێکی پێکەنیناوی و خۆشی بۆ ئامادەبواون دابین بکا و ببێتە هۆی رەزامەندی و درووستکردنی پەیوەندییەکی نیمچەشکڵی.

راستەوخۆ شتێک کەوتە بیریەوە، ئەها ؛ پێویستە کۆرسێ دابنێ بۆ فێرکردنی- ددان شتن- ئەم بیرەی بە یاریدەی ریکلامێکەوە بە بیردا هات کە تەلەفزیۆنەکە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد دەربارەی جۆرێک لە بنێشت، گوایە بنێشتی V.6 بە جۆرێکی وەها دانەکان بە هێز دەکات کە یاریکەرێکی جیمناستیک دەتوانێ زوربەی چالاکییەکان بە دانەکانی ئەنجام بدات نەک بە دەستەکانی، ریکلامەکە لە خەیاڵێکی زۆر گەمژانە درووستکرابوو، دیار بوو لەژێر کاریگەری هەمان گەمژەییدا هێرمان ئەو بیرەی چنگ خست کە تا رادەیەک شیاوی ئەوەی

دەکرد چەند مانگێ بە هۆیەوە مووچەی دەسکەوێ. هەر ئەو شەوە بڕیاری دا کە دەستوبرد بکات بۆ نووسینی ڕاگەیاندنێ لە گۆڤاری شارەکەیدا و نیشسانی دا کە نیازمەندە کۆرس بۆ پەروەرەکردنی دان دابنێ و خەڵکی فێربکات چۆن ددانەکانیان پاک ڕابگرن و کەمتر بچنە لای دکتۆر، هێرمان مەرەخەسی بەڕێوەبردنی کۆرسی هەبوو، لەو بوارەدا شارەزابوو، لەبەر ئەوەی ئەو شەوە زوربەی سەعاتەکانی بەوەوە بردە سەر کە چۆن بەرنامە دانێت، ئنجا هۆکاری یاریدەدان و ئامرازی پاککردنەوە و جۆرەها جۆری فڵچە و مەلحەم، ئنجا کۆمەڵی باسی کولتووری و جیاواز دەربارەی ددان شتن لە کولتووری تردا، هەروەها دابی دان دەرهێنان و کلۆربوون و دان پڕکردنەوە و دانسازی کۆن و دانی مس و ئاڵتوون و زەرد؛ گشت ئەمانەی لە بەرنامەکەیدا دانا و لە بیری خۆیدا جوان داپڕشت و پاشان تۆماری کرد، لە ئەنجامدا باوەری بەوە هێنا کە ئەم گەمەیە خۆش دەبێت و مشتەری زۆر دەبێ دەشێ خێزانەکەیشی کە تەمەنێکی زۆرە دەناڵێنێ لەتاو ئازاری ددان و دانساز و دەمیان پڕکردووە لە برغو و ددانی ئاسنین؛ بە ئومێدی کەمێ فێربوون، سوود لەو کۆرسە ببینێ، بە لای کەمەوە زوربەی ئەو کەسانەی کە لە دانساز دەترسن خۆیان ناونووس دەکەن، جگە لەوانەش کە باوەڕی تەواویان بە تەندرووستی و باشی ڕاگرتنی ددانەکانیان هەیە، ئەمانە گشتیان باوەڕیان بە زانستی ددان پاکڕاگرتن هەیە. گەر کەسێکی ژیر و بلیمەت بۆ

یەکەم جار هەڵوێستێ بنوێنێ و کۆرسێک دابنیت، چونکە پەروەردەی ددان پەیوەستە بە پەرووەردەی جەستەیی و دەروونی و پەروەردەی منداڵیشەوە.

هێرمان ڤۆڵتەر بیر دەکاتەوە و چەند ساعاتێکە سەرگەرمی هەمان بابەتە، وای بە بیردا دێت ئەو مرۆڤەی کە لە تاو ددانەکانی دەناڵێنێ، رۆژەکانی لە ناڵین و سەریەشەدا بەسەر دەبات، تەنانەت کۆی ساتەکانی بریتی دەبێت لە هەست بە ئازارکردن، هەست بە ئازار کردنیش کار دەکاتە سەر بەرنامەی کار و ژیان و مێشک و پەروەردەش تا پەروەردەی خێزانی بگرە ئەوەی کۆسپی ددانی هەیە، لە تاو کۆسپەکانی ددانەکانی ناپەرژێتە سەر کۆسپی ماڵ و خێزان و دەوروبەر و کۆمەڵگەش. ئەو رۆژەی بیرکەوتەوە کە جارێکیان بە نیازی ددان کێشان سەردانی دکتۆری کرد، لەوێ کاتی چاوەڕوانیکردن، چەند کەسێکی بینی وەکو خۆی روخسار ترشاو و روومەت ئاوساو و چاو سوور هەڵگەڕاو و بی مەیل و زەلیل دانیشتبوون، خواخوایان بوو دەقەیەک زووتر وەژوور بکەون و ددانەکانیان بکێشن، کۆی نەخۆشەکان بەغیلییان بەو دەبرد کە ئەو بەر لەوان وەژوورکەوت بۆ ددان هەڵکێشان. بیرێکی چاکە، هیرمان لەوپەڕی قەرەباڵغی پیلانەکانی دا بەرنامەڕێژی دەکرد، لە خەیاڵیدا دەیان جۆر دەرمانی ددان و ماددەی پاکأکردنەوە و ماددەی بۆن نەهێشتن، فڵچەی سادە و فڵچەی باش و باشتر، فڵچەی هەرزان و گران، فڵچەی

کارەبایی، فڵچەی ددان کورت و ددانی درێژ فڵچەی نەرم و فڵچەی رەق، فڵچەی تاڵ و شاش و فڵچەی تاڵپڕ، فڵچەی سەرخوار و نەبزێو، فڵچەی خوار وراست و کارەبایی و باتری؛ گشت ئەمانەی ناونووس کرد بۆ دەربارە دوان و باسکردنیان، ئنجا راگەیاندنی لای بەڕیوەبەرانی کۆرس تۆمارکرد لە بیریدا و هەمیشە بیری لای ددان و بەروبوومی ددان شتن بوو، چونکە هەندێ دەرمان هەیە رەنگدارە و هەندێک بێ رەنگ، دەرمان بۆ جگەرەکێش و بۆ نەکێش، بۆ کلس لێکردنەوە و بۆ پتەوکردن، هەروەها بیری لەوە کردەوە کە پێویستە تاقمێکی ددان لە تەختە درووت بکات و جوان رەنگی بکات بۆ نیشاندانی قوتابییەکانی، لە ئەنجامدا کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ددانەکانی خۆی و چۆنێتی هەڵکەوتیان و هاوژیانیان بەپێی ژینگەی جیاواز تۆمارکرد، چونکە هێرمان باوەڕی بەوە هەبوو کە ددانەکان لە کاتی گۆڕانی ژینگەدا سیفات و رەفتاریان دەگۆڕێت، ئنجا بیری لەوە کردەوە بە دوور و درێژی باسی چیلکەی ددان و بەکارهێنانی جۆرەها چەشنی چیلکە بکات، ئنجا باسی ددانی ئەوروپی و ئاسیایی و ئەفریقایی بکات بە تایبەتی ددانی مرۆڤی ئەفریقی کە ددانەکانیان زۆر سپی یە، هەروەها کۆمەڵی وێنەی کۆنیشی لە ئەلبوم دەرهێنا کە بازاڕی ددان دەرهێنان نیشان دەدات لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. دوای هەموو ئەم بەرنامانە دێتەسەر چۆنێتی ددان شتن و ویستی ددان نەشتن، کاتی ددان شتن و کاتی پشوودانی ددان، ددانی ئاژەڵ و ددانی ماسی و

ددانی دایناسۆر!. چەند وێنەیەکی دەربارەی قەپۆزی تیمساح و مەیمون و کەر و پشیلە و شەمشەمەکوێرە پەیداکرد، ئنجا پیلانی ددان و پەیوەندی بە تەمەنەوە دارێژرا، ددانی شیری و گەورەیی و پیاوەتی و ددانی ژن و ددانی پیاو، ددانی تاقم و ددانی پلاستیکی، ئنجا باسی خورافیاتی هەندێ کولتوور دەربارەی ددان کەوتن و ددان پاراستن و ددانکەوتن لە خەودا، پاش ئەوەی ئەم هەموو پیلانانە لە بیری هێرمانەوە پوختە کران و هەر بە خەیاڵیش خرانە سەر کاغەز زیاتر و زیاتر ئەو هەوەسی بەڕاستیکردنی ئەو کۆرسەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە رۆژانە هەر بیری دەکردەوە و پێدەکەنی. شەوێک دوای دارِشتنی پیلانەکان، بەسەر بابەتەکاندا دەچووەوە و پێدەکەنی، ڤینکا بە لایەوە سەیربوو کە هێرمان زۆر لەبەر خۆیەوە پێدەکەنێت، بۆیە پرسی: ئەوە چییە هێرمان، هەمیشە دەڵێیت بیر لە شتێکی زۆر تایبەت دەکەیتەوە؟ هێرمان لە وەڵامدا رایگەیاند کە بیر لەوە دەکاتەوە کۆرسی ددان گۆشکردن دابنێت. هێشتا نەکەوتبووە سەر شەرحی زیاتر، ڤینکا دایە قاقای پێکەنین، هێرمان لەگەڵ ئەودا پێدەکەنی، داوای لەو کرد گەر حەز لە پێکەنینی زیاتر دەکات، ئەوا دەبێ خۆی ناونووس بکات، بەڵام ڤینکا وایزانی هێرمان شۆخی لەگەڵدا دەکات. هێرمان لەگەڵ کاتدا بیرۆکەکانی دادەڕشت، بابەتی زیاتر لەو بارەیەوە بە بیریدا دەهات، بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر کۆمەڵگە ددانی نەبێ یان ددانی کۆمەڵگە دەربهێنن ئەوا کەس پێویستی بە خواردن و زۆرخۆری نامێنێ،

ئەمەی وەکو پێشەکی بابەتەکەی بەبیردا هات. لە دواییدا بیری لەوە دەکردەوە کە پەیوەندی بە کاوەی دانسازەوە بکات، چونکە ئەو هەرچەند دانسازە کۆی ددانەکانی خۆی لەکەڵک کەوتوون، دەشێ ئەویش خۆی ناونووس بکات و زانستیشی لەو بارەیەوە پێبدات. شەو درەنگانێ هێرمان چووە ناو جێگەوە، ئەو شەوە بە تەنها نوست، لەبەر ئەوەی هەستی کرد دەشێ خەونێ ببینێ و تیایدا زیاتر دەربارەی هونەری ددان شتن شت فێربێت. پاش ئەوەی چاوی چووە خەو، لەخەویدا بەیانی بوو، دەستوبرد خۆی گۆڕی و بەرەو بەشی راگەیاندن چوو لە مەکتەبی کارکردن، لەگەڵ لێپرسراواندا کەوتە ئاخاوتن و پیلانەکانی خستە بەردەمیان، پاش گفتووگۆیەکی زۆر دەربارەی هیچ، لێپرسراوەکان بە چاوکراوەیی و گرنگییەوە پێشوازیان لەو بیرەی هێرمان کرد و رازی بوون، یەکێکیان رایگەیاند کە ماوەیەکی زۆرە سەری لێ شێواوە و نازانێ چۆن ددانەکانی بە درووستی خزمەت بکا و چ دەرمانێ بەکاربێنێ کاتێ ددان سەرمای دەبێ، یان ددانی جیڕ دەبێتەوە، بەڕاشکاوی رایگەیاند کە نازانێ چۆن ددانی بشوات یا چ فڵچەیەک بەکاربێنێت، لە هەمان کاتدا باسی هەمان کۆسپی کرد لای هاوڕێ و منداڵەکانیشی، لەو باوەڕەشدا بوو کە زۆر هۆکاری دەرەکی نادیار هەن و کاردەکەنە سەر شێوە و شکڵی ددان و مرۆڤ چەواشە دەکەن بۆیە لێپرسراوەکە کە ناوی مونیک بوو و

رایگەیاند کە دەستوبرد لە خەو هەستێ ئەم بەرنامەیەی بکاتە راستییەک و لە گۆڤارەکاندا پڕوپاگەندەی بۆ بکات.

لە خەوەکەیدا هێرمان خۆی بێدار بینی، و هەر لە خەونیدا بە شەقامێکی هەواییدا بێ ئەوەی پێویستی بە هەنگاونان بێت، بەڕێکەوت وەک ئەوەی لە باوەشی باجی هەوادابێت، خۆی لە بەشی راگەیاندنی یەکە بە یەکی گۆڤارەکانی شاردا بینییەوە و داخوازییەکەی تۆمارکرد، ئەو کابرایەی کە راگەیاندنەکەی لێ وەرگرت، یەکەم کەس بوو کە خۆی ناونووس کرد.

هەر لە درێژبوونەوەی هەمان خەودا، هێرمان خۆی لەسەر شانۆیەک بینی، کۆمەڵێ مرۆڤی خوار وخێچ شێوەی بە عەینەک و رووپۆشەوە، لە شێووەی منداڵ و لاو و ژن و پیاودا ئامادەبوون بۆ فێربوون لەوەوە.. ڤێنکا و کاوە و مونیک و لێپرسراوی راگەیاندن لەبەردەمیدا لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون. ئەو بە تایبەتی بە رووتی دانیشتبوو، پیاوێکی نەناسی تریش کە لە دەفتەری ناونسیندا تۆمار نەبوو، بە پێوە لە پێشەوەی شانۆکەدا دەبینرا رووت و قووت؛ سەری مەڕێکی داماڵراوی هەڵواسیبوو بە بەر عەیبیدا و کۆی پارچەکانی تری لەشی رووت بوون، بۆینباخێکی سووریشی بەستبوو، لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی تردا لە تاریکی پشتەوەی شانۆدا ئامادەبوون، هێرمان هەموو ئەمانەی بینی، خۆی وەکو مامۆستایەک دەهاتە بەرچاو، دارێکی بەدەستەوە بوو و ئامادە بوو دەربارەی ئەو وێنانە بدوێت کە بە

دیواری شانۆکەدا هەڵواسرابوون. هێرمان رێگەی بە یەکێ لە قوتابییەکانی دا کە پەنجەی بەرزکردبووەوە تا بدوێت، ئەو کە هەرزەکارێک بوو پرسی: زەحمەت نەبێ مامۆستا گیان دەتوانێ بۆمانی روون بکەیتەوە ددان چییە؟ یەکەم کەس کە ددانی هەبوو کێ یە؟ ئایا جیاوازی چییە لە نێوان ددان؛ ددانەکان؛ ددانەکانمان؟ هێرمان بە خۆشییەوە کەوتە ئاخاوتن: ددان دەکەوێتە پێشەوە و ناوەند و پشتەوەی دەم، بە شێووەیەکی نیوە کەوان وەڕودەکەوێت و گەر هەردوو نیوە بازنەی ددانی سەرەوە و خوارەوە لە یەک بدەین ئەوا گۆی زەوی شێوە لە خۆی دەگرێت، وەکو تۆپێکی هێلکە شێوەی ناو پۆش. یەکەم کەس کە ددانی هات، کەسێ بوو کە ددانی نەبوو، ددان لە دەمیدا رووا، مرۆڤێ بوو ناوی ـ تالوک ـ بوو و لە سەردەمی بەر لە بەردینی کۆنەوە، واتە لە سەردەمی پوشدا ئەو ددانی لێ رووا، بە چیلکە ددانی پاک دەکردەوە، بە هۆی ددان پاککردنەوە بە چیلکە، فێری ئەوە بوو، ئەشکەوت لەسەر شاخەکان هەڵکەنێت، ئەم کارەشی بە کاکیلە و قەپۆزی ئاژەڵ دەکرد. ددان ـ ددانە ـ گشتی یە و دوو لایەنەیە و لە گراماتیک دا بەبێ جیاوازی رەگەزی ددان، ددانەکانم، ددانەکانت، ددانەکانمان، ددانەکانتان، ددانەکانیان، دوو دان، گشت ئەمانە ددانن. پرسیاری تر؟

منداڵێکی تەمەنی دوانزە ساڵان کە ناوی ـ سەرچک ـ بوو دەستی بڵند کردەوە و بواری وەرگرت: من برایەکم هەیە هێشتا لەدایک

نەبووە، ئایا ئەو ددانی هەیە؟ ئایا ددانەکانی چۆن دەبێت لە داهاتوودا؟

هێرمان: بەڵێ ئەو ددانی هەەیە، واتە ددانی نادیار، کە لە پوکیدا حەشارن، خۆشی لە خۆت، ئەگەر ددان بڕوێت بەر لە لەدایکبوون ئەوا منداڵ دایکی خۆی دەخوارد بەر لەوەی لە دایک بێت، ئەمە هۆکارێکی پارا فیسیۆسایکۆلۆجییە کە مرۆڤ پێچەوانەی ئاژەڵ بێ ددان لە دایک دەبێت، کە چی ئاژەڵ دایکی خۆی ناخوات!! تەنانەت یەک گازی بچووکێش ناگرێت. ددانی براکەت لە داهاتوودا کت و مت وەکو ددانەکانی تۆ دەبێت، یان ددانی دایکت.

یەکێکی تر لە دانیشتوان کەبێ ددان بوو، بواری قۆستەوە و پرسی : ئایا کێ ددانی نیە؟

هێرمان : ـ هەر بوونەوەرێک کۆئەندامی هەرسی هەبێت، جگە لە باڵندەکان، ددانیان هەیە. گەرچی باڵندەی دانداریش هەن.. بەڵام ئەوەی کۆئەندامی هەرسی نییە مژۆکە و دەمژێت بێ ئەوەی بگەزێت، چونکە هەندێ بوونەوەر حەزیان لە مژینە و حەز لە گەزین ناکەن.. سرووشتیش ددانی هەیە، دەشێ کێو و بەردەڵان ددانەکانی سرووشت بن، ئافرەتەکە بە خۆشییەوە هەستایە سەرپێ و بە چەپڵەلێدانی بە پەرۆشەوە بەرە و لای هێرمان چوو، هێندە شاڵاوی ترسێنەر بوو، هێرمان لە جێگەی خۆی دەرپەڕی لە ترسا، چونکە ئافرەتە بێ ددانەکە هەستی

دەكرد لەو بێ دانییەدا دانداره و دەتوانێ بە ددانە نادیارەكانی ناو پووكی هەرشتێ بگەزێت، هێرمان ئەگەر بێدار نەبوایەتەوە؛ دووچاری هەڵمەتی گەزین دەبوو!!.

## چاوتروكاندنی ساحیرێک

به دیار ئاگردانەكەوە دانیشتبوو، كات نیوەی شەوە، بەفرێكی زۆر باریوە و بەردەوام دەبارێت، بەڵام بیری لای دەرەوە بوو، چەقی بەستبووە سەر گەشتێک لە دەرەوەی ماڵەوەیدا، گەشتێ بۆ جیهانێكی تر. ماندوو شەكەتە، رووخساری تا دێ زیاتر هێمای ماندوویی تیادا دەنەخشێنێت، ریشی سپی و پرچی درێژی سپی به تێكەڵی تاسەر سنگی درێژبووەتەوە، لە تەمەنێكدایە كە وزەی زۆری پێویستە بۆ چەق بەستنی بیرەكانی و رۆچوونە جیهانی خۆیەوە- واتە جیهانی ویستەكانی. دەربەستی كات نییە، بە تەنیا

دەژی، ماڵەکەشی دووره دەسته لەسەر گردۆلکەیەکی بەرز، دوور لە چاوی خەڵکی، هیچ دەنگێ بێزاری ناکات و ئەو درەنگە شەوە لە بارە بۆ وردبوونەوە و پیلان دانان و شکاری دەروونی و زەینی، لە حاڵەتی راکشاندا خۆی بینی، وردە وردە لە هەستکردن بە ئازادبوون لە لەش و ئۆقرەگرتن لە بیردا۔ دەروونی مت بوو. پێدەچێ گیانی ئازادانەی هێشتا لە نێو ژوورەکەدا و لە دەوری ئاگردانەکە بێت، زۆری نەبرد گیانی ئەو شێوەی تۆپێکی بچکۆلانەی رۆشنی لەخۆ گرت؛ لەو تۆپە رووناکەدا سێگۆشەیەک دیاربوو، لەناو سێگۆشەکەیشدا چوار گۆشەیەکی بچووکتر دەبینرێ، ئەوە پێکهاتی گیانی ئازاد و ویستی ئەوە لە ژوورەکەدا، بەدەر لە لەشێکی راکشاو خول دەخوات. پاشان بەرەو پەنجەرەکە رۆیی و لەوێوە تێپەڕی، بەرەو جیهانێکی تر، جیهانێ ئاشنا بەو، تۆپە رووناکەکە نامادییە تیشک شێوەکە، لەماڵ دەرپەڕی و زۆر تیژ بەسەر کەناری رووبارەکەی ئەو بەرەوەی ماڵەکەیدا فڕەی کرد، وەک پەپوولەیەکی رووناکی یان وەک مانگێکی خڕی دەستکرد تەنها لە گڕ، وەک گیانێکی نەبینراو و نادیار بە خەڵکی، بەڵام ئاشنا لای هەندێ رووەک و گیاندارانی هەستیار، زۆر تیژ رێگەی تەی دەکرد، تا گەییە ئاواییەکی بێناو ! ئاواییەک کە مرۆڤ پەی پێ نەبردبوو، خۆی دڵتەنگ و نادڵنیا دەبینێ لەو تۆپەدا، بە چاوی هەست، هەستی کرد لە جێگەیەکدا کە پێدەچوو سەیرانگابێت، حەوزێکی خڕشێوەی پڕ لە ئاوی نیمچە قووڵی

بینی، دەیان جۆر ماسی هەمەڕەنگی تێدابوو، لەو کاتەدا ویستیٚ هانی دەدا کە گیانی لە دۆخی تۆپ شێوەوە بگۆڕێت بە هەیئەتی ئادەمی، هەمان ویست دەسەڵاتدار بوو بەسەر بارووددۆخی دەرەوەی ئەودا و گۆڕانکاری بەسەر سرووشتی دەوروبەریدا روویدەدا، شتەکان تەڵخ بەرچاوی دەکەوت، رەنگی ئاوەکە لێڵ بوو، شکڵی ماسییەکانیش گۆڕان بە شکڵی قەلەڕەشکەی ددان‌دار و گۆشتخۆر؛ لە هەمان کاتدا ئەو لە هەیئەتی شێوە راستەقینەیدا وەک پیرێکی ریش سپی سپیپۆش دەرکەوت، پێدەچوو نادڵنیابێت، بترسێت؟!.. هەستی کرد زریکەیەک جمەی دێ لە ناخیدا، چونکە لەناو حەوزەکەوە یەکیەکەی قەلەرەشکە ددانداره گۆشتخۆرەکان ددانیان جیڕ دەکردەوە و وەکو ماسی باڵداری رەشی لە ئاوەکەوە دەردەپەڕین و گەلەکۆمەکەیان دەکرد بۆ شاڵاو بردنەسەر پیری سیحر باز و گەزتنی ئەو.. لەو دەوروبەرە خۆڵەمێشی رەنگەدا، لەو حاڵەتە تەم ومژگرتووەدا کە بینین توانای کەم بوو، پیری ساحیر خۆی بێتوانا بینی و توانای دەربازبوونی نەبوو، بەڵام هەرچۆنێ بوو تاویدایە خۆی، رۆشنایيەکی لای دەستی چەپەوە بینی، رۆشناییەکە تا رادەیەک دووربوو لەوەوە، بەڵام بۆ خۆدەربازکردن لەقەلەرەشکە ماسی شێوەکان، ورەی دەدا بەخۆی چونکە ئەوان نیازیان خراپ بوو دەیانویست هەنجن هەنجنی بکەن، لەو حاڵەتە پەشۆکاوییەدا یادی نەبوو کە توانای گۆڕینی شکڵوشێوەی خۆی هەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، یادی نەبوو کە دەتوانێ خۆی لە

چاوان ون بکات، هەڵەداوان و شپرزە بەرەو ئەو رووناکییە دەچوو کە لە راستی دا گڵۆپی بەردەرگای ماڵێک بوو کە لەو تاریکی‌یەدا؛ لەو دووری یەوە چاوانی نەیدەبینی، بەر لەوەی بگاتە ئەوێ، چەند ئافرەتێک لە ماڵەکەوە بەدەرکەوتن، چەند ئافرەتێکی جادووکەر و بەد جنس، لە کاڵای رەشدا، دەنگە دەنگ و قیژەیان دەگەییە بەر گوێی ئەو، پێدەچوو پیری ساحیر لە ئاوازی گوێی زامارکەریان دا بە ئاگابێت لە پیلانی ئەوان.

ساحیری پیر دەترسا، لە جێگەی خۆی راوەستاو گوێی زیاتر شلکرد لە دەنگەکان، دەنگەکان گشتیان پێکەوە دەدوان و گشتیان لەشێکی چەندین سەر بوون، پیر سەرنجەکانی خۆی تیژکردەوە، تەنها روخساریکی لە نێوانیاندا دەناسی ئەویش سەری ئافرەتێ بوو پڕ لە گیروگاز و شەڕخواز. نائیرادی بایدایەوە بەرەو دواوە، چونکە تێگەیی کە روخساری ئەو ئافرەتەی کە دەیناسی یەوە، لەگەڵ ئەوانی تردا هاوپەیمان بوون بۆ ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردنی.. کەوتە ژێر هەڵمەتی دوو لەشکرەوە، لەشکری قەلەرەشکە ماسی شێوە ددانداڕەکان و هەڵمەتی ئافرەتە جادووکارە خەسیسەکان، پیرە ساحیر تیامابوو، ناچار پەنای بردە بەر شاخێکی زۆر بەرز کە لە راستی‌دا شاخ نەبوو، واتە سیفاتی بەردین نەبوو بەڵکو شاخی ئاسنین بوو، شاخێکی ئاسنین و ژەنگ گرتوو،کۆمەڵی گابەردی ئاسنینی ژەنگداریش لەملاو لەولاوە دیاربوو، سەردەکەوت بەسەر شاخەکەدا و هەوڵی دەربازبوونی دەدا، کەم کەم ترسی دەڕەویەوە، چونکە گوێی لە

حەپەو وەڕینی سەگ بوو، هەستی لە دەرەوەی خۆیدا، بە گوێچکەیدا دەیچپاند کە سەگەکان لایەنگری ئەون و پارێزگاری لەو دەکەن، هەستی کرد کە سەگەکان هەم ئافرەتە دەجاڵەکان و هەم قەلە ڕەشەکان دەتۆقێنن و لەو دووریان دەخەنەوە، پیری ساحیر گەیشتە سەر ترۆپکی شاخە ئاسنینە ژەنگدارەکە، ژەنگ نمایندەی کۆی رەنگەکان بوو، پارچەیەک ئاسنی خڕی تۆپ شێوەی بینی، لەسەر ترۆپکی شاخەکە دانرابوو، بۆ ئەو !!.. هەستی کرد ئەو تۆپە ئاسنینە ژەنگدارە دڵنەوایی راستەقینە و ئارامی گیانی بەو دەبەخشێت، پیری ساحیر زۆر خۆشحاڵ و رووخۆش بوو کاتێ کە یەکەیەکەی ترسەکان لەشی ئەویان جێهێشت، وەک ئەوەی ئەو تۆپە ئاسنینە سیحرێکی تربێت، یا تەنیا سەرنجدان لەو تۆپە، خاڵیکردنەوەی گشت هەستێکی ناهەموار و ناجۆربێت لەودا!!.. هەستی کرد لەو تۆپەدا ژیان هەیە؛ گیان هەیە.

هێشتا گوێی لە دەنگی سەگەکان بوو، هەستی دەکرد تەنیا دەنگی ئەو سەگانە؛ قەلە ڕەشەکانیان هەنجن هەنجن کردووە، لەسەر ئەو ترۆپکەوە سەیری توولە رێگەیەکی مارشێوەی دەکرد لە دامێنی شاخەکەدا، توولە رێکە تاریک دیاربوو، بەدوای شێوەی ئافرەتە دەیان سەرەکاندا دەگەڕا، تۆپەکەش لە بەردەمیدا بوو، کاتێ کە تەواو دڵنیابوو لەوەی کە تۆپە خڕە ژەنگدارەکە گیاندارە و ژیانی تیایە؛ دیمەنەکان بەرگێکی تریان پۆشی، پیری ساحیر بەرەو جێگەیەکی تر کەوتە باڵلێکدان، بۆ فێبوونێکی تر، بۆ

بینینێکی تر و بێ سوود و بێ مەبەست لە شێوەی تۆپێکی بچکۆلەی رۆشن دا خۆی بینی کە سێگۆشەیەک لە ناویدا بوو، لەناو سێگۆشەکەیشدا چوارگۆشەیەک هەبوو، کە گیانی ئەو بوون پێکەوە. چونکە ئەو هەم سێگۆشەو هەم چوارگۆشە بوو!

## خۆشویستنی نهێنی

---

ماوەیەکە گیانم ئالْوودەی گیانی ئافرەتێ بووە. ماوەیەکە شار و دێ و گوندی هەستیاریم بە سەرنجی ئافرەتێ هەستبارااران دەکرێ؛ ماوەیەکە ئاگر لە جەرگم بەردەبووە و بۆم ناکوژێتەوە. ماوەیەکە گیانێ ئاوێتەم بووە و بۆم سەختە دەستبەرداریبم. ماوەیەکە چرکە و خولەک و کاتژمێرەکانی رۆژ و شەو بە نیگای ئەو چواردەوری بیر و دەروونیان پڕکردووم، هەست بەخۆشەویستی دەکەم، هەست بە هاوسۆزی دەکەم، هەست

دەکەم یەکێ لەو ئافرەتانە لەسەر کار هێمام تێدەگرێت، بێ ئەوەی لەگەڵمدا بدوێت بیرم دەخاتە ئاخاوتن، بێ ئەوەی سەرنجێکم لێبدات؛ بە گیانیدا قاسید دەنێرێ و داوا لە گیانم دەکات پەیوەندییەکی دەروونی یا گیانی دەستپێبکەین. سێ شەممەی رابردوو کاتێ من سەرگەرمی پاککردنەوەی شوێن کاری ئەو بووم؛ بۆ دڵنیابوون؛ بۆ مێملێکردنی هەستەکانی، زیاتر لە پێویست مەیلی نزیکبوونەوەم نیشاندا؛ خەریک بوو پەنجە تووتەم بەر پەنجە تووتەی بکەوێت، کاتێ کە سەرمێزەکەم پاک کردەوە، ئەویش ئاگاداری هەست و نەستی من بوو، وەکو هەموو رۆژانێکی سێ شەممانە، کاتێ کە لەو نزیکییەوە گوێم لە ترپەی دڵی بوو، هەستم کرد دڵی لێی دەدا، وەکو من، هەستم کرد لەشی وەکو لەشی من گەرم دادێ، هەستم کرد هەردووکمان شەرم دەکەین، هەردووکمان رەش دەپۆشین، هەستم کرد هەستی هەیە؛ گیانی هەیە!. کاتێ کارم گەییە ئەوەی سەبەتەی کاغەزی لای پێ یەوە؛ کە لە ژێر مێزەکەی بەردەمیدا بوو خاڵی بکەم؛ پاشان کیسەی تازە بخەمە ناو سەبەتەکە؛ هەستم کرد گوێم لە داواکارییە دەروونیەکانێتی و تکام لێ دەکات بیدوێنم!

هێشتا روخساریم نەدیبوو، مانگێ زیاتر بوو لەوێ کارم دەکرد، هەمیشە پشتی لەمن بوو، کەچی بە تەلیسمی گیانی، داوام لێدەکا بیدوێنم. هەڵبەتە نەمتوانی، چونکە دڵنیا بووم گەر دەم بکەمەوە، راستەوخۆ دڵم دەکەوێتە سەر مێزەکەی بەردەمی.

بستێ لەوەوە دوور بووم، پەشۆکا بووم، دیقم کرد تا توانیم سەبەتەکە خاڵی بکەم و کیسەیەکی پاک لە ناوی دانێمەوە و لەو جێگەیە دووربکەومەوە.. ئەو کارەم لای ئافرەتەکانی تر زۆر بە ئاسانی دەکرد، بەدەم پێکەنین و ئاخاوتنەوە؛ بگرە تەنها بە چاوتروکانێ ئەو کارە ئەنجام دەدرێ، کە چی لە پشتی ئەو ئافرەتەوە هەستم دەکرد چل ساڵە چەقیوم، هەستم دەکرد چل دانە ساڵە لە پشت سەری ئەوەوە راوەستاوم و چاوەڕێی رەحمەتی ئەوم ئاوڕێک بداتەوە، هەستم دەکرد لەوەتەی هەم من چاوەڕێم لەگەڵ ئەودا بدوێم، یا یەکەم سەرنجمان بەر یەک بکەوێت!. ویستێکی پاراسایکۆلۆجی منی مۆمیا کردبوو لەو ساتانەدا، رایگرتبووم، هێزێکی موگناتیسی دەستمی توند بە سەبەتەکەوە قفڵ کردبوو و بۆم لێ نەدەبووەوە، کیسە نایلۆنەکەشم بۆ نەدەکرایە ناو سەبەتەکە، کاردانەوەم زۆر گەمژانە بوو. بەر لەوەی ئەو نیوە لایەک بکاتەوە بە نیازی ئەوەی قەڵەمێک لە دەستی بگرێ و خۆی سەرگەرم بکات، توانیم بەو بڵێم؛ ئەم کاتەت باش؟ .. هیچ وەڵامم نەبو، چونکە دەنگم نووسابوو، تەنانەت خۆم گوێم لە دەنگم نەبوو، پاش ئحم کردن، بە دڵنیاییەوە؛ کەمێ بەرزتر بەووم وت: ئەم کاتەت باش؟ لە وەڵامدا بە نیانی و بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە شیلە وەڵامی دایەوە: ئەم کاتەت باش، ئەمە و هیچی تر.

ئیتر زمانم قفڵی لێ درا، هەناسەم توند بوو، زۆری نەمابوو لە ترسا بە لادا بکەوم! بۆ وشەیەکی تر دەبوایە پەمپم لە خۆم

بدایە!! بە چەرمەسەرییەکی زۆر توانیم لە مێزەکەی ئەو دوور بکەومەوە و چەند سەعاتێکی کارم مابوو هێشتا.. سەرگەرمی هۆڵەکە بووم، خواخوای ئەوەم بوو، دەرەوە تاریک دابێت، چونکە ئەو روو لە پەنجەرەیەک، پشتی لەمن کاری دەکرد، کاتێ کە دەرەوە تاریک داهات، دەمتوانی لە راڕەوەکەدا روخساری ئەو بە رۆشنی و پێچەوانە لە پەنجەرەکەدا ببینم، ئەو روخساری وەکو مانگ لە شووشەی پەنجەرە تاریکەکەدا دەدرەوشایەوە، تەنها یاریدە بوو بۆ بینینی لە راڕەوەکەدا، ئەویش منی دەبینی ، ئەویش هەمان ئارەزووی هەبوو کە تاریکی دادەهات و دەیتوانی من لە پەنجەرەکەدا ببینێ، بێ ئەوەی پێویست بە ئاوڕدانەوە بکات، ئەو لەبەر ئەو پەنجەرەیەدا، کورسی و مێز و دەزگایەکی کۆپیکردن و کۆمپیوتەرێکی دانابوو و سەرگەرمی کار بوو، کاری دادوەری، منیش فەراش!!.. ئەو رۆژەی سێ شەممە.. من هێشتا لەوێ بووم، ئاواتەخواز بووم ئەو دوای سەعاتەکانی کار نەڕوات و زیاتر کار بکات، ئەگەرچی من زۆر شەکەت بووم، بەڵام حەزم دەکرد ئەو بمێنێتەوە، ئەو کاتە بێ پشوو سەعاتەکانی کارم بە خۆشییەوە بەسەر دەبرد، چونکە زۆر عەوداڵی ئەوە بووم روخساری ببینم، هەستم دەکرد گەر نیگای ئەو ببینم، ئەوا پڕ دەبم لە بەهرە و پەیام. هەفتەی یەکەم، بەر لەوەی ئەو لەسەر مێزی کار ببینم، وێنەیەکی فۆتۆگرافیشم بینی، وێنەیەک لەسەر مێزەکەی، لەو کاتەدا کە خەریکی پاککردنەوەی سەر مێزەکە

بوم، کابرایەکی هاوتەمەنی خۆمم بینی، فشقی و پەرپوت و سەرخۆش و چاوخومار و سور و هەڵتۆقیو، هەروەها ئەحمەق لە دۆخی سەرخۆشییەیدا دەردەکەوت.. هەستم کرد ئەو وێنەیە شایەنی ئەوە نییە لەسەر مێزی هیچ ئافرەتێ بێت. ئافرەتەکان هیچیان لەوێ نەمابوون، چەندین جار وێنەکەم خستە کیسەی زبڵدانەوە بە نیازی فڕێدانی چونکە بە بینینی بریندار دەبووم، هەستم بە عەیبە دەکرد، عەیب بوو لام؛ پیاو وێنەی خۆی لەو حاڵەتەدا بۆ ئافرەت بنێرێ هەروەها ویستم حەزی نەدەکرد ئافرەت وێنەی پیاو لە ناماقووڵی و سەرخۆشی و حاڵەتی ناهاوسەنگیدا ببینێ، یا بیکاتە بابەتێکی جێ سەرنج، یا راستر بڵێم؛ هەستم نارازی بوو بەوەی ئافرەتێکی دادوەر وێنەی سەرخۆشێکی ئەحمەق لە سەر مێزی کاری خۆی دابنێت، بێ درۆ چوار پێنج جار وێنەکەم تووڕدا و گەڕانمەوە جێگەی خۆی.. عاقیبەت دوای چەندین جار تەماشا و هەوڵ، ئەوم لە پشتەوە بینی، لە پشتەوە، پشتی لەمن بوو، باڵای پێدەچوو هێندەی باڵای خۆم بێت، نەبەرز، نە کورت، نەقەڵەو، نە لاواز، پاک و پۆشتە و بۆنخۆش، هێمن و نیان، بێ ئەوەی روخساری ببینم هەستم بە هارمۆنی و هاودەنگی کرد لە دوورییەکی بینراوەوە،هەستم کرد شتێ لە گیانی ئەوەوە وەکو قولاپ بەرەو سینەی من دەهاوێژرێ و لە سەر دڵم گیردەبێ و کێشمەکێشێ بەدیدێت.. بێ ئەوەی روخساری ببینم، بە درێژایی هەفتەکانی یەکەم، چونکە لە کاتی کاردا توانای بەکاربردنی چاویلکیەم نییە

و ئەگەر چی روخساری لە پەنجەرە تاریکەکەدا پێچەوانە دەبێتەوە، من بە تەڵخی لەو چەند مەترە دوورییەوە دەیبینم، بەڵام کە زیاتر دەچوومە پێشەوە بە هۆی کاری پاککردنەوەی ناوداڵانەکەوە، روخساریم تۆراو دەبینی، لێڵ دەمبینی، بەڵام بە چاوی هەست، لە پشتەوە، لەو قامەتە تەواوەدا دڵنیابووم کە یەکێکە لە جوانەکان، هەستم ئەوی جوان تۆمار کردبوو.

لەو جێگەیەدا زیاتر لە شەش ئافرەت کاری دەکرد، گشتیان جوان بوون، بەڵام هیچیان وەکو ئەو لە پەیوەندیدا نەبوون لەگەڵ مندا، تەنها ئەو تکای ئەوەی لێ دەکردم کە بیدوێنم؛ هەڵبەتە وام هەست دەکرد. بۆیە سێ شەممە، لەو کاتەدا کە من چەند مەترێ لەوەوە دوور کارم دەکرد؛ هات، لەسەر یەکێ لە ماشێنی کۆپییەکانی لای منەوە نیازی کۆپیکردنی هەبوو، منیش خۆم گێلکردبوو، گوایە خەریکی کارم!!.. پاش کۆپیکردن گەڕایەوە جێگەی خۆی، بە پەلە پروسکێ سەرم هەڵبڕی و لە دواوە سەیری بەژن و باڵاییم کرد، زیاتر لە هەموو جارەکان جوانتر دیار بوو، لە هەمان بەرگی رەشدا، پرچیشی سووری تێر بوو بە لای رەشدا، هەستی دەکرد کە من سەرگەرمی تەماشا و هەڵسەنگاندنم، ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی: های = سڵاو، لەو چرکە ئاوڕدانەوەیەدا هەستم کرد هەزار کۆتری سپی لە شەقەی باڵ دەدەن، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بێت. کاتێ من وەڵامم دایەوە، ئەو دوو هەنگاو زیاتر دوورکەوتبووەوە.. هەر وەکو خۆی وەڵامم دایەوە، بە هەمان وشە ..های.. پاش کەمێ

سەرگەرمبوون، هەستم کرد ئارەقێکی زۆرم کردووەتەوە، لەشم داگیرسابوو وەکو پشکۆ، بە پەلە خۆم گەیاندە بەلەکۆنەکە و جگەرەیەکم داگیرساند، هەستم کرد گەورەبووم، چوار هێندەی خۆمم، هەستم کرد قورسترم لە جاران، خۆمم قۆز دەهاتە بەرچاو، هەستم کرد دڵم دەیەوێ سنگم هەڵتەکێنێ، کاتێ گەڕامەوە سەر کار، سڵاوی من و سڵاوەکەی ئەو هێشتا لە راڕەوەکەدا بوون، وەکو دوو لەشی تارمایی سڵاوەکانم دەبینی ئازادانە دەستیان لە دەستی یەکتری نابوو پێکەوە وەکو دوو فریشتەی باڵداری بچکۆلە فڕکەیان بوو لە هۆڵەکەدا، هەستم دەکرد ئەویش ئاگای لەو بەزمەیە، سڵاوەکانمان دەستی یەکتریان گرتبوو پێکەوە سەمای خاویان دەکرد، کاتێ ئەوم بینی لە جێگەی خۆیدا دانیشتووە، هەستم کرد گوێێ لە تەپەی دڵمە، چونکە هەستی بە خۆی کردبوو. دوای سەعاتێ، من هێشتا سەرگەرمی گسکدان و پاککردنەوە بووم، دەنگێ بانگی کردم بۆ مەخزەنەکە کە جێگەی کەل وپەلی کارکردنی من و شتوومەکی زیادەبوو، هەروەها ژوورو هۆڵی جل هەڵواسین و پێڵاوگۆڕین و ئەو شتانەیە. هەڵبەتە ئەویش وەکو ئەوانی تر، چاکەتەکەی لەوێ هەڵدەواسی، نائیرادی بەرەو ئەو جێگەیە چووم کە بانگیان کردم، هەستم کرد ئەویش لە دوامەوەیە و بەرەو هەمان ژوور دەچێت، لە ناو دەرگای چوونە ژوورەوەدا رووبەڕووی یەکتری بووینەوە؛ بەرانبەر یەک، ... خوای گەورە! ئەو جوانی یە! ئەو شەرمە، ئەو نازە چییە؟! ئەو کوڵمە سوورهەڵگەڕاوانە! منی وا

سەرسام کرد تەنها توانیم لەوێدا سەردانەوێنم لە شەرما، هەر بەو سەرنجە تێیگەیاندم کە پێویستە بیدوێنم، بەڵام من وام نیشاندا کە چووم بەدەنگ ئافرەتێکی ترەوە کە بانگی کردووم، سەیرم کرد کەس نەبوو، توومەز پێدەچوو نیازەکانی ئەو بەر لەخۆی بانگی منیان کردبێت، پاڵتۆکەی لەبەر کرد و کەمێ خۆی دواخست؛ بەو نیازەی من بیدوێنم، بەڵام من هێندە ئازا نەبووم، ئەگەر وابوایە دەمتوانی ببم بە سەرکردەی جوانەکانی جیهان، پەڕۆیەک و دەرمانێکی پاککردنەوەم هەڵگرت و دواوەودوا گەڕامەوە، بەر لە دەرکەوتنم، گوێم لێبوو خواحافیزی لێکردم، منیش هەمان وەڵامم دایەوە، سەیرە وشەکانمان لەیەک دەچوون! هەستم کرد راگەیاندنی دەروونی و گیانمان لەیەک دەچیت، لەو کورتە سەرنجەدا هەستم کرد زۆر دڵنیایە کە من کارێک دەکەم شایستەی من نیە، هەستی گوناهم لە سەرنجیدا خویندەوە، هەستم کرد، خۆی کەم دەبینێ لەوەدا کەمن هەستی پێ دەکەم، چونکە من بێ چەند و چوون هەستم بە کەمی دەکرد، لە بەر ئەوەی کاری فەڕاشی شایستەی من نییە و لە راستیدا من مامۆستام، هەستم بە هاوهەستی کرد لەو کەمییەدا، سەرنجی ئەو تێیگەیاندم کە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتی ئەو گەر بیانەوێ هەموو شتێ دووجاری چارەنووسی مرۆڤەکان دەکەن نەک بێگانە، بە هەرحاڵ کاتێ کە ئەو رۆیی، هەستم بە تەنیاییەکی زۆر پڕ لە ناخۆشی کرد، هەستم کرد کۆی هەستەکانم لێ زەوت دەکرێ، لێ دەدزرێت، هەستەکانم وەکو منداڵێکی زویر دەبینی، بەزەییم

بەخۆمدا دەهاتەوە، دوای سەعاتێ بە پێی ویستی من گەڕایەوە، چووە سەرمێزی کار؛ تەنها ئەو ..نەء تەنها من و ئەو لە دایرەکەدا بووین، هەستم بە دڵنیایی دەکرد، هەستم دەکرد لەناو کۆشکێکی زۆر خۆشدام، هەستم دەکرد و خۆزگەم دەخواست تا هەتایە ئەو لەسەر ئەو کورسییە نەدەبزواو منیش بە گسکەکەی دەستمەوە خەریکی پاککردنەوەی دەوری ئەو بوومایە بێ ماندووبوون، بەغیلیم بە خۆم دەبرد کە خۆم لەگەڵ فریشتەیەکی ژیردا دەبینی لەو جێگەیەدا، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد گۆرانی بڵێم، ئەو ئێوارەیە بووبە شەو، جوان جوان سێبەری ئەوم دەبینی لە پەنجەرەکەدا، کەمێ شەرمم شکابوو، دەمتوانی ئازادتر لە پێشوو زۆر سەیر بکەم، هەستم دەکرد وەک منداڵێ وەهام کە شیرینی پێ دەدرێت، بۆ هەر سەرنجێک لە غەیبەوە پاداشتێکم پێدەدرا، زۆر پلانی شەق و شڕم بۆ ئاخاوتن دانا، بەڵام هەموویان بێ سوود بوون، هەستم دەکرد جوانترین ئاخاوتن بێدەنگییە.. هەەستم دەکرد ئەو لەبەر خاتری من کاری زیادە دەکات، هەستم دەکرد پێکەوەین و دەروونمان لە گفتوگۆدایە بە جۆرێ کە هیچ هەستمان بە شوێنەواری لەش نەدەکرد تا رۆڵێ لە خۆبگرێت، ئای چەند جوانە ئەو روخسارە. روومەتەکانی گەشن، لێوەکانی دەتگوت دوو قاش پرتەقاڵن و لەسەر یەک دانراون، تۆختر لە کوڵمی، پێستی سپی ناسک تێکەڵ بە پەمەیی گەش رەنگ، تەنەن بیست وحەوت ساڵ زیاتر نەدەبوو، بەڵام دەیان و سەدانجوانی بێ خەوشی لە هەڵس وکەوتیدا لە منداڵەوە فێرببوو،

ئەو کاتەی کە روخساریم بینی هەستم کرد دەیناسم. دیومە، هەستم کرد لەمێژە دەیناسم و خۆشەویستم بووە، رۆژێ لە رۆژان بێ ئەوەی پێبزانم!.. هەموو گیانی جوان بوو، نەرم بوو، بۆنخۆش و پڕ مانا و مێیینەیی بوو، وشەکانی سەرزاری دەیسمیم، هەستم دەکرد تەنها ئەو وشانە بایەخیان لای من زۆرە، هەستم دەکرد لە سەرنجی ئەودا فێردەبم، فێربووم و تێگەییشتم کە وشەو خەندە، سەرنج، کەرەستەی زەینین، خۆراکی گیانن، یا ئاکاری گیانن، ئازادن وەکو هێڵەکان، وەکو شێوە ئەندازەییەکان لە دەرەوەی ئێمەدا لە بووندا هەن، چونکە هەستم دەکرد وشەکانی؛ سڵاوی ئەو لەشیان هەیە.. من زۆر دڵنیا و بێ گومان سڵاوی ئەو و خەندەی ئەو و سەرنجەکانی ئەوم لە هەوای ئازاددا دەبینی، دەمانەوە و دەکەوتنە پەیوەندییەوە لەگەڵمدا، هەستم دەکرد ئەو ئافرەتە بە تەنها سەرنجێ باسی هونەری ئەبستراکت دەکا، هەستم دەکرد مرۆڤ دیلە لە لەشدا، دەنا ئاخاوتنەکانمان، سەرنجەکانمان، هەستەکانمان لە ئاسۆیەکی تردا زیاتر لە ئێمە ئازادانەتر لە پەیوەندیدان و هاوپەیوەست و هاوکارن، هەستم دەکرد گیانی تەعبیرەکان پایەداری دەدەن بە ژیان، ئەوان وزە بە ژیان و بوون و بەردەوامی دەبەخشن، ئەوان بوونەوەریان هاوسەنگ و پایەدار راگرتووە، ئەگەر ئەم هۆکارە زەینییانە نەبوایە؛ ئەوا ژیان بێهوودە دەبوو.. چونکە خێری ئەمڕۆ زەلیلە لە دەستی شەڕدا، ئەگەر عەشق و خۆشەویستی و رازی جوان و پەیامی پیرۆز نەبێ؛ چۆن

گەردوون بەردەوام دەبێ؟! .. لەشی وشەکان، توانای سەرنجەکان، هێزی خەندەکانە خواردن بە گیانی خێر دەدەن.. خێر وزەی خۆی لەو لەو بابەتە زەینیانەوە وەردەگرێت کە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە و ناتوانێ لەناویانبەرێت، یا بەد بەکاریان بێنێ و ئەتکیان بکات! چەند خۆشە مرۆڤ بتوانێ هەمیشە خەندە لەسەر لێوی بێت، هەمیشە سڵاوێ لەسەر دەمی بێت، هەمیشە لە سەرنجەکانیدا هەستێ بەوانی تر بدات، من زۆر خۆم دەوڵەمەند دەبینم لەم بوارەدا، لەم هەستانەدا، ئەگەرچی زەحمەتی ژیان هێندە مرۆڤی بارگران کردووە، کە خۆم ناچار دەبینم، زۆر جار برسیمە بۆ نیگایەک، بۆ سڵاوێک، بۆ کەسێ سەیرێکم بکات، بۆ سەرنجێ کە بێ خەوشانە سەری پەیوەندییەکی هەنووکەیی و زوو تێپەڕ درووست بکا و بڕەوێتەوە، چونکە باری ئابووری و رامیاری وای لە مرۆڤ کردووە کە نەپەرژێتە سەر بینینی یەکتری بەڵام مرۆڤ خاوەنی هیوایە، بە هۆیەوە بێ بزە و بێ سەرنج و بی ئاخاوتن نابێت، چونکە گیانی گەردوون لە وزەی هەست درووست بووە، ئەو هەستەی کە لە نێوان بوونەوەرەکانی گەردووندا راست مامەڵە دەکەن و راست دەڵێن و راست کردەوە دەنوێنن، هەستیش ئازادە، دەفڕێ و باڵی نییە، سەما دەکا و لەشی نییە، ئاواز دەژەنێ و کۆمپۆنیست نییە، شەڕ دەکا و مەیدانی نییە، رادەکا و پێی نییە، دەگری و فرمێسکی نییە، هەستەکان، هەستەکانمان نەمرن!! ئەو نازدارە وام پێ دەڵی لە سەرنجیدا، ئای کە بیرت

دەکەم خانمی پەیام بەخش، چەندم حەز دەکرد لە تەکمدا بویتایە و کەمێ پێکەوە بدواینایە، بەلای کەمەوە دەمتوانی پێت بڵێم: بیرت دەکەم، هەستت پێ دەکەم، رێزم هەیە بۆ پەیوەندی نەبوونی نێوانمان، زۆر مایەوە ئەو شەوە، هێندەی سرۆش بەبیرو گیانم دا، چیدی لەگەڵیدا هەستم بە پێویستی ئاخاوتن نەکرد، ئەویش مت وبێ دەنگ سەرگەرمی کاربوو.. ئەگەر ئەم سێ شەممەیەی داهاتوو بێت، ئەوا دەچمەوە بۆ سەرکار ، بەم بارە زۆرەی هەستەکانمەوە، دێم و ئەو پەیوەندییە گیانییە بە سەرنج بۆ ئەو باس دەکەم.. باسی پەیوەندییەک کە لە ڕاستیدا نیمانە، گەر بوێرم رایدەگەیەنم کە نەبوونی پەوەندیمان مایەی خۆشیمە بە درێژایی سەعاتەکانی کار.. لە یادم چوو بە تەواوی باسی سێ شەممەی رابردوو بکەم بە تایبەتی لەو کاتەدا کە سەرمێزەکەی ئەم پاک دەکردەوە، دوای ئەوەی کە پێیزانی نیازم هەیە جێگەکەی ئەویش پاک بکەمەوە، جێگەکەی بۆ خاڵی کردم، تا تووشی چەرمەسەری و سەرلێشێوان نەبم، کارتێکی خۆی لە ناوەڕاستی مێزەکەدا بۆ بەجێهێشتووم، تەنها یەک کارت؛ ناو و ناونیشان و تەلەفۆنی ماڵ و کار و ژمارەی پۆستی لەسەر بوو، ناوەکەی زۆر جوان بوو، هەر کە چاووم بە کارتەکە کەوت؛ کارتەکە بە شەرمەوە پێی وتم: من هی تۆم، هەڵمگرە! منیش هەڵمگرت، دامنایەوە، هەڵمگرتەوە، جارێکی تر دامنایەوە، کەچی هەستم کرد دەستم وەکو موگناتیس کارتەکە کێش دەکات، یان کارتەکە ئەو کارەی دەکرد، ناچار وەکو منداڵێکی دز،

سەیری ئەلاولام کرد، بە پەلە خستمە گیرفانمەوە، هەستم بە شەرمەزاری کرد، دەرمهێنایەوە، خستمەوە جێگەی خۆی، بەڵام ئەمجارەیان لە لای راستی مێزەکەوە دامنا، کەچی کارتەکەی هانی دەدام هەڵیگرم، یان بەلای کەمەوە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی لەبەر بکەم، لە ترسا ئەوەم بۆ نەدەکرا، هەردوو فریشتەی سەرشانم خۆیان هەڵدایە سەر مێزەکە و دەستیان کرد بە قڕەقڕ، شەیتان دەیگوت دەهەڵیبگرە، رەحمان دەیگوت نا هەڵیبگرە، ئەو دەیگوت منیش وام وتووە، ئەوی تریان دەیگوت نەء تۆ وات وتووە، ترسام لەوەی یەکێ مێملێم بکات چونکە ئافرەتی تر لەوێ بوون و هەمیشە بە دەیان چاو منیان دەبینی، زۆرم لە خۆم کرد تا لە کارتەکە دووربکەومەوە، شەیتان و رەحمان هەر بگرە و بەردەیان بوو، هەر هات و هاواریان بوو، هەر یەکەیان بە جۆرێ هانی دەدام کارتەکەی هەڵبگرم، کارتەکە جیکە جیک و خشەخشی بوو لە چنگی ئەواندا، بە حەپەساوی سەیری ئەوانم دەکرد، کاتێ ئەوێم بەجێهێشت، دوای تەواوبوونی کاریش جارێکی تر چوومەوە بە نیازی هەڵگرتنی سەیرم کرد هەردوو فریشتەکانی سەرشانم هێشتا لەوێبوون و یەکی بستێ زمانیان دەرهاتبوو وهەناسەبڕکێیان بوو، بە ماندوویی و تووڕەیی سەیری منیان دەکرد ودەیان گوت هەڵیبگرە، نەمزانی کامیان شەڕە و کامیان خێرە، کارتەکەش چاوێکی لێ داگرتم، ناچار هەڵمگرت، دامنایەوە، دامنا و هەڵمگرتەوە، هەستێ کە هی ئافرەتەکە بوو لەسەر مێزەکە بەجێ مابوو؛ پێی دەوتم بە چپە؛

فەرق ناکا، چونکە کارتەکەم بۆ تۆ بەجێهێشتووە، بیبەیت یان نا بۆ تۆ دانراوە و بە لای کەمەوە، ناوی منت پێ دەناسێنێ، دوای تەواوبوونی کار، کاتێ خواحافیزیم لە ئافرەتەکانی تر کرد، هەستم کرد کارتەکە بە ناوچەوانمدا نووساوە، یان لە پێشمەوە دەڕوات، ئەنجام کار بەوە کۆتاییهات کە چوار کیسە وشە و کاغەز و کەمێ خاک و خۆڵم فڕیدا، چوار کیسەی پڕ لە وشە و ژمارە کە دادوەرەکان بە درێژی هەفتەیەک کردبوویانە سەبەتەی خۆڵەوە. ئەو هەموو وشە و ژمارەیەیان فڕێدا، بێئەوەی تەنها وشەیەک یا تەنها ژمارەیەک کەمترین پەیوەندی بە منەوە هەبێ، کەچی ئەو کارتە لەسەر دڵم لەهەر چوار کیسەکە قورستر بوو.. ناویم لە یادە، ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانیش، بێ ئەوەی کارتەکەی لەگەڵ خۆم بەرم ، چونکە لەبەرم کردبوو، ئەگەر ئەم سێ شەممەیە بێت، ئەوا راستەوخۆ دەچمە بەردەمی، پاش سڵا و و هەواڵ پرسین، پێی دەڵێم: ..نا..پێی ناڵێم!! ..چی پێ بڵێم؟!! بڵێم من فەڕاشم؟ نا.. چاکتر وایە منیش کارتێکی خۆم دروست بکەم، تەنها ماچێکی لەسەر دروست بکەم، لەسەر مێزەکەی بەجێی بهێڵم، بەو هیوایەی ببێتە هۆی دروستکردنی گفتوگۆیەک ..نا ..ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ئێستا سێ شەو و سێ رۆژی ماوە بۆ سێ شەممەی داهاتوو، کێچ کەوتووەتە کەولم و بە دوای پیلانێکدا دەگەڕێم، لای هەر هاوڕێیەک باسی ئەم خەیاڵ و هەستانە دەکەم، گاڵتەیان پێیدێت، کەس وەڵامی نییە، نازانم چیبکەم؟!!. لەناو بالکۆنی

ماڵەوەدا دانیشتووم و تەنها بیر لەو خۆسەویستییەی ئەو دەکەمەوە، پەڵە هەورەکان لەشێوەی ئەودا بە ئاسمانەوە خۆیان جوان دەکەن، دەنگی کەناری ماڵەکەی دراوسێمان یەکە یەکەی تۆنی پیتەکانی ناوی ئەو دەخوێنێ، بۆنی سرووشت و دەوروبەر و بۆنی ئەوی لێدێت، بیری دەکەم، زۆرزۆر، هیچ .. هیچ نەکردن و نەوتن باشترین دیاری یە، چاکتر وایە رۆژێ لە رۆژان چەپکێ گوڵی لە دوکانی گوڵفرۆشێکەوە بۆ بنێرم، بێ ناو و ناونیشانی خۆم، هێندە بەسە ئەو هەست بکات کە کەسێ هەستی پێ دەکا، کە کەسێک بیری لێ دەکاتەوە و دەشێ خۆشیبوێت، ئەم کارە شایەنی رێزە، لەو هەموو بەهرەیەی ئەو بەمنی دەدات داواکاری دیکەم نییە، هێندەم بەسە، چونکە ئەگەر تەماشا و سڵاو و وشە خۆشەویستی گیانی لە دەروونىدا درووست بکات ؛ هەنگاو هەڵهێنانی تر پێویست نییە، لەبەر ئەوەی من هەست بەو خۆسەویستییە دەکەم؛ دڵنیام لەوەی کە خۆشەویستی لەو جۆرە لەناو مرۆڤدا کەم جار گەشە دەکات بۆ هاوژیانی و راگۆڕینەوە، چونکە عەشق تەنهایە لە خۆیدا و دابەش نابێت. عەشق لەوێدا پایەدارە کە مرۆڤ لە سات و کات و رۆژەکانی دا هەستیپێبکا و جار جار یا شەوانە مۆمێکی بۆ داگیرسێنێ.

من بە ژانی ئەم نامۆییە ناوێرم، من غەیبی و نادیارم لەم وڵاتەدا، ئەترسم بەکارەبای دە هەزار ڤۆڵتی هەستەکانم دووجاری زەبری پێنەگەیشتن بەو بکەن. رابەرانی ئەم وڵاتە نامۆیە زۆر لە عەشق و عاشقی دەترسن. مرۆڤەکانیان هێندە

بچوک کردووەتەوە کە تەنها خودی خۆیان دەبینن، نێریان کردووە بە دوژمنی مێ، می یان کردووە بە دەمەوەر و بوختانکەر و جەلادی نێر، خۆشەویستی باسێکە لەسەردەمی هێج کەس، من وامدەزانی عەشق گەورەترین سەرمایەی پێشکەوتنە نەک ئابووری، وام دەزانی عەشق داهێنەری شارستانییەتە، لەوەتەی لێرەم ئاواتەخوازم مرۆڤێ دەربارەی عەشق بدوێ و باڵی لێ نەڕوێنێ، یان نەیخزێنێتە ناو کڵێسەوە بە خاچا هەڵینەواسێ. کەس زاتی ئەوەی نییە باسی عەشقی نێوان دوو نەژاد بکات، رۆژەکان پڕن لە بوختان، پڕن لە ترس، لە دوودڵی، لە بەهەڵەداچوون، لە زەلیل بوون، لە خودکوژی و خۆپەرستی و ئازردانی خود و ئەوانی تر، مرۆڤ بووە بە هۆکارێکی وەسواس لەناجۆرییەکانی سارستانیەتدا، مرۆڤ تەنها دەوێرێ لەگەڵ سەگ و پشیلەدا گیانی هاوڕێ یەتی و راستگۆیی بگۆڕێتەوە. بەر لەوەی بگەمە ئەم وڵاتە، وام دەزانی مرۆڤ ئازادە، مرۆڤایەتی بەرەو ترۆپکی پیرۆزی دەچیت، نەمزانی لێرە کە منداڵ لەدایک دەبێ، راستەوخۆ هەستەکانی دەپەڕێنن!!، بە داخەوە ، مرۆڤ هێندە تەنگی پێهەڵچنراوە بە جۆرێ یەکتری نابینن، کەس ئاگاداری ئەوی تر نییە، هەستیار وغەمبار، ناجۆرترین و دزێوترین دوژمنی کۆمەڵگای شارستانین!! چونکە بازاڕیان پێ بەڕێوە ناچیت گوایە!!، ئەترسم لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم و دڵنیام ئەویش کت ومت وەکو من بیردەکاتەوە. ئەترسم، ئەترسێ زیاتر پەیوەندی خۆشبکەین،

چونکە هەستکردن قەدەغە نییە بۆ کەسانێ کە خاوەنی ناسنامەنین. بۆ کەسانێ کە وڵاتیان نییە، بۆ کەسانێ کە دووچاری کارێک دەکرێن کە لێیان ناوەشێتەوە، کەسانێ کە رەگەزیان نییە، بە رەگەزی ئەوانی وەک خۆیان، کەسانێ کە تاوانبارن بەوەی نەبوون بە جەللادی شەڕ!

( بە شانازییەوە سەیری دەکردم، دوودەنک حەپیشی لەگەڵ پەرداخێ ئاودا هەڵدا، جاوەڕێ بوو ستایشی هەستەکانی بکەم، کاتێ کە ئەم یاداشتانەییم خوێندەوە، ئێخەی کراسەکەی بە دەمی گرتبوو تا لەقە لەقی سەری کە دووچاری سەرلەرزین ببوو، راگرێت. حەوت دانە ساڵە تەنها میوانی ئەو پشیلەیەکی بێ خاوەن و دکتۆرێکە کە دێ بۆ لای و مانگانە حەپی نوێی بۆ دەنووسێ، ئەمە هەستەکانی پەنابەرێکە، ساغ و سەلیم، بەڵام بە شێت و دەروون شڕ لەقەڵەم دراوە، بێکار و بێکەس و بێ هاوڕێ و بێ وڵات. بە دوودڵییەوە لێی پرسیم کە رام چییە بەرانبەر بە هەستیاری ئەو دەربارەی ئەو یاداشتانەی؟

ـ هسەت جوان و گەورە لە هی تۆ ناچن!

ـ بۆچی ، من بێ هەست دەبینی؟

ـ نەخێر؛ بەڵام مرۆڤ دڵی زیندوو بە خۆشەویستی و ئاگادار لە عەشق خۆی گۆشەگیر و زەلیل ناکات و دانابڕێت لە کار وکۆمەڵگە، لای من بەهێزترین بوونەوەرە.

ـ ئەم رایانەم لاپەسندە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی وڵات و یاسا و کولتوور و ئاینی خۆی بێت.

ـ مرۆڤ لە هەر جێگەیەک بژی، بە بڕوای من دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخ دا و مانای ژیان لە ویستێکی میهرەباندا بەدەست بهێنێ و لەمپەرەکان لەسەر ریی خۆی دووربخاتەوە، ئەم سەرزەمینە هی منیشە!!

ـ چی دەکەی کاتێ کۆمەڵگا و یاسا دژایەتیت دەکن؟

ـ ئەگەر مرۆڤ پەیامەکانی خێرمەندبن، ئەگەر مرۆڤ بەپێی داواکاری سەردەم هەوڵبدات بۆ باشتربوون، هیچ یاسایەک رێگری ناکات. ئەگەریش ئەوە ڕووبدات، ئەوا بەرگەی دەگرێت و تەسلیم نابێت.

ـ بەلام جێگەی داخە کە کەسانی وەکو من لە منداڵی یەوە دەبنە پێخۆری کۆسپ و کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بەجۆرێ لە داهاتوودا هەست دەکات کۆمەڵگە بە گشتی دژایەتی دەکات و بوونەوەرێکی نەویستە. ئەمە رەزامەندێتیی خودی لاوازە، من لەو باوەڕەدام کۆسپەکان هاندەرن بۆ بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی باشیش چارەسازی کۆسپەکانە، مرۆڤ کاتی پێویستە تا دڵنیابێت لەوەی کە نیاز و ویستەکانی خێرخوازن، لەو قۆناغەدا کە مرۆڤ باوەڕی یەقین بەخۆی دەکا کە خێرمەندە و پەیام راستە، هیچ هێزی ناتوانێ زەلیلی بکات، مرۆڤ کاتێ دەبێتە خۆراکی

کۆسپ و ئەندێشەکانی، خۆی  بە دەستەوە دەدات و تێدەگات بەرنامەکانی لە سوودی مرۆڤایەتی نییە و بیرۆکەکانی هەوەسی و لاوەکی و نالۆژیکین، لە وێدا مرۆڤ شەکەت دەهێنێ و نەخۆش و لاوازی دەستی بەسەردا دەگرێت، پەریشانی دەبێت میوانییێ چونکە مرۆڤ لە جەمسەرێکی نیگەتیڤدا خۆی گۆشکردووە، ئەگەرچی رابەری پەیامی خۆیەتی بەڵام لە راستیدا بێ ئاگایە لەوەی کە پەیامەکانی کرچن و لاوازی دووچاری خود دەکەن.

ـ تۆ دەتەوێت بەمن بڵێیت، من نەخۆشم؟

ـ من دەمەوێت بە تۆ بڵێم  تۆ پڕی لە هەستی جوان، بەڵام رێگە دەدەی کۆسپەکان زاڵبن بەسەرتا و خۆت دووچاری گۆشەگیری کردووە و ناتەوێ دەوروبەر لە تۆوە فێربێت، ئەمەش ئاتاجی خۆپەرستی و بەدگومانییە. تۆ رۆژ و هەفتە و مانگ چاوەڕیی دکتۆرێ دەکەی حەپت بکا بە قوڕگا، هۆگری دەرمان و حەپ بووویت، من لەو باوەڕەدام کە تۆ نەخۆش نیت و سەریشت نالەرزێ، تەنها هەست بە لاوازی دەکەیت و تەسلیمی لاوازی بویت، چونکە بە درێژایی ئەم ساتانەی لەگەڵ مندا دەدویت سەرت نابینم بلەرزێ!

هەستم کرد وتەکانم کاری تێدەکا، کاتێ یادی هاتەوە کە سەری نالەرزێ، شتێ لە دەروونی دا رەنگی دایەوە، هەستی کرد وتەکانی من راستن، هەستی کرد کە دەتوانێ لە گۆشەگیری و

خۆخواردنەوە دەربازبێت.. بەرلەوەی شەو بەجێی بهێڵم بەوم وت؛ ئێمە لەمێژە یەکتری دەناسین، دەشێ کۆسپەکانیشمان لەیەک بچن، بەڵام توانامان لەوێدا دەردەکەوێ کە چۆن دەتوانین رووبەڕووی ژیان ببینەوە چونکە کەس ددان بەوەدا نانێت کە ژیان ئاسانە و هەموو شتێ پوختە و ئامادەکراوە بۆ مرۆڤەکان. من دڵنیام، ئەگەر تۆ هەوڵ بدەی بەو وشە شیرینانە ئەو مرۆڤانە بخەیتە سەر رێگە کە لە تاریکی دا بێ گۆچان دەروونی شەو دەبڕن وشەکەتن، هەراسانن، تەنها وترساون، ئەوا دەگەیت بە قوڵایی عیشقت و هەست بە ماناکانی بوون دەکەیت.)

ئەو شەوە لەگەڵ ئەودا مامەوە، و زۆر پێکەوە دواین.. ئەو بۆی دەرکەوت کە دووچاری سەر لەرزین نەبووە کە ناچاری کردووە نەوێرێت لەماڵ وەدەر بکەوێت. چونکە بەلایەوە نەنگی بوو خەڵکی لاواز ئەو ببینن.

ئەو شەوە تا دەمەوبەیانی پێکەوە بووین و بۆ یەکەم جار دوای ساڵێ تەنهایی لەگەڵمدا وەدەرکەوت، و تا وێستگەی چاوەڕوانی پاس هات لەگەڵمدا. هەستم کرد هەماهەنگە و هەست بە هاودەنگی دەکات لە بیرەکانی دا، هەست دەکات پێویستی بە پڕهێزکردنی گیان و بیر و لەشە، پێدەچوو گەشتێکی دوو سەعاتی نیازبێت لە سرووشتدا، پڕبووم لە کامەرانی، هەستی کرد کە خۆشحاڵە و بەو خۆشحاڵییەی خۆشنوودی و رەزامەندی و هیوای منی بینی، هەستی کرد کە هاوڕێیەتیمان نرخی زۆرە،

دواجار تکام لێکرد، چیرۆکە یاداشتەکەی پاکنووس بکات و بینێریێ بۆ بڵاوکردنەوە.

## پەیامی تاریکستان

---

رووی تابلۆکە ئاوسابوو بە کەڵەکە بوونی ڕەنگی ڕۆن، هەفتە زیاترە هەوڵ دەدا بە هەرجۆرێک بێت بەرهەمێک لەو وێنەکێشانە بەدیبهێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی لە لیتەی ڕووداوێکی زۆر دێرین دا دەبینێتەوە و مەیلی نییە ڕووداوەکە ببێتە بابەتی سەرەکی تابلۆکە؛ هەستەکانی ناهاوسەنگن.

ناهاوسەنگ لەگەڵ رەنگە غەریزی و دەرونییەکانی دا، ئەنجام رەزامەندانە نییە، هەست بە ئازار دەکات، وەک ئەوەی دەستێکی نادیار بە سووژن خانەکانی لەشی کونکوون بکەن.. چونکە بیر و هۆشی لای ئەو دیمەنەیە کە  بۆ سێ ساڵ دەچێت جار نا جار دێتە بەر خەیاڵەکانی، دیمەنی ئەو ئافرەتەی کە بە منداڵی بە سووتاوی بینیبوی لە قاوشێکی خەستەخانەدا!

فڵچەکەی لە دەست بوو، قوومی لە جگەرەکەی دەستی دەدا، لە سەرنجدانی رەنگە تێکەڵەکانی سپی و زەرد و پرتەقاڵی و رەشدا کە پارچە پارچە دابەش بوون لەسەر رووی تابلۆکەی بەردەمی؛ ئەویان دەگێڕایەوە بۆ منداڵی، منداڵییەکی دوور لە تەمەنی ئێستای؛ روخساری گرژ دەبوو، خۆی هەرزە و منداڵ دەهاتەوە بە بیردا.. منداڵیی خۆی وەک تەمێک لە دووکەڵی جگەرەکەیدا تەماشا دەکرد. یادی دەهاتەوە، ئەو ڕۆژەی یاد دەهاتەوە کە بە دەستی چەپی، لای راستی لۆیەکی عەباکەی دایکی گرتبوو.. بێئەوەی بزانێ بەرەو کوێ دەچێ بە دوای دایکییەوە بوو. پاش ئەوەی دایکی شووشەیەک شەربەتی کڕی و بە ناو رێگە پەرژینچنەکەی ناو خەستەخانەی گەورەدا.. بە هەواڵ پرسین بە دوای قاوشی سووتاوەکان دا - خۆی لە بەردەم سالۆنی فریاکەوتنی دەستووبردا بینییەوە. پاشان بە هەواڵ پرسین، گەییە سەر جێگەی ئافرەتێ! بەڵێ، ئافرەتێک کە هەر فیکە فیکی بوو، لەتاو چوزانەوەی برین و لە تاو ناسۆری سوتان، داماوە هەر فیکەی لێ دەدا. پووک و ددانەکانی بەدەرەوەبوون، قەفەزیان

لەسەر سنگ و ئەژنۆی دانابوو و بە بەتانی سەوز دایانپۆشیبوو. بە واقی وڕەوە ئەو هەرزەکارە منداڵە لە تەک دایکیدا؛ پڕ لە ترس و هەستکردن بە گوناح سەیری ئازاری چەوسانەوەی ئەو ئافرەتە سوتاوەی دەکرد، کە بۆگەنی ناو قاوشەکەی پڕ کردبوو.. بە بیرهاتنەوەی بۆنی کێم و جەراعەتی لەشی ئافرەتە سوتاوەکە هێڵنجی یەک لە دوای یەکی بەو دەدا، دەمی پڕ ببوو لە تف، خواخوای بوو زوو بەدەرکەوێ لە قاوشەکە و تفی دەمی رۆ بکات. سی ساڵە، هەست بە دووبارەبوونەوەی ئەم دیمەنە دەکات، لە روخساری هەر ئافرەتێکی ماندوودا، ئەوەی بەبیردا دێتەوە، لە گلەییکردنی ئافرەتدا؛ ئەوەی بەبیردا دێتەوە!

نائیرادی ئەم هەفتەیە بۆ دەربازبوون لەو بابەتە؛ لەو بەسەرهاتە، مەیلی نەستی ئەوەی بەسەردا دەسەپاند کە تابلۆیەک بۆ ئەو ئافرەتە هەش بەسەرە بکێشێ کە سەرتاپای سوتابوو. کاتێ لە تابلۆکە دوورکەوتەوە، تەنها فیکە فیکی ناسۆری ناخی ئافرەتەکە لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. لەگەڵ ئەو دیمەنەدا کە سی ساڵە لە بیریدا ماوەتەوە، واقوڕماو هەستی بە هاودەردییەکی زۆر بە ئازار دەکرد. روخساری گرژ و ماندوو و شوێنەواری تووڕەیی و قێزکردنەوەی پێوە دیاربوو. قێزکردنەوە لە دابێ کە کولتوور بە سەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ. قێزهاتنەوە لە زەبر و زۆری کۆمەڵگەی باوک سالاری و سووککردنی مافی ئافرەت. تەنانەت بەزەیی بە خۆشیدا دەهاتەوە. هەستی دەکرد روخساری تابلۆکە بووە بە لاشەی ئەو ئافرەتە سوتاوە کە بەر لە سی ساڵ لە

قاوشێکدا بینیبووی، نەیدەوێرا لاقەی تابلۆکە بکاتەوە، فڵچەکەیشی بە پەلە دانا، بە پەلە جگەرەکەشی کوژاندەوە و هەر بە پەلەش خۆی لە ناو جێگەکەدا حەشاردا، هایدفۆنی تەجیلەکەشی کردە گوێی. بۆ خۆ دزینەوە لەو یادە تاڵانە، مەیلی بوو هەست بە شوێنەواری راستی نەکا، دوور دوور هەڵبێت و پەنابەرێتە بەر کەس نەزان و نادیار.

ئەو زۆر کارامەیە بۆ خۆ گێلکردن، بۆ خۆ تەفرەدان و راکردن لە هەندێ بابەتی رۆژانە، بەڵام هەرگیز دەسبەرداری یادەکانی منداڵی نابێت چونکە خۆی وەکو باوکێکی میهرەبان دەبینێ و بەزەیی بە منداڵی و بەسەرهاتەکانی منداڵی خۆیدا دێتەوە. زۆر کارامە و ژیرانەش هەست و بیری بەرانبەرەکانی دەخوێنێتەوە، زۆربەی کات کە پێویستی بە کات بێ بۆ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە؛ پەنادەباتە بەر تاریکی، ئەو لە تاریکیدا وڵاتێکی نادیاری هەیە، لەوێدا توانای خۆی شەحن دەکاتەوە و رۆژەکانی ئارامی پێ دەبەخشێ. کاتێ چاوەکانی لێک نا و هایدفۆنەکەی کردە گوێی؛ خۆی لەسەر توولەڕێی تاریکی نادیاردا "غەیب" بینییەوە، بێ مەبەست هەنگاو هەڵدێنێ و دەڕوات، پێدەچوو ویستی پەیداکردن و دۆزینەوەی بابەت و پەیوەندی نەبێت، پێدەچوو تەنها بیەوێت سرەوتێ بە هەستیاری و بیرەکانی بدات و لە دیمەنی ئازارەکانی ئەو خەیاڵ و یادانەی منداڵیی دوور بکەوێتەوە، یان پشوویەک زامن بکات بۆ سەرنجەکانی.

گەشتی شەوانەی ئەو لە جیهانی تاریکی دا پێویستی بە چاو نییە. بە چاوی کراوە یا قوچاو ئەو دەتوانێ ئەو ڕێگەیە تەی بکات کە نزرگەی غەیبی ئەون و لەوێدا ئارام خۆی دەبینێ. کەمێک چاوەکانی لێکنا، تا شوێنەواری پەڵەی ڕۆشن لەسەر گلێنەی هەرس بکات و پەیوەندی دابڕێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، لەگەڵ لەشی خۆیدا. وەکو بابایەکی سورپێستی هیندی گوێی شلکردبوو بۆ ترپەکانی دڵی خۆی. بە توولە ڕێ تاریکە سامناکەکەدا کەوتەڕێ، ڕێگەی خەیاڵ، هەستی کرد گوێی لە دەنگی دەهۆڵە لە دوورەوە، هاوتا بە تەپەی دڵ، سەما ئاسا بە توولە ڕێگەکەدا، وەکو دەروێش لە زکردا چۆن ڕێ دەکا، ئاوا بەڕێکەوت.. بووم..بو..بومبومبوو..بوبوم..هاها..هاها.. تاریکتر لەهەر شەوێک؛ هەردووچاویشی کردەوە، بەڵام ڕێگە هێشتا تاریکستان بوو، سامناکتر لە هەر شەوێک، هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد و بڕیاریدا بەدەوام بێت، بەڵام شوێنەواری ڕەنگەکانی

سەر تابلۆکە و دیمەن و بۆنی هەڵکڕوزانی ئافرەتەکە یادیان بەجێ نەدەهێشت تا ئەو کاتەی دەنگی لوورەلوورێکی ترسناک، گومانی بە هەستیاری ئەو دەبەخشی! هەوڵیدا چاوی بکاتەوە بەڵام دەوروبەر تاریک بوو؛ چاوی کراوە یاریدە نادات هەورووەها ویستی بینین لە تاریکیدا پێویستی بە چاو نییە بەڵکو پێویستی بە چاوی دڵ و دەروونە یا چاوی ویست. چەند چرکەیەکە بە ڕیگاوەیە، لولپێچ بە توولە ڕێگەکەدا دەڕوات، شوێن تاریکستانە، مەملەکەتی متبوون، ، هەستی کرد لوورە

لووره دەنگی بایە یان رەشەبا، تەنها لوورەی ئەو لە هەستەکانیدا جمەی دەهات. بەدەم لوورەی باوە؛ شتێ لە بەرزایی ئاسمانەوە دای بە تەپڵی سەریدا، ئازاری زۆر پێنەگەیی، شتەکە تەنها هێزی چەپۆکی منداڵێکی بەسەری گەیاند. لەجێگەی خۆی راوەستا. بیری بۆ ئەوە چوو لە تاریکیدا پەل بکوتێ بە نیازی دۆزینەوەی ئەو پارچە شتەی بەر سەری کەوت، لووره لوور بەردەوام بوو، لەسەر ئەژنۆ و چوارپەل چەمایەوە و بە دەوری خۆیدا لە بازنەیەکی خەیاڵیدا سووڕی دەخوارد و شتێ بەردەستی کەوت، پارچەیەک بەردەستی کەوت، هەستی کرد پارچەیەکی سێگۆشە شێوەیە، تەواو پەلی لە گۆشەکانی کوتا، نەرم بوو لە هەمان کاتدا جۆرە رەقییەکی پێوە دیاربوو، تەنها یادی چووە سەر جادوویەک، یا حەتحەتۆکەیەک کەمێ دودڵ بوو و ترسا، و هەڵوێستی وەرگرت.

دەنگێ لە دەرونەوە ئەوی حاڵی کرد کە جادووە لە دەستیدا، جادوو !! کە نابێ بکرێتەوە، چونکە هەستی دەکرد نهێنی گەورەی گیانی پیرۆزی تیادا حەشارداوە. خۆی پێ نەگیرا، هەستی کرد جادووە سێ گۆشەکە لە چنگی ئەودا ترپەی دێ وەکو دڵی لێ دەدات! پێ دەچوو جادووەکە دڵی هەبێ! خاوەنی دڵێکی بچکۆلەبێت، هەستی کرد ژیانی تیایە و لەشی سێگۆشە کە ژیاندار و گەرمە. بە پەنجەی دەستەکانی لە تاریکیدا بە دوای درزێک دا یا گۆشەیەکی کراوەدا دەگەڕا لە جادووەکەدا، چونکە فزوڵ گرتبووی دەیویست ئەو ناواخنی سێگۆشەیە لە ناوەوە

ببینێ کە پێدەچوو دڵبێت!.. یان دڵ ئاسا ترپەی دەهات! بە ئاگا نەبوو لەوەی کە لەو تاریکییەدا لەسەرپێ وەستاوە یا چوارپەل لەسەر زەوی هەڵتوتاوە یا بە رێگەدا دەڕوات. پاش کەمێک بیرکردنەوە، هەستایە سەرپێ و بە پێویستی زانی کەمێ تێفکرێت.. چونکە یەکەم جار نییە لە تاریکیدا یا لە گەشتی دا بەناو تاریکیدا شت بدۆزێتەوە. ئەو زۆر جار شت دەدۆزێتەوە یان بەر شتی تر دەکەوێت؛ ئەو لە تاریکیدا ژیانی دیوە و چەندین جار لەگەڵ گیانی تاریکیدا کەوتۆتە گێرمە و کێشەوە. بابەتی عەشق و خۆشەویستی خۆی لەوێدا دەشارێتەوە چونکە ئەو رێگەیە کەم کەس زات دەکات پیایدا بڕوات، رێگەی تاریکستان بە زوربەی زۆری مرۆڤ نەزانراوە، هەر لەوێش لەگەڵ عەشقی خۆیدا دەدوێ و پەیام دەدا و وەردەگرێت، ئەو تاریکستانەی پڕکردووە لەدڵ، لەسەر توولەڕێی تاریکیدا ئەو هەزاران دڵی ناشتووە، گشتیان بەری دڵ دەگرن و بینینی ئەو دڵانە ئەو خۆشنوود دەکات، ئەو هەست دەکات خودی ژیان لە تاریکیدا پشوو دەدات!. فۆرمە سێگۆشەییە جادووەکەی توند نائیرادی لە دەستی خۆیدا دەگوشی، وەک چۆن پارو لەدەمدا دەجورێت، ئاوەها جادووەکەی لە دەستیدا دەگوشی، بیری هاتەوە لای دەستی، هەستێکی دەرەکی بەوی راگەیاند کە برەو بە گوشینی جادووەکە بدات تا ئەو کاتەی ئەنجامی باڵا بێت، دەیان جاری تر پەی دەرپەی جادووکەرەکەی گوشی. زۆری نەبرد تروسکاییەکی تاڵەکی شێوەی رەنگ زەردی زۆر رۆشن

هەروەکو بریقەی ئاڵتون یا تاڵە دەزوولەی ئاڵتووونی لە گۆشەیەکی تیژی جادووەکەوە سەری دەرهێنا! رۆشناییەکی زەردی ژیان بەخش و جوان. هێندەی ئەستوورایی تاڵە موویەک، تاڵە موویەکی زەردی رۆشن، کە کەمێ تێکەڵ بە رەنگی زەیتوونی، هەوڵی دا بە هەردوو دەست؛ بە دەستێ جادووەکە بگرێ و بەدەستی راستی تاڵە مووەکە بەرەو دەرەوە کێش بکات، لە وێدا؛ بە یاریدەی ئەو رۆشناییە هەستی کرد چاوی دەبینێ، چونکە لەو تاریکییە قووڵەدا ئەو دەزوولە تیشکنە زۆر گەش وەکو فۆسفۆر دەبینرا. بینینی ئەو تاڵە مووە رۆشنە ئەوی زۆر خۆشنوود کرد، راستەوخۆ و دڵنیا کەوتە یادی تاڵەمووی قژی ئەو ئافرەتەوە کە خۆشی دەوێت، بێ ویستی خۆی شادمان و برەوی بە گەشتەکەی نەدا و فزوڵ گرتی پاشە وپاش بە توولە رێگەکەدا بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی، تا بە نیازی تەماشای ئەو تاڵە مووە شەوگار بەسەر بەرێت. زۆری نەبرد خۆی لە ژوورەکەیدا بینییەوە، هێندەی چاوتروکانێک، تاڵەمووەکە وەکو مۆمێکی یا چرایەکی تیشکدار ژوورەکەمی رۆشن کردەوە، دڵی ئەوی رۆشنترکردەوە، جادووەکە لە ترپە و لێدان کەوتبوو لە دەستی راستیدا بوو، لەسەر کورسییەک دانیشت، لەبەر رۆشنایی تاڵە مووەکەدا جادووەکەی بینی کە لە پێستی رەشی کەمێ ئەستوور درووست بوو. هەستی دەکرد پێویست دەکات بە خووی منداڵی، جادووەکە هەڵوەشێنێ و ناوەرۆکی سێگۆشەکە والاتر ببینێ، هەستی دەکرد هێشتا شتێ

لەناو جادووەکەدا ماوە و نیمچە ترپەیەک ترپەی دێت، کاتێ ئەو کارەی ئەنجامدا؛ سەیری کرد مەدالیایەکی بازنەیی تیایە. مەدالیاکە رووناک و بریقەدار و پڕ تیشک بوو، پێدەچوو مرواری بێت لەناو تیشکی رەنگینی ئەو مروارییە بازنەییەدا کە رەنگی سووری پەمەیی و پرتەقاڵی و وەنەوشەیی بوو؛ وێنەی دوو کۆتری زۆر جوانی سپی هێندی تیابوو، کلک لەسەر پشت، رووویان راست و چەپ لەبازنەکە دیاربوو، زۆر رۆشن، ئەوە و تاڵە مووە رۆشنەکە ژوورەکەیان کردبوو بە چراخان، پاشان لە بەر ئەو رۆشناییەدا دیوی ناوەوەی پارچە چەرمە سێگۆشەکەی بینی، سەیری کرد بە زمانێکی تایبەت تەنها ئاشنا بەو نووسراوە: ئەم دیارییە تایبەتە پێشکەشە بەتۆ بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە. ئەو دوو کۆترەش لەو مرواررییەدا نیشانەی ئاشتی نێوانمانە ، نیشانەی خۆشەویستی. بەڵام تیایدا نەنووسرابوو لە کێوە نێردراوە. ناو و ئیمزای کەسی لەسەر نەبوو، ئەو دیارییەی بە پۆستدا پێ نەگەیشتبوو تا بتوانێ سۆراخی خاوەنەکی بکات، ناچار کەوتە بیرکردنەوە، بە دەفتەری بیرکردنەوە، بە دەفتەری بیرەوەری خۆیدا چووەوە. هەموو ئەوانەی بەسەر کردەوە کە بە درێژایی تەمەن، لە منداڵییەوە خۆشیویستوون. چونکە ئەو دڵی پڕە لە خۆشەویستی، بە پێی توانا مرۆڤی کارامە و ژیر و بلیمەت و جوانی خۆشدەوێت. لە رستیدا ئەو لە درەختێ دەچێت کە رۆژانە هەزاران گوڵی دڵ دەگرێت، لەبەر ئەو هۆیە نەیزانی ئەو تاڵە

مووه رۆشنه قژی چی نازدارێکه له ژوورەکەیدا گیان دەژێنێ و پرشنگ دەداتەوه. چەند رۆژێ له نەشئەی کامەرانیدا، له بیرکردنەوەدا قاڵ بوو، ئەنجام بڕیاریدا پەنا بەرێته بەر لاپەڕەکانی قورئان و بایبل، چونکه دەشیا ئەو دیارییه ئاسمانی بێت و لەوێوه دابەزیبێ، چونکه چەند مانگێ لەوەوپێش زۆر سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبی ئایینی بوو بۆیه جارێکی تر دەستی دایەوه خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و قورئان. چەند هەفتەیەک خەریکی ئەو کاره بوو که ماندوو دەبوو له خوێندنەوه، تاڵه مووه رۆشنه زەردەکەی دەخسته نێوان لاپەڕەکانەوه، لەناخەوه له خواوەند دەپاڕایەوه که نهێنی ئەو تاڵه مووەی بۆ واڵابکات. برەوی به خوێندنەوه دا بۆ ماوەیەکی زۆر تکاو رجای دەروونیشی هەمیشه بەردەوام بوو.

کات تێپەڕی و هیچ رووی نەدا، کەس نەهاته خەوی، کەسی تریش نامەی له ئاسمانەوه تێنەگرت، چەند گەشتێکی تریشی له خەوندا، به تاریکیدا کرد بۆ هەمان مەبەست.. بەڵام هیچ رووی نەدا. لەم شەوانەی رابردوودا، کاتێ بەسەر هەمان تابلۆوه سەرگەرمی رەنگ دانان بوو، بڕیاری ئەوەی دابوو پۆرترێتێکی ئافرەته سووتاوەکه درووست بکات تا خۆی خاڵی بکاتەوه له هەستکردن به هاودەردی. له حاڵەتی وێنەکێشاندا بوو، گوێی له حەپەو وەڕینی سەگەل بوو، گوێی بۆ وەڕینەکه شلکرد، هەستی کرد ئەم سەگوەڕه جۆرێک بانگەوازه یا نهێنییەکی تیایه. دەروونی پڕبوو له شادی، بزەیەک روخساری

گەش کردەوە، تێگەیی کە ئەو نامەیە فرستادەی ئاسمانە و لەوێوە بۆ ئەو دابەزیوە. هەستی کرد دیاری وڵاتی تاریکستانە و لەوێوە هاتووە، ئەوە تاڵەمووی پرچی تاریکییە و مەدالیای خواوەندی تاریکییە لەو جادووە سێگۆشەیەوە لە پیاسەدا بەر سەری ئەو کەوت، بەڵام تاڵە مووەکە لە تاڵە مووی سەری ئەنالیزا دەچێت کە سێساڵە یا تەمەنێکی درێژە خۆشی دەوێت! چونکە تەنها ئەو تاڵە مووەی پرچی ئەو، تەنها یادی ئەو وێنەیەی خەیاڵی ئەو لە هەر شتێ زیاتر هاودەم و هاودەنگی ئەون و سروەت بە بێ قەراریی دەدەن، چونکە بەر لەوەی ئەو کیژۆڵەیە بناسێ، هەمیشە لە گەڕاندا بوو بە دوای ئەو ئافرەتە ونەدا کە ویستەکانی وەکو ئافرەتی خەونەکانی لە راستیدا بۆی دەگەڕا، هەستی کرد تاریکی پاداشتی وەفاداری ئەوی داوەتەوە، هەستی کرد تاریکستان بە ئاگایە لەو سۆزانەی کە مرۆڤ لە تاریکیدا لە رازەکانیدا دەیانژێنێ، تۆ بڵێی ئەو یەکەم کەس بێت کە تاریکی کردووە بە جێی ژوان بۆ پەنهاندانی رازی خۆشەویستی و بۆ رواندنی دڵ لە توولە رێکانی دا؟ تۆ بڵێی تاریکی دیاری بۆ کەسێکی تریش بنێرێت؟!! بەدەم وێنەکێشانی پۆرترێتی ئافرەتە سوتاوەکەی خەیاڵییەوە، بە دیار تاڵە مووە رۆشنەکەوە لەگەڵ مەدالیا رۆشنەکەدا، بیری قاڵ بوو، هەستی دەکرد کە ژیان خودی ژیان رۆژێ لە رۆژان؛ لە ورگی تاریکیدا گۆش بووە.

## هۆکاری لاوازی

گیانی بێ ئارام و زەلیل بوو؛ یاری بە لەش و بیری دەکرد، بێ ئۆقرە لە دالانی ماڵەوەدا بەو نیوەشەوە دێ و دەچێت دەڵێی ماخۆلانێتی. نائیرادی ددانەکانی کردووە بە نینۆککەر و یەکەیەکەی پەنجەکانی دەستی چەپی نینۆک دەکات. هەستی کرد بیری هیچ وەرناگرێ و ماندوو شەکەت و بێزارە. بۆیە کتێبی شیعرەکەی خستە لاوە ،چونکە لەگەڵ دێڕەکاندا خۆی نامۆ دەبینی. هەست دەکا شتێ ناخی هەڵدەکۆڵێ و پێویستی بە ئازادکردنی ویستێ هەیە؛ چۆن؟ نەیدەزانی چۆن؟ تووڕەبوو لە خۆی، چونکە خۆی لە چێوەی لەشێکی قاڵبکراودا دەبینێ، مەیلی خوێندنەوە و فێربوونی لێ تەرە بوو. ماوەیەکە قێز لە دێڕی کتێبەکان و نووسراوەکان دەکاتەوە، لە تەک منداڵەکانی دا بیری منداڵەکانی دەکات، لە تەک هاوسەرەکەیدا بیری هاوسەرەکەی دەکات، وەکو ئەو کاتەی کە هیچی نەبوو. تەنانەت بیری خۆیشی دەکات، تەنانەت بیری پەژارە و مەیلە دێرینەکانی!. سەرما

یاری بە لەشی دەکات، لەماڵێکی گەرما کە تەنانەت زەمینەی ماڵەکەش کاشی ڕێژە و کابڵی گەرمی کاشییەکان گەرم دەکات، کەچی هەست دەکات تا سەر ئەژنۆی لە بەفرایە، نەخۆیی و نە هاوسێ و هاوڕیکانی هۆی ناکامەرانی و ئەو تێناگەن!. ناومالی خۆی بە ڕوویەکی ڕازاوە، ژوور سەری پێنج پراجیکتۆری ڕۆشن؛ ژوورەکەی ڕۆشن دەکەنەوە. کە چی دێڕی لا پەرەکانی بەردەمی نابینێ، دڵ و دەرونی پڕە لە تاریکی، ناوچەوانی گرژ کردووە و نینۆکی بە دان دەقرتێنێ و بە هۆڵەکەدا دێ و دەچێ، یادەکانی پڕن لە دومەڵ، سێبەرێکی کاڵ لە دەوری ئەو باڵەفڕێیەتی و باڵ لێکدەدات و توانای بەجێهێشتنی لەشی قورسی نییە. بە دەنگێکی دەروونی مت دەیەوێ بدوێ لەگەڵ کەسانێکدا کە تێیبگەن، نوور لە روخساریداکوژاوەتەوە، پێدەچێت بیری ئەو مرۆڤانە بکات کە هەر یەکەیان سەربەخۆی ڕۆمانێکی لە سنگی ئەودا نووسیوە و ناشتوویەتی، بیری هاوڕێ یەک دەکات کە دڵنیا سکاڵای خۆی لا هەڵڕێژێت. هەناسەیەکی دوکەڵاوی پڕ بە سینەی ئاخەوە لە گەروو هاتە دەر، بۆن سووتووی لێ دەهات، بۆنی تەرمی سوتێنراوی هەزاران کوردی قەڵەندەری لێ دەهات. دەشێ تەنها پەریشانی ئەوەبێت کە خەونی لێ ناکەوێت، دەشێ بیری شتێ بکات. شتێ یان هەزاران گیان؟

بۆ سێ هەفتە دەچێ زۆر بە زەحمەت خەوی لێدەکەوێت، لەبەر بێزاری دوو ڕۆژە نەچووەتە سەر کار، ماندووترە لەو ڕۆژانەی

که دوای کار دێتەوە، ئەگەر بە وردی بیر لە رابردووی ژیانی هەندەرانی بکاتەوە؛ تێدەگات بۆ تەنها جارێ بێ مەراق و بێ غەم چاوی لێک نەناوە. دەشێ بە دوای یادێکی خۆشدا بگەڕێت تا دڵنەوایی خۆی پێ بکات. دەشێ لە حاڵەتی گلەیی لەخۆکردن دا دووچاری ئەو بێزارییە بووبێت، تەنانەت قڕوقەپ و تەنهاییش تووڕەتری دەکەن. بەر لە چەند رۆژێ بۆ چەند سەعاتێ هەستی بە کامەرانی دەکرد، وایزانی بەرنامەی داهاتووی ژیانی دەگۆڕێت و لە توانایدایە پاڵەوانی کۆسپەکان مل شکێن بکات و لە گۆڕیان بنێت؛ بەڵام ئێستا هەموو ناخۆشییەکان یەکیان گرتووە و سەریان کردووەتە سەر ئەو، هەست دەکات لە هەموو کاتێکی تری ژیان نامۆترە. هەستی دەکرد دیوارەکان لە رووی ئەودا بەرەو جووتبوون دەچن و ئەو توند دەگوشن و جیقی دەردێنن، هیچ شتێ لەگەڵ ئەودا لە پەیوەندیدا نییە. لە خۆیەوە شێرزاد حەسەنی هاتە بەرچاو، بە پەلەپروسکێ و گاڵتەبازییەوە بەوی وت:" دە هەستە مەکبووتی کەر بڕۆ خۆت خاڵی بکەرەوە؛ داوەشێی".

ئنجا لەخۆیەوە رێچکەی پیاسە پەستەکانی گۆڕی و نینۆکی لە ژێر زەبری ددانەکانی دەرهێنا و چووە ژووری کارکردن، کۆمپیوتەرەکەی داگیساند. بەدوای گەلەریدا کەوتە گەڕان بە نیو ئەو لاپەڕانەدا کە هەیبوون. کۆمەڵێ گەلەری ئافرەتی رووت و لنگ داپچڕاوی بینی، بە واقی وڕەوە ماوەیەک سەرنجی ئیفلیجانەی دەدا لە گشت لەشێ، بە دوای شکڵێکدا دەگەڕا کە بە

هۆیەوە هەست بە جوانیی ئەندامی بکات؛ بەڵام هیچ شکڵێ دادی نەدا. هیچیان خۆشی وجوانییان بەو نەبەخشی، هیچیانی زیندوو نەبینی، هەستی کرد ئافرەتەکان لە تەختە درووست کراون یان بووکی پلاستیکین، خۆی بە نەخۆش دەزانی کە چێژی لەو لاشانە نەدەبینی. هەستی کرد چاوی دێشێت، دڵ و گیانی ژان دەکا، کاتێ بیر لەوە دەکاتەوە ، کە کەسانێک هەن بۆ تێرکردنی هەوەسی ئەوانی تر؛ لەشی خۆیان دەفرۆشن! بیری چووە لای نیازەکانی ئەو ئافرەتانە کە لەشی خۆیان دەفرۆشن، هەستی کرد ئەو ئافرەتانە پاش خۆیان تاوانبارن بەوەی ئارەزوو و سەلیقەی پیاو دەشێوێنن. پاشان ژیان لە خوێن دا سارد و بێگیان دەکەنەوە هەروەها نیگای مرۆڤیان لەسەر روو نابینرێ و دەڵێی داتاشراون، کت و مت دەڵێی ژیانیان لێ داگیرکراوە، بێ باوەڕ و ناماقوڵ و دزێو لەبزەیەکی خۆتەفرەدەرانەوە و تەماشایەکی گومڕادا، خۆیان بەو کاڵایانە لە قەڵەم دەدەن کە لەبەر خۆیانی دادەکەنن.. کاتێکی زۆری بە سەیرکردنی سۆزانییەکانەوە بردەسەر، تەماشای مەفلوج و نا هاوسەنگ، دیمەنی هێڵنج هێنەر و خۆتەفرەدەر، تەنانەت هەست ناکات کە سەیری لەش دەکات، هەست دەکات گیان لە لەشی سۆزانی دا لەبارچووە.

خۆی بەم بیرانەوە سەرقاڵ کرد تەنها بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو راستییە نەبێتەوە کە هەستەکانی دەگەزێ. بە درێژایی دوو شەو ، ئەوە حاڵی بوو.. چونکە بەر لەوەی خۆی لەو مەراقەدا مەلاس بدات، بەر لەوەی ویژدانی ئاوا بریندارببێت، لە دەرەوەی

پەنجەرەکەدا! بەڵێ، ئەوشەوە.. ئەو کاتەی نیازی بوو جگەرەیەک بەبا بدات، لە دوو دیوی پەنجەرەکەوە بابەتێ؛ بەسەرهاتێ روییدا!

بەسەرهاتی پێرێ شەو. بەر لەوەی بیبینێ، بیستی ، گوێی لە هاوار و زریکەی ئافرەتێ بوو، ئافرەتێکی تەنهای دراوسێی، گوێی لێبوو هاواری دەکرد، دەیزریکاند و داوای یارمەتی دەکرد:" هاوار فریام کەون!".. پاش زیاتر خۆمەڵاسدان تێگەیی کە ئافرەتەکە لە ژێر هەڕەشەی کەسێکدایە و دەنگی پچڕ پچڕ بە بیستنی ئەو دەگەیی، پێدەچوو کەسێ دەمی بگرێت لەو کاتەدا کە هاواری یاریدەی دەکرد.

زۆر دڵنیا نەبوو کە ئافرەتەکەی دراوسێ یەتی بەڵام هەستی دەکرد کە لەژێر زەمینی تەنیشتماڵی خۆیدا؛ کە ژێرزەمینی ماڵی دراوسێکەیەتی ئەو رووداوە روودەدات؛ چی رووداوێ؟ نازانێ.. بەڵام کەسێ شپرزەیە و داوای یاریدە دەکات . هەستی کرد بە راستی شتێ روو دەدات!!. پێرێ شەو بەر لەوەی بچێتە ناو جێگەو دەستلەملانی ئازارەکانی بێت، بە خووی بەر لە نووستن لە پەنجەرەکەوە سەری کێشایە دەرەوە و بەدەم مژدان لە جگەرەکەی، چاوی بە تاریکیدا دەگێڕا، کتوپڕ تووشی زەبرێکی دەروونی بوو.. چونکە رووبەڕووی دیمەنێ بووەوە کە راستی نەبوو، خەویش نەبوو، خەیاڵات و زیندەخەویش نەبوو، راستییەک بوو سەر بە داهاتوو یان رابردوو، چونکە بینینی

سێبەرێکی تەمینی تاریکی دزیو و تۆقێنەر؛ نەک سێبەرێک بەڵکو کەڵەسێبەرێک لە لەشێکی تێکسمڕاودا دوو قۆچ لەسەر سەری مەزنی ڕوابوو، لەگەڵ سێبەری سەگێکی رەشی سێ سەر کە بە زنجیری شەبەحی بەدەستی کابرای قۆچدارەوە بوو، کەڵە پیاوەکە هێندەی چوار کەسی وەک ئەو دەبوو، زۆر ئەستوور و قەبە، کیژۆڵەیەکی سێبەرشێوەی لە ژێر چنگی یا بنهەنگڵی خۆیدا گیر کردبوو، سەگە سێ سەرەکەشی هان دەدا شاڵاوی بۆ بەرێت، بە هەمان دەستی گەورەی هەم دەمی ئافرەتەکەی دەگرت، هەم ئەوی لە کەمەری خۆی توونید کردبوو. ئافرەتە سێبەرشێوەکە لنگە فرتێی بوو، پچڕپچڕ بواری وەردەگرت و هاواری دەکرد یارمەتی..و هەوڵی دەدا نەتاسێ و نەخنکێ لە ژێر چەپۆکی دێوەکەدا، پیاوێکی شیوە دێو. دێوەکەش بەرەو گۆڕستانەکەی لای چەپی ماڵی ئەوان دەچوو لەگەڵ سەگەکەیدا.

دیمەنەکە زۆر تۆقینەر ئەوی تاساند، لەرز دەستی بەسەردا گرت، هەناسەبڕکێی پێکەوت، باوەڕی بە دەرون و بیر و هەستەکانی خۆی ناکات، لە پێرێ شەوەوە هەست دەکا دووچاری پەریشانی دەروونی بووە. باوەڕناکات کە ئەم ڕووداوە خەو نییە، راستی نییە، شکڵ و لەش نییە و تەنها تارمایی ڕووداوێک بووە، وەک ئەوەی لەسەر پەردەی سینەما ئەو ڕووداوە ببینێ، لە پێرێ شەوەوە دووچاری هەراسانی بووە، خۆی لاواز دەبینێ لە هەستکردن بە گوناح و هەرچەندە ئەو

دیمەنەش ڕاست نییە.. لە هەمان کاتدا کە جگەرەکە دەستی سووتاند و لە واقوڕماوی دەربازی بوو، تێگەیی کە زیندەخەو نابینێ، کەچی دیمەنەکەی وەکو تارمایی بەردەوام دەبینی. لاواز و ترساو و لەرزین بە چوارپەل بە قادرمەکاندا سەرکەوت، تا هانا بەرێتە بەر هاوسەرەکەی، هەستی کرد گەر خۆی لەو حاڵەتەدا نیشانی خێزانەکەی بدات؛ ئەوا شاهیدێ پەیدا دەکا و هاندەرێ پەیدادەکات، بۆ خۆ دەرپەڕاندن لە ماڵ و چوون بە هانای ئەو ئافرەتە زەلیلەوە!

بەڵام بەر لەوەی دەرگای ژووری نووستن بکاتەوە، هات و هاوار خامۆش بووەوە و گشت شتێ ئاسایی بووەوە. نائیرادی پاشەوپاش گەڕایەوە ناو پەنجەرەکە، بەڵام هیچی نەبینی بیئەوەی بزانێ چۆن؟ بە ترسەوە پەنجەرەکەی خستە سەر پشت، ئەوجا سەری کێشکردە دەرەوە و سەیری ئەوبەرەوەی کرد، واتە گۆڕستانەکەی لای چەپی ماڵەوەیان، لە دوورەوە بینی کە دێوە زەلامەکە قژی ئافرەتەکەی لە دەستە و کێشی دەکات، هاوشانی سەگە سێ سەرەکەی، پاش چەند هەنگاوێ لە تاریکیدا لە چاو ون بوون. چەند سەعاتێ دوای ئەو ڕووداوەش هەر گوێی لە حەپە حەپی سەگەکە بوو.

بۆیە لە پێرێوە ئەو دیمەنە لەبەر چاویدا دووپات و دووپات دەبێتەوە، گیانی ئەوی وەڕز و شەکەت کردووە، دیمەنەکە زەبری بە دەروونی گەیاندووە، خۆی زۆر لاواز دەبینێ،

نەیزانی بۆ لەو تارماییە دێو ئاسایە دەترسا لە کاتێکدا کە زریکەی ئافرەت گیانی فیداکاری لەودا زیندوو دەکاتەوە و بێ یەک و دوو کردن سوورە بۆ بوونە قوربانی. بەڵام ئێستا لە زەلیلی خۆیدا بەدکار خۆیدەبینێ، لاواز و بێمانا و کەنەفت و ترسنۆک.. هەست دەکات ئەگەر چی بابەتەکە سێبەر و تارمایی بوو؛ بە لای کەمەوە دەیتوانی بچێتە هانای و هەستی هاودەنگی نیشان بداو یارمەتی ئافرەتەکە بدات تا هیچ نەبێ هەست بکا کە یەکێ بە دەنگی‌یەوە چووە.

چونکە زۆر ناخۆشە مرۆڤ داوای یارمەتی بکا و کەس نەچێ بە دەنگییەوە، ئەو مرۆڤانەی کە لە تەنگانەدا کەس ناچێتە هانایان؛ هەمیشە گیانیان ئەم زەمینە بەجێناهێڵن. هەمیشە بە بون و بەسەرهاتیان توڵە لە دەوروبەر دەکەنەوە، بۆیە خۆی لاواز و پەریشان دەبینێ، چونکە توانای هەڵاتنی نییە لەو رووداوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ: خۆمم خۆش ناوێت، وەڕزم لە خۆم، چونکە جێگەی باوەڕی کەس نابم بە گێڕانەوەی ئەم رووداوە. چاکتر وایە لەم وڵاتە دەرپەڕم، من بە کەڵکی ئێرە نایەم! چونکە ژیان و دیمەن و ڕووداوەکان-سروشتی نیین!.. بۆیە بیری رابردووی خۆم دەکەم، رابردوو بابەتە ساکارەکانی، یادی هەرزەکاری کە درامایەکی بچکۆلەی دووپات بوو. کۆمەڵێ غەمی بچووک بوون، بێ هەستکردن بە گوناح وبێ ویژدان برینداربوون دەژیام. خۆ پیاو ناتوانێ بچێت بە هانای مرۆڤێکەوە! پیاو ناوێرێت تەنانەت داوای یاریدەش بکات! چونکە گوناحترین

مرۆڤ کەسێکە کە داوای یاریدە دەکاو؛ لەویش گوناهتر ئەو کەسەیە کە هاوار دەکات یاریدەی بدرێت.. ئیتر زۆر نابات، یاریدەکان دەیکەن بە قەرەقۆزی قاوشی خەستەخانەکانی دەروونی و حەماقەتی دکتۆرە دەروون نەناسەکان. مرۆڤ لەم وڵاتەدا هێندە لاوازە، کە ناتوانێت بچێتە هانای دراوسێکەی، کاتێک کە هاوار دەکات و لەژێر زەبری هەتک کردندا، پچڕ پچڕ.. دەقیژێنێت.. بۆیە ئەو- ئەو تارماییە زەبەلاحە دەبینێ.. چونکە نەیوێرا بچێتە هانای ئافرەتێکی دراوسێی! بۆ؟ ئەمەیان ئاوێکی زۆر دەکێشێت. باس نەکردنی چاترە، جا با ببێت بە غەم لەسەر دڵی خوێنەر.. چونکە باس نەکردن دەشێت، زیاتر حەیای پاڵەوان و چیرۆکەکەیش بەرێت!

## سەربازی ون

---

ئەنالیزا- لە دانیشتنەکانیدا هەرگیز پشت لە من ناکات. ئەمشەو ئەو کارەی کرد لە هۆڵی پشوودان. کاتێک کە بۆ یەکەمجار پشتی تێکردم؛ بینیم پرچی خاوی کە بەسەرهەردو شانیدا شۆڕ بووەوە .. ئەوەش خۆشنوودییەکی منداڵانەی پێ بەخشیم، هەستم

کرد ئامادەبوونی ئەو لەوێدا دڵنەوایی و دەست بەسەرهێنانە بۆ من.. گەرچی لەناخەوە زویر بووم بەوەی کە پشتی تێ کردم.

بەڵام لە پاش چەند دەقیقەیەک بێدەنگی، لە تۆنی پرچی پەرێشانیدا، کە نەخشەیەکی سەیری دەبەخشی بە تەماشاکانم.. پرچە خاوەکانی کە رەنگە زەردەکەی لەبەر چاومدا گۆڕرا بە رەنگی بیابانێکی کاکی بە کاکی، جێگەیەک لەناو جەرگەی وڵاتی شەڕدا لە رەنگی پرچیدا دەردەکەوت، دیمەنی لادێیەکم لە پرچی خاویدا بینی لە دارخوارما و زەردایی خاک. لە پێچی پرچی خاویدا تاکە درەختێکی رووت و بێ گەڵام بینی، کە لەسەر یەکێ لە چڵەکانی دوو چاوم بینی هەڵواسراو و ئاوێزان، لە بنی دارەکەدا سەری پەڕیوی سەگێک کەوتبوو. رووداوێک لە خەیاڵمدا رەنگی دایەوە، هەستم دەکرد شوێن شاری کەربەلایە لە خوار بەغدادەوە. ئەو دوو چاوە رەشە ئاوێزانە بەسەر چڵی درەختەکەوە، چاوانی ئەو باوکەن کە بەر لە چەند رۆژێ راپێچ کرا بۆ خزمەتی سەربازی، لەو رۆژەدا کە ئەو بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە دوای تەواوبوونی کار، پاش ئەوەی هەواڵیان پێگەیاند کە هاوسەرەکەی زاوە و بووە بە باوکی منداڵ؛ باوکی تاقانە. ئەو شاگەشکە دوکانی داخست و بەرەو ماڵەوە لەوپەڕی خۆشیدا بەڕێکەوت، پڕ لە بیرکردن و خۆزگەی چاوپێکەوتن بە کۆرپە تاقانەکەی، ناسۆر و ئازاری شەڕی چەندین ساڵی لەو کاتەدا لە یاد نەما.. بە داخەوە، خۆشی بۆ کەس نییە تاسەر . کتوپڕ کۆمەڵێ جەندرمەی دڕندە و چاوسووری بەعسی هاتنە

سەر ڕێگەی، داوایان لێکرد بێ چەند و چوون لەگەڵیان بچێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، ڕایانگەیاند کە پێویستە وەڵامدەرەوەی کەرامەتی وڵات بێت و وەک هەر کەسێکی تر دەبێت لەگەڵیاندا هاوکار بێت. یەکێ لە جەندرمەکان بەوی وت: تۆ دەبێ وەک ئەفسەرێکی نەمر لە پێناوی وڵاتدا بجەنگی. سەربازەکان چاوەکانیان پڕبوون لە خوێن، ڕوخساریان شەڕی لێ دەباری؛ بەجۆرێ ئەویان تۆقاند کە توانای ئاخاوتنی نەما و پەرچەکرداری نەهی لە بوونیدا سڕایەوە. نەیتوانی تەنها یەک وشە بڵێت.. وەک ئەوەی لە کابووسی خەوێکدا بێداربووبێتەوە، ئەویان ڕاپێچ کرد بەرەو قوتابخانەیەکی وێران. لەوێ ڕووتیان کردەوە و کۆمەڵێ قایشی توندیان لە کەمەری بەست کە پڕ بوو لە پارچە مەعجوونی دینامیت، بەدەم ئەو کارەوە ئایەتلکورسیان بەسەردا دەخوێن و ماشەڵڵا و ئەڵاهوئەکبەریان بە دەنگی بەرز دەووت، پاشان بەویان وت: پێویستە ڕووبەڕووی دوژمن بچیت، پێویستە خۆت بەدەستەوە بدەیت و زۆر لەوانەوە نزیک بیتەوە، ئەو کاتە ئێمە ئەم بۆمبایەی کە لە تۆمان بەستووە بەڕووی ئەواندا دەتەقێنینەوە.. بەڵام خۆت بێخەمبە هیچت لێنایە، تەنها دوژمن گرفتار دەبێ، چونکە ئەم جۆرە بۆمبە ڕوو بەرەو دەرەوەی لەش دەتەقێتەوە!..

ئەویش بە لێوە لەرزە، پاش هەوڵێکی زۆر توانی چەند ووشەیەکی پچڕاو دەربڕێت : هیچم لێنایەت؟؟ بە دەنگێکی لەرزۆک و کز ئەم دوو وشەیەی ڕایگەیاند. بەڵام دڕندەکان

شێتانه وپڕ له زەبر هاواریان بەسەریدا کرد؛ دەمت داخە، کاتی قسە نییە و وڵاتەکەت کەوتۆتە ژێر هەڵمەتی دوژمنەوە. ئەو باوەڕی بەوان نەبوو، فرمێسک له چاوەکانیدا قەتیس مابوو، قوڕگی وشک بوبوو، زۆر هەوڵی دا قسە بکات،شتێ بڵێت، بەڵام روخساری جەندرمەکان ئەویان تەنها بە مردن رووبەڕوو کردەوە، هەستی کرد ئەوانە روخساری خودی مەرگن و هاتوون ئەو راپێچ دەکەن.. تا ڕادەیەکی زۆر هەستی دەکرد چاوبەستی لێکراوە و دێوەکان ڕاپێچیان کردووە، چوونکە ئەوەی که دەیبینی له ڕەفتاری مرۆڤ نەدەوەشایەوە. بەڵام بەعس زۆر لەوە زیاتری لێ دەوەشایەوە.. سەرلێشێواو خۆی بینییەوە بێچارە، رێگەی دەربازبوونی هەست پێ نەدەکرد. پاش چەند سەعاتێ جەندرمەکان خۆیان له ناوچەیەکی بیابانی دا بینییەوە فرمانیان بەو دا بەرەو ئەو جێیە بچێت که سەربازە ئەمەریکییەکان لەوێوە بەرەو هەندێک ناوچە دەچوون. ئەویش بە سەر لێشێواوی هەنگاوی لەرزۆکی نا، سەربازەکان بە قافڵە نزیک دەبوونەوە، له دوورییەکی دیاریکراوەوە ئەویان ئاگادار کردەوە کە راوەستێ، ئەویش له سەرلێشێوانی خۆیدا، لە ترسا نەیدەزانی چی بکات؛ هاوار بکات؟ دەست هەڵبڕێ؟ تەنها سەری لێشێوابوو، وەکو پەیکەرێکی مۆمیاکراوی لێهات، هەستی دەکرد هێشتا نیمچە زیندووە. لەو ساتەدا سەگێکی پۆلیسییان بەرەو لای ئەو نارد.. چوونکە گومانیان لەو کرد ؛ پاشان چەند سەربازێ بەدوای سەگەکەدا بەرەو لای چوون،

لەگەڵ قەپاڵکردنی سەگەکە بە دەستیدا، لەشی تەقیەوە و پارچەی گۆشت و خوێن بە ئاسماندا پەرش بوو.

ئەم دیمەنە سامناکەم لە پرچی خاوی ئەو کیژۆڵەیەدا بینی کە بۆ یەکەم جار پشتی کردە من لە پشوودان دا، بەسەرهاتی چارەنووسی مرۆڤێکی عەرەب لە بیاباندا.. چارەنووسی باوکێک لە ناوجەرگەی شوومی شەڕدا. درەختێکی بێگەڵا گەواهی ئەو رووداوە بە جەرگە بوو، چاوەکانی باوک پەڕینە سەر چڵی درەختەکە، هەردوو چاوی رووە و ئاسۆ، رووە و ماڵەوەیان بە نیازی تەماشاکردنی تاقانەکەی بەسەر دارەکەوە گیرسانەوە. پێدەچوو تەماسای ماڵەوەیان بکات. لەبنی دارەکەدا سەری سەگەکە بەجێمابوو، بەبێ لەش.

ئاوڕێکی لێدامەوە و چاوە ماندووەکانی لەیەک ناو هاوهەستی نیشاندام، بە دەنگی نەرم و نیانی پێی وتم: بابچین کارەکەمان تەواو بکەین! لەو حاڵەتەدا کە هەستام بە نیازی رۆیشتن وێنەی یەکێ لەو دیمەنانەم هاتە بەرچاو. پیاوێکی بێ باڵ لە ئاسمانی سەنتەری بازرگانی جیهانی (World Trade Center)دا کە بەرەو زەوی دادەکەوت. دەکەوتە خوارەوە، هەستم کرد ئەو کابرایە بە ویستی خۆی فڕێ دەدا و جۆرە دڵنیاییەکی لە دەرووندایە و هیواداربووە یا دڵنیا بووە کە لە خوارەوەدا یاریدە چاوەڕێیەتی یان دەیگرنەوە و لە مردن رزگاری دەکەن. هەستم کرد خۆشترە مرۆڤ هیوایەک لە دەروونیدا بێت کاتێ

رووبەڕووی مەرگی دەبێتەوە.. لەبری مەرگی سەپێنراو..چوونکە مردن بەبێ هیوا گەلێ بە ژانە، کەسانێکێش هەن لەم ژیانەدا بێ ئاگا لەوەی کە مەرگن و دەوری مرۆڤەکان دێن و دەچن.. ژیانیان تیادا نییە و خۆزگەی ژیان بە مافی ئەوانی تریش نازانن.

## مانگ بەربوون

---

نەمتوانی دوێنێ شەو هاوسۆز و هاوخەمی مانگگیران بم، چونکە جەندرمەی دێو سیفەت دەستیان دابووە ئێخەیی و سەرزەنشتیان دەکرد و بابەتی ناهەمواریان لەودا دەڕواند، خۆی بێ روخسار و بەبێ ئابڕو و دەزانی لەو گیرانەدا هەروەها سەرگەرمی دیدەنی هاوڕێ یەکی ترم بوو کە چەند رۆژێ لەمەوبەر لە زیندان بەربووبوو، هاوڕێ یەک کە لە تاریکی زیندانەکانی کوردستانەوە ئازاد ببوو، ئافرەتێ بوو لە ژیانیدا رۆشنایی بە چاوانی خۆی نەدیبوو، تەنها ئاشنای رۆشنایی ژووری زیندان بوو و هیچی تر ، باسی تاریکی بۆ من کرد، باسی ئەوەی بۆ

دەکردم کە مەرگ لەو زیندانانەدا لە مرۆڤ دەچێت ئەگەر چی تکای لێکردم باسەکانی لای کەس بەسەر نەکەمەوە، چونکە حەزی نەدەکرد سوێ بە دڵی مرۆڤدابچێت، بۆیە من دەربەستی گیرانی مانگ هاتم چونکە پێویستم بەوە بوو لەگەڵ ئەو ئافرەتەی هاورێم دا گوێڕایەڵی پەژارەکانی بم. چاکتر وایە بڵێم بەدەم شەوچەرەی باسەکانی ئەوەوە کە گشتیان ئەفسانەیی بوون، بیرم چوو کە مانگ راپێچ دەکرێ و دەگیرێ، پێویست بوو عەینەکێکی رەش بکەمە چاوم و بچم سەرنج لە گیرانی مانگ بدەم. ئەم کارە بە نەنگی دەزانم چونکە من حەز ناکەم بچمە دیدەنی و سەیری ئەوو- بە عەینەکی رەشەوە یان لە حاڵەتی زیللەت و گیران و لاوازیدا بەسەری بکەمەوە.. چونکە لەو حاڵەتەدا مرۆڤ یان مانگ یان ئەستێرە نوێنەری خودی خۆیان نین و دەشێ سرووشتیان لەو گیرانەدا هاوتای ئەو سرووشت و شێوەیە نەبێت کە من دەیناسم! لەو حاڵەتەدا ئەو گیان و لەشانە بارودۆخیان دەگۆڕێت، شوێنەواری ناجۆر لە بەرانبەرەکانیان دا یا لە سەیرکەرەکانیاندا بەدیدێنن، بۆیە ئەمشەو واتە دوای بەربوونی مانگ بە شەوێک، لەناو پەنجەرەکەدا زیاتر لە دوو سەعات میوانی تەماشاکردنی مانگ بووم، سەیری هەیبەتی ئەوم دەکرد و هاوسۆزی و هاودەردیم لەگەڵیدا دەگۆڕییەوە. روخساری نەهاتبووەوە جێگەی خۆی هێشتا، ناسۆر و غەمی پێوە دیاربوو؛ تێکەڵ بە ترس و هەراس، پێدەچوو ئەم گیرانەی وەکو گیرانەکانی پێشوو نەبن، دیار بوو کۆمەڵێ تەلیسمی ناجۆری لە پرشنگیدا پەخش دەکرد، کەمێ گۆشەگیر و بچکۆلەتریش بوو لە چاو جارانیدا.. چونکە هەر بوویەک؛ بەهەر هۆکارێکی ناجۆر دەستی بەسەردا بگیرێ لە قەبارە و توانا و کێشی کەم دەکات، ئەگەر بێت

وهەست بە ئارامی و دڵنیایی نەکات!.. پێدەچوو لەم گیرانەدا کارەساتی بەجەرگی بەسەر هاتبێ، زۆر شەکەت دیاربوو بە ئاسمانەوە. قورس و سەنگین و غەمگین دەردەکەوت.. پێدەچوو زەوی بە چپە کۆی نهێنییەکانی ئەم دواییە ژینگەی خۆی بەو گەیاندبێ و دەربارەی نیاز و بەدفەڕبوونی داهاتووی کۆسمۆپۆلۆتیک گەشبین نەبێت، پێدەچوو زەوی بەسەرهاتی ئەم ماوەیەی گیانداران و مرۆڤ و ئاوو هەوا و رووەک و مێرووی بۆ هەرس نەکرابێ، بۆیە ئێخەی مانگ گیرا، خۆر پێویستی بە کۆپیکردنی هەموو ئەو رووداوانە بوو لەسەر سنگی زەمین روودەدەن، مانگ لە گیران دا ئەو کارەی خستە ئەستۆی خۆی، لەوەوە بەسەرهاتەکان وەکو کۆپییەکی تەواو بە یاساوڵەکانی تیشکدا گەیشتنە ناوجەرگەی خۆر و قەبارەی ئەویان گەورەتر کرد و تووڕەیی ئەویان تاودا. هەموو جارێ کە مانگ دەگیرێ، خۆر زیاتر لە پێویست تووڕە دەبێت، لەو تووڕەبوونەدا زۆر بەرد دەکا بە گەرووی خۆیدا و زۆر ئەستێرە دادەکرمێنێ لە مەراقا، مانگ بە کۆپیکردنی هەواڵەکانی مافی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و سرووشتدا زۆر نادڵنیا و لاواز ببوو لەم گیرانەیدا!.. کەمێ رووی ترش و شەکەت وەڕوو دەکەوت، وا دیاربوو بە ئاسمانەوە، شێوەی خڕ و تەواو بوو، پڕ بوو بەرلەوەی بگیرێ، کەچی ئەمشەو کە شەوێ دوای گیرانییەتی..( هەڵبەتە من چاوەڕوان نەبووم وا زوو بەربێت، پارچەیەک لە لەشی دیار نەمابوو!) نوقسان دیار بوو؛ بوختانم نەکردبێ.. مەحزون و کەساس ئەوم دەبینی؛ کۆمەڵێ پەڵە هەوری رەش و شەیتان شێوەم دەبینی دوای مانگ کەوتبوون بەدەم باوە و ناو وناتۆرەیان لێ دەنا ، و زمانیان لێ دەردەهێنا و سووکیان بەو دەکرد، جڕتیان بۆ لی

دەدا. با- گەواهی ئەم قسانەمە چونکە با هەموو پەڵە هەورە ڕەش و سپییەکان دەناسێ و یەکەیەکەی روخساری هەڵم شێوەشیان بە ناو و ناونیشانەوە دەناسێت.. هەورە تاریکەکان لە شیوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی ترشکڵی خۆیان دەگۆڕی و وازیان لە قۆشمەبازی نەدەهێنا، ناخۆش و بێ مانا سەریان کردبووە سەر مانگ، گاڵتەیان پێ دەکرد، دەربەستی ئەو چەرمە سەرییە نەبوون بە سەرمانگ دا هاتبوو لەو شەوەدا!.. ئاساییە، مانگ بە تاریکی باسەکانی زەمین و خوێندنەوەی کۆسپەکان دڵتەنگ بوو!.. بەجۆرێ دڵتەنگ و کزەڵ بوو کە من نەمدەناسی یەوە، نامۆبوو بە من. (لە تەماشای ئەودا "سەلام"ی هاوڕێی منداڵیم یادهاتەوە کەزۆرم خۆشدەویست. بەڵێ، سەلامی هاوڕێم یادی بەخێر، کە هاوڕێی گیانم بوو، جارێکیان لەسەر ئەوەی کۆلارەیەکی قەپاندو نەیدامەوە، بۆ چەند رۆژێ بەعزمان کرد، پاشان ئاشت بوونیەوە، دوای ئاشتبوونەوەمان لەو منداڵییە وە تا ئێستا ئەو هاوڕێ یەم لە دڵا شیرین نەبووە، بێ ئەوەی هۆکارێ شک بەرم! با- یادم هاتەوە، تەنها لەسەر قەپاندنی ئەو کۆلارەیە نەبوو کە لە منی قەپاند.. بەڵکوو لەسەر ئەوە دڵم لێی ڕەنجا کە درۆی کرد، کە بەباوکی ووت: من کۆلارەکەم دروست کردووەو ئەو کردوویەتی بە هی خۆی! بۆیە منیش ئەو درۆ گەورەیەی ئەوم لەلا پەسەند نەبوو. ئیتر نەمتوانی وەک هاوڕێیەکی ڕاستگۆ و بە ڕەوشت تەماشای بکەم. بۆیە تادەهات زیاتر پەیوەندیمان سارد و ساردتر دەبوو، تا ئەو کاتەی هیچ پەیوەندییەکمان نەما!) لەناو پەنجەرەکەدا هەستم بە هەمان پەیوەندی دەکرد لەگەڵ مانگدا.. هەستم کرد هاوگیانم لەگەڵیدا نەماوە، هەستم دەکرد حیجابیان کردۆتە سەری. هەستم دەکرد جوانی لێ دزراوە، ئابڕوویەکی

لێ سەنراوە، کەچی نایهێنێتە سەرخۆی، وا خۆیم نیشان دەدا کە نە بای دیوە نە بۆران، نە گیران و نە دیارنەمان. ئەوەتا لەناو دڵی تاریکی شەودا داگیرساوە و رۆشنایی وەکو شەوەکانی تر پەخش دەکات بە ئاسماندا، بگرە زیاتر لەوەش مەدالیایەکی ئاوێزە رەنگی لە گەردنی خۆی ئاڵاندبوو، پەڵە هەورەکان ئەو مەدالیا لە تیشکەیان دەبینی لە ملی مانگ دا و بەغیلیان پێ دەبرد، بۆیە قۆشمەیان پێ دەکرد، لە تاریکی شەودا بریکوباکی بوو، هێواش هێواش پیاسەی دەکرد بە ئاسماندا، گوێی نەدەدا بە مەخسەرەی پەڵە هەورە رەشە چڵکنەکان. هێشتا لەناو پەنجەرەکەدا بووم و بیرم لەو دەکردەوە، هاوخەمی ئەو بووم، ئەو دەیویست هیچ نەهێنێتە سەرخۆی و دەربارەی گیرانەکەی رازەکانی لای من نەدرکێنێ، بەڵام من بە- تێلەپاتی - توانیم بەوی رابگەیەنم کە ئەو ماندوو شەکەتە و کۆمەڵێ زەبر ومەراق بە روخساری یەوە دیارە و پێدەچێت دەستیان زۆر لێوەشاندبێ. هەر بۆیەشە لەو شەوە تاریکەدا خۆی پڕ تریفە و رۆشن دەردەخات. دەیەوێ خۆی یا روخساری خۆی وەکو ئەو کیژۆڵە هەرزەکارە نیشان بدات کە شووی کردووە بە پیرێکی بەدفەڕ و لە نیعمەتی ماددەدا ئەوی پابەندی خۆی کردووە، بەو ملوانکە ئاوێزەییە تیشکنەی گەردنیدا وەها دەهاتە بەرچاوم، ئەوەش نیشانەی ئەمەیە کە ئەو هەست بەکەمی دەکات لەخۆیدا، دەنا دەتوانێ لە روناکایی رۆژیشدا هەمان هەڵوێستی هەبێ. مانگ لە راستی وەڵامەکانی مندا رایگەیاند کە ئەو تارکایی خۆش دەوێت، لەوێدا هەست بە ئامان دەکات، مەردووم و گیانلەبەران، تەنانەت زەریا و دارستان و زەمین بە گشتی، ئەو واڵاتر و

گەشتر و بژێوتر دەبینن. بۆیە شەو و تاریکی مایەی شانازی ئەون، لەشەودا خۆی دەبینێ و جێ سەرنجی شاعیران و هەستیارانی عاشقانە.

من ئەو رازە و وەڵامەم لە گشت روویەکەوە لا پەسند بوو، لە وەڵامدا رامگەیاند کە ئەو لەو بەهرانەیدا لە مرۆڤ دەچێت، ئەو مرۆڤانەی کە بوون و کەسێتی خۆیان لە سوودی ئەوانی تردا بەکاردەبەن. لەبەر ئەوانی تر واز لە سرووشتی راستی خۆیان دەهێنن و دەبنە کۆیلەی، پیایدا هەڵدان و شاباشی ئەوانی تر.. تەنها لە پێناوی ئەوەدا کە ئەوانی تر دانیان پیادا بنێن بە هەڵەی نازانن کە ناجۆر و زشت وەڕووبکەون و هەرچۆنێ بۆیان بلوێ خۆیان دەگۆڕن.. بێ ئەوەی بزانن کە خودێتی و ماناکانی خۆیان پڕە لە بەهرەی گرانبەها.

مانگ بەو رازەرەی مەبەستی بوو کە من قایل بکات کە ئەو ناز و شکۆ نیشان نادات و دەربەستی بوونی ئەوە نییە، تەنانەت هەندێ لەو باوەڕەدان کە بە رۆژ مانگ ئاسمان بەجێ دەهێڵێ! .. چونکە رۆژ تیشکی لەو بەهێزترە و کەم رەنگی ئەو لە پرشنگی خۆیدا بێ شوێنەوار؛ یان نادیار دەمێنێتەوە، لەسەر و ئەمانەوە خۆی بچووک و بێ قەبارە دەبینێ لە رۆژدا. من ئەم رازەییم لا ناپەسند بوو، بەوم وت: سرووشتی تاریکی وەهایە کە پارچەیەک رۆشنایی زۆر بچووک لەسەر ڕوویەکی گەورەی تاریکی زۆر گەورە دەردەکەوێت و کۆی تاریکستان ناتوانن ئەو رۆشناییە حەشار بدەن، ئەمەش مانای وایە تاریکی هیچ پەیوەندییەکی بە رۆشناییەوە نییە، بەڵام کاتێ روخساری تۆ لە رۆژی رووناکدا ئاوا دەبێت، هەمان قەبارە و هەمان تیشک و هەمان شێوە بوونی پارێزراوە

ئەگەرچی کەسیش بە ئاگا نەبێ لێی!.. گرنگ ئەوەیە بوون بەردەوام بێت، نەک چۆن دەرکەوتن، بەڵام تۆ نابێ بوونی خۆت پابەندی ویستی دەرکەوتن بکەیت لە قاڵبێکدا کە بۆ تاریکی ملکەچ بیت. راستە لە رۆژی رووناکدا کەس باسی باڵا و جوانی تۆ ناکات و کەمتر بەئاگان سەبارەت بە بوونت.. بەڵام تۆ هەر هەمان مانگیت، تەنانەت کە دەبێتە نیوە و چوارده و هتد.. کەمتر مرۆڤ لەکەم بوونەوە و کەمووکوڕیت دەدوێ بەڵام تاریکی هەموو خوار و خێچی و هەموو گۆڕانەکانت یەک بە یەک، سات بە سات نیشانی خەڵک دەدات، کەواتە لە رۆژدا کەمتر جێی توانج و رەخنەییت، هەر بۆیەشە تاریکی پارچە مەدالیای رۆشنی لە تیشکی رۆژ دزیوە و کردوویەتە ملی تۆ.. کەچی لە رۆژی رووناکدا تۆ رووناکی دەپۆشیت و لە بووکێکی سپی دەچیت، ئاگات لەوە نییە؟.. مانگ کەمێ بێدەنگ مایەوە، پێدەچوو بیربکاتەوە؛ چونکە بێ ئاگا بوو لەم هەموو پێناسە نایابانەی کە لە رۆژدا مرۆڤەکان دەرهەق بەو هەستی پی دەکەن، چونکە تازە بەربوبوو، بیری خۆش و تەبا نەبوو، چونکە هەموو جارێک کە ئەو دەگیرێ و راپێچ دەکرێت؛ کۆمەڵێ رازو نیازی ناهەموار لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و لە ئاسمانی تاریکا دەیکاتە جێی شانازی خۆی و لە پیاسەکانیدا- لە کۆچیدا بە دڵی تاریکی دا خۆی پێوە دەنوێنێ.

بۆیە من بەزەییم بە تۆدا دێتەوە ئەی مانگ، من وام دەزانی رۆژ پەرستی لەدڵی شەوا و بە دوای رۆژ دا وێڵی؛ بەڵام ئەمشەو ئەو ملوانکەیەی گەردنت بە رۆشناییان لە قەبارەی تۆ کەم دەکەنەوە، چونکە ئەو ملوانکە رەنگینە سەر بە رۆژە و شەو لە رۆژی دزیوە و لە ملی تۆی کردووە. تاریکی هەرگیز ناتوانێ دیاری رۆشن بدات بە هیچ بوویەکی تر. ئەم

قسەیەم مانگی هەراسان کرد، روخساری توورە و پڕ زەبر هەڵگەڕا و گوێم لە ناڵەی ناخی خۆم بوو، هەستم دەکرد لەناو جەرگەی هەست و نەستما، تاریکی چنگی ناوەتە دەروونی گیانم و دەیەوێ بیفلیقێنێتەوە، مانگ زمانی نەبوو لە ترسی خۆی بدوێت، چونکە لە ناخمدا تاریکی هاتە وەڵام.. بەو هەڵوێستەی دەنگی تاریکی لە ناخمدا دەنگی دایەوە و وتی: کۆی نهێنییەکانی رۆشنایی، لە تاریکیدا حەشارە. مانگ ئەم رازانەی منی دەقۆستەوە و وەکو تەپوتۆز لەسەر روخساری هەستەکانی منی وێنە دەگرت.. دەتوانم بڵێم هەروا تۆراو مایەوە گلەیی و رەخنەکانی منی لە لا ناپەسند بوو.. هەستی کرد من رەخنە لە دیکتاتۆری تاریکی دەگرم کە لە توانایدایە نەک مرۆڤ بەڵکو هەسارەکانیش هەڵلووشێ، چونکە پێدەچوو مانگ لە زەبری تاریکی بەئاگا بێت، دەیزانی تاریکی دەکەوێتە چ ئاستێکی بوونەوە، منی گێل و فزوڵ و زۆربڵە دەبینی، کۆی هێما و تەلەگرافی نیازەکانمی پێگەیی، گشتی قۆستەوە و هەڵیسەنگاندن.. لەماوەی ئەو سەعاتەدا کە شەو بەسەردەچوو، رۆژ داهات، ملوانکە تیشکنە رەنگینەکەی گەردنی دیار نەما، ئەگەرچی من بە چاوی هەست دەمبینی وەک ئەوەی رۆژ مافی ئەوە بە مانگ نەدات پارچەیە تیشکی دزراوی خۆی لەملی ئەو بکات لە ئاسمانی بەرین و بێسنوردا.. هەورە رەشەکان پەرش و بڵاوەیان کرد.. تاریکی شوێنەواری نەما، مانگ بیری لە هەستیاری من دەکردوە، تێگەیشت کە بوونی ئەو لە تاریکی دا هۆکارێکە رۆشنایی سەپاندوویەتی، ئەگەر رۆشنایی نەبێت، ئەوا بێ ژیان و نادیار دەبوو لە تاریکی دا، چونکە رووناکی مایەی دەرکەوتن و ژیان و بینین و گەشەیە، ئەگەر رووناکی نەبوایە هەموو شتەکان مەدالیایەکی تاریکی

دەبوون و هیچی تر، لەوێدا بێدەنگی و سکون فەرمانڕەوا دەبوو، نەک بزووتن و زۆر بوون و گەشەکردن.. بۆیە تەلەگرافی ئەو لە رازەریدا بۆ من ئەمە بوو: من رووناکی دەپەرستم و باوەڕم بە بزووتن و گەشەکردن و ژیانە، تاریکی رابەری سستی و مت بوون و ئارامییە، تاریکی جێگەی مت بوون و حەشارگەی گیانی دێوو گیانی شەڕە ، پێویستە بە ئاگا بێت لەوەی کە دوو تەوەرە، دوو هێز دوودەسەڵات –هەمیشەیی بوونیان هەیە، هەریەکەیان شکۆمەندی و توانا و هێزی سەربە خۆی هەیە، هەر یەکەیان رابەر و بەڕیوەبەر و فرمانبەری ئەوی تریانن چونکە ئەوان دوو جەمسەری بوونن. لە بەردەوامیدا، ژیان و مردن، دوو گیانی، دوو ژیانی ئازاد و خۆکردن، گەیشتن بە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەردوکیان، ئاسوودەیی بە دەرون دەبەخشن، من ئەم بەسەرهاتانە بۆ تاریکی دەگێڕمەوە، تاریکی رابەری ماددەیە، کۆی مادەکانی بوون بەشێکن لە لەشی تاریکی، بەڵام گیانی بوون رووناکە، رووناکی رابەری گیانی بوونە.

کاتێک کە ئەم هەواڵانەم پێ گەیی؛ هەستم کرد مانگ لەو دیلی و زویریەیدا دەربەستی بە هەڵەداچونی من دێت و بوارم نادات خۆم لە باسی گەورەتر هەڵقورتێنم؛ چونکە من خاوەنی ئەو بیرانە نیم کە مانگ دەیزانێ. بەر لە ئەمشەو، هەستم دەکرد سرووشتی مانگ و مرۆڤ لە یەکتری دەچن و خۆنواندنیان هاوتایە بە هاوکێشەی ژیان و خێر و شەڕ؛ بەڵام دابڕاو لە سنووری خێر و شەڕدا کە مرۆڤ مەزنەی بوونی پێدەکات، لەش و ویستی ئازادتر لە مرۆڤ بوونیان هەیە و بوونی ئێمە لای ئەوان کاڵ وکرچە، بوونی مێروولەیەک یا مێشوولەیەک پێدەچێت

بیرۆکەی هەڵسەنگاندنی ئەوان بێت دەرهەق بە مرۆڤ.. بۆیە شەرمەزار و نەزان، لە هەستکردن بە کەمیدا وەکو مرۆڤ پەنجەرەکەم داخست و بەدەم بیرکردنەوە کەمێ دڵنەوایی خۆم کرد. بەخۆمم وت: بۆت نییە رەخنە لە بوون بگریت کە ئازادە لە بوونی خۆیدا، چونکە هەر بوویەکی ئازاد خاوەنی ویستێکی تایبەتە و تیایدا، واتە لەو ئازادییەیدا گیرۆدەی رازونیازی مەزن و وردیلەی خۆیەتی.. من بۆم نییە رەخنە لە زاتێ بگرم کە بوونی لە من دێرینترە. بەڵام تاریکی کە دەتوانێت سروشتی مانگ و ڕۆژ و بوون بگۆڕێت، ناتوانێت ڕاستەقینە بگۆڕێت. چوونکە ڕاستەقینە گەردانەیەکی روناکە لە گەردنی بوونەوەردا.

# خزمەکەی خوولە پییزە

شەقمبرد؛ ئەوە سێیەم ڕۆژە داڵدەی گفتووگۆکردنمە لەگەڵ ئەو. جا بەر لەوەی دەست بۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەی بەرم، باباسێکی ئەوتان بۆ بکەم؛ ئا ئەو! خزمێکی خوولە پیزە، کە لە هەندەران دەژی!

ئەوەی ڕاستی بێت، هەفتەی ڕابردوو چووم بۆ سەردانی کوڕێکی خاڵم لە وڵاتی هۆڵەندە کە هاوسەری خزمەکەی خولە پیزەیە و پێکەوە کوڕو کچێکیان هەیە!

کوڕەکەی خاڵم لەوێ کاری دەلاکیی دەکات... خۆی و خاوو خێزان کاریی دەلاکی دەکەن و، پرچی مرۆڤی ڕەسەن و ناڕەسەن و هەمەجۆر دەتراشن... کاتێک کە پارساڵ چوومە دیدەنی هەردووکیان؛ واتە خزمەکەی خولە پیزە کە ئافرەتێکی ڕەسەن بووهەروەها کوڕەکەی خاڵم کە ناوی: جەزا ، بوو. ئەویش ناوی خۆی نابوو: ئامین.

جا نازانم باسی کامیان بخەمە پێش ئەوی تریان؟ بەڵام وەک ئامیین فەرمووی: ئێمە پیاوین و باوک سالارییین. هەمیشە مافی ئافرەت پێشێل دەکەین و هیچ مافێکمان بەڕەوا نەبینیوە بۆ ئافرەتی کورد. ئافرەتی کوردیش هێندە بێ کەسێتی کراوە کە ڕێگە بەخۆی نادات داوای مافەکانی بکات. خۆ ئەگەر بێت و ماف بریتی بێت لە جل شۆری و نانکردن و کولێرە بەڕۆن و خۆ سوتاندن و زەم کردن، ئەوا ئافرەتی کورد لەهەر میلەتێک لە پێشەوەترە. بۆیە لەسەر داواکاریی ئامین، باسی جەزای دەلاک دەکەم.

جەزای دەلاک ، کە پیاوێکی وەڕزوو پڕ دەردی دووری بوو... بوو بوو بە کۆیلەی دەردە کورد، دەردوو نەخۆشی دەروونی و لەشیی... خووی دابووە نەخۆشی و خواردنەوەو کۆمەڵێک دەردی تر... کە من باوەڕم بە نەخۆشییەکانی نەبوو... بۆیە پێم نەنگییە بۆ پیاوێکی کورد، یان بۆ گەنجێکی کورد دەربارەی نەخۆشییەکانی جەزا بدوێم. بەڵام ڕاستی ڕاستییە و ناتوانم خۆمی لێ بپارێزم،

چوونکە من لەسەر داخوازیی خۆی، لەسەر تکا و سکاڵای خۆی ئەم چیرۆکەتان بۆ باس دەکەم.

بەڵام ئەویش پیاوێک بوو، من ئاسایی، خۆت ئاسایی! پڕ بوو لە غرووری پیاوەتی و نەزانی و هەستکردن بە کەمی! وەک هەر پیاوێکی شەرقی خۆی قووپاوو بایی و نەخۆش و پۆرخز دەبینی... وای دەزانی لەتەمبەڵییدا مێروولەیەکی بۆ ناگیرێت. ئەو بە دەمی خۆی دەیگووت: من لەژیان وەڕز بووم؛ من دووچاری هەزار دەرد بووم، من لەدایکم باشتر نییم. ئاخر ئەمە ژیان نییە میللەتی کوردی تیا دەژی! بۆیە منیش دەمەوێت سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆم وون بم، بێ ناوو نیشان.

منیش بەوم فەرموو: گوێم بۆ ڕادێرە جەزا گیان... خۆشحاڵم بەوەی باسی کەرامەتی خۆتم بۆ دەکەیت... چونکە هەست دەکەم کەمێک کەرامەتت تیادا ماوە. پێویستە لەسەرت بیدەیت بە منداڵەکانت بە دیاری... تا فێر بن وەکوو تۆ نەبن. پێویستە منداڵەکانت فێر بکەیت وەک تۆ نەبن. چونکە تۆ درۆ لەگەڵ خۆتدا دەکەیت. تۆ ناتوانی لەو هەستکردن بەکەمییە دەرباز بیت... بەڵام منداڵەکانمان لە هەستکردن بەکەمییدا گۆش نابن. پێویست ناکات منداڵ ببێت بە کۆیلەی کەم و کووڕییەکانی باوان. چونکە ئەوان وەچەیەکی ترن. ئێمەی باوکانی ڕۆژهەڵاتی، دیـن سزو دڵپیس و کەرین... نازانیین چیمان دەوێت!؟ تەنانەت لە ئازادیش دەترسیین. لەوەتەی کوردوستان ڕزگاری بووە، هەزاران کوژراو، هەزاران هەزار ئاوارە کراو؛ سەدان کاری ناجۆریشیان بەرامبەر کراوە. میـللەتێکی وون و ئاوارەو ڕسوا بە هەموو ئەوروپادا. وا دەزانن ئەوروپا چارەی دەردەکانیان دەکات! وا دەزانن ئەوروپا قژی زەردو چاوی شین و جەمال و کەماڵە. زۆر سەیرن ئەم میللەتەی ئێمە! وا دەزانن کە گەیشتنە ئەوروپا ئیتر لەماڵی باوکی خۆیانن! دەبێت سیستەم خزمەتیان بکات. ڕاستە وایە!

بەڵام کورد هێشتا فێری ئەوە نەبووە کە ئەوروپا وڵاتی باوانی خۆیەتی! ئەوروپاش لە وەچەی نوح ـن و لەوێوە کۆچ و ڕەویان کردووە... بۆیە میللەتی کورد دەبوو داوای حەقی پەنابەری نەکات لە باوانی خۆی... چونکە ئەوان هاوگیانی یەکن. کەچی دەچن بە

هەمان بالۆرەی جاران خەریکی ڕێسانی نەخۆشییەکانی خۆیانن. دادەنیشن تەمبەڵ و نەزان و سووک سەیری هەموو شتێک دەکەن! جنێو بە یەکێتی و پارتی و ئیسلامی و شووعی و بە خووشک و دایکی خۆیان دەدەن.

وا دەزانن جنێو دان و ڕەتکردنەوەو نەهیکردن لە سەرۆک و سیاسەتمەندان کەرامەتیان دەپارێزێت! بەڵام وا نییە. مرۆڤ گەر باوەڕی بە کەرامەتی خۆی بێت؛ دەست بۆکەرامەت و ئابڕووی کەسێکی تر؛ باوەڕی کەسێکی تر؛ نەتەوەیەکی تر نابات بە ناهەق. بگرە مرۆڤ دەبێت لە بنچییەدا دووره پەرێز بێت لە هەر زیاڕۆیی و زماندرێژی و ناهەقییەک. کەچی کورد هەر جنێو دەدات... هەر سەر دەکاتە سەر ئەوانی تر... وەک ئەو سەگە زامارەی کە برینەکانی خۆی دەلێسێتەوە. چونکە هیچی تر نازانێت! بەڕاستییمە؛ ئەو مرۆڤەی بە جنێو لە باوەڕی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی دەدوێت، مرۆڤێکی بێ ڕێز و بێڕەوشتە لە بناغەدا. یان زەڕڕەیەک باوەڕی بە کەرامەتی خۆی نییە.

پێشمەرگە کۆنەکانمان؛ ئەوانەی خۆیان بە پیرۆزو ڕەسەن دەزانن، لە ئەورووپا سایتەکانی ئەنتەرنێتیان و پاڵتەکیان داگیر کردووە. تەنها دەتوانن خەریکی گۆش کردنی ڕقی وەچەکانی داهاتوومان بن! وا دەزانن کوردوستان بە شەڕە جنێوو بە هەڵکوتانە سەر ئابڕووی سیاسییەکان ڕزگاری دەبێت! وا نییە کوڕم، تۆ خۆت لەمن چاتر ئەو ڕاستییە دەزانییت کە: کوردوستان وەها ڕزگاری نابێت. بگرە کوردوستان پێویستی بە ڕزگار بوون نییە... کوردوستان و کورد هەمیشە ئازاد بوون. میللەتی کورد هەمیشە خۆی لە دێوەکانی تورک و عەرەب و فارس و ئینگلیز پاراستووە. ئەوان نەخۆشن، ئەو دێوانە ئابڕوبەروو شەڕفرۆش و چاوچنۆکن، مافی گەل و نەتەوەی میللەتی کورد دەدزن.

من تێناگەم بۆچی حیزبەکان خاوەنی دارایی نەبن؟ ئەی کێ دارایی کوردوستان بەرێت بەڕێوە؟ خۆ ئێوە هیچتان لە کوردوستان نەماون! کوردوستان چۆڵی کردووە... پێشمەرگە ئازاکانمان، گیان فیداکارەکانمان لە هەندەران خەون بەچاوی شین و قژی زەردوو شەکرۆکەو جەژنانەی نەخۆشەکانی جەنگی جیهانیی دووەمەوە

دەبینن! وا دەزانن خەونەکان سیمایان جوانە. وا دەزانن وڕێنەکانیان جوانە مەردی و کەرامەت و دۆعایە.

من هاوڕای جەزا بووم... جەزا باسی ئەو شتانەی زۆر نەدەکرد. ووتی: من لەکەس ناڕازی نییم، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ مرۆڤانە بژی و هەوڵ بدات کەرامەتێک بۆ خۆی لە ژیاندا هەڵکڕێنێت. ژیان موڵکێک یان گەوهەرێکی پیرۆزە.

جەزا لەوانە نەبوو... پێشمەرگەی کۆنیش نەبوو! بەڵام ئەو کاتەی ڕاپەڕین ڕوویدا ئەو لەسەر شەقامەکانی بەر دەمی ئەمنە سوورەکەدا؛ هەڵەداوان هەڵپەی بوو تا تەرمی دێوە چاوسوورەکانی عەرەب؛ لەدەستی پیرەژنە ئازاکان دەرباز بکات. ئەو کاتە جەزا چەکی لەشان نەبوو... بەڵکوو پشت لەگوولەکانی دوژمن لەو بەیەکدا کەوتنەدا بەبێ چەک هاواری لە ژنە جوانەمەردەکان دەکرد، دەیگووت: دایە گیان وا نابێت... ئەو مردووە بۆ کوێ دەبەیت؟ پیرەژنێک لێی هاتبووە دەم، فەرمووبووی: کوڕم تۆ لە ژانەکانی جەرگی دایک ناگەیت. تۆ نازانی ئەم دێوانە چەند بێ کەرامەتن. ئەمانە حەوت کاوەی منیان سەربڕیوو نادیاریان کردن! من سیانم وونەو چواریشم سەربڕدراوە... ئەم تەرمی دوژمنە دیوە دەبەم دەیسووتێنم، بە بۆچڕووکی دووکەڵی ئێسکەکانی گەرمایی دەبەخشم بە پشکۆ سارد بووەوەکانی دەروونم. بڕۆ کوڕم تۆ پیاوییت! تۆ چووزانی تامی تۆڵە چییە! بەزەییت بە دووژمندا نەیەتەوە کاتێک پێی نایە وڵاتەکەتەوە.

جەزا زۆر حەزی لە بووژانەوەی کوردوستان و گەڕانەوە بوو. چونکە لەدوای ڕاپەڕینەکەوە لەتاو نەبوونی ڕووی کردە هەندەران، تا خێزانەکەی لە برسێتی ڕزگار بکات. مەیلی گەڕانەوەی وەک دوو قارچکی سپی لە دەوری چاوانی هەڵتۆقیبوو... ئەو دەیگووت ئەو کیسەی ئاوانەی سەر هەردوو چاوم هەڵتۆقیون؛ دەکرێت بە تویکاری لاببرێت. منیش دەمگووت: ئەوە دوومەڵی دوورە وڵاتی و ترس و هەراسی گیانییە. کاتێک ئەو دوومەڵانە لەچاوی مرۆڤ هەڵدەتۆقێت، مەرگ ڕادەپەڕێت، دەچێتە خانەکانی لەشەوە، وورده وورده خانەی هەستەجوانەکان، خەونی خۆش، هەستی باش دەکوژێت... مرۆڤ دووچاری بزڕکان و

وورێنەی حولحوولی دەكات... مرۆڤ وا بێزار دەكات تا لەگیانی خۆی؛ لە ویستی خۆی، لە باوەڕی خۆی هەڵێت! مرۆڤ تەنها خۆی دەزانێت چەند دەچەوسێتەوە لە هەستکردن بە مردنی ئەو خانە پیرۆزانە! ئەنجام مرۆڤ وەک جەزای خاڵۆزامی لێ دێت؛ باسی ئەویش زۆری دەوێت و تەواویش نابێت، چونکە ئەو بڕێک لە کەرامەتی تیا ماوە.

بەڵام با بێمە سەر باسی ئامیین ـ ی خێزانی. جا گوێ لە پەندەکانم بگرن، چونکە ئامیین، ئافرەتێکە مەزن، جوان، بەهێز، باوەڕ دار و پڕ کەرامەت و دڵسۆزی. نازانم چۆن باسی ئەوتان بۆ بکەم!؟ بەڵام باوەڕ بکەن، ئەگەر بەسەریا بێت، بەیەک هەفتە کوردوستانی گەورە دروست دەكات. باوەڕتان هەبێت، ئامیین هێندە بەهێزە، کە دەتوانیت کۆڵەکاکانی بوونەوەر بە زریکەی ڕاپەڕیین بڕوخێنێت. هەی لەو ئامیینەی من بینییم! خۆشی ناو لێنابوو: نەرمین! نەرمیین خۆی نەرمیین! کە بینییم، هێندەی یەکوو دوو بە ئەژدادوو ئاباوما گەڕاو ڕێزی میوانێکی دڵسۆزی لێگرتم. هەر بەدەم پێکەنین و گاڵتەوە چوارجار پێی ووتم: حیزە.. دەیانجار پێی ووتم: کەرە! منیش بە کوڕە گەورەکەمدا چەپکێک گوڵم پێشکەش کرد. زۆری نەبرد ڕووی کرایەوە، وەک دایکی یەکەمی خوولەپیزە بە شیرینی و بە زمانی ڕەوا فەرمووی: حیزە ئەوە چی دەکەی لێرە؟ خزمایەتی وا نابێت، دەبوایە زووتر بهاتیتایە بە میوانیمان. خۆ ئەوە دەساڵە من شووم کردووە بە جەزا، کەچی تۆم نەبینیوە، هەی حیزە، کوڕەکەی محەی فاتە.

پاشان دوای گفتووگۆیەکی شیرین، فەرمووی:حیزە کوردوستان ئازادە، بەڵام جێگەی داخە کە ئاوو کارەباو یاریدەو ناوماڵمان نییە. بەم زووانە پارتەکان بە یاریدەی مامەو مەسعود گیان پڕمان دەکەن لە ڕووناکی... ئەوانیش... با نەیڵێم! من بۆم تەواو کرد... ووتم: ئەوانیش چی؟ بیڵێ تەواوی کە، بەخوا گەر مام جەلال گوێی لەم قسانە بێت، بەتایبەتی دێت بۆ هۆڵەندە بەسەفەر تا تۆ جوێنی پێ بدەیت.. ووتی: ئەوان خاڵە باوکەن.

ووتم: یانی چی؟ بیڵێ ؛ مەترسە من هیچیان نییم. ووتی: بەقووربانیان بم؛ ئەوان خۆش بن سبەینێ کوردوستانی گەورەش

دادەمەزرێنن وکە چی ناتوانن ڕووناکی و ئاومان بۆ دابیین بکەن. ووتم: با دەتوانن. بەڵام لە داخی سستی و کڕ بوونی ئافرەتانی کورد نایکەن. چونکە ئافرەتی کورد تا ئێستا لێیان نەهاتوونەتە دەم. هێشتا ئافرەت هیچی نەووتووە. مام جەلال سوێی بۆتەوە بۆ ڕاپەڕینی ئافرەتێک تا دوو جنێوی گەرماو گەرمی پێ بدات و ناچاری بکات شتێک بکات بۆ میللەت.

بە تووڕە بوونەوە فەرمووی: وەڵا جوانە کوڕەکەی مامە ڕیشە، هەر ئەوەمان ماوە بۆ ئاوو کارەباش ڕاپەڕین!

نەرمین، واتە: ئامیین. جنێوەکانی هێندە شیرین بوون، وەک نقوڵ و گەزۆ و باسوق بەر بیستگەم دەگەیی و خۆشاوی جنێوەکانی بە خانە دەمارییەکانم دەگەیین و پشوویەکی خۆشیان دەدا بە گیانم، هەستم دەکرد لەمێژە دایکمم نەبینییوە کە وەک ئەو سووکە جنێوی نەرم و شیرینی پێ دەدام. هەر کە چاوی پێمکەوت، بەدەم پرچ بڕین و جوانکردنی خێزانەکەمەوە لەیەک دوو تەماشای پێچەوانەی ئاوێنەکەی بەر دەمیدا؛ تێگەیشت کەمن بیری دیاروو نیشتیمان و دایکم دەکەم. تێگەیشت کە حەز لە جنێوی شیرین دەکەم.

زۆر سەیر بوو لەلام؛ کە تەماشام دەکرد، دەمبینی بەچکە شێرو کەرو پڵنگ و ڕێوی پەلەوەرم دەدی لە تەماشاکانییەوە دەر دەپەڕیـن! بەلاتانەوە فشە نەبێت، کە ئەوم بینی باوەڕم بەو ڕایەی خۆم کرد کە دەڵێم: مرۆڤ بە یاریدەی سروشت دەتوانێت هەموو شتێک دابهێنێت، تەنانەت خوودی ژیانیش.

ئامە؛ چی ئامە! ئاگر لە چاوەکانی ورووژمی دەکرد کە تەماشای دەکردم؛ بورکان لە کەلەیدا جمەی دەهات. هەندێک جار وام دەزانی خواوەندی دایکە، هێندە مەزن دەبوو لەلام، نەبێتەوە! حەزم دەکرد تەماشای بکەم... گوێی لێبگرم و بیدوێنم... ئەو کاتە؛ واتە ساڵێك لەمەوبەر کە چووم بە میوانییان، باوەڕێکی یەقینم بە ووتەو فەرموودەکانی خۆم کرد، چونکە بینییم ئامیین سەرم بۆ دەلەقێنێت، ئامین بە زمانی نەرم تا لەتوانایدا بوو قسەم بۆ بکات. فەرمووی: ژینگە بە بەد ڕەوشتیی مرۆڤ و دەروونی مرۆڤ پیس بووە. منیش ئەو شتانەم لە کتێبەکەی خۆمدا نووسیبوو... هەستم دەکرد هاوڕاو

هاو بیریین. کاتێکیش کە کتێبێکی کورتە چیرۆکەکانی خۆمم بە دیاری پێشکەش کرد؛ فەرمووی: جا ئەمە چییە، من دەتوانم دەیان کتێبت لەسەر نەخۆشییەکانی جەزای خاڵۆزات بنووسم، نا دەتوانم بە نامە بۆ تۆیان بنێرم تا بیانکەیت بە چیرۆک... چونکە من تا سەرکونە لووتم هاتووە بە دەست پیاوی ئاوا شڕەوە... پیاوێک کە نازانێت کەرامەتی کەوتۆتە کوێوە، واز لەماڵ و منداڵ دەهێنێت، پشت دەکاتە بەختەوەریی و خۆشەویستیی من، دەیەوێت تەڵاقم بدات، بەزۆر داوای جیابوونەوەم لێدەکات. دڵ لەمن پیس دەکات.

کەوای فەرموو؛ موچرکەیەک بە گیانمدا هات و لەکونە لووتمەوە وەک ئاگر دەرپەڕی... تووشی نەخۆشی بووم، سەرمام بووم؛ هەڵامەت گرتمی!

بەڵام دەربەست نەبووم، چونکە هەستم بە غەمەکانی ئامین دەکرد، دەمزانی ووشەکان لە دەروونییدا وەک ساوا دەگەڕان، ووشەکان دەبوون بە مرۆڤ، بە تابلۆ، بە نیشتیمان، بە ئافرەت و منداڵی جوان جوان، هەرچییەک لە زمانی دەپروا غەمی میللەتێکی پێوە دیار بوو... هەر تابلۆیەکی نیشان دەدام پڕ بوون لە نەخۆشیی و دەردی پیاوی کورد.

ڕاستی دەفەرموو بەڕێزی؛ چونکە من سەرم لە ڕاستگۆیی ئەو دەسووڕما، هەستم دەکرد لەگەڵ خۆیدا دەدوا!

ئەو شەوە میوانی ئەوان بووین، بۆ بەیانی فەرمووی مانەوانەمان لێ نەکرا! چونکە ئەوان باریی خێزانییان شلۆق بوو، وەک مەسەلەی کورد؛ ئەو وەتەنی! بۆ بەیانی، تا ئێستاش کە لە وڵاتێکی ترم و لەماڵی خۆمدا دانیشتووم و دەمەوێت تەلەفوونێک بۆ ئەو بکەم؛ هەر ووتەو کرداروو هەڵس وکەوتی لەبەر چاومە... دەزانم دەمبینێت و دەیبینم. دەبا تەلەفوونێکی بۆ بکەم. 0031........4. چوونکە ئەو لەتاو زۆر بوونی کۆسپەکان ئاگای لە شەکەتی و تێکچوونی باری دەروونی جەزا نەمابوو!

زڕڕڕ.... زڕڕڕ... زڕڕڕ.

کەس هەڵی ناگرێت، ئەوە دەیان جارە تەلەفۆن دەکەم و کەس لەماڵ نییە! کەس تەلەفۆنەکە هەڵناگرێت! کات شەوە... درەنگ نییە. نا هێشتا نیوەڕۆیە! چوونکە یەکەمجار نییە من تەلەفۆن دەکەم. کەس لەماڵ نییە! کەسیان تەلەفۆنەکە هەڵناگرن!

ئەم نیوەڕۆیەش هەمان کارم کرد، کاتێک کە سێ کەڕەت تەلەفۆنم کردوو کەس هەڵی نەگرت؛ چووم ڕاکشام تا سەرخەوێک بشکێنم... لە خەوما جارێکی تر تەلەفۆنم بۆ کردن، بە ڕێکەوت ئامین لە دووکان بوو، نانی دەخوارد، سەرگەرمی پشوو بوو.

ڕاستەوخۆ بەدەم پێکەنینەوە، دوای هەلاو ووتی: ها چی بوو، دەنگتان نەما؟ نەمانزانی ماونەتەوە یان گەڕاونەتەوە بۆ زیندانەکانی خۆتان؟ فەرموم: ناجۆرترین زیندان زیندانی نەبینینی ڕاستییە.

زۆری ترم فەرموو، ئەویش زۆر تابلۆی تری نیشان دام، بەڵام دواهەمیین تابلۆ تابلۆیەکی زۆر مەزن بوو...لەخوودی خۆی دەچوو بە ڕووتی، وەک سەردەمی کچێنیی... تیایدا ئافرەتێک لەناو کەشتییەکی زۆر سەیردا؛ لەسەر جێگایەکی تایبەت ڕاکشابوو... ئافرەتەکە زۆر مەزن بوو... مێرووڵەیەکی سپیی باڵداری جوانم بینی کە سەری جەزای پێوە بوو... دەمبینی بە لەشی ئەو ئافرەتە مەزنەدا هەڵدەگەڕێت و بە دوای شتێکدا دەگەڕا بیخوات، یان بۆ شارۆچکەکەی بەرێتەوە! ئافرەتەکەش بەدەستێکی کوڕەی زەمین و بە دەستەکەی تریشی ڕۆژی هەڵگرتبوو... ئەستێرەو مانگیش بە پڕی و ڕۆشنی لە پرچیدا- ئاوێزان دیار بوون! کاکێشان باکگراوندی پرچی بوو! هەستمکرد هاوسەنگیم تێک دەچێت! چونکە یەکەم جار بوو مرۆڤێک ببینم هێندەی خۆم بەتوانا بێت... نەک لە ترسا، بەڵکو لە خۆشیدا بێدار بوومەوە. بۆیە دەمەوێت تەلەفۆنێکی بۆ بکەم؛ بۆ خزمەکەی خولە پیزە؛ تا سڵاوێکی لێ بکەم و کەمێک قسەی خۆشی لەگەڵدا بکەم. تا داوەتێکی بکەم. گەرچی هێشتا ئامینم باس نەکردووە؛ ئەو باسە هەڵدەگرین بۆ خۆی، چونکە من دانم بەوەدا ناوە، گەر بێت و باسی خۆیم بۆ بکات، وەک چیرۆکخوان گوێی لێدەگرم و چیرۆکەکانی هەڵدەبەستم...

تەلەفۆنەکەم دانا. تۆماری دەنگەکەم پێکرد... کەریم کابان ـێکم خستە سەر: باوانم باوانم.... ئەی کیژێ هەردووچاوانم... توخوا لێرە مەمکووژە... هەم غەریب و بێتاوانم.

## کڵاوسوور ـ بۆ گەورە نەک بۆ منداڵان

هەبووو نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، دەڵە دێوێکی زۆر ناشیرین هەبوو، لە هەموو جوانییەک بێبەری بوو، لە لادێییەکدا دەژیا. ئەو لادێ یە دەکەوێتە نێوان هەناسەکانی نێر ومێوە، لە هەموو وڵاتێکدا ئەو لادێ یە هەیە و لە هەر کوێوە بڕوانێ دەیبینی، ئەو لادێیە دەکەوێتە ئەو وڵاتانەوە کە گەشەیان کردووە ؛ بەڵام هێشتا کۆیلەن لە سەردەمی ئاسن دا.. بەڵام بۆ زیاتر دڵنیا بوون؛ حەز دەکەم بڵێم دەکەوێتە ناو تەنگەبەرێکی دەروونی هەر کەسێکەوە! ئەو دەڵکە دێوە زۆر توندگیر و

جادوکاربوو، ناشیرین و بوختانکار و بەدرەفتارو بەدفەصاڵ بوو، چاوانی داقڵیشاو و پڕکینە و فیتنە بوون، زمانی تەنها بە بوختان هەڵبەستن هەڵدەهێنا. زۆر قینی لە مرۆڤ دەبووەوە، ئەگەرچی ئەو خۆیشی بەر لەوەی خوا غەزەبی لێ بگرێت مرۆڤ بوو، بەڵام خوانەکا غەزەب لە کەس بگرێ، لەبەر جامبازی و فڕوفێڵ و دەسبردن بۆ نەریتی ئاینی و بەکارهێنانیان بۆ هاندانی شەر، ئەو دەڵە دێوە شێوەی لە مرۆڤەوە گۆڕابوو بە دێو، لە بەر ئەمە زۆر قینی لە خەڵکی ئەو ئاواییە دەبووەوە کە تیایدا دەژیا، خەڵکی ئاواییەکەی هەراسان کردبوو بە جادووەکانی، دەیتوانی دوو برا بکاتە دوژمنی یەک و کچ لە باوک و کوڕ لە دایک هان بدات. سەری زۆر کەسی بە فەتارە دابوو، دێوێکی بۆگەن و دڕاو لە قەڵەویدا، زۆرخۆرو گەندە خۆر و هەوەس باز بوو، خودبین و خۆپەرست، خەڵکی ئاواییەکە زۆر لەو دەترسان چونکە دەیتوانی بە جادووەکانی بەرانبەرەکانی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، دەیتوانی دووچاری ماخۆلانی دەروونیان بکات، دەیتوانی شەڕیان لە دەروونداا بروێنێ. خەڵکەکە زۆر وەڕز بوون لەدەستی، بەڵام کەس نەیدەوێرا دەستی خۆی بە خوێنی ئەو پیس بکات و لەناوی بەرێت، چونکە چەک و تەقەمەنی وەهایان هەبوو کە دەیانتوانی بە هەناسەیەک بێسەر وشوێنی بکەن، بەڵام خەڵکەکە باوەڕیان وابوو مەرگی ئەو یان رژانی خوێنی ئەو، نەخۆشی و دەرد و تاعوون دەخاتەوە یان نەخۆشی ساری و گەڕی و شێتی. لەبەر

ئەم هۆکار و ترسانە خەڵکەکە دەرهەقیان بۆ نەدەکرا، ئەنجام ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵکی دێ یەکە کۆبوونەوە و بە نیازی ڕێ چارە، بۆ دەربازبوون لە دەستی دەڵە دێو، کەوتنە باس و چەلەحانێ، هەر یەکە بیرێکی دادەهێنا، چونکە لەناوبردنیان یان کوشتنیان بە سەرپێچیکردن دەزانی دژی یاسا.. بەڵام ئەنجام بەوە کۆتاییهات کە پیاوانی ئاوایی بچنە لای دەڵە دێو و تکای لێ بکەن سرووشت و خووی خۆی چاک بکات و ئەوان بەجێبهێڵێ.. بۆ ئەم داوایەش، هەرچی داخوازییەکی هەبێ بۆوی فەراهەم دەکەن. ئەویش داواکاری  خەڵکەکەی لا پەسند بوو. رایگەیاند کە تەنها ڕێگە بۆ دەربازبوون لە شەڕ و لەعنەتی ئەو؛ ئەوەیە کە خانوویەکی لە دەرەوەی دارستانەکەدا بۆ دروست بکەن، لە پشتەوەی ئەو شاخانەی کە دایکی ئەوی لێ دەژیا بە نەفیکراوی، هەروەها داوای دووەمی کە بچکۆلەتر بوو لە یەکەم رایگەیاند، ئەویش ئەمەبوو کە یەکێ لە پیاوەکانی دێ یەکە بۆ تەنها شەوێ میوانی بێت، بەو مەرام و نیازەی منداڵێکی میهرەبانی پێ رابببینێ، وتا بۆخۆی بە هۆی گۆشکردنی کۆرپەوە سەرگەرمی ژیان بێت و واز لە بوختان و فیتنە و جادوکاری و ناجۆری بهێنێ، تا چیتر کاری بەوانەوە نەمێنێ. داواکارییەکانی زۆرر تۆقێنەر نەبوو چونکە خەڵکی ئاواییەکە ئامادەبوون چەند کەسێ بکەنە قوربانی تەنها بۆ رزگاربوون لە دەستی، پاشان باوەڕیان وابوو کە دەشێ ئەو دەڵە دێوە خو و نەریتی بگۆڕێت و بێوەی بێت و وازیان لێ بهێنێ . ئەنجام ناوی

کۆی پیاوانی دێ یەکەیان نووسی و خستیانە ناو توورەکەیەکەوە بە نیازی هەڵبژاردنی یەکەم ناو، بۆ ئەوەی تەنها شەوێک لە خزمەتی هەوەسی ئەو دەڵە دێوەدا بێت تا مەرامەکانی دادەمرکێتەوە. پیاوێکی نەگبەتی ئاوایی پاش هەڵبژاردن نێردرایە خزمەتی دەڵە دێو، کۆمەڵێ پیاوی تریش سەرگەرمی خانوو دروستکردن بوون بۆی، لەو جێگەیەدا کە خۆی مەبەستی بوو، پیاوەی نەگبەت و قەلەندەر، ئەو شەوە بۆ نەگبەتی لە ترسا دووچاری شەلەلی نیوی بوو، لەترسا؛ لە پیاوەتی کەوتبوو بەڵام لەدەستی هەوەسی دەڵە دێو و جادو و دەرمانپێدانی دەربازی نەبوو، کۆمەڵێ گیای وڕێنە دەری بۆ کردە سیگارەوە و، کۆمەڵێ شەربەتی رەنگاوڕەنگی بۆ گرتەوە کە هەوەسی کابرایان کرد بە تێلا و لە ژێر زەبری قەپاڵ و چڕنووکی دێودا زریکەی دەگەییە  ئەوپەڕی ئاوایی، جارجاریش بێخواست پێکەنینی تێکەڵ بە هاوار و گریان دەکرد. ئەو بەیانییە کاتێ کابرای قەلەندەر لە ماڵی دەڵە دێو وەدەرکەوت، چەند سەعاتێ دوای ئەوە کابرا گیانی لەدەست دا، دکتۆر و خەڵکو خوا تێگەیین کە کابرا بەبۆن کەوتووە - بە بۆنی دەڵەدێو یان دەستی لێوەشاندووە یان جادوویەکی زۆر بەتینی لێکراوە، کابرا لە زمانیش کەوتبوو تا بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە، وای لێهاتبوو وەک بڵێ بە کیمیایی لێدرابێت ( چونکە دەڵەدێو لە سەردەمی مرۆڤیدا، کاتێ کە هەرزەکارێکی جوان بوو، کیمیاگەر بوو، کۆلیجی کیمیایی خویندبوو!).

سەرتان نەیەشێنم ، لە دوای نۆ مانگ و نۆ رۆژ و نۆ سەعات، دوای نۆ دەقیقە، بە عەمری خوای تەنهاو بێکەس- دەڵە دێو منداڵێکی بوو!.. خوا پێم نەگرێ و بوختانم بۆ نەکردبێ؛ کت و مت، پارچەیەک گۆستی نەرم و شل. وەکو دایکی خۆی بە بچووکی، کەلە زل و پڕ لە ئاو و ناشیرین و چاو دەرپەڕیوو، پێست پەڵەڵەی بۆق ڕەنگ، دان شاش و کەچەڵ و کەڵبە تیژ( گەرچی منداڵ بەبێ دان لەدایک دەبێت، بەڵام ئەو دێومنداڵ بوو!)؛ قەموور و گرگن و بۆگەن، بەڵام بۆگەنی لە دیکی زیاتر بوو. دەڵە دێو ئەو کاتە لە خانووەکەی خۆیدا بوو، لە ئاواییەوە دوور بوو. بەرامبەر بەو دارستانە کە دایکی ئەو واتە دەڵە نەنەی تیا دەژیا، دایکی دەڵە دێو بە بینینی ئەو بەچکە دێوە یا ئەو خەپە دێوە زۆر کامەران بوو، بۆیە بەر لەوەی ئەو لە دایک بێت، کڵاوێکی سووری ریشووداری زۆر جوانی بۆ چنیبوو کە پاشان دێوە بچکۆلەکەیان بە کڵاوسوور بانگ کرد( بەڵێ کڵاوسوور- کە لە داستانی کوردیدا بە گەلاوێژ بەناوبانگە و نووسینی نوسەری دانیمارکییە بە ناوی هانس کریستیان ئەندەرسن-ە.. دەشێت دوبارە هاتبێتەوە ژیان!)، چونکە منداڵەکە واتە دێوە بچووکەکە هەمیشە حەزی لەو کڵاوە بوو لەسەری بکا و تەنانەت پێشیەوە دەنووست، هەرگیز داینەدەکەند، بۆیە ناویان لێنا کڵاو سوور. دەڵە دێو دەژیاو گوزەرانی دەکرد، زۆر نالەبار و بێ سۆز و پەست کڵاو سووری گۆش دەکرد، کڵاو سووریش هەمیشە دەگریا و زیرەی دەهات، هەمیشە مانگرتوو پڕ داواو

کینە دۆز بوو، دایکیشی تەنها بە چەکی بایەخ نەدان، مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، لە ژوورەکەدا تەنها بەجێی دەهێشت، شیری نەدەدایە، نەیدەکردە باوەشی، سۆزی نەبوو تا بیداتێ، بۆیە سارد و سر و بێ تووڕەبوون بەرگەی گریانی منداڵە ـ ببورە کڵاوسووری دەگرت. کڵاو سور بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی ئێمەوە، زۆر زوو گەشەی دەکرد و گەورە و تێکسمڕا و دەبوو، چونکە خۆراکی جینیتێکی پێدەدا، کە گشتی پڕبوو لە تێکەڵی کیمیایی و خواردنی دەستکرد لە شێوەی هەریسەدا، تێکەڵ بە ئارد و پەتاتە و هێلکە و دەیکرد بە قوڕگی کڵاوسووردا، بۆیە کڵاوسوور لە تەمەنی دوو ساڵیدا لە حەوت ساڵان ژیرتر و زلتر و گەمژەتریش بوو، بۆگەنی چڵک و ئارەقی ژێر کڵاوەکەی ناو دارستانەکەی لای ماڵی نەنکی پڕکردبوو، دارەکان زۆربەیان رەنگ زەرد و وشک هەڵاتبوون لە تاو بۆنی کڵاوسوور. رۆژێکیان، کاتێ کڵاوسوور سەرگەرمی یاریکردن بوو بە تەنها، گورگێ لە دوورەوە بۆنی ئەوی کردبوو، بەر لەوەی چاوی پێبکەوێ، لە جێگەیەکدا خۆی مەڵاس دابوو بۆ بۆسە بەو نیازەی کڵاوسوور بکاتە پارووی راوی. کاتێ کڵاوسور بەدەم یاریکردنەوە لە ماڵ دوورکەوتەوە؛ کەوتە ژێر هەڵمەتی گورگەوە.. بەڵام لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا گورگ تەسلیم بوو، چونکە کڵاوسوور نەک لە گورگ بەڵکو لە شای گورگیش نەدەترسا؛ لە راستیدا ترس لە بوونیدا وەکو خانە نەبوو، قوڕگی گورگەکەی گرت، لەوەدا بوو ملی بشکێنێ، بەڵام هەستی کرد

ئەو گیاندارە نیمچە هارە لە جۆرە یارییەک دەچیت، کە دەشێ خۆش بێت بۆ گەمەکردن بۆیە حەزیکرد لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە بۆ ماڵ و بیکاتە کۆیلەی خۆی بە نیازی یارییێکردن. گورگەکە کەوتە ژێر جادووی چاو و نەفسی کڵاو سوورەوە. زۆر زوو ماڵی بوو، وابزانم یەکەم گورگە لە مێژووی گورگدا کە بێخواست؛ ڕەمەکی=غەریزەی ماڵیبوونی تیدا ڕووا، بێخواست هۆگری کڵاوسوور بوو، بە خووی سەگ. پێدەچوو گورگەکە وەچەی سەگی تیابێت! چونکە گورگە سەگ دیاربووە. کڵاو سوور لەگەڵ کاتدا گورگەکەی فێری ئاخاوتن کردبوو، ڕاز و نیاز و بوختان و گلەیی ناجۆری خۆی، دەرهەق بە دایک و داپیرەی لای گورگەکە باس دەکرد، چونکە کڵاو سوور زۆر قینی لە دایک و نەنکی بوو. خۆسەویستی لە مەزەبیا نەبوو، بێ سۆزی تەنها شەڕی لەودا خرۆشاندبوو ( بێ سۆزی یەکەم هاندەری شەڕ و هاوژیانییە لەگەڵ مەرگا). کڵاوسوور قینی لە هەموو شتێ بوو، تەنانەت لە گورگەکەش، بەڵام ئەوی بەسوودی هاودەنگی بەکاردەهێنا، ئەوەی بە ڕەچەڵەک لە دایکی یەوە فێر بوبوو لە : خودپەرستی، مادە پەرستی، کینە و تۆڵە پەرستی، بوختانکاری و تەڵەکە بازی، دەخرۆشا، بە جۆری گورگەکەی دوچاری ڕقێکی زۆر کردبوو، گورگەکەش بێخواست ڕقی لە دەڵە دێو و داپیرەی دێویش دەبووەوە. کڵاو سوور لەگەڵ ساڵەکاندا تەواو گۆش بوو، کەمێ باڵای کردبوو، بە درێژایی ئەو ساڵانە کە هێشتا نەگەیبووە دوانزە، بێزار و پڕ

له کینه بوو، هەمیشه سەرگەرمی گەڕان بوو بە دوای پیلاندا، پیلانێکی گەورە تا لە دەستی دەڵە دێوی دایک و داپیری رزگاری بێت، چونکه ئەوان دژی ئەو بوون لەسەر ئەوەی کە نابێ گورگ رابگرێت، گورگ بەدخووە و باوەڕی پێ ناکرێت، زۆر جاریش هەڵمەتیان بردبووە سەر گورگ بە نیازی خنکاندنی، ئەم هەڕەشەیە لە سەر کڵاوسوور زۆر گەورە بوو چونکە حەزی نەدەکرد هێزی بێگانە دەستوەردەنە کاروباری ئەوەوە، ئەو چی بویستایە دەیکرد، بە سەر هەموو شتێکدا خۆی خاوەنی بڕیار بوو، کەس بۆی نەبوو بەو بڵێت وامەکە، یان کل بە چاوانتەوەیە.

لەبەر ئەم هۆکارانەو زۆری تریش ، کڵاوسوور کەوتە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی دوو دەڵەدێو..( وەها بیر دەکەنەوە ئەوانەی شوێنەواری سۆز و خۆشەویستی لە گۆشبونیاندا سڕاوەتەوە، تەنها مەرگ هاوسەری بیریانە.. مەرگی ئەوانی تر خۆزگەیانە!).

ئیتر چی بێت لە ئێوە نهێنی، شەوێک لە شەوان، کاتێ کڵاوسور پرخەی رۆژە رێ یەک دەڕۆیی، گورگەکە فرسەتی بۆ لواو بەبێ چپە خۆی دزیەوە، بەرەو دارستانێکی زۆر دوور رێگەی گرتەبەر بۆ لای قەومی جاڵجاڵۆکە رەشە ژەهراوییەکان، لەوان شووشەیەک زەهری وەرگرت و هەر ئەوشەوە، بەر لە بێداربوونەوەی کڵاو سوور گەڕایەوە.. بۆ بەیانی بە

کڵاوسووری ڕاگەیاند کە پیلانی یەکەمی بەجێ یەو زەهرێکی زۆری هێناوە بۆ دەرخواردانی دایکی کڵاوسوور. کڵاو سوور ژیرتر بوو لە گورگەکە، ڕایگەیاند کە ئەو نیازییەتی بە بەردێ دوو چۆلەکە بکوژێت، بۆیە هەردووکیان ڕاست وچەپ دەستیان دەنایە ژێر چەنە و سەری خۆیان دەخوران و بە ژوورەکەدا پیاسەیان دەکرد، بۆ دۆزینەوە و دانانی پیلان بۆ دەرباز بوون لە دوو دەڵەدێوی پیر و فەرمانبەر و دزێو. تا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕێکەوت نەنکی کڵاوسوور نەخۆش دەکەوێت، بۆیە دایکی کڵاوسوور؛ واتە دەڵە دێو بانگی کڵاوسوری کرد، پاشان بە کڵاوسووری وت: وەرە تاقانە نازدارە جوانەکەی دایە، قەزات لە دەوری دایە، ئامۆژگارییەکت دەکەم دەبێ گوێم بۆ ڕادێری؛ وەکو دەزانی ئەمە کولیچەیە؛ لەلم و تەپاڵە و مێشی سەگ دروستمکردووە، تامی زۆر خۆشە لەگەڵ ئەم شووشە شەرابەدا کە میزی حوشترە و حەوت پشتە هەڵم گرتووە؛ دەبێ لەگەڵ خۆتدا بیبەیت بۆ داپیرە، چونکە نەخۆشە و کەنەفتی ناو جێگەیە، بەڵکو بە هۆیەوە شیفای بێت و دەردی بپەڕێت.. بەڵام نەکەی لە ڕاستەڕێ لابدەیت، بەر لەوەی دنیا گەرم دابێت دەبێ بگەیتە لای نەنکت، و کاتێکیش وەژوور کەوتی ڕۆژباشی پڕ لەعنەتی بکەیت. کڵاوسوور پەیمانی دا بە دەڵەدێوی دایکی؛ چۆنی پێوترا وەها بکات. گورگەکەی دایەپێش خۆی و بە ڕێگەکەدا بەڕێکەوتن. گورگەکە لە بیری ئەوەدا بوو پیلانەکەی بە کڵاوسوور رابگەیەنێ، بەڵام بە جۆرێکی تر کەوتە

پرسیارکردن لە کڵاوسوور: بەم زەمیلەیەوە بەم بەیانییە، بۆکوێ دەچین؟ خۆ هێشتا خێر وشەڕ بەش نەکراوە!

ـ دەچین بۆ سەردانی نەنکم، ئەی بیرت نایەت؟ ئەو قەحبە پیرە خوا بیتۆپێنێ، دەڵەدێوی جامباز، بەزیادی خێرم نەکردبێ، دەبێ کولیچە و شەرابی بۆ بەرم تا قوزەڵقورتی بکات و ملی بشکێ.

ـ ماڵی نەنکت لە کوێ یە کڵاوسوور؟

ـ لەوبەرەوە، لەناو دارستانەکەدا، لای درەختەکانەوە، نزیکی دارگوێزەکان، ئەی نازانی؟ دەک بەزیام نەکردبێ، دەڵێی هیچت لە ژیانی پێشووت لە بیر نەماوە!؟

بەدەم ڕۆیشتنەوە گورگەکە بیری هاتەوە کە کڵاو سوور نیازی بوو بە بەردیک دوو چۆلەکە بکوژێت.. لەو کاتەدا ئەوەی بەبیردا هات کە کڵاوسوور سەیری دوو قەلەڕەشەکەی دەکرد دەیانقیژاند، قاغ..قاغ..قاغ..قاغ..قاغ.. ڕاستەوخۆ پاش کەمێ بێدەنگی هاواری لێهەڵسا ئەها! ..دۆزیمەوە.. ئەرەوەڵلا دۆزیمەوە، بەبیری تێر قۆزتمەوە؛ تەڵەکەی من چارەیە، دەرمانی بێ پارەیە، ئەم وشانەی بە گۆرانییەوە بەدەم قنگ بادانەوە وت و چەقەنەی لیدەدا.. پاشان بە کڵاوسووری وت: ئەزانی چیم پێ یە بە دیاری بۆ دەڵە دێوی نەنکت؟ کڵاو سوور چاوەڕێی وەلام نەبوو، هیچیشی نەپرسی، گورگەکە شووشە ژەهرەکەی لەناو توورەکەکەی سەرپشتی دەرهێنا و بەدەم

نیشاندانەوە روونیکردەوە کە ئەم ژەهرەی هێناوێتی نەک دێو بەڵکو شەیتانیش بە قومێ لەم ژەهرە حەوت گیان لەدەستدەدات. ئەم ژەهرە بکەرە ناو شەرابەکەوە و هیچی تر بیر لە دەڵە دێوی نەنکت مەکەرەوە، تەنها بیر لە میرات بکەرەوە، تاوانەکەیشی دەکەوێتە ملی دایکت، چونکو ئەو شەرابی بۆ ناردووە بەڵام باباش بیربکەینەوە، لەم بەیانییە خۆرهەتاوە جوانەدا، بڕوانە کڵاوسوور ئەم سروشتە چەند بێگەردو جوانە، بڕوانە ئەم دارستانە، تۆ ئەڵێی بە رێگەی قوتابخانەدا دەڕۆی، بۆ ناچیتە ناو دارستانەکە و کەمێ چیلکە و چەتاڵ و قامیش کۆبکەیتەوە تا لەگەڵ خۆمان ببیەین بۆ داپیرە بە دیاری! ئەی چۆن کونەلووت و ددانەکانی پاک بکاتەوە؟ ..ئەی چۆن ئاگردان داگیرسێنێ؟ ئەو کەنەفتی ناو جێگەیە و هەموو کارێکی بۆ ناکرێ!..بەدەم بیرکردنەوە وە کڵاوسوور بە نیازی گورگ لە رێگە لایدا و بەرەو دارستانەکە چوو، سروشتی بینی زۆر جوان و رەنگین بوو، تیشکی خۆر بەرچاوی دەکەوت، چونکە یەکەم جار بوو کە شەفەق، بەو بەیانییە زووە بێداربێت، هەرگیز بەیانی بە چاوی خۆی نەدیبوو لە کاتی رۆژ هەڵاتدا،چونکە تەمبەڵی وستی هەمیشە ئەوی لەناو جێگەدا تا دوای نیوەڕوان دەهێشتەوە.. هەر لە منداڵییەوە سەرگەرمی گۆشەگیری و مانگرتن بوو، هەمیشە سەرگەرمی دانانی پیلانی ناجۆر بوو دژی دایکی تا ئەو لەناو بەرێت و خۆی ببێتە خاوەن ماڵ و فرمان.. تا بە ویستی خۆی بڕیار بە سەر خۆیدا بدات. سەیری ئەو هەموو گوڵانەی کرد،

بۆی دەرکەوت کە تیشکی خۆر سەرسوڕێنەرە، یەکەم جار بوو لە ژیانی دا هەستی کرد هەست بەخۆشی دەکات.. بەدەم بیرکردنەوەوە بەخۆی وت: هێشتا زووە، فریا دەکەووم، بەر لەوەی دنیا گەرم بێت دەگەمە لای نەنکی لەعنەتیم، کۆمەڵی چیلکە و چەتاڵی کۆکردەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە سەیری هەر گوڵێکی دەکرد ئەوی تر سەرنجی رادەکێشا..هێندە جوان بوو لەلای- بە چەپک دەسکەنەی دەکردن و دەیخواردن، نەیدەزانی بۆنی خۆش چییە، بۆنی گوڵەکان ئەویان دووچاری پژمین دەکرد، زیاتر و زیاتر چووە ناو قووڵایی دارستانەکەوە، گورگەکە لەو ناوە نەمابوو، پێدەچوو پیلانێ ناچاری کردبێ لە کڵاوسوور دووربکەوێتەوە. کاتێ کڵاوسوور گەڕایەوە سەر راستە ڕێکە، هەستی کرد بۆنی گوڵەکان و گیانی دارستان بە جۆرێک کاریان لە مێشک و هەست و نەستی ئەو کردووە، هەستی کرد بۆ یەکەمجار خۆی جوان دەبینێ! جوانییەکی لەخۆبایی، هەستی کرد جادووەکانی پڕهێزبووە گەر بیەوێ دەتوانێ خۆی ، شێوەی خۆی بگۆڕێت بە کیژۆڵەیەکی زۆر جوان، کیژۆڵەیەکی هاوچەرخ، مەمکەکانی پڕ سلیکۆن شێوە مەشکە ـنەرم و شڵقەیان دەهات. حەزی دەکرد لەشی خۆی بە گوڵی شەیتان بکوتێ و ئەڵقە بکاتە گوێی و زمان و مەمک و سەر ناوکی، ئەڵقە بکاتە جێی تلیشی نێوان هەردوو رانیشی، هێندە سادی و ئازار پەرست بوو لە حەشمەتی هەستکردن تەنها بە جوانی خۆیدا توانی بە چاوتروکانێ خۆی کۆپی بکات بە

شێوەی ئافرەتێکی زیادە هاوچەرخ، کۆمەڵی جادووی ناز و تەڵەکە و لەخشتەبردنی لەسەر نیگای نەخشاند، چاوەکانی پڕکرد لە ماسکەرا و رشتنی، ئاوێنەکەی بەردەمی چاڵێکی پڕ لە ئاو بوو کە گەواهی ئەو خۆگۆڕینەی کڵاوسوربوون. وەک ئەوەی دەستی دەیان سیحرباز یاری بە شێوەی ئەو بکەن وشێوەی بگۆڕن بە کیژێکی زۆر جوان، زەمیلەکەی دەستی قورس بوو بە هەڵگرتنی چیلکەو چەتال، چەپکێ گوڵی پێ مابوو هێشتا، لە حەشمەتی جوانبوونیدا ئەویشی قووتدا. ئەم گۆڕانەی بەسەر کڵاوسوردا هات؛ کاتیی بوو. تەنها لە ژێر تیشکی خۆردا لە کاتێکدا دەیتوانی خۆی بگۆڕێت بۆ کیژۆڵەیەکی جوانی هاوچەرخ کە شەڕ دەگەییە ئەوپەڕی ..چونکە هێشتا بیری لەوە دەکردەوە کە دەڵە دایک و نەنکی لەناوبەرێت.. هەمان رۆژ بە رێکەوت، راوچییەک لەو ناوە بێ چپە، دەستی لەسەر میلی تفەنگەکەی بوو، بەدوای نێچیردا دەگەڕا.. کاتێ کە رووبەڕووی کڵاوسوور بووەوە، هەر کە چاوی بەو کەوت؛ دووجاری عەشقی یەکەم بینین بوو، دەم داپچڕاو و شاگەشکە، بەجۆرێ کەوتە ژێر زەبری عەشقی کڵاوسوورەوە کە ئامادە بوو بە یەک ئیشارەت گیانی خۆی فیدا بکات، گۆت ببوو کاتێ گەییە بەردەمی کڵاوسوور؛ کڵاوسوور پیلانی بۆ ئەو هەستانەی ئەو دانابوو، هەستی کرد لەدوا بەشی چیرۆکی پیلانەکانیدایە. بۆیە بە چاکی جادووی خستە کار، کاتێ راوچییەکە ئەژنۆ شل خۆی بینی لەبەردەمی ئەودا.. نووچی دادا و بە کۆمەڵێک زمان بەوی

وت تۆم خۆشدەوێت، تۆ ئافرەتی خەونەکانمی. کڵاوسوور ڕایگەیاند کە هەڕەشەی لەسەرە و لە ژێر هەڕەشەی دێوێکدا دیلە، پێویستە بۆ سەلماندنی خۆشەویستی ئەو- ئەو دێوە لەناوبەرێت کە لەوپەڕی دارستانەکەدا دەژی؛کە دەڵەدێوێکی ترسناکە، ئەوجا باس لە خۆشەویستی بکات. ڕاوچییەکە بێ چەند و چوون، یەکەم خۆزگەی هاتەدی، ئەویش ئەمە بوو کە کڵاوسوور ڕێگەی بدات تا ئەو دێوە، ئەو دەڵە دێوە لە ناوبەرێت ( واتە دایکی کڵاوسور) بۆیە قارەمانانە بەرەو ماڵی دەڵە دێو بەڕێکەوت، پاش ماوەیەکی کەم زرمە هەستا و دایکی کڵاو سوور لە خەڵتانی خوێندا گەوزا. بەر لەوەی کڵاو سوور شاگەشکە بێت بە بینینی تەرمی دایکی، گورگەکە لە هەمان کاتدا کە ڕاوچییەکە دەڵەدێوی کوشت؛ شەرابی میزی حوشترەکەی پڕ کردبوو لە ژەهر و بێ ئەوەی کڵاو سوور پێبزانێ لەگەڵ خۆی بردبووی بە دیاری بۆ نەنکی کڵاوسوور وئەوی ژەهرخوارد کردبوو. دەڵە پیریش بە نیازی چاکبوونەوە شووشەکەی هەڵلووشیبوو.. دەستوبرد گیانی لەدەسدابوو.. زمانی بستێ درێژ ببوو. گورگەکە کاتێ ئەم هەواڵەی بە پەلە بۆ کڵاوسوور هێنا؛ لە کاتێکدا ئەو چاوەڕوانی ڕاوچی بوو هەواڵی کوشتنی دێوەکەی بۆ بهێنێ، زۆر خۆشحاڵ بوو کڵاوسوور، چاوەڕێی کوشتنی چۆلەکەی سێهەم بوو بە هەمان بەرد! بۆیە کاتێ لەگەڵ گورگەکە گەیشتنەوە ماڵ، بینیان کە ڕاوچییەکە خەریکی کەوڵکردنی پێستی دەڵەدێوە، لەو کاتەدا جوانییەکەیشی بەرەو

پووکانەوە دەچوو، شێوەی دەگۆڕایەوە بە دێوە دزێوەکەی جاران واتە دێوە کڵاوسوور. بۆیە ناچارانە پەلەی کرد و دەستی دایە تفەنگ وراوچیەکەی بە فیشەکێ پێکا و زرمەی لە تەپڵی سەری هەستاند. لەگەڵ گورگەکە پێکەوە بە یەک دەنگ وتیان؛ هاها ئێستا لێرە بەدواوە هەموو شتێ هی ئێمەیە، چیمان بوێت دەیکەین، ئێمە بڕیاردەر و فەرمانبەرین. کڵاوسوور و گورگی خۆشەویستی میراتگری ماڵ، دوو ماڵ بوون، کاتێ خەڵکی ئاوایی دوورەدەست هاتن بە دەنگی ئەو تەقانەوە، کڵاوسوور خۆی رازاندبووەوە بە شێوەی کیژۆڵە چاوشینە پرچ زەردەکەی پێشوو، مەمک شل پڕ لە سلیکۆن، سمتیشی پڕ، گوێچکەی چەند ئەڵقەیەکی خڕی تیابوو، زمانی بە دەرزی ئاسن کونکردبوو، دەرزی تێدابوو، لەسەر مەمکی، لەسەر ناوکی، کەلەی ـ میدۆزای ـ لەسەر ناوکی کوتیبوو، خەڵکەکە گشتیان وەکو راوچی خوالێخۆشبوو لە ژێر کاریگەری جادوودا سەیری ئەویان دەکرد، گورگەکەش لە ژێر پێیدا راکشابوو. ئەویش بە زمانێکی بێگوناح و بێبەری لە کینەدۆزی بەسەرهاتی ژیانی خۆی بە کورتی بۆ باسکردن، باسی کرد کە ئەو منداڵ بوو، ناوی کڵاوسوور بوو، جارێکیان دایکی ناردی بۆ لای نەنکی، تا کولیچە و شەرابی پێبدات، لە ڕێگە دووچاری دێوێ هات، دێوەکە ئەوی دزی و کردی بە کۆیلەی خۆی. پاشان لەم دواییەدا ژەهر و میزی حوشتری بەوداوە و ئەوی ناردووە بۆ ژەهراویکردنی دایکی دێوەکە، لە رێگە دووچاری ئەو راوچییە

دەبن، بەڵام ئەو بێ ئەوەی بزانێ ئەوە ژەهرە و کوشندەیە دابووی بە دایکی دەڵە دێو و راستەوخۆ گیانی لەدەسداوە، راوچییەکە یاریدەی دام، کاتێ کە گوێی لە چیرۆکی ژیانم بوو هات ئەم دەڵە دێوەی کوشت. کڵاوسوور رایگەیاند کە چەند ساڵێکە دیلە و ئەگەر راوچییەکە نەبوایە هەر بە دیلی دەمایەوە، خەڵکەکە دەیانویست لە مەرگی راوچییەکە تێبگەن، دەیانویست کڵاوسوور باسی راوچییەکەیان بۆ بکات. کڵاو سوور رایگەیاند کە راوچییەکە خۆی خۆی کوشت، چونکە دەڵە دێو هێندە بەهێز بوو ئەوی دوچاری شێتی کتوپڕی کرد و ناچار تەپڵی سەری خۆی بە فیشەک هەڵتەکاند، گوناحە راوچی؛ خوا عافویکات ، تەنها ئەم سەگەی لەپاش بەجێما، کە من دەبێ زۆر چاودێری بم لە پاداشتی راوچیدا!.. خەڵکەکە زۆر شادمان بوون بە لە ناوچوونی دوو دەڵەدێو. چونکە لەو ساڵانەدا کەس توخنی ئەو ناوچەیە نەکەوتبوو کە دەڵە دێوەکەی لێ دەژیا و کەسیش بەسەرهاتی کلاوسوری نەبیستبوو.. چیرۆکی ئەوانیان نە دەزانی، کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو کە دەڵە دێو دایکی کڵاوسوورە؛ چونکە کڵاوسوور وەکو ئافرەتێکی ژیری جوان و نەشمیلەی چاوشین، قژزەرد، بە سیحر و ناز خەڵکەکەی شەیدا کردبوو، بە جۆرێک لە دۆخی راستەقینەشدا کە جوانی دەگۆڕا بە دەڵە کڵاوسوور کەس نەیدەبینی؛ تەنها خوماربوون لە سیحری جادوی ئەودا. شادمانانە خەڵکی ئەویان خۆشدەویست و ملکەچی داواکارییەکانی بوون، ئەویش بە ویستی خۆی

بوختانی دەکرد و خەڵکی تاوانبار دەکرد و بە گرتی دەدان و دوچاری شێتی و هاری و گۆشەگیری و خودکوژیی دەکردن، کەس دەربەستی زانینی هۆکارەکانی ئەو نەهامەتیانە نەبوو هەر لەو کاتەدا رۆشنبیارانی گەلیش چیرۆکی کڵاوسووری راستیان بۆی دەنووسی و باسی گوێڕایەڵی ئەویان دەکرد چۆن نەنکی لەورگی گورگ دەربازدەکات بە یاریدەی راوکەر. کڵاوسووری هاوچەرخ تەنها دۆستی گورگەکەی بوو، هەمیشە خەریکی پیلان دانان و بوختانکردن بوو، زۆر قینی لە پیاو دەبووەوە، هەمیشە بەدخوو، هەمیشە بەدرەفتار، ئەفسوون و جامبازبوو. خەڵکەکەش تا رادەیەکی کەم مام نانوەندی پێیان زانیبوو کە کڵاوسوور کچی دەڵە دێوە، چونکە راوچییەکە چوبووە خەونی هەندێ لە پیرانی دێ یەکە و پیی وتبوون کە کڵاوسوور کچی دێوەکەیە .. واتە ئەو دێوەی کە دێیەکە لە دەستی دەیانناڵاند ..بەڵکو خودی دێوەکەیە. بەڵام کەس مافی ئەوەی نەبوو ناجۆر بدوێ بەرانبەر بە کەسێکی تر! چونکە کڵاوسوور خەڵکەکەی فێری بیرکردنەوەی فەیلەسوفانە و پۆزێتیڤ کردبوو.. خەڵکی فێری پەروەردەی سەردەمی ئاسن ببوون و بە سەرپێچیان دەزانی رەخنە بگرن و بەد بدوێن بەرانبەر بە بەدکاری. فێر ببوون قرِوقەپ دانیشن و هیچ نەڵێن چونکە ئەوەی خۆی لە کردەوەی بەرانبەرەکەی هەڵقورتێنێ، تاوانبار دەکرێ بەوەی جادووی دەڵە دێو گیانی سمیوە. گوناحن خەڵکی ئەو دێ یە، گوناحن مرۆڤی سەردەمی ئاسن، مرۆڤی سەردەمی

شارستانییەت، خەڵکەکە و دەڵە دێو واتە کڵاو سوور بێ ئاگا بوون لەوەی کە ژیان لە ترس و دودڵی و خۆخواردنەوە و خۆپەرستیدا دووچاری نەخۆشی کوشندەیان دەکات، ئەو هەموو گومانە، ئەو هەموو خۆ تەفرەدانە، قات و قڕکردنی خەڵکی ؛ نەخۆشی شێرپەنجە بەدوایدا نەخۆشی شێت بوونی کاتی، لەگەڵیدا نەخۆشی تر کە هێشتا گۆڤارەکان باسی ناکەن- دەکاتە خەڵاتی ژیانیان. ئەوجا مرۆڤایەتی بەرەو نغرۆبوون دەبەن چونکە مرۆڤەکانی سەردەمی ئاسن، بە بۆنەی زۆر بوونی کڵاو سوورەوە دووچاری سستبوونی گیانی و لەشی و بیری هاتوون. کڵاوسوور دوو ماڵی گەورەی بە میرات بۆ مابووەوە، ئەمشەو لە یادی نەنکی دا، لە ماڵی ئەوان میوان بوو. بە بۆنەی گێڕانی ئاهەنگی سەدو پەنجا ساڵ تەمەنیەوە- لەگەڵ گورگەکەیدا خەریکی خۆ سەرگەرمکردن بوو، بە گورگەی وت: ئەزانی حەز دەکەم ببم بە چی کە گەورە بووم؟ .. دەمەوێ ببم بە سەرباز.. تا یاری بە زیندانییەکان بکەم. دەمەوێ ببم بە سەرباز و رابەری زیندانییەکان. ئەوسا چۆنم بووێت وەهایان لێ دەکەم، چۆنم بوێت وەها تەعزیبیان دەدەم!

تەواو

بیرم نەبوو پێتان بڵێم کە گورگەکەی کڵاوسوور ناوی (سەرەتان) بوو

منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ!

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز

مەرگی ئێوە نەبینم هەرگیز

.ئەم چیرۆکە پێشکەشە : بە رۆژنامەنووسی نەرویجی : ئۆسنە سایەر ستاد چونکە بێشەرمانە وێڵە بەدوای پیسکردنی گیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتدا.

پێشکەشە بەو ئافرەتە سەربازە ئەمریکیەی کە لە زیندانی ئەبوغرێب، یاری بە لەشی زیندانیە عێراقییە بێچارەکان دەکرد.

پێشکەشە بەو دایکانەی کە بێ بیرکردنەوە خۆیان تەفرە دەدەن و ژیانیان ژەهراوی دەکەن و کۆرپەی بێ هەست لەگەڵ مرۆڤی بێ هەست دەخولقێنن.